




# شەرەفکەندی

## خەرمانێک لە راستگۆیی و ئەمەگناسی

**بەشی: سێهەم**

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست:

## بابەتی ساڵی: ۲۰۱۳........................ لاپەڕەی ............. ۵


١- شاهێد حاڵی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی بێدەنگی شکاند................................................................

٢- بیرو رێبازی شەهید دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی هەردەم لەگەشەو درەوشانەوە دایە........................ حسێن نازدار

٣- د. شەرەفکەندی یەکەم قوربانی نیە و دواهەمینیش نابێ................................................ هوشیار ئەحمەدی

٤- شەرەفکەندی قەڵغانێک بۆ ئازادیخوازان لەبەرانبەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.............. کاکەبرا خوسرەوی

٥- ئەمرۆ ٢٦ی خەرمانان ٢١ساڵ بەسەر تیرۆری میکۆنوسدا تێپەڕبوو!.............................................. شەهین تەها

٦- ڕاپۆرتێکی دیکومێنتاری لەسەر چۆنیەتی تیرۆری کاک د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی.......... تەلەفزیۆنی رووداو

٧- هەناسێک لە تەرەغە بەرۆ پێرلاشێز.!.................................................................. شاهۆ ئێبراهیمی

٨- تایبەتمەندییەکانی کاک دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی.......................................... ئەبوبەکر قەدیکورد

٩- قوتابییەکی هەڵکەوتوو و ڕێبەرێکی لێهاتوو.................................. کەیهان یوسفی ....... و: ڕەشید زەرواوی

١٠- ماشێنی نهێنیی ئاخوندەکان..................................................................... و: خالید حەسەنپوور


## بابەتی ساڵی: ٢٠١٤، ٢٠١٥ و ٢٠١٦ ...................... لاپەڕەی ............. ٥٩


١١- ٢١ی خاکەلێوە ساڵڕۆژی حوکمی دادگای میکۆنۆس...................................................... عومەر باڵەکی

١٢- میکۆنۆس ڕووناککەرەوەی تاریکخانەی دێوەزمە بوو.................................................... چەکۆ ئەحمەدی

١٣- کارەساتی میکۆنۆس، پەروەندەیەکی کراوە بۆ هەموو وەرزەکان........................................ حەسەن حاتەمی

١٤- دوکتور شەرەفکەندی لە نێو حیزبیش دا مامۆستا بوو.............................................. سەلاح پوور ئەسەد

١٥- بەر پرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا............................................ مستەفا مەعرووفی

١٦- وتەکانی چوار چالاکی سیاسی لەپێوەندیی لەگەڵ تیرۆری میکۆنووس.................................. ئارەش لوڕستانی

١٧- ٢٣ ساڵ بەسەر تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا تێپەڕی............................................ م. ئەحمەدی

١٨- بەرپرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا............................................... مستەفا مەعرووفی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

١٩- تێرۆری میکۆنۆس و دەرەنجامەكانی.................................................... عومەر باڵەكی
٢٠- كاریگەریی بڕیاری دادگای میكونوس لە سەر گۆڕینی سیاسەتی كۆماری ئیسلامی............................ عەلی بداغی
٢١- لە یادی دوكتور شەرەفكەندیدا.............................................................. حوسێن بەخشی
٢٢- د. شەرەفكەندی رێبەرێكی بەشەخسییەت.............................................................. سمایل شەرەفی
٢٣- لێكهاڵاندنی تواناكانمان پاشترین پاداشە بۆیادی شەهید دكتۆر سەعید شەرەفكەندی..................................
٢٤- شەهیدی رێگای ئاشتی كۆمەڵایەتی بە یادی بیست و چوارەمین ساڵڤەگەری كارەساتی میكۆنۆس.........................

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٧ و ٢٠١٨ ..................... لاپەڕەی ................... ١٠٢

٢٥- وتاری جێگری سكرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی دوكتور شەڕەفكەندی و هاوڕێیانی........
٢٦- بیری نەتەوەیی لە ئایدیا و ئەندێشەكانی دوكتور شەرەفكەندیدا.......................................... سمایل شەڕەفی
٢٧- دكتۆر سەعید مرۆڤێكی تێكۆشەری ناسراوی خاكی و بوێر و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بوو!........................
..................................................................................... محەممەد سلێمانی
٢٨- DNA ی سەرەكی رێژیمی ئێران تیرۆریزمە............................................................ مەجید حەقی
٢٩- باوەڕ و بنەما فیكرییەكانی دوكتور شەرەفكەندی، لە وتووێژێكدا لەگەڵ سمایل بازیار....... دیمانە: مووسا باباخانی
٣٠- بۆچی كۆماری ئیسلامی ئامادە بوو بە نرخی ریسوایی خۆی دكتۆر سەعید شەرەفكەندی تیرۆر بكات......................

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠ ................. لاپەڕەی ....................... ١٥٦

---

٣١- شەرەفكەندی شكۆی شۆڕش....................................................................... وڵات زاگرۆس
٣٢- لە یادی ٢٨ ساڵەی شەهید بوونی دوكتور سادق شەرەفكەندی................................................ شاهۆ مەتین
٣٣- شەرەفكەندی، چراوگی خەباتی ئەنگوستەچاو.......................................................... عیرفان رەهنموون
٣٤- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی ئێران بەبۆنەی سی ساڵەی تێرۆری دوكتور سادقی شەڕەفكەندی و هاوڕێیانی..........................................................................................
٣٥- - كێ سیخوڕی بەسەر "شەرەفكەندی"یەوە كرد لەمیكۆنۆسو بەكوشتی دا؟........................... ئا: ئاوینە



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم


٣٦- شەبەحی تێرۆر و کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کورد........................................................ مەجید حەقی

٣٧- خەباتی بێوچانی گەل زامنی سەرکەوتنە........................................................ شەماڵ تەرغیبی

٣٨- ئەو وانە گەورانە چین کە شەرەفکەندی دەبێت فێرمان بکات ........................................ کەیهان یووسفی

٣٩- میکونۆس، بەڵگەیەک بۆ ڕیسوایی تاران........................................................ ئاکۆ عەلیزادە

٤٠- سادق" بە تەواو مانای وشە........................................................ حەمەڕەسووڵ کەریمی

٤١- تایبەتمەندیی سەرکردەکان -د. سادق بۆ نموونە- لە ڕوانگەی "برایان ترێسی"یەوە..................... شاهۆ مەتین

٤٢- میکۆنووس پەڵەی ڕەشی هەتاهەتایی، بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە ............................ ناسر باباخانی

٤٣- یەکەمین دیدارم لەگەڵ شەهید دوکتۆر سەعید و دواتریش........................................ مستەفا مەولوودی

٤٤- د.شەرەفکەندی و مامۆستا هەژاری موکریانیی برای و "مەسەلەی ویژدان"....................................... قادر وریا

٤٥- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی سی و دووهەمینساڵیادی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی........................................................

٤٦- شەهید د. شەرەفکەندی سەرکردەیەکی بەهێز بە دڵی زێڕین!........................................ حەسەن قارەمانی

٤٧- ڕێبەرێک لە ڕەگەزی باوەڕ و کردار ........................................................ شەماڵ تەرغیبی

٤٨- یادێک لە کاک سەعیدی لێو بەبزە........................................................ سەید عەلی هاشمی

٤٩- د.شەرەفکەندی، ڕێبەر و رووناکبیرێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ........................................ قادر وریا

٥٠- تیشکی خۆری ئێمە هەرگیز ئاوا نابێت........................................................ ئەحمەد ڕحمانی




## بابەتی ساڵی: ٢٠١٣.

## شاهێد حاڵی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی بێدەنگی شکاند



سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران (سادق شەرەفکەندی) لەگەڵ سێ لە هاوڕێکانی لە رۆژی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢ لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا بوون بە ئامانجی تیمی کۆماندۆی کوشتاری سەر بە هەواڵگری ئێران. لە رووداوەکەدا د. سادق شەرەفکەندی گیانی لەدەستدا و مەهدی ئیبراهیم زادەی ئێرانی هاوەڵی، رووداوەکەی ئەو شەوەی بۆ ANF باسکرد.

**لە رژێمی نازییەکانەوە تا ئەو کاتە بەرلین بۆ یەکەمجار بوو دەبووە گەواهی رووداوێکی وەها.**

دوای چەند رۆژێک پلانکارت لە وێستگەو فرۆکەخانە و دەزگاکانی دەوڵەت هەڵواسران کە لەسەریان نوسرابوو لە کاتژمێر ٢٣:٠٠ی شەوی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢ لە رێستۆرانتی مایکاناس لە بەرلین (٤) کورد تیرۆرکران، هەر کەسێک زانیاری لەسەر بکوژەکانیان بدات بە بڕی (٥٠) هەزار مارک خەڵات دەکرێت.

دوای تیرۆرکردنی عەبدولڕەحمان قاسملۆ بەدەستی ئێران لە رۆژی ١٣ی تەمووزی ١٩٨٩ لەسەر مێزی گفتوگۆ لە ڤیانای پایتەختی نەمسا، لە دوا کۆنگرەیاندا لە ساڵی ١٩٩١ پارتی دیموکراتی کوردستان - ئێران د. سادق شەرەفکەندی وەکو

سکرتێری گشتی پارتەکەیان هەڵبژارد د. شەرەفکەندی لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری بۆکان لەدایکبوو، خاوەنی ناسنامەی سیاسەتمەداری و شۆڕشگێڕی بوو و کەسایەتییەکی زانیار بوو.

د.شەرەفکەندی لە ساڵی ١٩٧٢ دا بۆ وەرگرتنی بڕوانامە - دکتۆرا چوو بۆ فەرەنسا و دوای ساڵێک بۆ جاری یەکەم واتا لە ساڵی ١٩٧٣ لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا د. قاسملۆ دەبینێت و دەبێت بە لایەنگری پارتەکەی. لە ساڵی ١٩٧٦ دا توانی دکتۆرای شیکاری کیمیایی لە زانکۆی پیرر و ماریا کاری پاریس وەربگرێت و وەکو پزیشکێک گەڕایەوە بۆ کوردستان. د. شەرەفکەندی دوای گەڕانەوەی بەشداری ریزەکانی PDK-Î بوو و لە ساڵی ١٩٨٠ وەکو ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو پارتە هەڵبژێردرا.

پێشتریش دوو زانیاری کورد کە وازیان لە خوێندنی کۆلێژەکانی زانکۆی پاریس هێنابوو و دوو فەرماندای پێشمەرگە لەنێوان (٣) ساڵدا و لە شوێن و کاتی جیاجیادا لە وڵاتانی ئەوروپا بووبوون بە ئامانجی هەمان تیمە کۆماندۆ و تیرۆرەکانی ئێران. د. شەرەفکەندی بانگهێشتکراوی سۆسیال ئەنتەرناشناڵ بوو کە لە رۆژانی ١٥ - ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢ دا لە بەرلین ئەنجام دەدرا، دوایین شەوی بە دیدار لەگەڵ گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ئێران بەسەر بردبوو. بۆ جێگای دیداریش رێستۆرانتی یۆنانی بەناوی مایکاناس لەگەڕەکی چارلاتنبورگ دەستنیشان کرابوو کە خاوەنەکەی کەسێکی ئێرانی بوو بەناوی عەزیز غەفاری.

بەر لە چەندین رۆژ شوێنی مانەوە و بەرنامەی کارەکانی د.شەرەفکەندی لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئێرانەوە دەزانرا و بۆ ئەو مەبەستەش لە پایزی ١٩٩٢ دا تیمێکی تایبەت بۆ ئامادەکاری تیرۆرکردنی شەرەفکەندی لە تارانەوە هاتبوو بۆ بەرلین و دەستیان بە ئامادەکاری ئۆپەراسیۆنێکی گەورە کردبوو. تیمی ناوبراو رۆژێک بەر لە تیرۆرکردنەکە رێستۆرانتەکەیان کەشف کردبوو، پێویستبوو هەندێک کەسی نزیک لە حزبوڵڵای لوبنان هاوکاری تیمە ئێرانییەکەیان بکردایە، کەسێک ئەرکی کوشتن، کەسێک ئەرکی پاسەوانی بەر دەرگا و کەسێکیش تریش شۆفێری بکردایە، هەموو ئەمانەش بەسەرکردایەتی کەسێکی ئێرانی بە نازناوی (شەریف) بەڕێوە دەچوو.

ئەو شەوە (د.شەرەفکەندی)و نوێنەری PDK-Î لە ئەوروپا (فەتاح عەبدولی)، نوێنەری PDK-Î لە ئەڵمانیا(هۆمایون ئەردەڵان)و لەلایەنی بەرهەڵستکارانی ئێرانیشەوە (نوری دەهکورد) تیرۆرکران. کاتژمێر ٠٠ : ٢٣ و کاتێک رێستۆرانی مایکاناس ببوو بە گۆلی خوێن، لەپاڵ دکتۆر شەرەفکەندی ئەندامێکی بەرهەڵستکارانی ئێران بەناوی (مەهدی

ئیبراهیمزادە) دانیشتبوو، مەهدی ئەندامی رێکخراوی فیداییانی گەلی ئێران بوو، ئەو شەوەی بەرلینی بۆ ANF گێڕایەوە.

**⁕ ئێوە بەر لە رووداوی تیرۆرەکە د.شەرەفکەندی هاوڕێیانیتان دەناسی؟**

نەخێر من نەمدەناسی، یەکەم جار لە شەوی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢دا یەکترمان ناسی. بێگومان ناویم بیستبوو، دوو هەفتە بەر لە هێرشەکە لە نزیکی شاری بۆن شاندێک لە کۆمیتەی ناوەندیمان چاوپێکەوتنی لەگەڵ شاندێکی PDK-Î بە سەرۆکایەتی د. شەرەفکەندی ئەنجام دابوو. لەو چاوپێکەوتنەدا هەر دوو شاندەکە رووداو و گۆڕانکارییەکانی ئێران و کوردستانیان تاووتوێ کردبوو و تێڕوانینەکانی خۆیانیان بەیەک راگەیاندبوو. لەو دیدارەدا باس لە کۆبوونەوەی لایەنی بەرهەڵستکاری ئێران و کورد لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا کرابوو. چونکە د. شەرەفکەندی نەک تەنیا بۆ تەڤگەری کورد بەڵکو بۆ بەرهەڵستکارانی ئێرانیش ناوێکی گرنگ بوو.

**⁕ چۆن لە دیداری ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢ ی رێستۆرانتی میکوونوس ئاگادارکرانەوە؟ ئێوەش بانگهێشت کرابوون؟**

ئێمە وەکو گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ئێران لە بەرلین، بەشێوەیەکی رێکوپێک کۆدەبووینەوە. مانگێک بەر لە تیرۆرکردنەکە، نوری دۆهکوردی رایگەیاندبوو کە دوای چەند هەفتەیەک کۆبوونەوەیەکی گرنگ ساز دەکەن و د. شەرەفکەندیش بەشداری دەکات. ناوەڕۆک و چۆنێتی بەشداریکردنەکانم لە نوری پرسی پێی وتم کە دوای کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ د. شەرەفکەندی، سەرجەم وردەکارییەکان دەخاتەڕوو.

## قسەمان لەسەر ئۆتۆنۆمی کوردستان دەکرد

**⁕ دەهکوردی ئێوەی بانگهێشتی دیدارەکە کرد؟**

دوو رۆژ بەر لە تیرۆرەکە خاوەنی رێستۆرانەکە (عەزیز غەفاری) رایگەیاند کە شەوی هەینی ١٨ی ئەیلول چاوپێکەوتن دەکەن و دۆهکوردیش ئاگادارە. بەڵام ئێوارەی پێنج شەممە ١٧ی ئەیلول لە نزیک کاتژمێر ٠٠ : ٢٢ دا کاتێک گەیشتمە ماڵەوە تەلەفونم بۆ کرا، ئەوەی تەلەفونی کرد غەفاری بوو وتی: "کارەکە بەپێی پیلان بەڕێوە نەچوو، دیدارەکەمان ئەم شەوە، ئەگەر دەتوانی وەرە بۆ رێستۆرانتەکە ." دوای ئەو تەلەفۆنە هاورێیەکی ترم پەیوەندی پێوەکردم و وتی پێویستە بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکەم، نیو کاتژمێر دوای هەردوو پەیوەندییەکە خۆم گەیاندە رێستۆرانتەکە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**❊ کاتێ گەیشتنە ئەوێ، دیارە کاتژمێر دەوروبەری ۰۰ : ۲۲ بوو، لە رێستۆرانەکە هەوایەکی چۆن هەبوو، شتێکی گوماناوی سەرنجی راکێشایت؟**

کۆڵانی (پراجەرستر) چۆڵبوو، رێگایەکی یەک سایت و بێدەنگ بوو، روناکی رێستۆرانتەکە لە هەموو کاتێک زیاتر دیاربوو. لەدەروازەی رێستۆرانتەکەدا مێزی ژمێریاری هەیە، کە چوومە ژوورەوەش کەسێکی (پیتر) ناوی ئەڵمانی لە بارەکە دانیشبوو، ئەو کەسە موشتەرییەکی هەمیشەیی رێستۆرانتەکەبوو، چۆن چوومە ژوورەوە غەفاری هات و پێشوازی لێکردم، بردمییە هۆڵێکی ئەو دیوی هۆڵی گشتی رێستۆرانتەکەوە. لەو هۆڵەدا چەند مێزێک لەپاڵ یەکدا وەکو مێزێکی درێژ دانرابوو، لەنێوەندی مێزەکەدا د.شەرەفکەندی دانیشتبوو، لەلای چەپییەوە دۆهکوردی لەلای چەپی ئەویشەوە کورسییەکی بەتاڵ هەبوو لەسەری دانیشتم. لەگەڵ دانیشتنم دۆهکوردی قسەکانی خۆی بڕی و بە د. شەرەفکەندی ناساندم، شەرەفکەندی هەڵسایە سەر پێ و دواتر دانیشتینەوە و دەستمان بە گفتوگۆکرد.

## قەوانی فیشەکمان بەسەردا باری

**❊ لە دەوری مێزەکەدا چەند کەس هەبوون؟ هەموویتان دەناسی؟**

کە دانیشتم هەموو (۸) کەس بوین و هەموویانم ناسی. بەڵام دوای چەند خولەکێک ئەسفاندیار سادقزادە هات، ئەویش لە کورسییەکەی لای راستی منەوە دانیشت، بەشێوەیە چوار بە چوار بەرامبەر بە یەک دانیشتین. غەفاری هات و لێی پرسیم کە چی دەخۆین و دواتر لەسەر مێزەکەی لای چەپی شەرەفکەندی دانیشت. گفتوگۆ بەردەوام بوو، سەرنج راکێشبوو کە قسەو باسەکەمان لەسەر ئۆتۆنۆمی کوردستان و مافەکانی کورد بوو، د.شەرەفکەندی بە ئارامی وەڵامی پرسیارەکانی هەموو کەسێکی دەدایەوە و دەستنیشانی دەکرد کە لە کوردستان لەپێناو مافی ئۆتۆنۆمی شەڕ دەکرێت.

لەکاتی قسەکردنی د.شەرەفکەندیدا بوو کە روخساری (مەسعود میر رەشید) لەپڕێکدا گۆڕا، وەکو بڵێی شۆک بوویێت تەماشای دەکرد، میررەشید بەرامبەر من دانیشتبوو، سەرەتا تێنەگەیشتم، وتم لەوانەیە لەبەر قسەکانی د.شەرەفکەندی تورەبوویێت. دواتر تێدەگەیشتم کە لەبەر ئەوە نەبووە و ئەوانەی بینیبوو کە لە دەرەوە هاتنە ژوورەوە. دوای چەند چرکەیەک دەنگی کەسێک هاتە گوێم کە بە فارسی هاوری دەکرد و دەیگوت (کوڕی .. ق ...)، بەجارێک راچڵەکام و بەخۆمم وت قسەی وا لێرە چ جێگەیەکی هەبێت و هەوڵمدا تەماشای ئەو شوێنە بکەم کە دەنگەکەی لێوە هات، ئەمە هەموو لەناو چەند چرکەیەکدا بوو.

بەشی سێیەم

لەو سەروبەندەدا سێبەری کەسێکی باڵابەرز و درێژ لە پشت (پەروێز دەستمالچی) و (مەسعود میرڕەشید) روناکی بەشێکی مێزەکەی شکاند و پاشان لە هەردوو لاوە دەنگی فیشەک هات . تێگەیشتم کە دووچاری هێرشێکی تیرۆریستی بووین و بەدەستی خۆم (دەهکورد) م لەلای چەپ و (ئەسفاندیار سادقزادە) م لەلای راستی خۆمەوە راکێشایە ژێر مێزەکەوە. دەستڕێژێکی زۆر خەست بوو، بەشێوەیەک کە قەوانی فیشەکەکان بەسەرماندا دەبارین. ئەو دەنگە هێشتا لەبەر گوێم دایە، دوای ئەوە دەنگی فیشەک یەک یەک دەهات، دواتر تێدەگەیشتم کە ئەو فیشەکانی دوایی، یەکە بە یەکە بە قوربانییەکانیانەوە دەنا.

## بکوژەکە دەیزانی کێ لەکوێ دانیشتووە

* ئێوە ئەو کاتە لەژێر مێزەکەدا بوون؟

بەڵێ. دوای کەمێک بێدەنگی.. لەژێر مێزەکەوە چاوی خۆمم نوقاند و هاوارم کرد.. ناوی یەک بە یەکی دکتۆر، نوری، پەروێز، مەسعود و هاوڕێیانی ترم وت. تەنیا دەنگی پەروێز و مەسعودم بیست. (نوری دەهکوردی) بەسەر مندا کەوتبوو، لەناو خوێندا بوو، هێشتا هەناسەی دەدا. لەلاکەی تری مێزکەوە (هۆمایۆن ئەردەڵان و فەتاح) کەوتبوونە سەر زەوی. چیم بینی بیڵێم: ئەو لایەی هۆڵەکە بوو بە گۆلی خوێن. بکوژەکان بۆ ئەوەی بەباشی ئامانجەکانیان بپێکن مێزەکەیان پاڵنابوو، بکوژەکان باش دەیانزانی کێ لە کوێی مێزەکە دانیشتووە. لەبەر ئەوەش ئەو مێزەی هاوڕێینمانی لێکوژران، بە پێ راکێشرابوو. کە چاوم کردەوە خاوەنی رێستۆرانتەکە (عەزیز غەفاری)م بینی، ئەویش لە هۆڵەکەدا لەناو خوێندا بوو، قاچ و سکی بریندارببوو، هەناسەی دەدا. دوای ئەوەی هەڵساینە سەر پێ، بەرەو دەرگای رێستۆرانتەکە رامانکرد. لەبەر دەرگاکە چەند ئەڵمانێک بە پەنجە کۆتایی کۆڵانەکەیان پێ نیشان دەداین و دەیانوت بەرەو ئەوێ رایانکردووە. ئۆتۆمبێلەکەیان لە کۆڵانەکەی تر بوو و هەتا ئەوێش رێیان کردبوو.

* ئێوەش دوو بکوژتان بینی؟

نەخێر، من تەنیا یەکێکیانم لە دەروازەی هۆڵەکەدا بینی کە چەکێکی ئۆتۆماتیک (دەستڕێژی) لەدەستدابوو، باڵا بەرزبوو، بەڵامتەنیا لایەکی جەستەییم بینی. قژکورتێک بوو، بەڵام روخساریم بە باشی نەبینی. ئەوەشم هەر نەبینی کە بە دەمانچە دەقەی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**⁕ لەسەر ئەو مێزە ئامانجی سەرەکی سیاسەتمەدارانی کورد بوون؟ کوشتنی نوری دەهکوردی ئێرانی رێکەوت بوو؟**

دەتوانم بە راشکاوانە و لە سەدا سەد بڵێم ؛ ئەو سێ کوردەی تیرۆرکران، ئامانجی سەرەکی بوون. ناتوانم بڵێم نوری دەهکورد یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکییەکان. بە تێڕوانینی من گرنگ نەبوو کێ لەکوێی مێزەکە دادەنیشت، چونکە هیچ یەکێک لەوانە رزگاریان نەبوو. ئامانجیش پێشتر دەستنیشان کرابوو. بەڵام کەسێک یان چەند کەسێک بە ساخی و برینداری رزگاریان بوو. دەتوانرا بە  فیشەکی پەنگیزین ئەو کاریان بکردایە، چونکە بەلای رژێمی ئیسلامی ئێران و ئامادەکارانی تیرۆرەکەوە کوشتاری زێدە، نەدەبوو بە کێشە.

## سەرچاوەی زانیارییەکانی بکوژەکان بەهێز بوو

**⁕ ئایا وەکو پرسیارێک نەهات بە سەرتاندا کە چۆن ئەو بکوژە هێندە ئاگاداری دیدارەکە و پرۆفایلی شوێنی بەشدار بووانی دیدارەکەبوون؟**

بەر لە هەموو شتێک پێویستە بڵێم؛ تا ئێستاش دیار نییە و ناڕوونە کە بۆچی دانیشتنەکە لە رۆژی هەینییەوە خرایە رۆژی پێنج شەممە. بەڵام کاتێک لە ئەنجامەکەی دەڕوانین؛ لەبەر ئەوەی رۆژی پێنج شەممە کرا، ژمارەیەکی کەم قوربانی لێکەوتەوە. چونکە ژمارەیەکی زۆر کەم ئاگاداری گۆڕینی کاتی ئەو دیدارە بوون، وەکو من بۆ نموونە، لە دواساتتدا گەیشتم. وردەکارییەکی تریش ئەوەیە کە خاوەنی رێستۆرانتەکە ئەو شەوە دەستی بە رووی سەرجەم موشتەرییەکانییەوە نابوو. لە دۆخێکی ئاساییدا ئەو رێستۆرانتە هەمیشە پڕە لە خەڵک، بەڵام پیتر لەوێ بوو، هەمووومان ئەومان بینی. هێندە زانیاری بەرفراوان لەسەر شوێنی رووداوەکە نیشانی دەدات کە بکوژەکە سەرچاوەیەکی بەهێزی هەیە.

**⁕ هیچ شیمانەیەکتان هەیە کە ئایا زانیارییان لە کوێ وەرگربێت؟**

ئێستاکە دەتوانم باسی شیمانە و تیۆرییەکی زۆرتان بۆ بکەم، ئەمانە هەموو بانگەشەن و پشتڕاست نەکراونەتەوە، بۆیە نامەوێت رایانبگەیەنم. من رێزم نیشانی دادگای باڵای بەرلین دا، کە ئەگەر یەکێک لە شیمانەکانم پشتڕاست ببوایەتەوە، ئەوا دادگای بەرلین رۆشنی دەکردەوە، چونکە لەوادەی دادگاییەکەدا هەموو وردەکارییەکان ئاشکرا بوو.

**⁕ شەوی ١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢ چی لە ژیانی ئێوەدا گۆڕی؟**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

با شۆڕشگێڕێتی لەلایەک بووەستێ، وەکو کەسێکی خاوەن تێڕوانین و فیکری سۆسیالیستی، وەکو مرۆڤێک ڕێزم هەیە بۆ کورد و کوردستان و تێکۆشانی ئازادی کورد لە هەر کات و سەردەمێکدا، ئەگەرچی رووداوێکی پڕ ئێش و ئازاریش بوو بەڵام گرێدانێکی بۆ کوردستان لەمن دا دروست کرد. هەروەها بووم بە گەواهی ئەوەی کە رژێمێک چۆن و بە چ شێوەیەک گرووپێک کەسی مەدەنی بێ چەک و بێ پاراستن کۆمەڵکوژ دەکات. تێڕوانینی سیاسیمی بۆ جیهان گۆڕی. بۆ ئەوەش فێربووم کە دەبێت زیاتر هۆشمەندانە مامەڵە بکەم. لەبەرامبەر خۆم رادیکاڵتر بووم. بێگومان ئەم رووداوە کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتیشم دروستکرد. ئەو شتانەی بە ئێوەی دەڵێم، لەماوەی (٢١) ساڵی رابردوودا بە هەموو کەسێکی دەوروبەری خۆمم وت و باسم کرد، هاوسەری پێشووترم لەم قسەو باسانەم عاجز ببوو و دەیوت (بەسە ئیتر.. بەردەوامەکەی دەزانین).

* ئێوە ئەم شتانەتان بە شاندی دادگا و بەشەکانی لێکۆڵینەوە وت ؟ ئایا هیچ ترسێکتان نەبوو؟

هەر شەوی یەکەم باسی هەموو شتەکانم بۆ پۆلیس کرد. ئەوان هەموو قسە و باسەکانیان لای خۆیان تۆمار دەکرد و هەوڵیان دەدا راستی و ناڕاستی قسەکانم دەرخەنەڕوو. جگە لە پیتر - بەگوێرەی زانیارییەکانی پۆلیس پاشناوی وەکو (بۆهن) دەنوسرێت ـ هیچ کەسێکی تر بەتایبەتی نەدەپارێزرا. بەڵام دەمانزانی کە لەژێر چاودێریدا این، چاودێرییەکەی پۆلیس دوو لایەنە بوو. هەوڵیان دەدا بزانن کە ئێمە درۆ دەکەین یان راست، دووەمیش ئەوەبوو کە ئێمە خۆمان بە پارێزراو دەزانی و ئەگەری دووەمین هێرشی بەوشێوەیەمان نەدەبینی. کە لەو کاتەشدا رژێمی ئێران لەژێر گوشاری توند دا بوو.

**NRT.TV**

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بیرو رێبازی شەهید دوکتۆر سەعید شەرەفکەندی هەردەم لەگەشەو درەوشانەوە دایە



**حوسێن نازدار**

٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی (بەرامبەر بە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی) لە لایەن تێرۆریستە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران،کاک دکتۆر سەعید شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی ک. ناوندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک هومایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و کاک نوری دێهکوردی تێکۆشەری ئازادیخوازی ئێرانی و دۆستی دێرینی حیزب لە رێستۆرانی میکۆنووسی شاری برلینی ئاڵمان شەهید کران.

شەهید بوونی د. سەعید شەرەفکەندی ئەگەر لە لایەک خەسارێکی گەورەو زەبرێکی کاریگەر بوو کە لە بزوتنەوەی میللی - دیموکراتیکی گەلی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی کەوت، لە لایەکی دیکەشەوە خەسارێکی مەزن بوو کە لە بزووتنەوەی مافخوازانە و ئازادیخوازانەی گەلانی سەرانسەری ئێران کەوت. ئەو رووداوە گورچکبڕە لە کاتێک دا بوو کە هێشتا حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ژێر زامی پڕ لە ئێش و ژانی شەهید بوونی قاسملووی نەمر دا پشتی راست نەکردبۆوە.

شەهید د. سادق شەرەفکەندی،بە شاهیدی زۆر کەسایەتی ناوداری کوردو ئێرانی و جیهانی،یەکێک لە کەسایەتیە سیاسییە هەرە بە هێز و ئازاو چاو نەترس و فیداکار و ماندوویی نەناس و لێوەشاوەکانی گەلی کورد بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د.سەعید دیپلۆماتێکی هەڵکەوتوو، بالۆیزێکی لێهاتووی نەتەوەی کورد بوو، واتە هەر وەک دەیزانی چ بڵێ دەیزانی چ نەڵێ، هەر وەک دەیزانی چ بنووسێ دەیزانی چ نەنووسێ،هەروەک دەیزانی چ بکا دەیزانی چ نەکات.

د.سەعید شەرەفکەندی رێبەرێکی باوەر بە خۆ، بە تواناو رچە شکێن و پێشرەو بوو، ماموەستا و سیاسەتوانێکی زاناو رووناکبیرو بیر کراوەو شارەزاو ژێر و وریاو رێئالیست بوو.

د.سەعید مودیرێکی بە مشوور، چالاک و پر کار، بە هیوا و هومێدو باوەر پێکراو بوو، رەخنە گرو راهێنەر و داهێنەر بوو، بە نەزم و دیسیپلین بوو، خاوەن ئەخلاق و پرەنسیب و پرستیژی دێموکراتی بوو.

د.سەعید کادرێکی راستگۆ، قسە لە روو، روو خۆش، رەزا سووک، خاکی و خەڵکی و بێ فیز و ریا بوو هەر بۆیە ببوو بە سیمای خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان.

د.سەعید کوردێکی نیشتمانپەروەر، دێموکراتێکی شۆرشگێر، مرۆڤێکی مافخواز و ئازادیخواز، دێموکراسیخواز، ئاشتیخوازو مرۆڤ دۆست بوو.

کاک سەعید لە گەڵ ئەوەی تێکۆشەرێکی سادقی نەتەوەیی بوو لە هەمانکاتدا رێبوارێکی شێلگیری رێگای دابین کردنی عەدالەتی کۆمەلایەتیش بوو، باوەرێکی قووڵی بە هاوپێوەندی و هاو خەباتی گەلانی ژێر دەست و زوڵم لێکراوی ئێران هەبوو، بە کردەوە بۆ لێک نزیک کردنەوەی هێز و لایەنە سیاسیەکانی ئیران هەنگاوی هەڵێناو گیانی پیرۆزی خۆی لەم رێگایە دا فیدا کرد.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین شەهید دوکتۆر سادق شەرەفکەندی جێنشینی بەر حەقی دوکتۆر قاسملوو بوو، واتە بە بوونی کاک سەعید کە لێنی بێ قاسملوویی کەمتر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانەوە دیار بوو، هەر بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئیران بە مەبەستی بێ سەر و رێبەر کردنی حیزبی دێموکرات و سەر لێشێواندن و داماو کردنی بزوتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و چاو ترسێن کردنی خەڵکی کوردستان، تێرۆری رێستورانی میکۆنووسیان بە رێوە برد. دیارە کە ئامانجی دوژمنانی گەلی کورد هەر وەک بە لە سێدارە دانی قازی مەحەممەد و تێرۆری قاسملووی نەمر نەهاتە دی، بە شەهید کرانی دوکتۆر سەعیدیش نایەتە دی.

**بەشی سێیەم**

دیارە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی کاری دادگای میکۆنووس،کۆماری ئیسلامی ئیران بە گوشار خستنە سەر کاربەدەستانی وڵاتی ئاڵمان هەموو هەوڵێکی خۆی دا کە رەوتی بەرەو پێشچوونی کاری دادگا پەک بخاو یان لانی کەم بەلارێیدا بەرێ، بەڵام بە هۆی لێبراوی و جیدی بوونی دەزگای قەزایی ئاڵمان، دادگای میکۆنووس تاوانبارانی مەحکووم کردن و سزای بە سەر دا سەپاندن و "واواک"ی بە تاوانبار و هاوبەش لەم تیرۆرە دا ناساند و بە دژی عەلی فەلاحیان حوکمی دەستبەسەر کردنی نێونەتەوەیی دەر کردو حکومەتی ئیسلامی ئێرانی وەک بڕیاردەرو فەرماندەری تێرۆرەکە ناودێر کرد.

لە کاتێکدا یادی کارە سات و تێرۆری میکۆنووس دەکەینەوە کە ڕەوا بوونی ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد زیاتر و باشتر لە پێشوو بۆ کۆمەڵگای جیهانی دەر کەوتوەو بیر و ڕێباز و ئامانجی قاسملوو و شەرەفکەندیش بە بەردەوامی لە پەرەستاند و گەشە کردن و درەوشانەوە دایەو ڕۆڵەکانی حیزبی دێموکرات و گەلی کوردیش بە ئیلهام وەر گرتن و پێرەوی کردن لە ڕێبازی شەهیدان، شێلگیرانەو چالاکانە درێژە بە خەبات دەدەن. لە لایەکی دیکەشەوە سیماو ناوەرۆکی دزێووبێزراوی بە ڕێوەبەرانی تێرۆری میکۆنووس بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران بە تایبەتی و خەڵکی دێموکرات و ئازادیخوازی دنیا بە گشتی، باشتر دەرکەوتوەو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیرانیش لە هەموو کاتێک زیاتر کەوتۆتە بەر گوشارو گەمارۆی جۆرا وجۆری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**ڕێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٣**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## د. شەرەفکەندی یەکەم قوربانی نیە و دواهەمینیش نابێ



**هوشیار ئەحمەدی**

برینی ئەو دەستڕێژە گوللەیەی لە قاسملوو و شەرەفکەندی کرا، وەک شوێنەواری ئەو پەتەی پێشەوا قازی موحەممەدی پێ خنکێنرا، هەروا لەسەر جەستەی حیزبی دێموکرات بە ناسۆری ماوەتەوە. لێ ئەمەش بەو مانایەیە کە حیزبی دێموکرات و رێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و دۆستانی، ئەو بیرەوەرییە تاڵانە لە بیر ناکەن و وەکوو خاڵی دەسپێکێکی تر چاویان لێ کردووە و زیاتر و روونتر لە جاران بۆیان دەرکەوتووە و سەلماوە کە دوژمنەکەیان زمانی ئاشتی و دیالۆگ نازانێ.

راستییەکی حاشاهەڵنەگر لە تیرۆری "د. قاسملوو و د. سادق" دا زەقتر لە راستییەکانی تر خۆ دەنوێنێ، ئەویش کاریگەریی هێژمۆنیی سیاسی و فیکریی ئەوان بوو بەسەر تێکرای ئوپۆزسیۆنی ئازادیخواز و دێموکراتی ئێرانەوە. لەو دەمەیدا کە ئەو دوو کەسایەتییە پلانیان بۆ یەکخستنی هێز و پۆتانسیەلی ئوپۆزسیۆن دادەڕشت، هێزەکانی تری ئوپۆزسیۆن سەرگەرمی پێکدادان و پێکداهەڵپڕژان بوون و پێکهاتەی وزەی ئوپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لێک هەڵدەوەشایەوە و وزەکان بەرەو وردبوون و هێزەکان بەرەو لێکپاشران دەچوون. تەنانەت لەم پرۆسە پلان بۆدارێژراوەدا حیزبەکەی خودی قاسملوو و د. شەرەفکەندیش پارێزراو نەبوو و خەساری بەرکەوت.

سەرئەنجام پاش موتاڵاو شەن و کەوێکی زۆر و ورد، بەو ئەنجامە گەیشتن کە دەبێ وەکوو تێزێک چاو لەو پلانەی کۆماری ئیسلامی بکرێ و ئەنتی تێزی خۆیشی بۆ دابڕێژرێ. ئەوە بوو کە هەر دوو دوکتوری رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

ئێران، دۆکتورینێکی سیاسیان لەسەر بنەمای یەکخستنی هێزی لێک بڵاو بووی ئۆپۆزسیۆنی دێموکرات و ئازادیخوازی ئێران بونیات نا و ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکەیش کەوتە ئەستۆی خودی دوکتور سادق شەرەفکەندی.

دوکتور شەرەفکەندیش وەک تەواوی ئەوانەی کە دەیناسن، دەزانن ڕێبەرێک بوو کە دەنگی کردەوەکانی زۆر لە دەنگی قسە و وتەکانی بەرزتر بوون. ئەو بڕوای بەوە هەبوو کە هەست و بیر و ئەندێشە و قسە و وتە، تاکوو بەرگی کردار نەپۆشێ، ناتوانێ ببێتە هێز و وزە ببەخشێ. بۆیە ئەو بیرۆکەیە لای ئەو ببووە باوەڕ و ڕێبازێکی سیاسیی ڕوون. ئەو دوکتورای لە کیمیای ئانالیزدا هەبوو، کاری ئەو ئانالیز و ورد کردنەوە و تاوتوێی هاوکێشە و لێکدانەوەی کیمیایی بوو، بۆیە لە کاروباری سیاسیشیدا ئەو ڕێچکەیەی کردبووە ڕێبازی کاریی. واتە کاتێک ئەیهەویست کارێک بکات، یان ئەرکێک ڕاپەڕێنێ یان کۆبوونەوەیەک بکات و یان لێدوانێک بدات، ڕاست لەسەر ڕێبازی کیمیای ئانالیز، بەوردی و کیمیاگەرانە، ئانالیزی بابەتەکەی ئەکرد و وردبینانەش پلانی بۆ دادەنا و بە بەرچاو ڕوونییەکی پێویستەوە هەنگاوی کردەوەی بۆ هەڵدەگرت.

ئەو تایبەتمەندییانە و کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیکە، د. شەرەفکەندیشی وەکوو د. قاسملووی مامۆستای، خستە ژێر زەرەبینی بەشی لێکۆڵینەوە و پلانڕێژی ماشینی تیرۆری دوژمنەوە و تەواوی جموجووڵەکانی خرایە ژێر کۆنترۆڵەوە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە بە تیرۆر کرانی د. قاسملوو، حیزبی دێموکرات تا ڕادەیەکی زۆر شڵەژابوو و سڕ ببوو و بە تیرۆری دوکتور سادقیش بە تەواوی بە ئامانجی خۆیان دەگەن. ئەساسەن ئامانجی ئەوان لە تیرۆری ئەو دوو ڕێبەرەی بزوتنەوەی دێموکراتیکی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فەلەج کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی ئێران لە لایەک و پرۆسە و پرۆژەی یەکخستنی ئۆپۆزسیۆنی ئازادیخواز و دێموکراتی ئێران لە لایەکیتر بوو. دیارە ئەوان ڕەنگە لە شڵەژاندنی حیزبی دیمۆکراتدا سەرکەوتوو بووبن، بەڵام نەیانتوانیوە پەک بە پرۆژەکانی بخەن و پاش ساڵانێک لەو تیرۆرە، حیزبی دێموکرات توانیی بەشێک لە ئامانجەکانی ڕێبەرە شەهیدەکانی بگەیەنێتە مەنزڵگەی سەرەئەنجام کە بەرهەمەکەی پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە. ئەم کۆنگرەیە لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات و لەسەر بنەما فیکری و تێکۆشانەکانی ڕێبەرانی شەهیدی ئەو حیزبە بونیات نرا کە ئامانجەکەی یەکخستنی وزەی هێزە دێموکراتخوازەکانی نەتەوەکانی سەرانسەری ئێرانە و بەشدار کردنی بزووتنەوەی نەتەوەکانی تری ئێرانە لە خەباتی ڕزگاریخوازانە و دێموکراتیکی ئێراندا.

بوون و مانەوەی باوەڕ بە ئامانج و ڕێباز، گرینگترین و سەرەکیترین توخمی پێکهێنەری کاکڵی فیکری و کەسایەتی ڕێبەریی د. سادق شەرەفکەندی بوو. ئەو بڕوای وابوو کە مرۆڤی شۆڕشگێڕ پێویستیی بە باوەڕێکی قووڵ و قایم بە ئامانج و ئەنجامەکانی هەیە، پێویستیی بە ئیرادەیەکە کە بە تەواوی مانا، شیاوی پێناسەی پێشمەرگە بێ. واتە لێرەدا دەبێتە

بەشی سێیەم

**پرسیار ئەی پێناسەی ئەو بۆ پێشمەرگە چییە؟**

لە باوەڕی ئەودا پێشمەرگە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پیشەنگایەتی شۆڕشیان لە ئەستۆیە. بە باوەڕی زۆر کەس، ئەم پێناسەیەش پانتایی مانایییەکەی بەرینترە لە هێزێکی چەک لەشانی ئامادەی رووبەڕوو بوونەوەی سەربازی، بۆیە دەکرێ پێشمەرگە کەسێک بێ لە جلوبەرگی وەرزێرێک، گوندنشینێک، خوێندکار و قوتابییەک، مامۆستایەکی ئاییني، ئەجار و کرێکارێک، بازاڕی و کاسبێک، ژنێکی ماڵەوە و... هەتاکوو دەگاتە سەر ترۆپکی مانا کە ئەو پێشمەرگەیەیە کە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەی لەبەرە و چەکی شەرەفی لەشانە و هەردەم لە مەترسیی بەرگرییە لە کەرامەت و مان و مەوجوودییەتی گەل و نیشتمانەکەی. ئەو کەسەی کە گیانی خۆی پێشاپێش بە نیشتمان و گەل و حیزب و ئامانجەکانی بەخشیوە.

ئامانجی سەرەکیی د. سادقی شەهید پێناسە و ئانالیزی باوەڕی شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگانەیە، باوەڕێک کە نە بە چەک پێک دێت و نە بە چەکیش دەڕووخێ. باوەڕێک کە بە هێزترە لە باروت و تەقەمەنی، قایمتر و خۆڕاگرترە لە سەنگەری پۆڵایین و قەڵای ئەلەمووتی، باوەڕێک کە بەسەر رۆح و جەستەدا زاڵ ئەبێت. دیارە هەم دۆست و هەمیش دوژمن بڕوایان بەوە هێناوە کە ئەوەی پێشمەرگەی کردووەتە هێزێکی پۆڵایین، هەر هەمان باوەڕە کە ئەتوانێ لە کوڕە جووتیارێکی گوندنشین، یان لە شوانێک و کورە وەرزێرێک و یان لە کوڕە شارییەکی بەناز پەروەردە، پاڵەوانێک بخوڵقێنێ.

بەڵێ هەم پێشەوای نەمر و هەم قاسملووی مامۆستا و هەمیش د. سادقی رێبەر ئاماژەیان بەوە کردووە کە خەباتی ئێمە رەنگە بەری دوور بێت، هەر بۆیە پێویستیی بە پشووی درێژ دەبێ. هەر سێکیان ئاماژەیان پێ کردووە کە دوژمنی ئێمە و گەلی ئێمە لە ریزی پێشەوەی درندەترین دوژمنانی ئازادی دایە و لە هیچ چەشنە پیلانێک ناسڵەمێتەوە، بۆیە هەر سێکیشیان بەو بڕوایە گەیشتوون کە ئێمە یەکەم قوربانی نابین و دوایین قوربانیش نین. کەوابوو دەبێ هەموان بۆ نوێکردنەوەی پەیمان و بەڵێنی لەگەڵ رێبەرانی شەهید، سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل و رێبازەکەیان، لە بیر و باوەڕەکانیان تێبگەین و وانە و ئامۆژگارییەکانیان بکەینە هەوێنی باوەڕی شۆڕشگێڕانەمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەرەفکەندی قەڵغانێک بۆ ئازادیخوازان لەبەرانبەر تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران



**کاکەبرا خوسرەوی**

هەر لە سەرەتای دەستپێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای نیشان دانی نیازپاکی بەرانبەر بە دەسەڵاتی تازە بە مەبەستی وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی و ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیک و یەکپارچەدا، بەڵام سیاسەتی رێژیمی ئێران لەبەرانبەر حیزبی دێموکرات و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان پێچەوانە و لە رێگای گەمارۆی ئابووریی کوردستان و هێرشی نیزامی بۆسەر خەڵکی کوردستان بوو.

پاش جێگیر بوونی دەسەڵاتیان بەسەر گەلانی ئێران و دامەزرانی حکوومەتی دینی لە ئێران، دەسەڵاتدارانی رێژیمی دینی کۆماری ئیسلامی کەوتنە پاکتاو کردنی دێموکراسیخوازان و جیابیران لە ئێران بە شێوەیەکی گشتی. هەزاران کەس لە ئازادیخوازان ئیعدام و زیندانی کران، یان پەنایان بردە وڵاتانی دەرەوە.

بەڵام بارودۆخی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانیتر لە ئێران جیاوازتر بوو. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتییەوە توانیی کۆنترۆڵی زۆربەی وڵات بە دەستەوە بگرێ جیا لە کوردستان.

بە دەست پێ کردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٨ و گۆڕینی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێران، حیزبی دێموکرات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توانیی نەخشی کاریگەر بگێڕێ لە رێکخستنی خەڵکی کوردستان و رێبەرایەتیی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان. بەم جۆرە کوردستان تەنیا ناوچەیەک بوو لە ئێران کە جمهووریی ئیسلامی نەیتوانی نزیک بە دوو ساڵ دەسەڵاتی خۆی تێدا جێگیر بکا. لەو ماوەیەدا چەند جار ئەرتش و سپای پاسداران هێرشی بەرینیان بۆ کپ کردنی دەنگی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان دەست پێ کرد کە هەموو لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوون.

لێرەدا بوو بۆ رێبەری ئێران خومەینی و هاوبیرانی لە کۆماری ئیسلامی دەرکەوت کە حیزبەکەی شەرەفکەندی چ توانایەکی هەیە لە رێبەری کردنی خەباتی نەتەوەی خەڵکی کوردستان و بە ئاسانی ناتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسە پێنن.

بۆیە خومەینی فتوای جیهادی بە دژی خەڵکی کوردستان راگەیاند و بێ بەزەییانە سپا و ئەرتش، هێرشیان کردە سەر شار و گوندەکانی کوردستان و هەزاران کەس لە خەڵکی بێ دیفاع بوون بە قوربانی فتوای خومەینی. حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵک هێزەکانی لە شار و گوندەکان کشاندەوە بۆ سنوورەکانی کوردستان و قۆناخی شەڕی پارتیزانی دەست پێ کرد. قۆناخی شەڕی پارتی زانی کەلە پانتایی نزیک بە تەواوی خاکی کوردستان لە شماڵەوە هەتا جنووب ئەنجامی دەگرت زیاتر لە ١٥ ساڵی خایاند. هاوکات پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسیشی لە ولاتانی دەرەوە و لەگەڵ حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی ئێرانی بە شێوەیەکی بەرین پەرەپێ دابوو. جینایەت و رووی دزێوی رێژیمی ئێرانی بە بیرۆڕای نێونەتەوەیی نیشان دەدا.

ئیدی بۆ دەسەڵاتدارانی جمهووری ئیسلامی، حیزبی دێموکرات تەنیا حیزبێکی کوردستانی نەبوو، بەڵکوو وەک حیزبێکی سەرانسەریی بە توانا لە مەیدانی سیاسیی ئێران دژبە رێژیم حیسابی بۆ دەکرا.

بۆیە لەلایەن تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییەوە زیاتر لە هەر حیزب و ریکخراوێکی دیکەی ئێرانی بۆ رێژیم زیاتر هەدەف بوو سەدان کەس کەوتنە بەر تیغی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی.

بۆ هەر حیزبێکی سیاسی لە جەرەیانی خەباتدا ئاسان نییە لە ماوەی چەند ساڵدا دوو رێبەری لە دەست بدا و تووشی هەرەس و هەڵوەشانەوە، یان بە شێوەیەکی دیار زەعیف و کز نەبێ ئەویش بە شێوەی تیروربێ. زۆر جار بووە حیزبێک بە لە دەست دانی رێبەرەکەی تووشی ئەو حاڵەتانە بووە کە ئیشارەم پێ کردن. یان باشترە بڵێین ئەم سیاسەتە مێژووی کۆنی

بەشی سێیەم

هەیە بۆ کورد. زۆر لە جوڵانەوە و سەرهەڵدانەکانی کورد بە لەناو بردنی سەرکردە و رێبەرەکانیان سەرکوت کراون و لەناو چوون.

تیروریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٨٠ و ٩٠ لە دەرەوەی ئێران دەیان کەس لە موخالیفانی تیرۆر کرد، بەتایبەت ئورووپا ببوو بە مەیدانی سات و سەودای بازرگانی تیرۆر لەگەڵ ئێران.

تیرۆریستان بە بەڵگە و مەدارکەوە دەکەوتنە دەست پۆلیس، بەڵام ئازاد دەکران. تیرۆری ویەن نموونەییەکی زیندووە کە سەرەڕای گرتنی تاوانباران لەلایەن پولیسەوە ئازاد کران.

هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتە تیرۆریستییەدا بوو کە بۆ جارێکی دیکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە جینایەتێکی ناجوانمێرانەی تر کە درێژە بە لەناو بردنی ئازادیخوازان بدا.

بەڵام ئەم جارە نەک سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو مەرگی پیاوێکی گەورە و ئاشتیخواز لەگەڵ چەند هاورێتری بوون بە قەڵغانێک لە بەرانبەر دەستی رەشی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەتا چی دیکە خوێنی ئازادیخوازانی ئێران بە فیرۆ نەچێ و "ئورووپا" مەیدانی تیرۆریزمی دەوڵەتی رێژیم پێیان چۆڵ بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

# ئەمڕۆ ٢٦ی خەرمانان ٢١ ساڵ بەسەر تیرۆری میکۆنوسدا تێپەڕبوو!




**شەهین تەها**

**حیزبەکانی دیموکرات لەڕۆژی تیرۆرکردنی سەرکردەکانیان لەڕیبازیان لایان داوە!**

**ئەمڕۆ ٢٦ی خەرمانان ٢١ ساڵ بەسەر تیرۆری میکۆنوسدا تێپەڕبوو!**

ئەمڕۆ سێشەمە ٢٦ی خەرمانان ساڵرۆژی تیرۆری میکۆنۆسە، تیرۆرێک کە تێدا دووکتۆر سەعید شەرەفکەندی ناسراو بەسادق شەرەفکەندی، لە پلانێکی دارێژراوو توکمە کە لەلایەن کاربەدەستە باڵاکانی ڕژێم و لەسەری هەمووانەوە خامنەئی ڕێبەری کۆمای ئیسلامی ئێران، ڕەفسەنجانی سەرۆککۆمارو عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کاتی ڕژێم ئامادە کرابوو، بەڕێوەچوو و تێدا شەهید کران.

دووکتۆر سادق شەرەفکەندی سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دیموکرات بوو، کە بەمەبەستی بەشداری لەکۆبونەوەی ئینتەر ناسیۆنالی سۆسیالیست سەفەری دەرەوەی وڵاتی کردبوو، لەکۆبوونەوەیەکدا کە لەمەڕ چارەسەری پرسی سیاسی کورد لەگەڵ بەشێک لەدیپلۆماتە تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دانیشتبوو بەشێوەیەکی ناجوامێرانە لەگەڵ سێ کەسی دیکە بەناوەکانی فەتاح عەبدوولی، نووری دێکۆردی و هومایۆن ئەردەڵان تیرۆر کران.

هەر چەند ئەو تیرۆرەو شەهید کردنی دووکتۆر قاسملوو و دواتر دووکتۆر سادق شەرەفکەندی بووە هۆی پاسیڤ بوونی

حیزبی دیموکرات و ئوردووگانشین کران، بەڵام ڕووخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەبەر چاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەرخست و ڕژیمی ئێران سەرکۆنە کراو ئەو تیرۆرانە بەتوندترین شێوە ئیدانە کران و لەقاو دران.

زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە ئەوروپییەکان کونسولی خۆیان لەئێران بانگهێشتی وڵاتەکەیان کردەوەو بۆماوەیەکی زۆر پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە بچڕاند.

هاوکات هەر لەو پێوەندییەدا دادگای میکۆنوس پێکهات و تێدا کاربەدەستە هەرە باڵاکانی ڕژیم بەئەنجام دەرانی بنەڕەتی و پلاندانەرانی ئەو تیرۆرە ناسێندران و تاکوو ئیستاش پۆلیسی ئینتر پۆل بەشێون ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە بەپلاندانەرانی ئەو تیرۆر کردنە ناسێندراون.

پێویست بەوتن دەکات کە دووکتۆر سەعید شەرەفکەندی لەبەر هێمنی و لەسەر خۆو هاوکات سادق بوونی لەناو هاوڕێکانیدا بەدووکتۆر سادق شەرەفکەندی ناسرابوو.

دووکتۆر سادق شەرەفکەندی یەکێ لەکەسایەتییە هەرە گرینگ و بەبلیمەت و لێهاتووەکانی کوردستان بوو کە جێی لەناو دڵی بەشێکی زۆر لەکەسایەتییە سیاسییەکانی ئەورووپیدا گرتبوو.

لەپاش تیرۆر کردنی ئەو کەڵە پیاوە گەلێک کەس لەجیهان داخدار بوون و ئەو تیرۆر کردنەیان لەژێر هەر ناونیشانێکدا بوو بێت ئیدانە کردو لەقاو دا.

دووکتۆر سادق نووسەرێکی بەتواناو بەبلیمەت بوو کە ئیستاش نووسینەکانی چرای ڕێگای تێکۆشانە. دووکتۆر سادق و دووکتۆر قاسملوو پێچەوانەی سەرکردایەتی دیموکرات باوەڕیان بەوە بوو کە هەر کەس و لایەنێک کە بەکردەوە بیسەلمێنێ دیموکرات و ئازادیخوازەو ڕێز لەئیرادەی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنێت، دانیشتنی لەگەڵ ساز دەکەن و لەو پێوەندییەدا ڕێگای دیالۆگی لەگەڵ دەگرنەبەر.

ئەو دوو سەرکردە کەخۆیان بەدرێژە پێدەری ڕێگای پێشەوا قازی مەحەممەد دەزانی و دەناساند، هەموو کاتێک ئەوەیان دەوت کە کورد نابێت لەگەڵ ئەو لایەنە ئێرانییانە کە خۆیان بەئۆپۆزیسیۆن دەزانن، بەڵام باوەڕیان بەچارەسەری سیاسی

پرسی کورد نییەو لەکورد وەک نەتەوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ ناڕوانن، دانیشتن بکەن.

هەر بۆیە تاکوو لەژیاندا مابوون، بزاڤی نەتەوەی کوردیش لەقۆناغێکی دژوارو پڕ لەهەورازو نشیودا بوو، هاوکات ئەو بزاڤە پێویستی بەپشتیوانی نێوخۆیی و دەرەکی هەبوو، چونکوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لەخەباتی چەکداریدا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو ڕێبەرە ئامادە نەبوون کە لەگەڵ پانئێرانیستەکان و ئێرانییە فاشیستەکان دانیشتن بکەن.

چونکوو دەیانزانی کە ئەوانە پێڕەوی لەفاشیسم و دووگماتیسم دەکەن و ئاڵوگۆڕ بەسەر بیرو بۆچوونیان لەپێوەندی بەپرسی سیاسی و نەتەوەیی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان نایەت، هەر بۆیە لەهەر شێوە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ئەو لایەنە ئێرانییانە خۆیان دەبوواردو دەپاراست.

بەڵام هەڵسوکەوت و کارو تێکۆشانی دیموکراتەکانی ئەمڕۆ پێچەوانەی هەڵسوکەوتی ئەو دوو ڕێبوارەی ڕێگای کوردایەتی و ئازادی و دیموکراسییە.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دیموکراتەکان لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ئەو لایەنە ئێرانییانە کە لەلایەن ئەو دوو کەسایەتییەوە وەک هێڵی سوور دەناسران، کۆبوونەوەیان ساز کردووەو بگرە لەژێر ئاڵای شیرو خۆرشید و سروی ئەی مەرزی پڕ گەوهەر لەسەرپێ ڕاوەستاون و بۆ ئەو سرووده چەپڵەیان لێداوە.

سروودو ئاڵایەک کە لەژێریدا پێشەوای کورد قازی موحەممەد لەسێدارە دراوەو قاسملوو و شەرەفکەندی ئاوارە کران و کوردی لەڕۆژهەڵات پێ ماڵوێران کراو بزاڤی نەتەوەیی کورد لەباشووری کوردستان نسکۆ پێهێنا.

سروودو ئاڵایەک کە باس لەیەک نەتەوەو یەک ئاڵاو یەک زمان دەکات. ئەوەش زمانی فەرمی فارسی و داسەپاندنی بەسەر نەتەوەکانی بندەست لەئێران.

لەو پێناوە دایە کە بەپێویستی دەزانم بڵێم کە دیموکراتەکانی ئەمڕۆ پێچەوانەی سیاسەتەکانی ئەو سێ سەرکردە، واتا پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی هەنگاو دەهاوێژن و دەنێن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو سیاسەت و بنەما هزری و فکرییانەی کە قاسملوو و شەرەفکەندی بنەماکەیان بۆ دارشت، ئەگەر ئەمڕۆ بووبایەو لەگۆڕەپانەکەدا بوونایە، ئاڵوگۆڕێکی قوڵ و بنەڕەتیی و بنەماییان بەسەر بەشێکی زۆر لەو رێبازانەدا دەهێنا کە کاریان پێدەکرد، هەر وەک قاسملوو دەڵێت سیاسەت هوونەری ئاڵوگۆڕە. ئاڵوگۆڕی پێویستان دەهێنایە کایەوە.

قاسملوو و شەرەفکەندی لەقۆناغ و هەلومەرجێکدا لەخەبات و گۆڕەپانی تێکۆشاندا بوون کە زرووف و هەلومەرجەکە دژوار بوو، کوردیش پتر پێویستی بەهاوکاری بوو، پێویستی بەوە دەکرد کە سرنجی هێزە ئێرانییەکانی دیکە لەبەرژەوەندی خەبات و تێکۆشان و ماف و ویست و داخوازی کورد ڕابکێشن. بەڵام بۆ دڵنیا بوون لەوە کە هەڵە نەکەن هیچ کات لەگەڵ ئەو لایەنانەش کەدەیانویست سرنجیان بۆ بزاڤی نەتەوەیی کورد ڕابکێشن، دانیشتنیان نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانتوانی لەبەر دژواری دۆخ و هەلومەرجەکە ڕیسک بکەن، بەڵام لەبەر ئەوە کە نەوەی ئەمڕۆ نەکەونە ناو گۆماوی سەرلێشێوان ئەو ڕیسکەیان نەکردو ئەنجام نەدا.

بۆیە بڕیاریاندا پرسی بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی کورد لەچوارچێوەی ئێران وەک پرسێکی تاکتیکی و ڕۆژ بخەنە ناو ڕۆژەڤی سیاسەتیانەوەو ڕێگەی پێوەندی گرتن و دادنان بەمافی نەتەوەی کورد لەقۆناغی یەکەمدا بۆ ئەو لایەنانە بهێڵنەوەو لەسیاسەتی خۆیاندا بەشێوەیەکی گشتی پرسی کورد بۆ لایەنە ئێرانییەکان شی بکەنەوە.

ئەوەش لەسیاسەتدا بەئەزموون و تاقیکاری پێناسە دەکرێت و ناو دەهێنرێت. من لەوە دڵنیام کە ئەو دوو سەرکردە ئەگەر ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی تێکۆشانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوونایەو مابانایە، ئاکامی ئەو تاقیکارییانەیان ڕادەگەیاندو ئیستراتیژیکی نەتەوەییان دەخستە ڕۆژەڤی سیاسەتیانەوە.

هەر چەند خۆبەستنەوەیان بەئێران هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا تاکتیک و سیاسەتی ڕۆژ بوو، چونکوو ئەو سەردەمە ئەوە پێویستی دەکرد بۆ ڕاکێشانی سرنجی لایەنەکانی دیکە لەپێوەندی بەپرسی سیاسی کورد، نەک وەک ئەمڕۆی حیزبەکانی دیموکرات کە هەموو تاکتیک و سیاسەتێکی ڕۆژی سەردەمی قاسملوو و شەرەفکەندیان کردووەتە ئامانجی بنەڕەتی و ئیستراتیژیکی سیاسی و گشتیی خۆیان.

هەنووکە حیزبەکانی دیموکرات کەوتوونەتە ناو گێژاوی گۆمێکی قوڵ لەهەڵە لەشۆناسی نەتەوەیی بوون و سەرلێشێوان لەپێناسەی شۆناسی کوردو پێناسەی ئێرانی بوونیان دا. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوە کە ئەو حیزبانەی دیموکرات بخاتە سەر

دووڕیانی کوردبوون و ئێرانی بوون کە نازانن کامیانە هەڵبژێرن.

ئەوەی کە هەنووکە پێوستی بەئاماژەدان و قامک لەسەر دانان دەکات ئەوەیە کە تاکوو ئەمڕۆ شۆناس و پێناسەی ئێرانی بوونیان هەڵبژاردووە، ئەمەش بۆ هەموولایەک ڕوونە، ئەوەش کێشەی مەزن و بنەڕەتی ساز کردووەو کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕای گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داناوە. بەشێوەیەک کە بەشێک لەڕووناکبیران و خەڵکی ئاسایی بەئاماژەدان بەسیاسەتی ئەو حیزبانەی دیموکرات و گوتاری سەرکردەکانیان پێناسەی ئێرانی بوونیان هەڵبژاردووەو ناڕاستەوخۆ لەگەڵ بنەما فەلسەفییەکانی پێشەوا قازی مەحەممەدو قاسملوو و شەرەفکەندی دژایەتی دەکەن و بەهەڵە لەڕێگای ئەو سەرکردە بلیمەتانە گەیشتوون.

کێشەی لەتبوون و لێکترازانەکانیش بۆ هەمان هەڵەی سیاسی ئەو حیزبانەی دیموکرات دەگەڕێتەوە کە بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوەو بزاڤی نەتەوەیی کوردی لەو بەشەی کوردستان تووشی کێشەو لاوازی و تێرمانی شۆناسی نەیەوەیی و کورد بوون کردووە.

-------

دووکتۆر سادق شەرەفکەندی لە ١٧ی ٩ی ١٩٩٢ی زایینی لەڕێستۆرانتی میکۆنۆس لەشاری برلینی ئاڵمان بەدەستی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کرا، لەو تیرۆر کردنەدا تەنیا سەرشۆڕی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و دەست و پێوەندەکانی مایەوە.

سادق شەرەفکەندی دووکتۆرای لەبواری شیمی لەزانکۆی پاریس وەرگرت، سادق شەرەفکەندی لەڕێگای دووکتۆر قاسملوو بەبەرنامەی حیزبی دیموکرات ئاشنا دەبێت و پاش ماوەیەک دەبێتە ئەندامی فەرمی ئەو حیزبە.

کارو چالاکی خۆی لەبەشی پەروەردەو ئینتیشارات و ڕادیۆ بەباشترین شێوە بەڕێوە دەبات، بۆماوەیەکی زۆر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەر سیاسی حیزبی دیموکرات و جێگری دووکتۆر قاسملوو دەبێت، لەپاش تیرۆری قاسملوو دووکتۆر سەعید دەبێتە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات و ئەو حیزبە وەک سەردەمی قاسملوو چالاک و کارا دەمێنێت و برەو بەخەباتی سیاسی خۆی دەدات و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لەسێبەری ئەو دوو ڕێبەرەدا بەپرسی کوردو چارەنووسی ئەو نەتەوەیە لەهەموو بەشەکانی کوردستان ئاشنا دەبێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

هەر وەک سەردەمی قاسملوو کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشاردا دەبێت و خەباتی چەکداری درێژە دەکێشێت، بۆیە کۆماری ئیسلامی بەو قەناعەتە دەگات کە شەرفەکەندیش وەک قاسملوو بەڕێوەبەرو مودیرێکی باش دەبێت، بۆیە بەو ئامانجە دەگات کە دووکتۆر سادق شەرەفکەندی تیرۆر بکرێت. لەپاش پلانێکی تۆکمە دوای سێ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر تیرۆری قاسملوو ئەویش تیرۆر دەکرێ. هەنووکەو لەپاش لەسێدارەدان و تیرۆری ڕێبەرەکانی ئەو حیزبە، حیزبەکانی دیموکرات لەدەشتی کۆیە گۆشەگیر بوونەو پاڵیان داوە بەوردە کێوەکانی کۆی سنجاق و هەیبەتسوڵتان.

هەنووکە تاکە پرسیارێ کە لەو پێوەندییەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئایا شەرەفکەندی تیرۆری قاسملووی لەبیر چوو بوو؟ یان خود ئەویش دەیویست تیرۆر بکرێ؟

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٣**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕاپۆرتێکی دیکومێنتاری لەسەر چۆنیەتی تیرۆری کاک د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی



**دۆسەی میکۆنۆس، "تەلەفزیۆنی رووداو"**

**ئامادەکار: رەشید زەرواوی**

لە ئێران و بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نارەزایەتی بەرین سەری هەڵدا. شەری نێوانیان نەتەنیا لە ناو وڵات، تەنانەت دەرەوەی وڵاتیشی گرتەوە بە پێی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان و لە ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٩٠ی زایینی لەزۆر لە وڵاتان بە سەدان دژبەر لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەناو چوون. سەرەکیترین رەشەکوژی رێژیم لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لە "ڤییەن" پێتەختی ئوتریش لە دژی رێبەرێکی مەزنی کورد روویدا. رەشە کوژییەک کە لەودا سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید کاک دوکتور قاسملوو و "عەبوڵا قادری ئازەر" ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و نوێنەری حیزب لەدەرەوەی وڵات و "د. فازڵ رەسووڵ" مامۆستای زانکۆ شەهید کران.

دوای تیرۆری شەهید د. قاسملوو و هاورێیانی ، شەهید د. شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێنوکراتی کوردستانی ئێران دیاری کرا.

د. شەرەفکەندی وەک قوتابییەکی لێهاتووی د. قاسملوو توانی ببێتە رێبەرێکی لێهاتوو و دیپلۆماتێکی شارەزا. لە خرمانانی ١٩٩٢ی زایینی بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئینتر ناسیۆنال سووسیالیستی جیهانی چووە برلینی ئاڵمان. پاش کۆتایی کاری ئینتر ناسیۆناڵ و بەمەبەستی کۆکرندەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

بەگژداچوونەوەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆبوونەوەیەکی رێکخست. لە کۆبوونەوەی شەوی ١٧ی سەپتامبری ١٩٩٢ زایینی (٢٦ی خرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی) بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی وێرای شەهیدان فەتاح عەبدولی و هومایۆن ئەردەلان و د. نووری دێهکوردی لە ریستورانی "میکۆنۆس " شەهید کران.

نووسەری کورد "مەمۆ شاهین" لەسەر چۆنیەتی بەشداری کورد لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال و کاری دیپلۆماسی ئەو سەردەمە لە راپۆرتێکی دێکومنتاری تایبەت بە دۆزی شەهید بوونی کاک د. شەرەفکەندی و هاورێیانی لە شەوی ١٧ی سەپتامبەر بۆ رووداو ئەدوێ و دەڵێ: "لەوسەردەمەدا بواری دیپلۆماسی ئێمە گەلێک دەوڵەمەند بوو، هوشیار زێباری لەوێ بوو، مام جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی یەکیەتی و هەڤاڵانی پارتی و هەڤاڵانی ئێمە لە کۆمکار و هەڤاڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشی لێبوون . ژمارەمان زیاتر لە دە کەسان بوو .

لەکاتێکدا شەهید د. شەرەفکەندی سەرقاڵی جێبەجێکردنی کارە دیپلۆماسیەکانی بوو، تیمێکی سیخوری دەزگای هەواڵگری کۆماری ئیسلامیش لەسەر چۆنیەتی کارێکی تیرۆرسیتی بە نهێنی چالاکیان دەکرد.




"حەمید نوزەری" چاودێری دۆزی تیرۆری د.شەرەفکەندی لە دادگای میکۆنۆس بۆ رووداو دەڵێ: "یەکەمین بەرپرسی ئامادەکاری تیمی تیرۆریستی ئێران "محەممەد هادی خادمی موقەددەم" بوو کە هاتە ئەڵمانیا، ئەو یەکێک لە کارناسانی تایبەت بە کوردان لە نێو وەزارەتی هەواڵگری کۆماری ئیسلامیدا بوو، یەکێک لە ئامادەکارانی تیمی تیرۆری د. قاسملوو لە ڤیەن- یش بووە. ئەو کوردان باش دەناسێ و بەشی تایبەت بە کورد و کوردستان لە ئەستۆیە. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٢ دا و سێ مانگ بەر لە رەشە کوژییەکە، سیخۆرێک بە ناوی "ئەسغەر ئەرشەد" و "عەلی کەماڵی" کە وەک پیاوی دەستی راستی "عەلی فەلاحیان" وەزیری دەزگای هەوڵگری دەناسران، هاتنە ئەڵمانیا و دەستیان بە ئامادەکاری تیرۆرەکە کرد. ئەوان لەگەڵ "کازم دارابی" کە سیخۆرێکی ئێرانی بوو و لە وڵاتی ئاڵمانیا دەژیا دەستیان تێکەڵ کرد، کازم دارابی هێندێک کەسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبولڵایی پەیا کرد، ئەو تا دە رۆژ بەر لە تیرۆرەکە ڕاوەستا و تیمەکەش لە "عەبدولرەحمان بنی هاشمی" و یەکێک بە ناوی "محەممەد" پێکهات. ئەوان تیمی تیرۆری فەرمی کۆماری ئیسلامی بوون، تیمی تیرۆری میکۆنۆس لەو کەسانە پێکدەهات، چەند کەسێکیتریش بۆ چاودێری و ئامادەکردنی ماشینی هاتوچۆ و شوێنی مانەوە لە ئەندامانی حیزبولای نیشتەجێی ئەڵمانیا هاوکاری تیمە ترۆریستییەکەیان کرد".

دوکتور شەرەفکەندی لە مێژ بوو کە بیری لە چاوپێکەوتنێکی ئوپۆزسیۆنی ئێرانی کردبووە، بە هاتنی بۆ برلین، ئەو دەرفەتە رەخسا.

پێویست بوو کە چاوپێکەوتنەکەی لەرێستۆرانی میکۆنۆس کە خاوەنەکەی ئێرانی بوو و وەک مێزی نەیارای کۆماری ئیسلامی دەناسرا، پێکهاتبا.



**"مەمۆ شاهین" لە درێژەی لێدوانەکەی دەڵێ**: "کاتێک ریستۆرانی میکونۆس دیاری کرا ،بەوجۆرە وادیاربوو کە شوێنێکی لاپەر و نهێنییە، بەڵام لە میژبوو کە ریژیم زانیاری لەسەر ئەو شوێنە دەست کەوتبوو".

**"حەمیدی نەورووزی"ش لەو بارەوە دەڵێ:** "چاودێرە سیخۆڕیەکانی رێژیم چاودێری تایبەتی میزی د. شەرەفکەندی و د. دێهکوردی بوو. پێشتر بە ڕێنوێنی "ئەبوو جەعفر" هاتبوونە بەرلین و شوێنەکەیان ئاشکرا کردبوو. شەوی چوارشەممە یانی ٢٤ کاتژمێر بەر لە تیرۆرەکە، تیمی تیرۆر لە دەوروبەری هەشتی ئێوارە هاتبوونە ئەوێ و سەردانی شوێنەکەیان کردبوو. بە واتایەکیتر هەم رۆژی بەر لە تیرۆر و هەم رۆژی تیرۆرەکە، تیمی تیررۆ بۆ ناسینی شوێنەکە، سەردانی ئەو شوێنەیان کردبوو، ئەوە یەکێک لە کارەکانی ئەوان و کۆماری ئیسلامی بوو".

**"شاهین" زیاتر لەو بارەوە ئەدوێ**: "عەلی فەلاحیان لە ٣٠ی تەباخی ١٩٩٢ پەیامێک ئەدا، لەو پەیامەداهەرەشەی

کردبوو، گوشاری زۆری خستبوونە سەر. لەو سەفەرەدا د. شەرەفکەندی لەسەر میوانداری پارتی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان لە هوتێلێک دەمایەوە، لەوێ پۆلیس پارێزگاری لێ دەکرد. کاتێک لە بەرلین بوو، من پێم گوت، کاک دوکتور سەعید! ئێمە ماڵمان هەیە، بۆوەی مەترسی لەسەرتان نەبێ، فەرموون بۆ ماڵی ئێمە، لە وڵامدا گوتی کە کێشە نییە، لەو شوێنەی کە دەمێنمەوە هەم پۆلیسی لێیە و بێ مەترسییە و هەم منیش پێویستە بچمە شوێنێک بۆ چاوپێکەوتن و یەکتر ناسینێک و ئیتر قبوولی نەکرد و نەهاتە ماڵی ئێمە شەوی ١٧ی سەپتامبەر ١٩٩٢، د. شەرەفکەندی و شاندی هاوڕێی لەدەوروبەری کاتژمێر ١٠ی شەو بەمەبەستی چاوپێکەوتن دەچنە شوێنی دیاریکراو. لەهەمان کاتیشدا بکوژەکان دەچنە هەمان شوێن. کاتژمێر ٥٠ : ٢٢ تیمی تیرۆر لەدەرکی ریستۆرانی میکۆنۆس دەچنە ژوور و "کازم دارابی" و" عەباس حوسێن رایاڵ" بە چەکەوە دەچنە هۆڵی کۆبوونەوەکە. "یوسف ئەمین" لە بەر دەرکی ریستۆرانەکە ڕادەوەستێ و "ئایەتولا ئەیاز" چەند میترێک ئەولاتر بە ماشینەکەی چاوەڕوانیان دەمێنێتەوە.



"مەهدی ئیبراهیم زادە" ئەندامێکی بەشداری کۆبوونەوەی میکۆنۆس و شاهدی زیندووی ئەو ڕووداوە بۆ رووداو دەڵێ:

"یەکەسەر من دەنگێکم بیست، قسەکە بە فارسی بوو، ئەو دەنگە جیاواز لە دەنگی ئەندامانی کۆبوونەوەکە بوو، گوتی کوری... انە، من بەودەنگە تێکچووم لەبەر ئەوەی دەنگێکی ئاسایی نەبوو، ئەو گوتەیە لە ئاستی قسەی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە نەبوو، من هەوڵمدا شوێنی دەنگەکە بزانم لە کوێوەیە، ئەوەی کە باسی دەکەم هەمووی لە نیوان سێ چرکەدا روویدا، من بینیم لە پشتی "پەرویز" و "مەسعوود" مرۆڤێکی قەبە و درێژ بە موزەلیبیەکەوە ڕاوەستاوە، دوای ئەوە شتێک بەسەرمدا داباری، ئەوە گولە بوون، لەوکاتە من زانیم کەوا بەر هێرشی تیرۆریستی کەوتووین. من خۆم خزاندە بن مێزەکە، قاپووره فیشەک وەک باران دەکەوتنە سەرزەوی، کەمێک بێدەنگی دروست بوو، دوای ئەوەش دەنگی چەند گولەیەکیتر کە بە د. شەرەفکەندیانەوە نا، هاتە گوێ، تا بە دڵنیایەوە زانیان کە کوژراون، دواتر دەنگی بەکوژەکان هات و ئیتر هەموو شتێک بێدەنگ بوو، چەند خولەکێک دواتر غیرەتم بەرخۆمنا و بانگی هەڤاڵانم کرد. نووری بەسەرمندا کەوتبوو، دەنگی لێوە نەدەهات و هەناسەیەکی ئەدا وەک ئەوەی پرخە پرخێک بکات. دوکتوریش بەسەر نووریدا کەوتبوو، هەناسەی نەئەدا، لەولاتریشەوە هومایۆن ئەردەلان و فەتاح عەبدولی کەوتبوون، ئەو ناوە وەک گۆمی خوێنی لێهاتبوو".

"سدیق بابایی" چالاکی سیاسی لەو بارەوە بەرووداو دەڵێ: "هەواڵەکەم لە تەلەفزیۆنی ئاڵمانەوە بیست، هەواڵەکە بە جۆرێک تێکەڵ راگەیاندرا (لە برلین چوارکەس بەهۆکاری سیاسی کوژران، کەسێکیتریش بە سەختی بریندار بوو، قوربانیان لە بەرپرسانی باڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن، یەک لەوان سکرتێری گشتی حیزب د. شەرەفکەندی - یە و ئەو لە ساڵی ١٩٩٥وە بەرێوەبەری حیزب بوو و بەرێوەبەری گشتی حیزب پێشتریش لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەن تیرۆر کرا بوو. شەرفکەندی شەوی پێشتر لە ماڵی ئوپۆزسیۆنی ئێرانی تیرۆر کراوە)".

شاهین دەڵێ: "دوای کۆنفرانس ئێمە خواحافیزیمان لەیەک کرد و منیش بە ماشین رێکەوتم، دەمویست بچمە کۆلن، رێگە گەلێک قەرەباڵغ بوو، چەندین کاتژمێر لە رێدا مابوومەوە، مەوداکەی ٢٠٠ کیلۆمیتر بوو و منیش دە کاتژمێر لە ریدا بووم، ئیتر من تەلەفوونم کرد چوونکە رێگا هەمووی دوو کاتژمێرە و من چەندین کاتژمێر ماومەوە و نازانم کەی دەگەم، تەلەفوونم بۆ خوشکی خۆم کرد، ئەو بۆی باس کردم کە چی روویداوە. دیسان گەرامەوە و چوومەوە بەرلین و ئیتر هەر ئەوکاتە هەواڵیان بە پاریس دابوو و هەڤاڵانی حیزبیش بەیانی زوو هاتن".

شەهید کردنی "د. شەرەفکەندی" سکرتێری گشتی حدکا و "فەتاح عەبدولی" نوێنەری ئەورووپای حیزب و "هومایۆن ئەردەلان" نوێنەری ئەڵمانیای حیزب و "د. نووری دێهکوردی" کەسایەتی سیاسی ئێرانی، لە ڕای جیهانیدا دەنگی دایەوە.

پۆلیس و دەزگای هەواڵگری ئەڵمانی کەوتنە حالەتی ئامادەباشیەوە بۆ گیرانی بەکوژانی تیرۆری میکۆنۆس.




بەرێز "هانس یواکیم ئێ ریگ" پارێزەری تیرۆری میکۆنۆس بۆ رووداو دەڵێ: "ئێمە وەکوو لایەنی پارێزەری قوربانیان لەگەڵ دۆزگەری رووداوەکە، داوامان کرد حەبسی هەتا هەتایی بەسەر بکوژانی سەرەکی ئەو رووداوەدا بسەپێ، ئەوەش لە وڵاتی ئاڵمان قورسترین سەزایە".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەرێز شاهینیش دەڵێ**: "محاکەمەکە گەلێک باش بوو، چونکوو محاکەمە ئاشکرای کرد کە ئێران دەستی لەو کارەدا هەیە، زۆر زانیاریان لە باڵویزی ئاڵمان خواست، باڵویز ئەو زانیاریانەی شاردەوە و پەی نەدان، لە کۆتاییدا زانیارییەک کە کەوتنە دەستی دادگا، وێنەیەک بوو کە لەودا وێنەی سەر و چاوی بکوژەکان کێشرابۆوە".



**بەریز سدیق بابایش لەو بارەوە دەڵێ**: "بەپرسی دادگای ئاڵمان بەتایبەت هەستی بەوەکرد کە چوونکە وەک و ەزیفەی خۆی و ەکوو ئەوەی کە دادگا لە ئاڵمان هەق و هەقووقی هەیە و دەتوانێ سەربەخۆ کاربکات ،هەستی بەوەکرد کە خەریکن لەو پەیوەندییەدا لەسەر کاری لابەرن. ئەو پیشدەستی کرد و نامەی بۆ وەزارەتەکانی ئاڵمان نووسی و داوای لە وەزیرەکان کرد، ئەوە لە مێژووی ئاڵماندا رەنگە کەمتر باسکرابێ ،یەکەم کاربوو کە قازییەک کردی لە پەیوەندی لەگەڵ پرسێکی قەزاییدا و دادگاش باش کاری کردبوو و پرسەکەش هەم گەیشتبووە نیو خەڵک و هەم گەیشتبووە نێو پەرلەمان و یەک یەکی وەزیرەکان و لە چوارچیوەی دەزگای هەواڵگری ئاڵماندا ترازابوو و لەدەستی ئەوان دەرچوو بوو ، ئێستا باسەکە بووبووە باسێکی حەسییەتی بۆ ئاڵمان و رۆژنامەکانیش داییم هەوڵی زیندوو کردنەوەی شتەکانیان ئەدا".



**بەرێز د .مێرۆ عەلیار ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو بارەوە بۆ رووداو دوا و لە قسەکانیدا گوتی**: "دیسامبری ١٩٩٢ هەتا ئۆکتۆبری ١٩٩٢ی زایینی "عەلی فەلاحیان" وەک وەزیری دەزگای هەواڵگری کۆماری ئیسلامی دوو جار سەردانی ئاڵمانی کرد و هەوڵیدا بە شێوەی جۆراوجۆر بەرگری بکا لە پێکهاتنی دادگای تیرۆریستەکان، هەروەک ئەوەی لە ئوتریش بۆی جێبەجێ بوو، دەیویست لە ئالمانیش ئەو کارە بکا".

**پارێزەری دۆسەی دادگایی کردنی تیرۆریستەکانیش لەبەشێکیتری قسەکانیدا دەڵێ:** "لە لایەن ئێرانەوە گوشارێکی زۆر لەسەر ئاڵمان هەبوو، وەزیری دەزگای هەواڵگەری ئەودەمی ئێران "عەلی فەلاحیان" بەر لەوەی دۆسەکە دەست پێبکات، بەسەردانێکی فەرمی هاتە ئاڵمان، بەرپرسی دەزگای پێشووی هەواڵگری ئاڵمان "شمیت باوەر" هەوڵیدا تاکوو ئەو دۆسەیە هەڵ بەوەشێنێتەوە. حکوومەتی ئاڵمان - یش لەبەر خۆیەوە خواستی نەبوو تا ئێران وەک رێکخەری سەرەکی ئەو تیرۆرە پیشان بدات. بۆیە دەوڵەتی ئاڵمان هەوڵدانێکی تایبەت یا وەئەستۆ گرتنی ئەو دەۆسەیەی نەدا".

**د. میرۆ عەلیاریش دەڵێ:** "راست ئەو شانتاژ و ئەو هەرەشانەی لە جەرەیانی تیۆری د. قاسملوو لە دەوڵەتی ئوتریشی دەکرد، ئەو هەرەشانەشی لە دەوڵەتی ئاڵمان کرد. بەڵام هەر ئەوە نەبوو، لە نێو خودی دەوڵەتی ئەو کاتی ئاڵمانیش کەسانێک هەبوون وەک "کلاوس کینکر" کە داهێنەری دیالۆگی رەخنە گرانەش بوو لەگەڵ ئێران، ئەوان هەوڵیاندا کە بەراستی پێش بە پێکهاتنی دادگایەکە بگرن، بەڵام سەرنەکەوتن".

**لە پەیوەندی بە پێکهێنانی دۆسەکە "حەمید نەوزەری" چاودێری داداگاییەکەش دەڵێ:** "حکوومەتی ئاڵمان زۆر جار راستەوخۆ و زۆرجاریش ناراستەوخۆ هەوڵی گوشار خستنەسەر دۆزگەری دا تا رۆڵی ئێران و تیرۆری دەوڵەتی زیاتر نەکەوێتە رۆژرڤەوە، بەڵام سەردۆزگەری و دادگای ئاڵمان پاشەکشەیان نەکرد. ئەوان گوتیان کە ئەو تیرۆرە لە لایەن بەکوژەکانەوە بە تەنیا ئەنجام نەدراوە و لە راستیدا لە پست ئەو تیرۆرەوە دەستێکی شاراوە هەیە و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان بکوژەکان و قوربانیاندا نییە ، ئەوان لەسەر داخوازی ئێران هەر چوار کەسیان شەهید کردووە".

**بەرێز عەلیار دیسانەوە درێژەی پێ ئەدا و دەڵێ:** "لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا، دادگای ئاڵمان لە(١٧٠) شاهید لێکۆڵینەوە و پرسیاری کرد ، ١٧٠کەس یەکجار زۆرە کە تۆ بێنێ و شاهیدی بدەن لە ئاڵمان و لە دادگا و ئەوانە هەر ئەوە نەبوو کە پێتوابێ کەسانی سەر بە ئوپۆزسیۆنی رێژیم بن، بەڵکوو بەشێک لەوانە لایەنگری کۆماری ئیسلامی بوون و بەشێک لەوانەش بێ لایەن بوون، بەڵام ئاگایان لە مەسەلەکە هەبوو".

**بەرێز سدیق باباییش دەڵێ:** "ئاڵمان دیسان هەر ترسی هەبوو، ترسی ئەوەی هەبوو کە پەیوەندی لەگەڵ ئێران چی لێ دێتەوە ؟ ئایا ئێران ، ئاڵمان سەرکۆنە دەکات بۆ ئەو رووداوە و بەتایبەت لە رێگای ئابووریەوە"؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کاک دوکتور میرۆ عەلیار دەڵێ**: "رۆڵی میدیا و راگەیاندنەکانی ئاڵمان زۆر کاریگەر بوو، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا نەیانهێشت ئەو رووداوە لە بیر و هەست و شعووری مرۆڤی ئاڵمانیدا، لە کۆمەڵگا و بیر و ڕای گشتی ئاڵمان بسرێتەوە و وایکرد کە تا ئەو لایەنانەی پێیان خۆش بوو ئێران مەحکووم نەکرێ و پێیان خۆش بوو بازرگانی لەگەڵ ئێران بەردەوام بێ، پێیان خۆش بوو پەیوەندی ئابووری بۆ نموونە کۆمپانی و شیرکەتە گەورەکان، ئەوانە هیچ پێیان خۆش نەبوو دادگای میکۆنۆس سەرکەوتوو بێ، بەڵام راگەیاندن وایکرد کە ئەوانە هیچ هێزی سەرهەڵدانیان نەمێنێ."

لە ئاکامی دانیشتنەکانی دادگا لە بەرلین کە چەندین ساڵی تێپەرکرد، سەزای بەند کردنی هەتا هەتایی بەسەر "کازم دارابی" و "عەباس حوسێن رایاڵ" دا سپا. ١١ ساڵ زیندانی بۆ "یوسف ئەمین" و ٥ ساڵ و ٣ مانگیش بۆ "محەممەد ئیدریس" برایەوە.

**بەرێز "مەمۆ شاهین" یش لەسەر ئاکامی دادگاکە گوتی**: "بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئاڵماندا، دەوڵەتی ئاڵمان لەسەر بریاری دادگا گوتی کە کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی تیرۆریستە و ئاکامی دادگا ئاشکرا بوو، بە پێی ئەو بریارە ئەمری گرتنی "عەلی فەلاحیان" وەزیری دەزگای هەواڵگری ئێرانیش درایە پۆلیسی "ئینتر پوول" و ئەویش ناتوانێ لە ئێران بچێتە دەرەوە و ئەو دۆسەیە تا ئێستاش بەردەوامە".

**بەرێز "هانس یواکیم" پارێزەری قوربانیانی تیرۆری میکۆنۆس لەپەیوەندی بە ئاکامی دادگای بێرلینەوە دەڵێ**: "لە لایەن دەزگای باڵای دادی ئاڵمان بریاری دەستگیر کردنی عەلی فەلاحیان دەرچوو، بە بڕوای من ئەو یەکێکە لەوانە کە دەرباز بووە، پۆلیسی ئینتر پوول بە شوێن فەلاحیانەوەیە، لەبەر ئەوە هەتا ئەوکاتەی ناوبراو پێ نەخاتە نیو ئاڵمان، زەحمەتە کە دەستگیر بکرێ".

سەرجەم دانیشتنەکانی میکۆنۆس کە چوار ساڵ درێژەی کێشا، بەو جۆرە بەرێوە چوون. لە ئاکامدا و بۆ یەکەمیجار دادگایەکی وڵاتێکی ئەورووپایی، رێژیمێکی داگیرکەری کوردستانی وەک تیرۆریست دەناسێنێ و سەزای قورس بەسەر بکوژەکاندا دەسەپێنێ و لە لایەکیترەوە بریاری گیرانی بەرپرسێکی باڵای کۆماری ئیسلامیش دەرئەکا.


زۆر کەس هێشتا لە زیندان نەبوون کە دادگا بریاری بەسەردا سپاندن و هەروەها بریاری دادگا بووە هۆی پێکهێنانی یەکریزی نێونەتەوەیی و زۆر لە وڵاتانی یەکیەتی ئەورووپاش، باڵوێزخانەکانی خۆیان لە تاران کێشایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆژی ئاشکرا کردنی بریاری دادگا، سەد هەزار کەس لە تاران و لەبەردەم باڵوێزخانەی ئاڵمان خۆپیشاندانیان کرد، "هلمت کۆڵ" سەرۆک وەزیری ئەو دەمی ئاڵمان بە ناچاری و لەرێگەی میدیاوە، پەیامی ئاشتی بۆ کۆماری ئیسلامی نارد.

**بەرێز شاهین لەسەر تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەڵمان بۆ رووداو دەڵێ:** "لە سەرەتای ئاشکرابوونی بریاری دادگا، پەیوەندی هەردوو لا لە کزیدا بوو، ئێران وڵامێکی توندی بە ئاڵمان دایەوە و ئەوەش برێک کاریگەری لە سەر ئاڵمانیش دانا و ئەو ناکۆکییە چەند ساڵ درێژەی کێشا".



**لەگەڵ ئەوەی کە بکوژەکان سەزای زیندانی هەتا هەتاییان بۆ برایەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧ ئازاد کران.**

**"هانس" لە سەر ئازاد کردنی بکوژەکان دەڵێ:** "هەردوو کەس حەبسی دائیمیان بۆ برایەوە، دوای ١٥ ساڵ و سێ مانگ ئازاد کران و لە ئاڵمان کرانە دەرەوە. لە وڵاتی ئاڵمان هەرگیز کەسێک بۆ هەتا هەتایە لە بەندیخانە نامێنێتەوە، هەر لەبەر ئەو هۆکارە و حەبسی دائیم بۆ ٢٤ ساڵان دیاری کراوە. بە پێی یاسا و دوای ئەوەی کە تاوانبار دوو لەسەر سێی حوکمەکەی لە وڵاتی ئاڵمان بەسەر دەبات، دواتر دەتوانێ بۆ وڵاتەکەی خۆی بنێردرێتەوە. ئەم جارە و لەوانەیە هەردوو کەس لەبەرانبەر بە ئازادکردنی کەسێکی ئاڵمانی کە بە نایاسایی لە ئێران گیرابوو و حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سپابوو، ئازاد کران".

**رەشە کوژی لە دژی د. شەرەفکەندی و هاورێکانی لە دیرۆکی کوردستاندا یەکەم جار نییە کە روویداوە و لەوبارەوە بەرێز شاهین دەڵێ:** " بەداخەوە ئێمە دەرسمان لەو رووداوانە وەر نەگرتووە، کاتێک کە چاوپێکەوتن و دانیشتنەکان دەبەن، دیسان باوەر دەکەم کە ئێمە هێندێک شت بە ئاسایی دەگرین و لە هات و چۆکان و موزاکەرەکاندا و باوەرم وایە کە ئەوە بێ کاریگەری نامێنێ".

**بەشی سێیەم**

**کاک سدیق بابایش لەو بارەوە دەڵێ:** "لە بێستوون بەر لە دووهەزار و حەوسەد ساڵ یان فارسەکان دەڵێن ٢٥٠٠ ساڵ کە هەخامنشییەکان حکوومەتیان دەکرد، ئەودەم فەرمانداری هەوڵێر "چیتران تۆم" یان گرت و کوشتیان و پەیکەرەکەی ئێستا لە بێستوون لە بن پێی داریوشدا دەناڵێنێ، ئەوە ئەمنی هێنایەوە بیری ئەوە کە بێرلین و لەو نێوانەدا دەیان بێرلینیتر، دەیان ڤیەنیتر خوڵقاون. ئەوە درامای ژیانی کوردە، کوردێک کە داوای هەقی خۆی دەکا و هەڵوێست و بەرەنگاری حاکمانی ئێران بووە لە ماوەی مێژوودا بەرانبەر بە هەقخوازی کورد".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---

## هەناسێک لە تەرەغە بەرۆ پێرلاشێز.!



**شاهۆ ئیبراهیمی**

**یان سەردەکەوین یان ئەو ئیفتخارەمان بە نەسیب دەبێت کە لە ئامێزی شەهیدەکانماندا بە سەر فەرازی سەر بنێنەوە ***

**شەهید کاک دوکتور سەعید شەرفکەندی**

کاتێک ئاورێک لە مێژووی رزگاریخوازی گەلانی زوڵم لێکراو دەدەینەوە دەبینین زۆرێک لەو گەلانە باشترین رۆڵەکانی خۆیانیان فیدای سەربەستی و ئازادی نێشتمانەکەیان کردووە، گەلی کوردیش کە لە مێژساڵە هەوڵی رەزگار بوونی لە ژێر چەپۆکی داگیرکەرانی خاکەکەی داوە قوربانییەکی زۆری فیدای بارگای ئازادی کردووە.

کاتێک مروڤێکی شورشگێر حازر دەبێت کە دەست لە هەموو خۆشیەکانی ژیان خۆی بهێنێت و بۆ گەیشتن بە ئازادی باشترین سەرمایەی خۆی کە هەمان ژیانیەتی فیدای رەزگاری بکات شایانی رێزگرتن و ئیحترامە و، دەبێت بۆ هەر کام لەم مرۆڤە شورشگێرانە پەیکەرێک بە گەورەیی بیر و باوەڕەکانیان لە مۆزەخانەی شورش دروست بکرێت با نەوە کانی دوای ئەوان دەرسی عیشق و ئازادی و خۆنەویستن لە شەهیدەکانمان فێر بن.

یەکێک لە رێبەرانی بزووتنەوەی رەزگاریخوازی کورد شەهید کاک دوکتور سادق شەرەفکەندیە کە لە ماوەی ژیان و خەباتیدا زۆر قوتابی دوای خوی پێگەیاند کە هەتا هەتایە میلەتی کورد شانازی بە کەسێکی وەک کاک دوکتور سادق دەکات.

## ژیانی کاک سادق شەرفکەندی

لە رۆژی ٢١ بەفرانباری ١٣١٦ هەتاوی بەرانبەر بە ١١ی ژانوویەی ١٩٣٨ی زایینی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەردا و لە گوندی تەرەغەی بۆکان مەنداڵێکی چاو گەش دەێتە دونیا کە ناوی لێ دەنێن سادق، کاک سادق پۆلی یەکەم و دووی سەرەتای لە شاری بۆکان و دوای ئەوە کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرساونەوە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە و ساڵی ئاخری دەبیرستانی لە تەورێز تەواو کرد، لە سالی ١٣٣٨ هەتاوی لە دانشسرای عالی تاران لیسانسی شیمی وەرگرت و هەر لەو ساڵە دا بوو بە مامۆستای دەرسی شیمی هەتا سالی ١٣٤٤ هەتاوی لە شارەکانی ورمێ، مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتی خەریک بوو، دەستگای سیخوری رژیمی پاشایەتی "ساواک" ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ رەوا نەدیو و کاک سادق یان بۆ ئەراک و کەرەج و چەن شاری دیکە دوور خستەوە، لە سالی ١٣٤٩ هەتاوی کاک سادق بۆ زانستگای "تەربیەت موعلم" نەقڵ کرا و وەک ئەسیستانی بەشی شیمی کاری پێ سپێدرا.

سادق شەرفکەندی سالی ١٣٥١ هەتاوی بە کەڵک وەرگرتن لە بوورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسە و پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانی دوکتورا لە بەشی شیمی تجزیە لە زانستگای ژمارە شەشی پاریس وەربگرێت و ساڵی ١٣٥٥ هەتاوی گەرایەوە بۆ تاران و وەک ئۆستادیاری شیمی لە زانستگای تەربیت موعلم دەرێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا.

## دەستپێکی خەباتی سیاسی کاک دوکتور سادق شەرفکەندی

دوکتور سادق شەرفکەندی سالی ١٣٥٢ی هەتاوی کاتێک لە پاریس دەورەی دوکتورای دەدیت لە رێگای شەهید کاک دوکتۆر قاسملوو لە گەڵ بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا دەبێت و داوای ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکرات دەکات و دوای گەڕانەوەی کاک دوکتۆر سادق بۆ ئێران بوو بە رابێتی نێوان دوکتور قاسملوو و ئەندامانی کۆنی حیزب لە تاران و لەو پێوەندییە دا زەحمەتێکی زۆری کێشا و زۆر جاریش گیانی خۆی خستە مەترسییەوە، دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی ودوای دس پێکردنەوەی تێکۆشانی حێزب، سالی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو بە مۆشاویری کۆمیتەی ناوەندی و لە رەشەممەی سالی ١٣٥٨ی هەتاوی و لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسایەتی کۆمیتەی حێزبی دێمۆکراتی لە شاری تاران پێ سپێدرا.

لە سەرەتای هاوینی سالی ١٣٥٩ی هەتاوی لە لایەن رێبەرایەتی حێزبەوە بۆ کاری تەواو وەقەت بانگ کرایەوە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان و لە پلۆنۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە هەمان ساڵدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب هەڵبژێردرا.

دوکتۆر سادق شەرفکەندی لە کۆنگرەکانی پێنج، شەش، حەوت، هەشت و نۆهەم وەک ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە هەڵبژێردرا. لە سالی ١٣٦٥ هەتاوی تا کاتی شەهید بوونی ڕێبەری مەزن شەهید دۆکتۆر قاسملوو وەک جێگری سکرتێری گشتی ئەرکەکانی حیزبی بەڕێوە دەبرد و دوای پلۆنۆمی دوای شەهید بوونی کاک دوکتور قاسملوو بە تێکرای دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزب کە بە کۆنگرەی قاسملوو ناودێر کرا بووبە سکرتیری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا وهەتا کاتی شەهید بوونی لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی ١٧ی سێپتامبریی ١٩٩٢ی زایینی سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی لە ئەستۆ بوو. کاک دوکتۆر سادق کە لە ناو حێزب دا بە دوکتۆر سەعید بە ناو بانگ بوو لەو ماوەی کە لە بەرێوەبەری حێزب دا بوو تا کاتی شەهید بوونی هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕێبەرایەتی حێزب و جووڵانەوەی گەلەکەما ندا هەبوو کە لێرە دا دەتوانم ئیشارە بە ئەوە بکەم کە دوای ئەوە کە کاک دوکتۆر قاسملوو شەهید کرا هەموو کەس بە دۆست و دوژمن پێان وا بوو کە حێزب بەرگەی ئەو کارەساتە گەورە ناگرێت و حێزب لە بەریەک هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام دوکتور سەعید بە پیامێکی زۆر کورت و واتا دار کە تەنها یەک ڕەستەش بوو بە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە کە لە ناوچەکانی کوردستاندا بوون ڕاێگەیاند کە دوکتۆر قاسملوو شەهید بووە، بەڵام حێزبی دێمۆکرات زیندووە. بەو پەیامە ورە و هەستانەوەی بە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی هێزی پێشمەرگە درا کە من پێم وایە لە شەرایەتێکی وەها سەخت و دوژواردا ئەو پەیامە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو کە بێجگە لەوی کە تا رادەیەک کاریگەری لە دەست دانی کاک دوکتۆر قاسملووی لە ناو ڕیزەکانی حێزبدا کەم کردەوە و دڵی دۆستانی و لایرنگرانی حێزبی خوش کرد کە خەباتی حێزبی دێمۆکرات بە دوای شەهید کرانی کاک دوکتور قاسملوو وبە بێ بوون فێزێکی شەهید کاک دوکتۆریش بەردەوام دەبێت و بۆ دۆژمنانی حێزبیش دەرکەوت کە بە شەهید کرانی کاک دوکتۆر قاسملوو قوتابیانی ڕێبازی دێمۆکرات کاروانی خەبات بەرەو پێش دەبەن، کە بە حەق دەتوانین بڵێین کە لە دەورانی ڕێبەرایەتی دوکتۆر سەعید دا حێزبی دێمۆکرات لە هەموو بەشەکانی وەکوو هێزی پێشمەرگە، راگەیاندن، تەشکیلات و پێوەندییەکان دا نە تەنها لاواز نەبوو بەڵکو هەوڵ و مۆدیرییەتی دوکتۆر سەعید وای کردبوو کە لە ئەو شەرایەتە دوژوارە دا حێزب سەربەخۆیی خوی لە هەموو بوارەکان دا بپارێزێت و بەرۆ پێش بەروات.

## تایبەتمەندییەکانی دوکتور سەعید

دوکتور سەعید لە بنەماڵەیک لە دایک بوو کە جێگای شانازی گەلی کوردن کە دەتوانین ئیشارە بە مامۆستا هەژار



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

شەرەفکەندی برای کاک دوکتور سەعید بکەین کە خزمەتێکی بەرچاوی بە ئەدبیاتی کوردی کرد.

کاک دوکتور سەعید هەر لەو کاتەوە کە هاتە ناو ریزەکانی حێزبی دێمۆکراتەوە یەکێک لەو کەسانە بوو کە سیاستی واقع بینانەی بەرو پێش دەبرد و هەروەها هەوڵی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی حێزبی دێمۆکرات لە بەریاردان دا لەهەموو شتێک لە لایەوە گەرێنگ تر بوو ، دوکتور سەعید باوەری بەرزی بە ئەوە بوو کە دەبێت ئەندامی حێزب کە لە هەر پلە تەشکیلاتیێک دا بێت دەبێ ئۆسوول و پرەنسیبەکانی کە لە ناو حێزب دا هەیە بیان پارێزیت و هەروەها کادر و ئەندامی حێزبی رێنوێنی دەکرد کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی میلەتەکەی کورد لە سەرەوەی هەموو شتێک بێت کە بۆ نموونە دەتوانم ئیشارە بە وەتەیەکی دوکتور سەعید بکەم کە لە کۆبوونەویەک لە گەڵ کادرەکان دا باسی لێوە دەکات:

- هەر کۆمەڵە خەڵکێک تایبەتمەندی خۆیان هەیە، وڵاتێکی خۆیان هەیە،فەرهەنگی خۆیان هەیە... کوردیش وەک هەموو میلەتاکانی دونیا حەقی خۆیە کە شانازی بکات بە فەرهەنگ و دابوونەریت و خاکی خۆی و کەسێش ناتوانێت ئەوەی لێ مەنع بکات....

- هەروەها کاک دوکتور سەعید، نەقشی گرینگی تەشکیلات لە حێزب و بزوتنەوە دا زۆر بە باشی هەستی پێ کرد بوو بەڵام هەرگیز تەشکیلاتی لە جیاتی خەڵک دانەدەنا و لە دەمارگرژی و سووکایەتی بە دوور بوو چون کاک دوکتور سەعید خودی حێزب و تەشکیلاتی بۆ رێبەرایەتی گەل دەوێست. یەکیکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانە دوکتور سەعید ئەوە بوو کە زۆر بایەخی بە ژنان و لاوان دەدا و هەمیشە رێنوێنی و تەشویقیانی دەکرد کە لە بواری کوردایەتیەوە ئەوەی کە پێیان دەکرێت ئەنجامی بدەن کە دەتوانم ئاماژە بە وتەیکی کاک دوکتۆر سەعید بکەم کە دەڵێت:

- با لاوانی کورد، کور و کچ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێر دەستیدا و بە سەر شۆری و شەرمەزارییەوە چەندە بێ قەدر و قیمەتە و لە بەرامبەردا هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵرفێن.

- کاک دوکتور سەعید باوەری بە دۆزینەوەی رێگاکانی خەبات بە دژی زۆرداری و سەرەرۆیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەبوو و هەموو کاتێک دیگۆت:

- مەیدانێکی پانو بەرین بۆ خەبات لە بەردەست دایە، ئەنواعی رێگا بۆ هاتنە نێو ئەو مەیدانە و بەشداری لە خەباتدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پێشە، گرینگ ئەوەیە کە هەستی نیشتمانپەروەری و شۆرشگێرپمان هەبێ و لەگەڵ خۆمان و گەلە ژێردەستەکەمان پەیمانی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و رزگاری ببەستین. ئەگینا چ زۆرە؟ رێگایە

- بە گشتی دەتوانین بڵێم کە کاک دوکتۆر سەعید ، شۆرشگێرێکی بە تەواو مانا و دێمۆکراتێکی واقع بین بوو، و ئەو پرەنسیبانەی کە لە مێژ بوو لە ناو حیزبدا بە هۆی شەهیدی هەرگێز نەمرمان کاک دوکتور قاسملوو کاری لە سەر دەکرا بە تایبەتی * ئەخلاق لە سیاسەت دا * درێژەی پێ دەدا و لە سەری سوور بوو.

## کارەساتی ٢٦ی خەرمانان ١٣٧١ هەتاوی

هەروەها کە پێشتر ئاماژەم پێ دا حیزب هەوڵی دەدا کە لە سەرجەم بوارەکاندا کێشەی کورد بە سازمان و رێکخراوەکانی جیهانی بگەیێنیت هەر بۆیە کاک دوکتور سەعید و وەفدێک لە رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات لە ئالمان بەشداری لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئینتێرناسیونالی سوسیالیست دەکەن و لەم کۆبوونەوەیە دا چاوەیان بە زۆر کەسایەتی و نوێنەرانی وڵاتەکان دەکەوێت کە سکرتێری گشتی حیزب و هاوریانی سەبارەت بە مەسلەی گەلەی کورد و بەرنامەکانی حیزب لە گەڵیاندا قسە و باس دەکەن، دوای کۆتایی پێ هاتنی کۆبوونەوەی ئینتێرناسیونالی سوسیالیست کاک دوکتۆر سەعید بۆ ئەوە کە بەتوانیت ئەحزاب ورێکخراوەکانی ئێرانی لە دەوری بەرنامەیک کۆ بکاتەوە لە گەڵیان دا لە ریستوورانێک بە ناو میکۆنوس لە بێرلێنی ئاڵماندا کۆدەبیتەوە کە بە داخەوە تیمی تێرۆری کۆماری ئیسلامی بە بەرنامەیەکی لە پێش دارێژراو توانیان کە کاک دوکتۆر سەعید لە گەڵ هاورێانی کاک هۆمایون ئەردەلان و کاک فتاح عەبدولی و کاک نووری دێهکۆردی شەهید بکەن و تاوانێکی دیکە لە سەر فایلی رەشی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبت بکرێت.

بە شەهید کرانی دوکتور سەعید و هاورێیانی دیسان زەبرێکی دیکە لە پەیکەری ئازادیخوازی و بزووتنەوەی کورد دەرا، چارەنووسی حیزبی دێمۆکراتیش لەو سەردەمە بە تەواوەتی ئاڵوگۆری بە سەر دا هات و لە شەرایەتێکی زۆر دوژوار دا خەباتی خۆی دەرێژە پێ دا و بە دڵنیاییەوە ئەگەر هەر هێزیکی دیکە لە جێگا و مۆقعیەتی حیزبی دێمۆکرات دەبوو کە کەمتر لە سێ سال دوو رێبەری لی تێرور کرا بایت چارەنووسی لە دوای ئەو هەموو کارەساتە کە بە سەری حیزبی دێمۆکرات دا هاتە بوو ئەگەر خرابتر نەبوایت باشتر نەدەبوو.

کۆماری ئیسلامی ئێران وای دانابوو کە ئەگەر رێبەرکانی بزوتنەوەیک تێرور بکات دەتوانیت ئەو جولانەویە لاوازو یان لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

ناو بەبات کە تا رادەێک توانی لەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو بێت و نەتیجەی نیگەتیڤی لە سەر تێکۆشانی ئەحزابی دەژبەری خوی دا بنی، بەڵام خاڵی بەهێزی حێزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەوە بوو کە یەکمیان بە گروپ کار کردنی رێبەرایەتی و بدەنە و هەروەها بەرنامە و پرۆگرامی دروستی حیزب و دووهەم ریشە دار بوونی و خۆشەویستی حێزبی دێمۆکراتی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان دا بوو بە هۆی ئەوە کە هەر چەندە ماوەیەک لاواز بێت، بەڵام هێزی خۆی دیسان بە دەس بهێنێتەوە و بە هاتنی لاوانی خوێن گەرم بۆ ناو ریزەکانی حێزب لە پەنای کۆمەڵێک مروڤی تێکوشەر و دڵسۆز و باتجروبە دیسان حێزب بگەشیتەوە و هەتاکوو هەنووکەش دەس لە خەبات و تێکوشان بەرنەدات و ئاڵای خەبات هەر وا شەکاوە هەڵبگرێت.

بۆ ئەوەی کە خەباتەکەمان بە ئامانجی خوی کە هەمان ئازادی و سەربەستیە بگات وسەرکەوێن دەبێت هێزێکی یەکگرتوومان لە بەرانبەر داگیرکەرانی کوردستان هەبێت ، هیوادارم کە بە پشت بەستن بە هێزی گەڵ رۆژێک بێت کە حێزبی دێمۆکرات و هەموو رێکخراوەکانی دیکەی کوردستان بتوانن موژدەی هەڵاتنی خۆری ئازادی بۆ دایکی نیشتمان ببەنەوە.

سڵاو لە شەهیدانی کوردستان کە ناسنامەی نەتەوەی کوردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلیوە - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تایبەتمەندییەکانی کاک دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی

### کاریگەری ئەو تایبەتمەندیانە لە سەر بەهێز کردنی هێژموونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی و جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردبە گشتی.



**ئەبوبەکر قەدیکورد**

لە هەر شۆرش و ئاڵ و گۆڕێکی بنەرەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیدا خەبات بۆ ئازادی و دابین کردنی مافەکانی ئینسانی و نیشتمانی لە هەر وڵاتێک دا کە دەستی پێکراوە، بێگوومان کەسانی بە توانا و لێهاتوو شانیان داوەتە بەر و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل و نیشتمان جێ پەنجەیان دیارە. لە ناو جوڵانەوەی رەوا و حەقخوازانەی گەلی کوردیش دا کەسانی ئازا و هەڵکەوتوو وزانا کە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناو وەدیهێنانی ماف و ئامانجەکانی گەل و جێگیر کردنی بنەماکانی ئازادی و دادپەروەری و کۆمەڵایەتی بێ پسانەوە تێکۆشاون و خەباتیان کردوە و تەنانەت لەو رێگا پیرۆزە دا گیانی خۆشیان سەر بەرزانە بەخت کردوە. رێبەر و کەسایەتی هەڵکەوتوو و دیاری ناو جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، کە هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەرز و بەرچاو ی سیاسی، کۆمەلایەتی ونیشتمانی، ئەخلاقی، ئینسانی و زانست وزانیاری... هتد بوو کاک دوکتور سادقی شەرفکەندی ناسراو بە د. سەعیدە کە ئەو کەسایەتیانە زۆر کەمن و لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەگمەنن. لێردا بە کورتی ئیشارە بە هەندێک لەو توانا و تایبەتمەندیانە و کاریگەریان لە سەر جوڵانەوەی بەگشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی هەیبوە دەکەین. کاک د. سەعید کە خوێندنی تا پلەی دوکتورای لە نێوخۆ و دەرەوەی ولات تەواو کرد بوو لە بواری زانیاری و زانستەوە تا رادەیەکی باش توانا و شارەزایی هەبوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە تێکۆشا بە نووسین و بە زمان بە شێوەیەکی باش لە سەر ئەرک و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافەکـــان بەر چـــاورووونی و وشـــیاری بەکـــادر و پێشـــمەگەکانی حیزبـــی دێمـــوکرات و کـــۆمەلانی خەلـــک بگەیەنـــێ و تەنانەت پاڵپشتی فکری و زانیاریشی دەکردن.

کاک د. سەعید یەکێک لە بژاردەکانی ناو حیزبی دێموکرات بوو کە رۆڵێکی زۆری لە دەولەمەند کردنی ئەدبیاتی سیاسی و ئەخلاق لە سیاسەتدا و تیئۆریزە کردنی سیاسەتەکانی حیزب و بەرگریکردن و چەسپاندنی ئوسوول و پرینسیپەکان دەکرد و لە گەل هەموو کادر و پێشمەرگە و بەرپرسانی حیزب و دەوروبەری راستگۆ و شفاف بوو. ئەو پێیوابوو سیاست دەبێ ئەخلاقی لە گەل بێت، دەنا دەسەلات بەرەو دیکتاتۆری دەبات. هەر ئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی بوو کە سەخت دیفاعی لە مافی چارەنووسی گەلی کورد و دەسەلاتی نیشتمانی و گەلی دەکرد. هەر بەو جۆرەش لە دەرەوەی تەشکیلاتی حیزبیش دا باوەری وابوو، دەبێ سیستمی سیاسی و حکومەتی پلۆرالیزمی بێت ، دەنا سەختە دێموکراسی جێبکەوێت و دادپەروەری لە کۆمەڵگا دا رۆڵی هەبێت.

کاک د. سەعید کەسایەتێکی زۆر باوەر بە خۆ، رازی بە ژیانی پێشمەرگایەتی و لە هەر بارو دۆخێکدا سەربەخۆ و قورس و قایم لە سەر پێی خۆی رادەوەستا. هیچ کات مادیات و مەسئولییەتی بەلاوە گرینگ نەبوو بەر دەوام کاری دەکرد و قەناعەتی زۆر بوو. سادە وساکار دەژیا و دژی خۆپەرەستی، گەندەلی، تەنبەلی و تەشریفاتی بێ جێ بوو. ئەو باوەرێکی قووڵی بە ئامانجەکانی حیزب و گەلی کورد هەبوو، بۆیەش هیچ دژواری و سەختێکی ژیان و بارودۆخ، ئەویان لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بۆ سەر کەوتنی جولانەوە وگەیشتن بە ئامانجەکان هەنگاوی پێ شلنەدەکرد، بەلکوو رۆژبە رۆژ دڵ گەرمتر و سوورتر و بە هیوای زیاترەوە وبە ئەزموون وتوانای زۆرتر ورەبەخشانە خەباتی دەکرد. کاک د. سەعید خاوەنی راو بۆچوونێکی بەهیز وتایبەت بوو، لە سەر بریارەکان و بریاردان، لە رادەربرین لە سەر هەر پرۆژەو بابەتێک زۆر جیدی و شارەزا و لێهاتوو بوو. بە لێک دانەوەی دروست و شیکاری جوان هەڵوێستەی لەسەر دەکردن و بە بەڵگە وفاکت و وێنە هێنانەوە رۆڵی سەرەکی دەگێرا. کاک د.سەعید سەرکردەیەکی شۆرشگێر، هەڵسوور، چالاک و ماندوویی نەناس بوو، بەردوام کاری دەکرد وبەشی هەرە زۆری کاتەکانی بۆ نووسین، پێراگەیشتن بە کار و بەجێ گەیاندنی بریارەکان و هەماهەنگی ،ئاگاداری وەزعی ئۆرگانەکانی حیزب و خوێندنەوە تەرخان کردبوو، کاتی بە فیرۆ نەدەدا. کەسایەتێکی بیر تیژ، دەقیق و وردبین بوو. بۆ هەر پرۆژە و تاکتیک و شتە گرینگ و ستراتیژیەکان و کاری رۆژانەی حیزب و جولانەوە و لە تێروانینی دوور و نیزیک دا بە شێوەیەکی دروست وزانایانە روانگە و بۆچوونی خۆی دەر دەبری کە لەو بوارەشدا لە سەفی هەرە پێشەوە بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

کاک د. سەعید رێبەرێکی ناوگۆرەپانی خەبات وجوڵانەوەی گەلی کورد بوو کە لە رادەبەدەر عاشقی گەل و گەل دۆست بە مانای واقعی وشە بوو. بە تەواوی رێزی لە کەسایەتی و مافەکانی ئینسانی بە تاک و بەکۆمەڵ دەگرت و باوەرێکی قوولی بە پرینسیپ و بنەما سەرەکیییەکانی مافی ئینسانی هەبوو و نرخی بۆدادەنان وبۆ چەسپاندن و جێگێرکردنیان خەباتی بۆ دەکردن. لە سەر شێوە و چۆنیەتی هەڵس و کەوتی کادر و پێشمەرگە لە گەل خەلک دایم پرسیاری دەکرد. ئەو دەیکوت: "نابێ بێ حورمەتی بە کەسایەتی خەلک بکرێ، لە بەر ئەوە لە خۆشەویستی حیزب و پێشمەرگە لە ناو خەڵکدا کەم دەبێتەوە. لە لایەکی دیکە ئەگەر رێز لە کەسایەتی و مافی خەڵک نەگیردرێ، ئەوە ئوسوول و پرینسیپی حیزبی و ئینسانی پێشێل کراوە. خەباتی ئێمە خەبات بۆ ئازادیە، خەبات بۆیەکسانی وئازادی ماف و حوقوقی ئینسانیە."

کاک د. سەعید لە ئیدارە کردنی ئۆرگانەکانی حیزبی و هەماهەنگی و دانی رێنوێنی و لێپرسینەوە، کۆنترۆڵ و مودیریەتدا زۆر شارەزا و بەهێز و چالاک بوو. ئەو هەر چەند لە یەک یا دووئۆرگانی حیزبی دا بەرپرسایەتی راستەوخۆی لەسەر شان بوو، بەڵام لە هەمان کات دا لە پەنا ئەو ئەرکانەی دا ئاگایی لە ئۆرگانەکان و بەشەکانی دیکەی حیزب هەبوو و لێیان غافل نەبوو. مەسئولانە و دڵسۆزانە هەرگیروگرفت یا پێویستیەکیان لازم بوایە بۆی جێ بە جێ دەکردن. ئەو لە گەل ئەوەی لێو بە بزە و زار بە پێکەنین بوو لە کار و مودیریەت دا زۆر جیدی وکات ناس و قاتع بوو. رۆل و نەخشی کاک د. سەعید لە فەعال و ئاکتیو بوونی ئۆرگانەکان و کارو پرۆژە و پێوەندیەکانی حیزب دیار و بەرچاو بوو.

کاک د.سەعید کەسایەتێکی فەرهەنگی و مامۆستایەکی شارەزا و پسپۆر بوو. کە لە سەرەتای هاتنەوەی بۆ کوردستان و بەشداری راستە و خۆی لە جوڵانەوەدا لە بواری نووسینەوە بۆ زانیاری زیاتری تەشکیلاتی حیزب و کۆمەلانی هەراوی کوردستان بە دوو زمانی کوردی وفارسی دەستی بە نووسین کرد و تواناکانی خۆی خستە گەڕ. یەکەم بەرهەمی لە سالی ١٣٥٩ی هەتاوی دا بە ناوی "کورتە مێژووی جوڵانەوەکانی کورد لە سەدەی نوزدەوە تا کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی" نووسی کە هەر لە سەرەتای دەورەکان وکلاسە سیاسیەکاندا وەک دەرسی مێژوو لە دەورەکاندا دەکوترایەوە. کاک سەعید لە نووسیندا توانایەکی باشی هەبوو، کە لە دوو دەزگایی راگەیاندنی حیزب دێموکراتدا واتا رادیۆ دەنگی کوردستان و رۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوەکانی حیزب دا رۆلێکی گرینگ و بەر چاوی هەبوو. زۆر وەستایانە نوسراوەکانی بە پێی هەل و مەرجی جوڵانەوە و گونجاو لە گەل سەردەم بە ئارەسەتەیەکی باش دەنووسی، کە ئەرشێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان شاهیدێکی باش بۆ ئەو گەنجینە و بەرهەمە زێرینەکانی ئەون.

کاک د.سەعید دیپلۆماتێکی لێزان و زیرەک بوو. شارەزایەکی باشی لە کاری دیپلۆماسی و پێوەندیەکانی نێودەوڵەتی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

جیهان دا هەبوو. دوای تێرۆرکردنی کاک دووکتور قاسملووی نەمر بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران، دوکتور شەرەفکەندی نەیهێشت سەنگ و قورسی و رۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باری دیپلۆماسیدا لاواز بێت. ئەو رۆڵی حیزبی دێموکراتی وەک لایەنێکی بە هێز و فشار لە سەر حکومەتی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات زیاتر کرد و نەیهێشت جێی دوکتور قاسملوو چۆل بێت و بێ قاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە دیار بێ. لە رێگای خەباتی دیپلۆماسیەوە زیاتر حکومەتی کۆماری ئیسلامی و کردەوە دژی مرۆڤایەتێکانی بە گوێی جیهانیان و کۆروکۆمەڵە نێودەوڵەتی بگەیەنێ و لەو کاناڵەوە زیاتر ریسوایان بکات. هەر بۆیەش کاتێک سەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دیتیان حیزبی دێموکرات لە جاران زیاتر فشاری نێودەوڵەتی خستوتە سەریان و نەیان توانیوە رۆڵی حیزبی دێموکرات دوایی تێرۆری دوکتوور قاسملوو لە سەر خۆیان کەم کەنەوە، بۆیە لە پیلانگێرێکی دیکە دا ریسوایی زیاتریان قەبول کرد و بە دانی باجێکی قورس و زۆر بریاری تێرۆر کردنی کاک د.سەعیدیان داو بەداخەوە بە کردەوە دژی ئینسانیەو دوور لە هەر رەوشت، یاساو پرینسیپەکانی نێودەوڵەتی لە ٢٠ ساڵ لە مەو بەر، واتا لە رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٧ی سێپتامبەری ١٩٩٢ی زاینی تێکۆشەر و رێبەری هەڵکەوتو، کاک دوکتوور سەعید شەرەفکەندی سکرتێری بەوەجی حیزبی دێموکرات و کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک همایون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان و نووری دێهکوردی، خەباتکاری ئازادی ودۆستی حیزب بە ئەمری سەرانی کۆماری ئیسلامی ئیران لە رێستۆرانی میکۆنوس لە شاری بێرلینی ئاڵمان تێرۆر کران. سلاو لە روحی کاک د. سەعید و هاورێیانی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و دێموکراسی.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٣**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قوتابییەکی هەڵکەوتوو و رێبەرێکی لێهاتوو



**کەیهان یوسفی**

**و: ڕەشید زەرواوی**

ئەگەرلە سەردەمی پێشوودا چەمکێک بە ناوی "رێبەر" تایبەت بە قارەمانان بوو، ئەوا لە سەردەمی ئێستا و بەهۆکاری هاتنە ئارای گۆڕانکاریەکان ،پیشان دراوە کە هێزی رێبەری بەدەر لە کولتوورەکان، ناسنامەکانی نەتەوەیی و سنوورە دەست نیشانکراوەکان، لە ناخی هەموو کەسێکدا بیدۆزییەوە.

کۆمەڵگای ئەمرۆ پێویستی بە رێبەرانێکە کە لە کردەوەدا (نە بە قسە و دروشم) رێگایەک بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزنەوە.

رێبەرانی ئێستای جیهان، کەسانێکن کە بەرپرسیارەتی زەمەنی ژیانی خۆیان تا ئەو جێگایەی دەرەتانیان هەبێ، قبوولی دەکەن، بەو واتایەی کە "خۆ لە قسە و کردەوەکانیان بە بەرپرس دەزانن". (کمێنس و مایز ١٩٨٧- لاپەرەی ١٨ - ١٧)

کاتێک لە بارەی کەسایەتییەکان و کەسانی سیاسی دەگوترێ، بۆ هەڵسەنگاندنی کردار و رێژەی سەرکەوتنیان، پێویستە هەل و مەرجی شوێنگە و زەمەنییان لەبەر چاو بگیردرێ.

قسە کردن لە سەر چۆنایەتی، شوێن و رۆڵی رێبەرانی سیاسی و بەتایبەت رێبەرانی بزووتنەوەکانی ئازادیخواز هەروەک

بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و شرۆڤەی کاریگەریان و رۆڵی ئەوان لە گۆڕەپانی خەبات و بەجێ گەیاندنی ئەرک و پەیامەکانیان و کارتێکەری لەسەر کۆمەڵگا، بێ شک گرێدراوی لەبەر چاوگرتنی دوو فاکتەری شوێن و کاتە. هەر بەو هۆکارە پێویستە کە هەرکاتێک باس لە رێبەر و هەڵسەنگاندنی کردارەکانی دەکرێ، بۆ ئەوەی تێڕوانین و شرۆڤەکان لەسەر بنەمای عەقل و لۆژیک خۆ دابڕێژن،

**دەبێت هەل و مەرجی شوێنگە و کاتی هەلس وکەوتەکانی تایبەت بە خۆشی رەچاو بکرێن.**

٦٨ ساڵ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مێژوویەکە پڕ لە هەوراز و نشێو کە بە قۆناغی جیاجیا دابەش دەبێ و لەهەر کات و شوێنێکی تایبەتی هەر رێبەرێکیش پێویستە پەیامێک بە ئەنجام بگەیێنێ کە بۆ بە ئاکام گەیشتنی، چەندایەتی و بە پێی پێویست هەڵگری کۆمەڵێک کاراکتێری تایبەتی رێبەر و بە بەکار هێنانی شێوازێکە بۆ باشتر وڵام دانەوەی ئەو هەل و مەرجە.

خۆ ئەگەر ئەرکی "پێشەوای نەمر" دامەزراندن و بونیاد نانی پایەکانی خەباتی حیزب بوو، دوای لە سێدارەدان و رووخانی کۆماری کوردستان، بزووتنەوەی مافویستی کوردستان لاواز و تووشی لێکترازانی ئەندامان و هێزەکانی دەبێ. لەو ساڵانەدا نەبوونی رێبەرێکی کاریزما و کارتێکەر کە بتوانێ هێزی لێکدابراو و پرش و بڵاوی کورد، جارێکیتر و لەسەر بنەمایەکی یەکگرتوو و سەردەمیانە رێک بخاتەوە، هەستی پێدەکرا. بە شاهیدی مێژوو د. قاسملوو ئەو تاقانە رێبەرە بوو توانی ئەو بۆشاییە پڕکاتەوە و بە باشترین شێوە ئەرکی خۆی بە ئاکام بگەیێنێ، هەر بەوجۆرەی کە لەسەرەتاوە باسمان کرد، قۆناغەکانی مێژوو هەرکام هەڵگری تایبەتمەندی خۆیەتی بەتایبەت بۆ رێکخراوەیەک کە نایهەوێت تێپەرینی کات لاوازی بکات و ببێتە هۆی لێکترازانی.

سەردەمی دوای شەهید بوونی د. قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، سەردەمێکی تایبەت و جیاواز بوو کە پێویستی بە شرۆڤە و لێکدانەوەی ورد و هەڵوێست و کارکردی تایبەت بوو. ئەرک و بەرپرسایەتییەک کە لەو سەردەمەدا دەکەوێتە سەر شانی رێبەرایەتی حیزب و رێبەری لێوشاوەی ئەوکات (د.سەعید) ئەرکێکی جیاواز و تایبەت بوو.

شەری ئێران و عێراق کۆتایی پێهاتبوو، رێژیم هێزەکانی ئامادە و کۆکردبووە وە تا پاکتاوی نەیارانی خۆی پێبکات، حیزب



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پێشمەرگەکان لە شار و گوندەکان ئیتر حزووریان نەبوو، کارەساتی گەورەی شەهید کرانی د. قاسملوو باڵی بەسەر کەشی حیزبدا کێشا بوو، ترس و بێ هیوایی بەتەمای خۆسپاندنی بەسەر حیزبدا بوو و دۆخێکی دژواری بۆ حیزب پێکهێنابوو.

هەرچەند کەسایەتی و زاناکان یان ئەو رێبەرانەی کە بە جۆرێک  پەیوەست بە ئەفسانەکان دەبن، شوێنیان بە تەواوەتی پڕ نابێتەوە، بەڵام رێرەوان و قوتابیانی هەمان رێبەر دەتوانن درێژەپێدەرانی هەمان رێبازی ئەو بن و ئەو رێچکە و رێبازەی کە ئەو پێشەنگی بوو، بەرەو پێشی بەرن. هەر بەو هۆکارەیە کە قوتابی لێهاتووی قوتابخانەی حیزب و د. قاسملوو، دوای شەهید بوونی رێبەر و مامۆستای خۆی، بە دڵێکی پڕ لە خوێن و لەهەمانکاتدا پڕ لە هیوا روو بە خەڵک و پێشمەرگەکان رادەگەیەنێت: "دوکتور قاسملوو شەهید بووە، بەڵام خەبات بەردەوامە، رێگای مامۆستای زیندوومان درێژەی هەیە".

ئەگەر دوکتور قاسملوو خاوەنی هزر و ئەندیشە و گوتاری نوێ بۆ حیزب بوو، ئەوە دوکتور سەعید بوو وەک شرۆڤەکار و بەرێوەبەری روانگەکانی لە نیو حیزبدا رۆڵی ئەوی دەگێڕا.

بێ شک ئامانجی سەرەکی لە تیرۆری د.قاسملوو، ڕاگرتنی ڕەورەوەی خەبات و لەناوبردنی پەیکەری حیزب بوو. هەر بەو هۆکارە بوو کە دوای روودانی ئەو کارەساتە، "د. سەعید" سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزب و رێبەری بزووتنەوە لە پیلانی قێزەونی رێژیم و بە باشی لە ئەرکێک کە کەوتبووە پێشی، ئاگادار بوو.

لە لایەکەوە پێویست بوو بۆ هێرش و هەرەشەی رێژیم، رێگە چارەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە کە ئەمجارە جیاواز لە هێرشی راستەوخۆی سەربازی، رێکاری جیاوازیتری گرتبووە بەر (تیرۆری رێبەری، کادر و پێشمەرگە، ناردنی کەسانی سیخور و جاسووس و ...) هەر بەو هۆکارەش کەش و هەوای ئەو کات و ئەو دۆخە، هەلوێست و پرچەکرداری تایبەتی دەویست، لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزب و سەردەمی رێبەری د. سەعید، پیویستی دامەزراندنی ناوەندێکی وا لە حیزب بە ناوی "کۆمیتەی ئەمنیەت" هاتە پیش کۆنگرە و پەسند کرا.

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی دوکتور سەعید، بایەخ دانان بە هێزی لاوانی شۆرشگێر بوو. هەر بەو هۆکارەش لە کۆنگرەی نۆیەمی حیزبدا، ناوەندێک بە ناوی کۆمیتەی ئامووزش دامەزرا کە ئامانج لەو کۆمیتەیە ڕاهێنان و پەروەردەی لاوان و کادری لێهاتوو بۆ داهاتوو بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

بەڵام ئەوەی کە دوکتور سەعید- ی لەنیو کۆری رێبەرانی لێهاتوو و کارتێکەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بۆ هەتا هەتایە بە زیندووی دێڵێتەوە، رەوایەتی رێبەری د. سەعید لە ڕوانگەی هاورێیان و ئەندامانی حیزب بوو و تەنانەت لەباری مەزنی کەسایەتی ئەو رێبەرەوە دەسەڵاتدارانی رێژیمیشی هێنابووە سەر ئەو باوەرە و هەر بەو هۆکارەش بوو کە پیلانی قێزەونی تیرۆر کردنی خۆی و هاورێکانیان دارشت و تیرۆریان کردن.

کاریزمایی و رەوا بوونی رێبەر کە دەبێتە هێزی کاریگەر لە راستای جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان، گرێدراوی هێزی کەسایەتی رێبەر (یا بەرپرس) لە رێخکراو دایە کە بریتییە لە: هێزی لێهاتوویی و ئەزموون و هێزی رەوا بوون یان شایستەگی. هێزی لێهاتوویی و بە ئەزموون بە واتای ئەوەیە کە رێبەر خاوەنی کۆمەڵێک لە زانست، ئەزموون و بەهرە بێ کە خەڵکیتر لەو ئاستەدا لێی بێبەش بن. بەسەرنجدان بە دۆخی ئەوکاتی حیزب و کوردستان، د. سەعید خاوەنی ئەو تایبەتمەندی و هێزە بوو، هەروەها هێزی رەوا بوون و شایستەگی بەو مانایەیە کە ئەندامان و هاورێیان، تایبەتمەندی هەروەک هاوتەریب بوون، ئەمانەتداری و نەهێنی پارێزی لە رێبەرکەی خۆیان ببینن کە دەبێتە هۆی بەهێز بوون یا لێهاتووی ئەو رێبەرە.

ئەوەی کە داییم لەسەر د. سەعید دەگوترێ و تایبەتمەندی جیانەکراوەی ئەو رێبەرەیە، راستگۆیی و ئەمانەتداری و سوور بوونیان لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی کار و باری حیزبی بووە و هەربۆیەش دچێتە نێو دڵان و دەبێتەخۆشەویستی هەموان. د. سەعید لێواولێو لە هیوا و هومێد بۆ داهاتوو بوو و ئەوەش وایکرد کە دوای تیرۆری دڵتەزێنی دوکتور قاسملوو، بێ هیوا نەبێ و هەنگاوەکانی بۆ درێژەپێدانی رێبازی ئەو رێبەرە مەزنە قاییمتر هەڵ بێنێتەوە، چونکوو باوەری وابوو کە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و بێ هیوا نەبوون بە واتایی سەرکەوتن دێ، تەنانەت ئەگەر هەل و مەرج و مرۆڤ بە هۆکاری جیاواز ئاستەنگی گەیشتن بە ئامانجیش بن. هەروەک "ئێرنسێت هیمنگۆی" نووسەری ناوداری ئەمریکایی دەڵێ: "ئەو بۆ ئەوە لە دایک نەبووە تا شکست بێنێ".

ئەو بابەتە لە رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکیتر بە "فارسی" بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ماشێنی نهێنیی ئاخوندەکان (رووداوی میکۆنووس لە کتێبی«سێبەری نیزامییەکان»دا)



### وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە: خالید حەسەنپوور

ئەوەی لە خواری دەیخوێننەوە کورتکراوەی بابەتێکە کە لە کتێبی «سێبەری نیزامییەکان» دا هاتوە. «سێبەری نیزامییەکان» کتێبێکە کە لە لایەن ویلهێلم دیتل سەبارەت بە دەزگاکانی جاسووسیی وڵاتانی ئیسلامی نووسراوە. ویلهێلم دیتل ١١٨ لاپەڕ لە ٣٤٥ لاپەڕی ئەو کتێبەی بۆ دەزگاکانی جاسووسیی کۆماری ئیسلامیو چۆنیەتیی کارکردنیان تەرخان کردوە. لەو کتێبەدا نووسەر بەوردی هەموو ئەورووداوانەی کە پێوەندییان بە گرتنو کوشتنو راوودوونانی جیابیران، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، بەدروستیو بەرێکەوت و بەزانیارییەکی وردەوە تۆمار کردوە. زانیارییەکانی ویلهێلم دیتل لەوبارەوە گرینگن کە ناوبراو بۆخۆی کەسێکەکەلە «BND» (سازمانی ئەمنیەتی ئاڵمان)دا کاری کردوە و ئێستاش یەکێک لەکاربەدەستانی ئەو دەزگایەیە.

-------

زەبری ئەو جاری دەزگای ئەمنییەتی ئێران لە بێرلین وەدژبەران کەوت. دووبارە ئامانجی هێرش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. دوای کوشتنی غەمهێنەری سکرتێری گشتی دوکتور قاسملوو، شەرەفکەندییان کردە جێنشینی ناوبراو. ئەو سیاسەتی قاسملووی بەوجۆرەکە هەبوو و بێ پسانەوە درێژە پێدەدا. شەرەفکەندی بڕوانامەی دوکتۆرای لە رشتەی شیمی و لە زانستگایەکی پاریس وەرگرتبوو. شەرەفکەندی پیاوێکی گەڕاوەی لێو بە پێکەنین و لە هەمانکاتدا، جیدی و لێبڕاو

بوو. ئەو نیشانیدا بوو کە بۆئەو پۆستە لێهاتوویی تەواوی هەیە و ئەوەش وایکردبوو کە بیروڕای گشتی بخاتە ژێر کاریگەریی کەسایەتیی خۆیەوە. لە هەموو ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەی کە دەگەڵ مێدیا جیهانییەکان کردبووی، رێژیمی ئاخوندەکانی خستبووە ژێرگوشارەوە، کە مل بۆ دیموکراتیزە کردنی ئێران راناکێشن و خودموختاری کە خۆبەڕێوەبردنێکی ئیداری و ئابوورییە، بە کوردەکان رەوا نابینن. ئەوەش داخوازێکە کە بەتەواوی سەردەمیانەو شارستانیانەیە.

لە هاوینی ١٩٩١ فەرمانێکی بەنووسراوە لە لایەن رێبەریی ئێرانەوە، سەبارەت بە چالاکییەکی نوێ دژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتە دەستی کۆمیتەی تایبەت. لەو سەردەمەدا عەلی فەللاحیان خەریکبوو کە بە پلەی حوجەتولئیسلامی بگات کە پلەیەک لە ئایەتوللاهی کەمترە. ئەو پیاوێکە هەتابڵەی بێ ئینساف و بێبەزەیی‌وخاوەن پەروەندەیەکی قورس بەرامبەر دژبەران. فەللاحیانو هادی هەدەویی موفەددەم کە پیاوێکی سەر بە واواک (وزارت اطلاعات وامنیت کشور) ە و لە سەر رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ناسیاویی باشی هەیە، رادەسپێرێ کە وەدووی پێوشوێنیان کەوێ. موفەددەمیی جاسووس لەژێر پەردەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای «سەمسام کالای ئێرانی» سەفەرەکەی بۆ دەرەوەی وڵات دەستپێدەکات. ناوبراو ئاوا و لەژێر ئەم ناوەوەدا باشتر دەیتوانی لەنێو پەنابەرانی ئێرانیدا بجووڵێتەوە و کار بکات.

بە پێی قسەوباسی یەکێک لەوکەسانەی کە لەم دوایانەدا ریزی خۆی لە واواک جیا کردۆتەوە، مووفەددەم سەرەتای هاوینی ١٩٩٢ هاتۆتە ئاڵمان. مووفەددەم هەموو ئەو زانیارییەنوێیانەی کە پێوەندییان بە رێکخراوە سیاسییەکانەوە هەبوو، کۆکردەوە و دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، دەسبەجێ راپۆرتێکی بە پێشنیارەوە بۆ بەرێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەرزکردەوە. لە مانگی ژوئەنی ١٩٩٢دا دوو ئێرانیی دیکەش کە سەر بە تۆرە ئەمنییەتییەکانی ئێران بوون هەر لەو پێوەندییەدا هاتوونەتە ئاڵمان. ئەوانە ئەسغەر ئەرشەدی و عەلی کەمالی بوون کە کاریان کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەڕێوەچوونی عەمەلیاتێکی سەرکەوتوو لە ئاڵمان بوو هەموو زانیارییەکان دەریان دەخست کە رەنگبێ ماشێنی تیرۆری فەللاحیان ئەمجاریش سەرکەوتووبێ. وەزیر فەللاحیان کەسێکی بەناوی عەبدولرەحمان بەنیهاشمی بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتەکە دیاریکرد کە شارەزاییەکی زۆری لەسەر شانە نهێنیەکانی نێوپەنابەران هەبوو. عەمەلیاتەکە کۆدێکی نهێنی پێدرابوو بە ناوی «فریاد بزرگ علوی».

بەنیهاشمی چەندساڵ لەمەوبەر بەهاوکاریی تیمێکی تیرۆر، توانیبووی سەرهەنگی پێشووی هێزی هەوایی ئەرتەشی ئێران، ئەحمەد تالبی لە ١٠ی ئاگووستی ١٩٨٧ لە ژنێف بکوژێ. ناوبراو لە لوبنان بۆ واواک کاریکردوە و هەرلەوێ لەلایەن دۆستانی حیزبوڵلا دەورەیەکی نیزامیی دیوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

دوای ئامادەکارییە سەرەتاییەکان بۆ بەرێوەبردنی عەمەلیاتێک، پێویستبوو کە کۆردیناتۆرێکی ناوچەیی پێکبهێندرێ. کازمی دارابیان بۆ ئەو ئەرکە دیاریکرد. ناوبراو پێشتر لە ریزەکانی سپای پاسداراندا کاریکردوە و لە ساڵی ١٩٨٠وە لە ئالمان دەژیا.

ستراتیژیستەکانی واواک لە تاران ناوبراویان پێهەڵبژاردەیەکی باش بوو. چونکە ئەو، کەسێکی باوەڕپێکراو بوو و لە عەمەلیاتەکانی نێوخۆ لە دژی دژبەران بەباشی خۆی نیشاندابوو. دارابی ئەندامی هەیئەتی یەکیەتیی خوێندکارانی موسوڵمانی ئوورووپا «ئوو. ئی.» ئێس «UIS» بوو کە ئەمە بۆ ئەو دێوجامەیەکی باشبوو. لە لێکۆڵینەوەکانی رۆژئاوادا ئۆ. ئی. ئێس(UIS) هەمیشە بەتۆرێکی سەر بە واواک چاوی لێکراوە. ئەو کۆردیناسیۆنەی کە نۆێنەرایەتیی واواکیان لە ئالمان دەکرد، چوار دانە لوبنانییشیان بۆ ئەو عەمەلیاتە هەڵبژارد کە بریتی بوون لە، یوسف ئەمین، عەباس رائێل، محەمەد ئاتریس و ئاتیلا ئایاتیان.

عەبدولرحمان بەنیهاشمی بە ناوی نهێنی «شەریف» رۆژی ٧ی سیپتامبر لە فرۆکەخانەی تیگل - بێرلین دابەزی. سادق شەرەفکەندی بە ناوی نهێنیی دوکتور سەعید، ئێوارەیەکی درەنگی رۆژی ١٤ی سیپتامبر لە کۆپنهاگەوە گەیشتە بێرلین. هاوکارانی نیزیکی شەرەفکەندی فەتاحی عەبدولی بەرپرسی ئورووپا، هومایوونی ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان و نووری دێهکوردی وەرگێر، چاوەڕوانی شەرەفکەندییان دەکرد . ئەوان دەستبەجێ دەهەوڵی ئەوەدابوون کە کۆبوونەوەیەک لەگەل بەشێک لە سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێک بهێنن . شەرەفکەندی بەشێوەیەکی تەواو رەسمی بەشداری کۆبوونەوەی ئەنترناسیونالٚ سۆسیالیستی کرد لە بێرلین، کە ئەو رێکخراوە وەک رەشماڵێک هەموو رێکخراوە سۆسیالیستەکانی لەژێر خۆیدا کۆکردۆتەوە.

کازم دارابی مۆرەیەکی بەتەواوی گونجاو بوو بۆئەوکارە، ئیسلامییەکی توندئاژۆ و لەهەمانکاتدا مۆرەیەکی خەوتووی سرویسە ئەمنییەتییەکانی ئێران، کە ئارەزووی هەربەتەنیا چاوەدیریی دژبەران نەبوو، بەڵکوو ئارەزووی لەنێوبردنیشیانی هەبوو. دارابی کەسێکی کورتەباڵا و وردیلە بەڵام بەنەزم و هەڵسووڕ بوو و زۆربەی مەئموورییەتەکانی تارانی بەباشی جێبەجێ کردبوو. ناوبراو خاوەنی ژنێکو سێ منداڵ بوو کە یەکیان فەلەج بوو.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ لەتارانێکی هاڵۆزەوە هاتە بێرلین. ئەو کوڕە وردیلە دێهاتییەلەسەریەک هەموو مەرجەکانی مانەوە لەئاڵمانی پێکهێنا. بۆ دیتنی کۆرسی زمانی ئاڵمانی وەرگێڕدراوی کارنامەیەکی سەیروسەمەرەی لەوڵاتەکەی خۆیڕا دەگەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خـۆی هێنـابوو. دوای وەرگێرانـی لەکۆرسـی زمـان مـاڵەکەی گـوێزتەوە بۆهـایمی دانیشـجوویی لە تۆرمهـاوز لە شـەقامی لینکشتراسـە. دارابی، داوای تەئییـدی کارنـامەکەی، شەشـمانگ تاقیکـاری کردبـوو بـۆ ئەوەی لە لەلایەن زانکـۆی هـاگن، لە کولێجی خوێندکارە بیانییەکان وەربگێرێ. ئەو دەیهەویست ببێتە ئەندازیاری بیناسازی بەبێ ئەوەی مەدرەکی کۆتایهێنـان بە قوتابخانەی هەبێ.

لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٨٢دا باهۆزێـک هەڵیکـرد کە دەگەڵ رووحـی سەرکێشـی دارابـی یەکیـدەگرتەوە. رۆژی ٢٤ی ئـاوریـل خوێندکارانی زانکۆی سەرانسەی ئاڵمانی فیدراڵ لە دەوروبەری زانکۆی ماینز لە شـاری مـاینز کۆبـوونەوە بـۆئەوەی سێهەمین ساڵی هاتنە سەرکاری خومەینی جێژن بگرن. بەڵام کۆبـوونەوەکە هـاڵۆزکرا و بەشداران دەستیان کرد بە هێرشوپەلاماردان. نزیکەی سەدکەس لەو یاغیانە بە چۆماغو چەقۆ پەلاماریـان بردەسـەر هـایمێکی پەنـابەران کە دژبەرانی رێژیمی خومەینیی لێـدەژیان. لەورۆژەدا برینـدارێکی زۆر هەبـوو، تەنـانەت لەلایەن پۆلیسیشـەوە. ئـاکامی ئەوکـارە بـووبە هـۆی ئەوە دەسـتوری دەرکردنـی ٨٥ کەس لەو فەناتیکـانە لە ئـاڵمـان بـدرێ. بەڵام دارابـی ئەو بریـارەی بەسـەردا جێبەجـێ نەکـرا. دادگـای بـاڵای کـۆبلێنز بریـاری دەرکردنـی خوێنـدکارەکانی رەدکـردەوە. رێژیمـی تـارانیش لە وەرگـرتنەوەی خوێنـدکارەکان خۆبپاراسـت و پێشنیاری سزای سووکی بـۆکردن. وەزارەتـی دەرەوەی ئـاڵمـان پێشنیارەکەی تـارانی قەبـووڵکرد وبەوجۆرەبە پێـی ئـارەزووی تاران جووڵایەوە. دواتر دارابییش هەربەو پێیە سزادرا. ناوبراو لە ١٢ی دیسامبری ١٩٨٢ بە هەشت مانگ زیندانی قـابیلی کڕینەوە مەحکووم بوو. دارابی زیندانییەکەی نەکێشا، چونکە پـووڵی سزاکەی درابـوو. ئەوە موعامەلەیەکی نازیرەکـانە بـوو کە دەگەڵ هەڵسـوکەوتی تـاران کـرا، بەچەشـنێک کە دەوڵەتـی یاسـا بـووبە گەبجـاڕی سیاسـەت. سـەربزێوە یاغییەکـان لەئۆکتـۆبری ١٩٨٢دا لەگرتوخـانەی تـایبەت بـە بەجێهێشـتنی وڵات، ئـازادکران. دەگەڵ ئەوەکە زۆربەی ئەوکەسـانەی لەو خۆپێشاندانەدا تاوانیان کردبوو، سەربە ئیدارەی بیانییەکانی ماینز نەبوون، بەڵام ئیقامەی یەکساڵە درابـوو بەهەموویـان. لە حاڵێکدابە پێی یاسا هەرکەس دەبوا لەئیدارەی خۆیئیقامەی شەشمانگەیان پێ بدرایە. دارابی بەو ئیقـامەی کە لەتەنکەی گیرفـانی نـابوو، لەگەڕانەوە بـۆئێران نەجـاتی بـوو و رێگـای پێدرا دووبـارە درێـژە بەخوێنـدن بـدا. دارابیـو چوارکەس لە هەڤـاڵانی لە بێـرلین نیشـتەجێ بـوون. حەوتوویـەک پـێش ئەوەی ئیقـامەکەی تەواوبـێ، سەرکۆنسـولی ئێـران دەگەڵ کاربەدەسـتانی ئـاڵمـان سـەبارەت بەدرێژکـردنەوەی ئیقـامەکەی قسـەدەکات و هەتـا فێـوریەی ١٩٨٤ درێـژ دەکرێتەوە. ئەوە لەسـاڵانی دواییشـدا هەربەوچەشـنە دووپـات دەبێـتەوە. لە پەروەنـدەی ئیـدارەی بیانییەکـانی بێـرلین سـەبارەت بە دارابـی رستەیەک دەبیندرێ کە دەکرێ پەردە لەسەر زۆرشت هەڵداتەوە، ئەوێش ئەویە: «کاربەدەسـتانی ماینز چەتیـان خسـتۆتە سەررێگای گڕاندنەوەی دارابی بۆ ئێران».



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی بەلای دارابییەوە گرنگ بوو پروپاگەندەی ئیسلامی و کارلەوپێناوەدا بوو، خوێندن بۆئەو تەنیا بۆ وەدەستهێنانی مەدرەک بوو. ئەو تەنیا جاروبار لە هۆڵی وانە خوێندنی زانکۆ دەبینرا و هەرئەوەش بوو کە لەتاقیکارییەکاندا دەرنەدەچوو . ئاخرییەکەی لە ٣٠ی سیپتامبری ١٩٨٧ ناوی لەدەفتەری زانکۆ پاککرایەوە و دەرکرا. دارابی دەستبەجێ هەستی بەوەکرد کە ئەوبڕیارە ببێتە هۆی لادانی پەردە لەسەر جاسووسییەکەی. هەربۆیە ناوبراوسکاڵای بەرامبەر بە ئیدارەی زانکۆ بەرزکردەوە و سەیر ئەوەیە کە لەوکارەشیدا سەرکەوت. بەوجۆرە ڕێگای پێدراجارێکیتر لەزستی هاوینی ١٩٨٨دا بەشداری بکات.

هەر لەو ماویەدا دارابی بووبە ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی خوێندکارانی موسولمانی بێرلینی رۆژئاوا. ناوبراو زۆربەی کاتیخۆی لەوماوەیەدا تەرخانکردبوو بۆجێبەجێکردنی مەئموورییەتەکانی واواک و ڕێکخستنی چۆنییەتی پێوەندییەکانی دەگەڵ شانەکانی حیزبوڵلا لە ناوچەی((Spree شپرێەی بێرلین. هەر ئاگادارییەکی کە لەسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێران وەچەنگی دەکەوت، لەلای خۆی کۆیدەکردەوە.

یەکەم کەس کە لەسەفارەتی ئێران لەبۆن دەگەڵ دارابی لەپێوەندیدابوو، حەسەنی جەوادی بوو کە لەبەرگی دیپلۆماتێکدا کاریدەکرد. حەسەنی جەوادی لەئۆکتۆبری ١٩٨٩ گۆڕا و کەسێکیتر بەناوی مورتەزا غولامی هاتەجێ.کاربەدەستانی ئاڵمان، ناوبراوو حەوت کەسی دیکە لەکاربەدەستانی ئەسڵیی واواکیان دەناسی کە لەبەرگی دیپلۆماتێکدا کاریان دەکرد.

لە سکالانامەی دادستان دژی دارابی دا کە دوایە کەوتە بەرسەرنج، نووسراوە کە دارابی لەبەرگی خوێندکاریدا لە گەڵ سەفارەتی ئێران لەبێرلین پێوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە. رابیت و ڕێنوێنی ئەسڵیی ناوبراو لە ساڵی ١٩٩١ داله بێرلین، کۆنسوول ئەمین فەراهانی بووە. دارابی خوێندکاری کوردی بۆ ناوبراو شانەبەندی دەکرد. دووکەس لەو خوێندکارانەی کە وەک دۆست و باوەڕپێکراوی دارابی بوون، سابیت گەیلانی و بارام برندیجان(برینجیان) بوون، کە سابیت لەو کەسانە بوو کە لەهەڵاوبگریماینزدا بەشدار بوو.

دارابی لەهەموو بارێکەوە پیاوێکی پڕکار بوو. هاوهەنگاو لە گەڵ کاری جاسووسی، هاتوچۆی گەرمی مزگەوتی ئیمام جەعفەری سادقی لە بێرلین دەکرد کە جێگاوشوێنی کۆبوونەوەی ئیسلامییە توندئاژۆکان بوو. کاتێک لە ڕەوتی کاری دادگادا، وەک بەرپرسی حیزبوڵلا ناودێرکرا، ناوبراو بەهیچ جۆرێک ئەوەی ڕەد نەکردەوە. بێجگە لەوە دارابی کۆمەڵێکی دیکەی لە بێرلین بەڕێوەدەبرد کە پێیاندەگوت «ناوەندی یەکیەتیی ئیسلامی» کە ناوەندێکی شیعە بوو و لەلایەن سرویسە

ئەمنییەتییەکانی ئێران کەڵکی لێ وەردەگیرا. دارابی پێی وابوو ئەگەر ئەو دوو کۆمەڵە واتا کۆمەڵی ئێرانی و لوبنانی بەرێوە بەرێ، کەس لێی وەشک ناکەوێ.

ساڵی ۱۹۹۱ لە لایەن C.I.A وەک رابیتی حیزبوڵڵاو ئێران لە بێرلین شناسایی دەکرێ. هەر وەها لە یادداشتێکی ئێم M16ی بریتانیاشدا هاتوە کە دارابی کەسێکی زۆر مەترسیدارە. ئەوە هەم دەزگای ئەمنییەتیی ئاڵمان وهەم پۆلیسی ئاڵمان لێی ئاگادار بوون. ئەو دوو دەزگایە هەمیشە کاربەدەستانی خۆیان لە بێرلین ئاگادار کردۆتەوە کە تەلەیفوونەکانی دارابی پێویستە کۆنترۆل بکەن. هێندیک جار ئەوەش کراوە. بە پێ بەڵگەکان دارابی لە لایەن پۆلیسەوە بانگهێشتن کراوە و زۆر موحتەرەمانە، داوای لێ کراوە کە سنوورێک بۆ چالاکییەکانی دابنێ. کە ناوبراوله ولامدا گویا پێکەنیوە و ئینکاری ئەوەی کردوە.

دارابی کەسێک بوو کە لە دوو جۆرە ژیانی ئاشکرا و نهێنی دا دەژیا و بە هۆی تێکۆشانی زۆر، جێگاییەکی بۆ ژیانی تایبەتیی خۆی نەهێشتبۆوە. ناوبراو بەراستی وەک کلکە نەوتینەییەک وابوو. ساڵی ۱۹۸۵ لە کۆنسولخانەی ئێران لە هامبۆرگ ژیانی هاوبەش پێک دێنێ. خێزانی خەدیجە ئەیاد، دوو کچ و کوڕێکی لە ناوبراو دەبێ، بەر لەوەی بابیان بە زیندانی ئەبەد مەحکووم بێ.

ساڵی ۱۹۹۲ دارابی نوێنەرایەتیی ئێران لە پێشانگای کشتوکاڵ ناسراو بە «حەوتووی سەوز» دەکات. ئەو لە زۆر شوین خۆی لەسەر ناوی سەفارەتی ئێران دەناساند. لەو دوایانەدا لە بیری ئەوەدابوو کە پارچە عەرزێک بدۆزێتەوە کە مزگەوتێکی لێ دروست بکات. بۆ ئەو کارە بەدەستێکی پڕەوە، پروپاگەندەیەکی زۆری وەرێخست کە لە گەل بەربەرەکانیی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی روبەروو بوو.

بێجگە لە بەنیهاشمی فەرماندەی تیم، دارابی گرینگترین کەسی ئەو گرووپە بوو کە ئەو ئۆپەراسیۆنەی لە دژی کوردەکان وەرێخست. لە بریاری دادگای بێرلیندا هاتبوو کە، دارابی تەداروکاتی قەتڵی کوردەکانی، لە بواری لۆجستیکی و پێرسۆنێلییەوە کە بەشێکیان لە ئێرانەوەرا هاتبوون، وەها بە وردبینی و وەستایانە بەرێوە بردوە، کە لە رەوتی بەرێوەبردنیدا تووشی هیچ جۆرە ریسکێک سەبارەت بە ئاشکرابوون و بەرێوە چوونی نەبووە.

دەگەڵ ئەوەی تیمی تیرۆر خۆی لە پێوەندیی رەسمی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران دەپاراست، بەڵام سرویسە ئەمنییەتییەکانی

ئێران لەئاڵمان بە هۆی ئەو «کۆمیتەی تایبەت»ەی کە بۆ مەوزوعاتی گرنگ دروست کرابوو و بنکەکەی لە واواکی تاران بوو، ئاگاداری ئەوەبوون کە ئاڵقەی پێوەندی ئەو تیمە دارابییە . ئەو هەتا سەر وەک قسەکەری ئەسلیی ئەو تیمە مایەوە.

یەکەم کۆبوونەوەی تیمی تیرۆر لە ماڵە دارابی لە شەقامی «دۆتمۆلە» پێک هات. دوای ئەوە رێکخەری تیمەکە، ئەندامانی عەمەلیاتەکەی لە جێگای مانەوەی خوێندکارێک نیشتەجێ کرد کە بۆ پشووی هاوینی چووبۆوە ئێران. ئێستا ئیدی ئەوان کۆ ببوونەوە و چاوەروانی فەرمان بوون. لە ١٦ی سێپتامبر چەکەکان تەحویلی تیمی تیرۆر دەدرێن. هیچ کەس قسە لەوە ناکات کە ئەو چەکانە لە کوێوەرا هاتوونە ئاڵمان. لێکۆڵینەوەکانی دوایی دەریانخست کە سەرەداوکە دەچێتەوە ئێران. کەسێکی نەناسراو زەنگی لێدا و جێگاوشوێنی دانیشتنەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێ گوتن. هەر ئەو شەوە تیمی تیرۆر بە گشتی وەرێکەوتن بۆ ئەوەی رستورانی میکۆنووس لە نیزیکەوە ببینن.

رۆژی داهاتوو دەبوو بۆ تیمی تیرۆر ببێتە رۆژێکی مێژوویی. کاتژمێر حەوت و سی دەقیقە میوانەکان دەگەنە رێستورانی میکۆنووس. دوای ئەوەی هەموو ئەو میوانانەی کە بانگێشتن کرابوون نەهاتبوون، دەگەڵ عەزیزی غەففاری ساحیب رەستوران قسە دەکەن و داوای لێ دەکەن کە بۆ سبەی شەو جێگایان بۆ دابنێ. بەڵام ناوبراو دەڵێ کە بۆ سبەی شەو میزەکان گیراونەتەوە. ئایا غەففاری بە ئانقەست وایگوتوە بۆ ئەوەی ژمارەی قوربانییەکان کەمتر بێتەوە؟ دەگەڵ ئەوەی عەزیزی غەففاری گومانباری ئەسڵی بووە لە پێوەندی دەگەڵ ئەو تیرۆرەدا، بەڵام هەتا ئێستا ئەوە روون نەبۆوە کە ئەو کەسەی ئەو هەواڵەی داوەتە قاتیلەکان کێ بووە؟ دوای ئەوەی کاربەدەستێکی واواک بەناوی ئەبولقاسم میسباحی، ریزی خۆی لە واواک جیا کردەوە، ناوبراو پێی راگەیاندین کە «غەففاری... بۆ ئێمە کاری کردوە».

کاتژمێر دە و پەنجا دەقیقە تیرۆرەکە ئاوا رووی دا. پەرویز دەستماڵچی کە یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە بوو، مەسەلەکەی ئاوا گێڕایەوە. دوو پیاو هاتنە ژوورەوە، یەکیان لەبن دەرگا مایەوە و ئەویتر، لە حاڵێکدا رووی داپۆشرابوو، هێرشی کردە سەر مێزی دانیشتنەکەی ئێمە لە ژوورێکی پشتەوەی رێستورانەکە. ئەو بەزمانی فارسی گوڕاندی و جنێوی دا «دایک قەحبەینە» و روی چەکەکەی کە هەتا ئەودەم لەژێر پارچەیەک دا شاربوویەوە و ئاوری لێدەهاتەدەر، لە ئێمە گرت. بیست وپێنج تا سی گوللەی هاویشت. ئەمن خۆم هاویشتە بن مێزی نانخواردنەکە و شایەد هەر لەبەر ئەوە ئەمن نەئەنگاوترام.

بەرپرسی گرنگترین رێکخراوی کوردستانی ئێران، شەرەفکەندی، ١٢ گوللەی وەسەرو سینگ و ملی کەوتبوون و هەر وەها



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیرێکی خەلاسیشی لەسەری درابوو. ئەو شانسی مانی بەهیچ جۆر نەبوو. هومایوونی ئەردەڵان سێ گوللەی موسەلسەلی وێکەوتبوو و قاتڵێکی دووهەمیش تیرێکی خەلاسی لە سەری دابوو. فەتاحی عەبدولی چوار گوللەی وێکەوتبوو و هەروەها تیرێکی خەلاسیش لەسەر دڵی درابوو. نووری دێهکوردی حەوت گوللەی بەردەکەوێ بەڵام هەتا بیمارستانی «شتیگلیچ» نامرێ، پاشان ئەویش لەوێ خوێنرێژی دەکات و دەمرێ.

ساحیب رێستورانەکەش غەففاری دوو گوللەی وێ دەکەوێ، بەڵام ئەوە ناوبراو لەوە تەبرەئە ناکات کە کاری بۆ دەزگاکانی جاسووسیی ئێران کردوە. تیمی تیرۆر زۆر جار خەڵکی خۆشیان داوەتە بەر گوللە، بۆ وێنە لە جەریانی قەتڵی دوکتور قاسملوو لە وییەن.

**تێبینیی رۆژنامەی «کوردستان»:**

١- مەبەست لە واواک «وزارت اطلاعات وامنیت کشور»ە.

٢- لەم کتێبەدا، ناوی هومایوون ئەردەڵانیش وێڕای ناوی عەزیز غەففاری هاتوە کە گوایە کاری بۆ رێژیمی ئێران کردوە. ئەوە لە راستییەوە دوورە و تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک ئەمەی نەسەلماندوە.

٣- لە تیرۆری ڤییەن دا، بێجگە لە دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادری ئازەر لە حیزبی دیموکرات، د. فازیل مەحموود رەسووڵیش کەوتە بەردەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی. مەبەستی نووسەر لەو رستەیە «تیمی تیرۆر زۆر جار خەڵکی خۆشیان داوەتە بەر گوللە»، ناوبراوە. دیارە د. فازیل دۆست و بڕواپێکراوی کۆماری ئیسلامی بووە، بەڵام ناوبردنی بە هاودەست و بەکرێگیراوی ئەو رێژیمە تیرۆریستە، بەبێبەڵگەی سەلمێنەر، دەچێتە خانەی گومان و بوختان و قسەی زۆر هەڵ دەگرێ.

سەرچاوە:ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٤

# کارەساتی میکۆنۆس، پەروەندەیەکی کراوە بۆ هەموو وەرزەکان



**حەسەن حاتەمی**

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٥ی فێوریەی ٢٠١٤، لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی دادگای فێدراڵی نیۆیۆرک لە لایان ناوەندی وەکیلانی باشووری شاری نیۆیۆرک دوو کەس لە دادوەرانی پەروەندەی جینایەتی رستورانی میکۆنۆس، بەناوەکانی ئاغای برنۆیوست ـ دادئەستێنی فیدراڵی ئاڵمان - و ئەلکساندر فونئیشتاڵ - دادئەستێنی گشتی ئاڵمان - خەڵات کران.

ئەو رێز لێنان خەڵات کردنانە بە هیممەتی خانمی رۆئیا حەکاکیان - نووسەری کتێبی خەڵات کراوی پیاوکوژانی کۆشکی فیروزەو خانمی جۆواناسیبرت - قازی فێدراڵی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نیۆیۆرک - پێک هاتبوو.

جی.دی. بیندینگل - باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە وڵاتانی ئاڵمان، ئوتریش و سویس و دەیان قازی و وەکیلی سەر بە کانوونی وەکیلانی شاری نیۆیۆرک، لەو رێزلێنانە گرینگەدا، بەشدار بوون.

لەو بەرنامەیە ئاغای بیندینگڵ لە پانێلی دوویەم دا، سەبارەت بەو کارەساتە دەڵێ: ڕووداوی میکۆنۆس مەسەلەیەکی سیاسی بوو. شوێندانەری ئەو دادگایە وەک پەروەندە جۆراوجۆرەکانی نۆرێنبێرگ و تیرۆرە سیاسییەکانی روسیە لە ئاڵمان دەچوو. ئەو بەشەش زۆر جێی سەرنجە کە سەرەڕای هەڕەشەی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە بەرپرسان لێکۆڵەرانی ئەو پەروەندەیە، بەتایبەتی قازی و دادستانەکانی، دادگاکە ڕەوتی سەرکەوتوویی خۆی پێواوە.

لەو بەستینەدا، هەڕەشەی ٣٢ ناوەندی ئیسلامی لە ئاڵمان کە قەولیان بە کۆماری ئیسسلامی دابوو، ئەگەر بەشی قەزایی ئاڵمان لە سەر درێژەدانی ئەو لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنی تاوانبارە گیراوەکان، کێشەو ئاژاوە بۆ دەوڵەتی ئاڵمان دروست دەکەن.

باڵوێزی پێشووی ئەمریکا لە ئاڵمان، وێڕای بەرزنرخاندنی بە ئاکام گەیشتنی ئەو دادگایە لە ساڵی ١٩٩٧دا، پێی وایە ئیستاش هەر بەگومانەوە چاو لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی تاران دەکرێ. ئەو ڕژیمە پێویستە بەکردەوە متمانەی نێودەوڵەتی وەدەست بێنێتەوە.

خانمی حەکاکیان لە بەشێکی پانێلەکەدا، سەرەتا باسی بیرۆکەی کتیبەکەی کرد کە، لە دیدارێکدا لەگەڵ یەکێک لە دەربازبووانی ئەو تێرڕۆرە لای دروست بوو. پاشان چوار لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا.

لە ماوەی توێژینەوەو وتووێژەکانیدا، بۆی دەرکەوت کە دادەورانی ئازاو بوێری پەروەندەی جینایەتی میکۆنۆس بە پێی سەربەخۆیی یاسایی وڵاتی ئاڵمان، هەرچەند لە ژێر گوشار و هەڕەشەدا، بە تایبەتی بەشی دیپلۆماسی و بازەرگانی دەوڵەت؛ دادگا درێژەی بە کاری خۆیدا، و بەرەوە بەجێگەیاندنی «عداڵەت» هەنگاوی نا. بەرپرسانی ئەو کەیسە لەوەی کە نەکەوتنە ژێر کاریگەری پێوەندییەکانی ئابووریو دیپلۆماتیکی ئێرانو ئاڵمان، زۆر جێی ڕێزو ئافەرنیین.

هەروەها سەبارەت بەو پەروەندەیە لە بەرەبەرەی ئەو ڕێز لێنانە بەرێز حەکاکیان لە وتووێژێک لەگەڵ ماڵپەری ئێران وابر لە ژێر سەردێڕی «نەگوتراوەکانی پەروەندەی میکۆنۆس» (ناگفتەهای پروندەی میکونوس) جێی سەرنجە.

**ناوبراو دەڵێ:** دوو توخمی «عەداڵەت»و «حەقیقەت» بوون بە هۆی ئەوەی کە لەدوای ئاکامی دادگا هەوڵ بۆ نووسینی کتێبەکەی بدا. چونکە پێی وایە بەشێکی کەم لە ڕاستییەکانی ئەو جنایەتە لەو پەروەندەیەدا، روون بۆتەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو زۆری بۆ گرینگ بوو سەرەڕای گوشارە نەهێنییەکان و لابی سیاسی دەوڵەتەکانی ئێرانو ئاڵمان بۆ بەلاڕێدا، بردن یان پووشبەسەرکردنی ئەو رووداوە، رەوتی عادڵانەو یاسایی ئەو کەیسەی بۆ بەلاڕێدا نەچووو ڕێگای دژواری خۆی پێواو تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەقاودا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای ئاکامی دادگایی پەروەندەی میکۆنۆس، سەنەدێکی یاسایی گرینگی لە یەکێک لە دادگاکانی وڵاتێکی بە توانای وەک ئاڵمان بۆ دروست بوو. ئەو ڕێژیمە بۆ ماوەی نزیک ساڵێک مەزنترین قەیرانی دیپلۆماسی بە رۆکی گرت. جەوهەری حوکمەکەشهەرکات وڵاتی ئەندامی شورای مافی مرۆڤی جیهان بیانهەوێ، دەتوانن بەدژی بکوژانی نەیاری سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێران کەڵکی لێوەرگرن. چونکە خانمی حەکاکیان دەڵێ: بەخۆشییەوە ئەو پەروەندەیە کراوەیە. خانمی حەکاکیان لەگەڵ زۆرکەسان چاوپێکەوتنی کردووەو سەبارەت بە گیان لێئەستاندنی نەمران د.سادق(سەعید) شەرەفکەندی - سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی دەرەوەی وڵاتی حیزب - هومایون ئەردەڵان بەرپرسی پێوەندییەکان لە ئاڵمان - و نووری دێهکوردی تێکۆشەری چەپی ئازادیخوازو دۆستی لە مێژینەی حیزبی دێموکرات - قسەو باسی هەبووە.

لە نێو ئەواندا، ئاماژە بە شاکیلی جێی باوەڕی دادوەرانی دەکا کەبەهۆی بەنیسەدر - یەکەم سەرکۆماری ئێران - دەبرێتە دادگا و شاهیدی دەدا.

ئەوکەسە کەئەوکات بە شاهیدیی «C» و پاشان بە ناوی ئەسڵی خۆی ئەبوالقاسم میسباحی لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی دادگای موئابیتی برلین شاهیدیدا، بەوتەی خانمی حەکاکیان: شاهیدیەکەی ناوبراو نەخشێکی گرینگی لە دەرخستنی ناروونییەکانی پەروەندەکە وەدیارخستو گرێ کوێریەکی میکۆنۆسی کردەوە.

میسباحی سەبارت بە لەقاودانی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران تووشی تەنگو چەڵەمەی زۆری ژیان بوو. بەوتەی روئیا حەکاکیان، ئەو بەرپرسی پەروەندە ئەمنییەتیەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بوو؛ هەڵسوکەوتەکەی زۆر بە قازانجی سەرکەوتنی «عەدالەت» و دەرکەوتنی بە شێک لە «راستی»یەکان بوو.

حەکاکیان باوەڕی وایە: هێشتا بۆ توێژینەوە چەند توێیو هەڵدانەوەی سەدان لاپەریی پەروەندەی میکۆنۆس، پێویستە کتێب گەلی زۆری لەسەر بنووسرێ تەکلیفی زۆرشتی ناروون، روون بێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەو دەڵێ:** خانمی شادی سەدر لەسەر بەشێکی دیکەی پەروەندەی میکۆنۆس کاردەکا، کە یەکێک لە ئاڵقە ون بووەکانی ئەو پەروەندەیە، حوسێن مووسەویان باڵوێزی ئەوکاتی ئێرانە لە ئاڵمان.

ئەو ئاماژەیە وتوییەتی تێرۆری میکۆنۆس زۆر لە جێ دایە. چونکە چۆن دەکرێ وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی ئەکبەر ولایەتی، ناوی لە گەڵ بکوژانی کۆشکی فیروزە هاتووەو لە دادگاش حوکمی لە سەردراوەو ئاگاداری چۆنیەتی ئەو تێرۆرە بووە، بەڵام ئایا دەکرێ مووسەوی کە سەفیرە لە سفارەتخانەی ئێران لە ئاڵمان بێخەبەر بێ لەو رووداوە!؟

هەروەها لە ماوەی لێکۆڵینەوەی پەروەندەی میکۆنۆس بە قەولی حەکاکیان: زۆربەی کەسانی سەربە »دیپلۆماسی» کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باڵوێزخانەکەیان ڕا، نێردراونەوە بۆئێران، یا بە واتایەکی دیکە لە چەنگ عەدالەت هەڵاتن.

پێویستە ئاماژە بە لاپەڕەیەکی نەنووسراو لەپەروەندەی میکۆنۆس، بەڵام پاش ١٨ ساڵ گوتراوە لە لایەن بەرپرسێکی حیزبیسوسیال- دێموکراتیسوئێد بکرێ. خانمی موناسالین ڕێبەری ئەوکاتی حیزبیسوسیال دێموکراتیسوئێد - دوای ١٨ ساڵ تێپەڕین گوتی: کاتێک د. شەرەشکەندی - سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان - وسێ کەس لە هاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکۆنۆسی برلین تێرۆرکران، ئەویش بڕیار بوو وەک دەبیری سیاسی ئەوحیزبە لەگەڵ ئینکوادکارلسۆن - ڕێبەری ئەو کاتی حیزبیسۆسیال دێموکرات - و پییەرشور - دبیری سیاسی پێشوو لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بن. بەڵام بە ئاگادار کردنەوەی کارل‌بیلت- وەزیری دەروەی ئێستاو سەرۆک وەزیری ئەوکاتی سوئید -، چەند سەعات پێش لە کۆبوونەوەی ١٧ی سێبتامبر، بە تەلەیفون داوایان لێکرا، بە هۆی قەیرانی ئابووری وڵاتەکەیان خۆ لەو دانیشتنە ببوێرنو بگەڕێنەوە سوئێد.

کارلسۆنیش گوتبووی: پێم سەیرە کە رووداوی میکۆنۆس لە وڵاتی سوئید دەنگدانەوەیەکی بەر بڵاوی نەبوو. پییە شوریش سەبارەت بە قسەکانی کارلسۆن گوتبووی: رەنگدانەوەی رووداوی میکۆنۆس لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی دیکەدا، پەراوێزخرا.

ئێستا نزیکەی ١٧ساڵ دوای ئاکامی دادگایەکی برلین، سەبارەت بە پەروەندەی میکۆنۆس خەڵات کردنی دادئەستێنە ئازاو بوێرەکانی ئاڵمانی یوستو فون ئەشتال لە نێویۆرکی پێتەختی یەکەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو پەروەندەیە هەڵدەدرێتەوەو باسی جۆراوجۆری تێدا دەکرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە پێویستە ئەو پەروەندە هەروا کراوە بێ، بۆ هەموو وەرزەکانو وەک «دێکۆمێنتێکی» فەرمی جینایی بە وێنەی «شمشیری دامۆکلیس»ی پێشێلکاری مافی مرۆڤو دژبە جیابیرانی سیاسیو نەتەوەیی، لە سەر سەری کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ. بە هەر شێوەیەک بلوێ کاری لەسەر بکرێو هەوڵی بۆ بدرێو لە کۆبوونەوە گرینگەکاندا، باسی لەسەر بکرێو شکایەت لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانیان بکرێو لەگەڵ ئازارو مەینەتییەکانی رۆژانەو کوژرانی کوردەکانو هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی بەرایی جوغرافیای سیاسی ئێران ئاوێتە بکرێ.

**سەرچاوەکان:**

راپۆرتێک لەم پێوەندییەدا لە ماڵپەڕی kdpmedia.org، ماڵپەڕێ دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

وتووێژەی رۆئیا حەکاکیان لەگەڵ ماڵپەڕی ئێران وایر - فەیسبووک

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٢١ی خاکەلێوە ساڵرۆژی حوکمی دادگای میکۆنۆس



**عومەر باڵەکی**

رۆژی ٢١ی خاکەلێوەی هەر ساڵێک بیرخەروەی بریاری دادگای میکۆنۆسە کە لەو دادگایەدا رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک تاوانباری ئەسڵی کردەوە تیرۆریستییەکەی ریستورانی میکۆنۆس لە شاری بێرلینن ناسێندرا کە لەو کردەوە تیرۆریستیەدا «د. سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵانو نوری دێهکوردی» شەهید بوون.

دادگای میکۆنۆس گرینگی و بایەخی خۆی هەیە هەم لە رادەی نێونەتەوەییدا و هەم رادەی ئەم ناوچەیە کە کوردی تێدا دەژیو خاکی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە. چونکە لە رادەی نێونەتەوەییو نێودەوڵەتی ئەوە سەلمێندرا کە ئەگەر دەوڵەتان بیانهەوەێو بۆ ماوەیەکی دەست لە بەرژەوەندییە سیاسیو ئابوورییەکانیان هەڵبگرن رێگری دەکەن لەوەی کە رێژیمە خوێنرێژەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ناتوانن بە کەیفی خۆیان ئەسپی خۆیان لینگ بدەنو خوێنی جیابیرانو دێمۆکراتخوازان لە نێو سنوورەکانی ئەواندا برێژن و سەروەری دەوڵەتان و میللەتان پێشێل بکەن لەرادەی ناوچەییدا ئەو سەلمێندرا کە بزاڤی رزگاریخوازو دێموکراسی بە تیرۆرو کوشتنی رێبەران کۆتایی نایەو رۆژێک دێ دادگایەکی وەک دادگای بێرلین بە دوور لە بەرژەوەندی سیاسیو ئابووری حەق بە حەقداربدا.

ئەگەر چاو بەرەوتی دادگای میکۆنۆس دا بخشێنین دەبینین کە دوو لایەنی مەسەلەکە پێکەوە هاوتەرازو بەرابەرنین. لایەنێک بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردە کە ئیمکاناتێکی کەمی لەبەردەست دایەو لایەنەکەی دیکەش حکوومەتی زۆردارو غەدارە کە هیچ کامە لە پرنسیپەکانی نێونەتەوەیی ناناسێو ئیمکاناتی زۆری لە بەردەست دایە. لێرەدایە بۆمان دەردەکەوێ

کە بە هیچ جۆر هاوسەنگی لە گۆڕێ دانیە، بەڵام حوکمە و ئاکامی دادگای میکۆنۆس ئەو هاوسەنگییە بە قازانجی دادپەروەریو دێموکراسیو دیفاع لە مافی مروڤ گۆری.

لە دوای بەدەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکانو پێکهێنانی حکوومەتێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە بناخەی سیاسەتی دەرەوەی خۆیان لەسەر ناردنی شۆرش «صدور انقلاب» بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دارشتو لە ژێر سێبەری ئەو شێوە بیرکردنەوە هەوڵیاندا لە سەرانسەری دنیادا دەنگی جیابیرانو ئازادیخوازو دێموکراتەکان کە دژایەتی کۆماری ئیسلامیان دەکرد کپ بکەن بێ ئەوەی گوێ بدەنە پرنسیپە نێودەوڵەتیەکانو ئەوە درێژەی کێشا هەتا رۆژی ٢٦ی پووشپەری ١٣٧١ی هەتاوی کە د. سادقی شەرەفکەندیو هاورێیانی بە کردەوەیەکی تیروریستی تێدا شەهید کرانو ئەو تیرۆرە بوو بەهۆی ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان هەڵوێست بنوێنێو چاوپۆشی لەو جینایەتە نەکا هەر بۆیە پۆلیسی ئاڵمان کەوتە لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەو ئەسنادو شاهیدو دوای ساڵێک لە رێکەوتی تیرۆرەکە دادگایەک پێکهات لە سەر پەروەندەی میکۆنۆس کە لە دواییدا بە دادگای میکۆنۆس ناوی دەرکرد.

دادگای میکۆنۆس لە ٦ی خەزەڵوەری ١٣٧٢ دەستی بەکار کردو نزیک بە ٥ / ٣ ساڵی کێشاو لەو ماوەیەدا جەلەساتی دادگا حەوتووی دوو جەلەسە بوون جەلەسەکان بە شێوەی ئاشکرا بەرێوەچوون کە ٢٤٧ جەلەسەی لەخۆگرتو ١٧٠ شاهید تێدا ئامادە بوون و ٩ میلیۆن مارکی ئاڵمانی تێچوی ئەو دادگایە بووو دەتوانین لێرەدا ئیشارە بەوە بکەین کە دادگای میکۆنۆس لەدوای دادگای نورنبرگ کە بۆ تاوانبارانی شەڕی جیهانی پێک هاتبوو گەورەترینو درێژماوەترینو پرهەزینەترین دادگا بوو لە جۆری خۆیدا.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆچی دەوڵەتو دەزگای قەزایی ئاڵمان ئەو هەموو هێزە مادیو مەعنەویو سیاسیەی لەو پەروەندەیە دا سەرف کرد؟

**بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانین ئیشارە بە چەند هۆکارێک بکەین:**

- ئاڵمان وڵاتێکی گەورەی ئابووریو دیموکراسیەو هەمووکات ویستوویەتی رۆڵو نەقشی لە رەوتی رووداوەکانی ئورووپاو جیهاندا دیار بێو بە چاوپۆشی کردن لەو تیرۆرە کەسایەتی رووحیو سیاسی ئاڵمانییەکان دەهاتە ژێر پرسیار.

- ئێران بەو کردەوە سەرووەری خاکی ئاڵمانی لکەدار کردبووو یاساو عورفی دیپلۆماسی لەسەر پێوەندیی دوولایانە بە مەبەستی پاراستنی سوڵح و ئاشتی پێشێل کردبوو.

- سێ کەس لە تیرۆر کراوەکان «د. سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایونی ئەردەڵان» میوانی رەسمیی کۆنگرە ئینترناسیۆنال سوسیالیست بوون.

- ئەو تاوانە بە ئانقەستو لە یەک کاتو شوێندا ئەنجام درابوو کە کاریگەری هەبوو لە سەر بیروڕای گشتی ئاڵمانو بەتایبەتی خەڵکی بێرلین.

بنەماڵەی شەهیدەکان بە رەسمی سکاڵایان پێشکەشی دادگا کردبووو دەبوایە قانوونی دادوەری وڵامیان بداتەوە.

دادگای ئالمان مێژوویەکی ٥٠٠ ساڵەی هەیەو بەپێی یاسای بنەڕەتی ئاڵمان دادگاو ناوەندە دادوەرییەکان لە کاری خۆیاندا سەربەخۆنو داواکاری گشتی کە پارێزەری مافی هاوڵاتیانە زۆرچالاکو سەربەخۆ بە دوای ئەو پەروەندانەدا دەرۆن کە نەزمو تەرتیبی کۆمەڵگایان شێواندوەو زیانیان بە سەرووەری یاسا گەیاندوە.

بۆ ئەوەی بزانین ئاشکراکردنی تاوانبارانی ئەو کردەوە تێرۆریستیە چەندە گرینگی هەبووە بۆ دەوڵەتو دەزگای قەزایی ئالمان، پێویستە لێرەدا باس لە نموونەیەک بکەین: لە ٢٨ سەرماوەزی ١٣٧٤- ە . ئیدارەی گشتی پارێزگاری لە یاسای بنەڕەتی ئالمان "B.F.V" راپۆرتێک دەدا بە دەفتەری داواکاری گشتی «دادستان» ئالمان لە پێوەندی دەست تێدابوونی وەزارەتی ئیتلاعات کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری میکۆنۆسدا بەو شێوەیە باس دەکا: «بەشێک لە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەمنییەتی ئێران راستەوخۆ دەستیان هەبووە لە تێرۆری رێبەرانی کورد لە ٢٦ی پوشپەری ١٣٧١- ە . لە بێرلین. ئەوبەشە کە بەرپرسی تێرۆرەکە بووە ناسراوە بە «یەکەی چالاکی تایبەت» کە ماوەیەکە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان خستۆتە ژێر چاوەدێریو وەک نموونە، یەکەیەک لەو بەشە بەرپرسی تێرۆری د.قاسملو بوون». لە رەوتی دادگادا ئەوە سالمێندرا کە هۆکاری ئەو تێرۆرەو هەموو تێرۆرەکانی دیکە کە دژبەرانی ئێرانی تێدا تیرۆر کراون، سیاسیە. چونکە دەرکەوت کە تاوانباران لە لایەن حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە راسپێردراون کە ئەو کردەوە قێزەونەو دوورلە هەموو پابەندییەکی ئینسانیو جیهانی بەرێوەبەرن. بۆ لێکۆڵەوەرەکان دەرکەوتبوو کە بکوژەکان هیچ جۆر ناسیاویک و دوژمنایەتێکیان لە گەڵ کوژراوەکاندا نیە بۆیە دەبێ ئەو لە لایەن کەس یا کەسانێک یا دەوڵەتێکەوە مەئموریتیان پێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درابێ‌و ئەو دەوڵەتە بێجگە لە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ هیچ دەوڵەتێکی دیکە بێ، چونکە لە نێوبردنی جیابیرانو دژبەرانی خۆی بەو شێوەیە بە ئەرکی خۆی داناوەو تەنیا کۆماری ئیسلامییە لەو تیرۆرە قازانج دەکا. هەربۆیە دەزگای قەزایی ئالمان «kaynehm» لە کردەوەیەکی چاوەروان نەکراودا لە رۆژی ٢٤ی رەشەمەی ١٣٧٤ بریاری دەست بەسەرکردنی «فلاحیان» وەزیری ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێرانی راگەیاندو بریارەکە باس لەوە دەکا کە »فەلاحیان» گومانی بەهێزی لەسەرە بە دەستووردان بە بەرێوەچونی تیرۆرەکە. تەنانەت دادستانی فێدرالی ئاڵمان لە وتوویژێکی کورت لەگەڵ رۆژنامەی «شپیگڵ» لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا حوکمی دەست بەسەرکردنی وەزیرێک کە پۆستی وزارەتی هەیە دەتوانێ دروست بێ؟ ناوبراو بەو شێوەیە وەڵام دەداتەوە:

«دەرچوونی حوکمی دەست بەسەرکردن لە لایەن دەستگای قەزایی هیچ کات مەسەلەیکی سیاسی نیە بەڵکوو دژی کردەوەیەکی قانوونی ناچارانەیە بەرامبەر بە کردوەیەکی تاوانبارانەی قورس، هەروەها لە دەرچوونی بریارێک بۆ گرتن‌و دەستبەسەرکردنی کەسێک نابێ لایەنەکانی کورت خایەن لەبەرچاو بگرین چونکە وەزارەت بۆ هیچ کەس کارێکی دایمی نیە.

سەرئەنجام دادگای بەرزی ئاڵمان لە رۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ بریاری کۆتایی خۆی لەسەر تاوانباران دەرکرد. کازمی دارابی «ئێرانی» و عەبباس راحیل»لوبنانی» زیندانی هەتا هەتاییان بەسەردا سەپاو، یوسف ئەمین «لوبنانی» بە ١١ ساڵ و «محمد اترس» «لوبنانی» بە ٥ ساڵ حوکم دران.

ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیەکە بۆ یەکم جار لە مێژووی قەزایی ئاڵماندا، دادگایەکی بەرز بە شێوەی ئاشکرا دەوڵەتێکی بە تاوانبار ناساند کە دەستی هەبووە لە تیرۆرو کوشتنی نەیارانی خۆی‌و پێویستە ئیشارە بەوەش بکەین کە دادگای میکۆنۆس یەکەم دادگا بوو کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا پەردەی لەسەر روخساری تیرۆریست پەروەریی کۆماری ئیسلامی لابردو یەکەم جار بوو کە کۆماری ئیسلامی بە هۆی بەرێوەبردن‌و هیدایەتی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە لایەن کۆمەڵگای جیهانیەوە مەحکووم دەکرا. چەند ساعەت دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنۆس دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکی رەسمی‌دا رایگەیاند کە دەست تێدابوونی رێبەرانی حکوومەتی ئێران لە مەسەلەی تیرۆری میکۆنۆس‌دا پێشێل کردنی ئاشکرای یاساکانی نێونەتەوەییەو ئاڵمان ناتوانێ کردەوەی‌و لەنێو خاکی خۆی‌دا قەبوول بکا. هەربۆیە دەوڵەتی ئاڵمان بریاری‌دا سەفیری ئاڵمان لە تاران بانگ بکرێتەوەو کۆتایی بە سیاسەتی دیالۆگی رەخنەگرانەی خۆی لەگەڵ ئێران بێنێ‌و چوارکەس لە دیپلۆماتەکانی ئێران لە خاکی ئاڵمان دەربکا.

یەکیەتیی ئورووپا لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٧ لە کۆبوونەوەی شورای وەزیراندا هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرتو هەرکام

لەبەر خۆیانەوە پێوەندی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئێران پچراندو هەتا رادەی کاردار هێنایانە خوارێو تەنانەت حکوومەتی ئوستralیاو نیوزلەندیش سەفیرەکانی خۆیان بانگ کردەوە بەڵام زۆربەی وەزیرەکان دوای مانگێک گەرانەوە بۆ تاران، هەرچەند ئەو پچرانە دیپلۆماتیکە ماوەکەی زۆر کەم بوو بەڵام بێگومان کاریگەری هەبوو لەسەر رەفتاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی چونکە ئێستاش بۆ کەس روون نیە لەو ساڵە چ شتێک لە نێوان ئێرانو ئوروپایەکاندا رووی دا بەڵام شتێک بە تەواوی روونە ئەویش ئەوەیە لە دوای حوکمی دادگای میکۆنۆس زنجیرە تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە راگیرانو لە ماوەی ئەو ٢٢ ساڵە کە بە سەر رووداوی میکۆنۆسدا تێپەردەبێ، رووداوێکی لەو چەشنە لە دەرەوەی ئێران ڕووی نەداوەتەوە.

پەروەندەی میکۆنۆس هەتا ئێستاش باشترین نموونەیە بۆ ناسینی چۆنیەتی چالاکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ لەناو بردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات. هەرچەند رووداوی تیرۆر کردنی د. سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانی بۆ حیزبی دێموکراتو خەباتی کوردستان کارەسات بوو بەڵام حوکمی دادگای میکۆنۆس توانی مەزلومیەتی گەلی کوردو بەرحەق بوونی جووڵانەوەکەی زیاتر بە دنیا بناسێنێو کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێکی سەدەکانی ناوەڕاست لە دنیادا دەست نیشان بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# میكۆنۆس رووناککەرەوەی تاریکخانەی دێوەزمە بوو




**چەکۆ ئەحمەدی**

تیرۆر، تیرۆریزم، تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەو دەستەواژانەن کە بناغەی رەوتی بە ئاکام گەیشتن و روونبوونەوەی جینایەتی رێستۆرانی میکۆنۆس لە دادگایەک کە بەو ناوەوە ناوبانگی دەرکرد، دادەڕێژێت.

تیرۆر، بە واتای تۆقاندن، کوشتنی مرۆڤ یان مرۆڤەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی یاسای دادوەری و بە بێ سازدانی دادگا و لە بەرچاوگرتنی رەوتی دادوەری و ئاکامەکانی دەگوترێت. بکەر و راپەڕێنەری کردەوەیەکی لەم چەشنە، بە تیرۆریست دەناسرێت.

تیرۆریزمی دەوڵەتی کاتێک واتا دەگرێ کە پێکهاتەی دەسەڵاتی دەوڵەتێک بە مەبەستی رووخان یان زەبرلێدان و خەسارلێدان، لە کار و باری وڵاتێکی دیکەدا دەستێوەردان بکات و راستەوخۆ لە کردەوەی تیرۆریستی لەو وڵاتەدا دەستی هەبێت و بەڕێوەی ببات.

پاش کۆتایی‌هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی رژێمی ئێران تووشی ئاڵۆزی و هیوا بڕاوییەکی ترسناک بوونەوە. خەبات و تێکۆشان لە کوردستانی ئێران بەردەوام و وزەی درێژەدانی خەبات بۆ ئازادی و رزگاری بەگوڕ. واقێعبینی حیزبی دێموکرات و رێبەرایەتیی ئەم حیزبە و هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر داهاتووی وڵات بووە هۆی ئەوەی بە مەبەستی یەکخستنی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەنگاوی یەکەم

بەشی سێیەم

هەڵبگرێت کە دەستپێکی ئەم دەستپێشخەرییە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسیی ئێرانی لە لایەن دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ریستۆرانی میکۆنۆس بوو کە بەداخەوە بووە ئامانجی کردەوەیەکی تیرۆریستی و تیرۆریزمی دەوڵەتی و لەو جینایەتەدا چوار ئازادیخوازی راستەقینە و لە سەرووبانەوە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە دوکتور سادقی شەرەفکەندی شەهید کرا.

لە ئاڵمان دادگایەک کە دواتر بە دادگای میکۆنۆس ناوبانگی دەرکرد، بە مەبەستی روون بوونەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو جینایەتە پێکهات و ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ بە فەرمی دەستی بە کارەکانی کرد.

لە رەوتی کارەکانی دادگادا زۆرێک لە لایەنەکانی ئەو جینایەتە و بگرە جینایەتەکانی دیکەی بکەری ئەو تیرۆرەی میکۆنۆس روون بووەوە. یەکێک لەو لایەنە زۆر گرنگانەی لە رەوتی دادگادا روون کرایەوە، سیستماک بوونی تیرۆر و پاکتاوی دژبەران و جیا بیران لە لایەن رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بوو کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دامەزراوەیەکیان بە ناوی "کومیتەی تایبەت" پێکهێنابوو کە لە سەرووی یاسای فەرمی و دەوڵەت و پارلمان بریاری دەدا و یەکلاکەرەوەی هەموو پرسە سیاسی - ئەمنییەتییەکان بوو. ئەو کومیتە لە رێبەری رێژیم، سەرکۆمار، وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتلاعات پێک دەهات و بریاری کۆتایی لە لایەن رێبەری رێژیمەوە دەدرا.

گرینگیی دەرکەوتنی ئەم کومیتە لەوەدا بوو کە هەموو دەزگا ئەمنییەتییەکانی رۆژئاوا بۆیان دەرکەوت کە لەگەڵ سیتمێکی دارێژراو و پووختەی تیرۆریزمی دەوڵەتی بەرەوڕوون و دەبێ زیاتر لە رابردوو وشیار بن.

تەنانەت سەرنج لەوەدایە کە لە رەوتی دادگادا زۆر کەس و کردەوەی ناوخۆیی رێژیم و باندەکانی جینایەتی رێژیم لە نێوخۆ هاتە بەرباس و جیهانی ئازادی لە چۆنیەتیی پێکهاتەی ئەو رێژیمە ئاگادار کردەوە.

سەربەخۆ بوونی ئەو دادگا بە یەکێک لە گرینگترین پرسەکانی ئەو دۆسییە دێتە ئەژمار. سەرەڕای کەوتنە مەترسیی بەرژەوەندی و پێوەندییەکانی ئێران و ئاڵمان و ئەگەری لێکەوتنی خەساری زۆری ئابووری لە وڵاتی ئاڵمان، دیسان سەرەڕای گوشاری زۆر بۆ سەر دادوەرەکان و دادگای میکۆنۆس، ئەم دەزگا سەربەخۆیی دادوەریی خۆی پاراست و بریارێکی بوێرانەی دا و دواتر روون بووەوە کە ئەو بریارە گرنگ و سەربەخۆیانە نەک تەنیا بە قازانجی سیاسیی ئاڵمان، بەڵکوو لە زۆر بواری دیکەوە بە قازانجی وڵاتانی گەورە و بچووکی رۆژئاوا تەواو بووە و رێگای بەزاندنی هێڵی سووری سەرەوەریی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو وڵاتانە لە لایەن ئێرانەوە بەربەستی بۆ دانرا و رێژیم چی دیکە نەیتوانی پاش ئەو بڕیارەی دادگا و وەک رابردوو درێژە بە تیرۆری کەسایەتییە سیاسییە دژبەرەکانی بدات. ئەم سەربەخۆیی و بوێرییەی دادگای میکۆنۆس لە ئاستێکدا بوو کە ئەنجوومەنی پارێزەرانی فیدراڵی ئەمریکا پاش ٢٢ ساڵ رێز لە دادوەرانی ئەو دۆسییە بگرن.

دادگای میکۆنۆس لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧دا بڕیاری کۆتایی خۆی دا و لە ٩ی دێسامبری ١٩٩٨دا بە شێوەی یەکجارەکی ئەو بڕیارەی پشتڕاست کردەوە و ئەو پشتڕاست کردنەوە بۆیە جێی سەرنج و بە گرنگ دێتە ئەژمار کە لە سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمی و بە ناو رێفۆرمخوازانی حکوومەتیدا بوو و ئەو بیرۆکە خەڵەتێنەرەی خاتەمیش نەیتوانی لەو پرسەدا لە سەر بڕیاری یەکلاکەرەوەی دادگا کاریگەر بێت.

لە دوایین بڕیاری دادگادا رێژیمی ئێران و کاربەدەستانی پلە یەکی ئەو رێژیمەی وەک رێکخەر و فەرماندەری سەرەکیی ئەو جینایەتە ناساند و ئەو کردەوەیەی رێژیم وەک "تێرۆریزمی دەوڵەتی" ناودێر کرا.

لە کۆتاییدا پێویستە پرسێکی زۆر گرینگتر بێنینە بەرباس. کۆبوونەوە لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆن کە حیزبی دێموکرات و رێبەرایەتییەکەی و لە سەرووی هەموویانەوە شەهیدی نەمر کاک دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری حیزب هەوڵی پێکهێنانیان دەدا، نیشانەی بیرتیژی و داهاتووبینی و نیازپاکی و هەست بە بەرپرسایەتی بوو و هاوکاتیش ئاکامی ئەو دادگا دەرخەری رەوا بوونی خەباتی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و پێشکەوتنخوازی ئێران بۆ رووخانی رێژیمێک بووکە لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی تا هەنووکە تیرۆر و پاکتاوی جیابیران سەرەکیترین پێناسەیان بووە.

**بە کورتی، جینایەتی میکۆنۆس و بڕیاری کۆتایی دادگای میکۆنۆس رووناککەرەوە و روونکەرەوەی تاریکخانەی دێوزمەی رێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# با لەسالیادی تیرۆری شەرەفکەندی دا، هەڵوێستەکانی بەرامبەر باشووری کوردستان لە یاد نەکەین



**شەریف هەژاری**

کاتێک ئەمانەوێت هەڵسەنگاندنی "دەقیق" بۆ ڕووداو و سەرکردەکانی کورد بکەین، بێ لایەنانە بەو دەرئەنجامانە ئەگەین کە ڕێبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی تیۆریای "بیریی نەتەوەیی" بەسەریاندا پراکتیزە ئەبێ، هەر ئەمەشە وا ئەکات کە جیاوازی جەوهەری لە نێوان ڕێبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشەکانی دیکەدا ئەوە بێت کە "ڕێبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرجار یەکێک لە هۆکارەکانی شەهیدکردنیان پەیوەندیی بەو هاوکاریی و پشتیوانییە لێبڕاوەییەیانەوە هەبووە کە بۆ شۆڕشگێڕان و شۆڕشی باشوری کوردستان ئەنجامیان داون"، بەڵگەی سەلمێنەریش بۆ ئەم ئایدیایەشمان ئەوەیە یەکێک لە هۆکارەکانی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی موحەمەد ئەوەبوو کە سەرکردەیەکی یاخی وەک مەلا مستەفا و کوردی عێراقی لە خاکی ئێراندا نیشتەجێ کردبوو، وەک هاونشیتیمانیانی ئێرانیش مامەڵەی لەگەڵ کردبوون! کەچی پێشەوا قازی موحەمەد شێر ئاسا ئەنەڕێنێ و بە حاکمە فارسە فاشیستەکە ئەڵێت: "کوردستان خاکی کوردە و بەم پێیەش مەهابادیش خاکی بارزانییەکان و هەموو گەلی کوردە!"، چەندان نموونە و بەڵگەی زیندووش هەن کە بیرمەندی سیاسیی کورد "د.قاسملوو"ش کۆڵنەدەرانە هەرگیز ئامادەی بچووکترین خیانەتی نەتەوەیی نەبووە بەرامبەر باشوری کوردستان و لە زۆر ڕووشەوە هاوکاری کردوون، بۆ ئەوەی باسەکەمان زۆر توول نەکێشێ و ڕاستەوخۆ بچینە سەر "جوامێرییەکان"ی شەرەفکەندی کە تا ئێستا لای زۆرێک لە تاکی کورد پێی ئاشنانین، ئەوا هەوڵەدەین چەند هەڵوێستێکی

ناوازەی ئەو ڕێبەرە تیرۆرکراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر باشوری کوردستان بخەینەڕوو:

ئاشکرایە کە د.سادقی شەرەفکەندی برا بچووکی شاعیری ناو دەرکردوو و زمانەوانی کورد "هەژاری موکریانی"یە، هەر بۆیە ئەمیش وەک هەژاری برای بە نەبوونیی و چەرمەسەری لە گووندەکەی خۆیاندا لە موکریان گەورە ئەبێ و بەردەوامی بە خوێندن ئەدا و، جوامێرانەش زۆربەی قۆناغەکانی خوێندنی یەکەم ئەبێ، هەتا ئەوەی لەبەر لێهاتووی دەنێردرێت بۆ فەرەنسا و لەوێش بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستی کیمیادا بەدەست دێنێت و پێنج زمانی زانیووە "کوردی، ئازەری، فارسی، عەرەبی و فەرنسی"، دیارە لەو سەردەمەش دا بڕوانامەی دکتۆرا تەواو دانسقە بووە و وەک ئەم سەردەمە نەبووە کە لەلایەن حیزبەکانەوە زۆر کەسی حیزبیی بە بڕوانامەی خوێندنی باڵا خەڵات بکرێت!

شەرەفکەندی هەرچەند ماوەی ڕابەرایەتیکردنی لە گەورەترین پارتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە حیزبی دیموکراتە زۆر کورت ئەبێ و تەنها ٣ ساڵ "١٩٨٩ - ١٩٩٢" ڕێبەرایەتی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەکا، بەڵام کارەکانی بەتایبەت بەرامبەر شۆڕشی باشوری کوردستان وامان لێ ئەکا کە شەرەفکەندی وەک سیمبوولی ڕێبەرێکی "خاوەن هەڵوێست و نەترس" لەقەڵەم بدەین، هەرچەندە ئەشزانین لەو سەردەمەدا حیزبەکەی "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران"، زۆرێک لە بارەگاکانی بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆپۆلەتیکی کوردستانەوە لە سنوری عێراق دابوو، حیزبی بەعسی دڕندەش فەرمانڕەوای عێراق بوو، بەڵام پێچەوانەی هەڵوێست و کارکردی سەرکردەکانی باشوری کوردستان، شەرەفکەندیش یەک چرکەش هەڵوێستە نەتەوەییەکانی بۆ ڕژێمی بەعس کز نەکرد، کە ئەتوانین چوار هەڵوێستی دانسقە و نەترسانەی بخەینەڕوو:

١- بۆیەکەمجار لە کەناڵی ئێن ئار تی، فەرەیدون عەبدولقادری ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی دانی بەوەدانا کە تاکە هێزێک چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەدا هاوکاری سەرخستنی ڕاپەڕینی باشوری کوردستانی لە ڕووی داراییەوە کردبێت، ئەوا حیزبی دیموکرات بووە. ئێمە دەزانین دەقیق لەو سەردەمەدا شەرەفکەندی سکرتێری گشتی ئەو حیزبە بووە، هەر بە پێی قسەکانی فەرەیدون عەبدولقادر حیزبی دیموکرات ئەوەی لە خەزێنەیان دابووە بە چەند هەزار دۆلارێک خستوویانەتە خزمەت یەکێتیی نیشتیمانیی و پلاندانەرانی ڕاپەڕین بۆ سەرخستنی ئەجێندا سیاسییەکەیان لە باشوری کوردستاندا.

٢- بە پێی ئەو دیکیۆمێنت و دەستنووسانەی کە بەردەست کەوتوون، لە ڕووی پراکتیکیشەوە، بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە چەندین شوێنی ناو شارەکاندا چاوساغیی و زانیاریان بە مەفرەزە پارتیزانەکانی یەکێتی دابوو لە بارەی هێزەکانی ڕژێمی عێراقەوە، لە هەندێک شوێنیش بە نازناو بەشداری سەرخستنی ڕاپەڕینیان کردبوو.

٣- یەکێک لە گرنگترین هەڵوێستەکانی دیکەی شەرەفکەندی بەرامبەر شۆڕشگێڕان و خەڵکی باشوری کوردستان، ڕاگەیاندنی بەیاننامەیەک بوو لە "کۆڕەوەکەی باشوری کوردستاندا"، بۆ هاوکاریکردنی هەموو ئەو کوردانەی باشوور کە ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبوو بە جۆرێک کە خۆیان بە "ئاوارە" نەزانن، ناوەڕۆکی بەیاننامەکەش جەخت لەوە ئەکاتەوە کە پێویستە کوردانی ڕۆژهەڵات هەرچی پێیان ئەکرێت لە "خانوو، ماڵ و دارایی" دابەشی بکەن بەسەر برا کوردەکانی باشوردا، بە پێی نامە دەستنووسە دۆکیۆمێنتەکانی نێوان شەرەفکەندی و سەرکردەکانی دیکەی حیزبەکەشی: "ڕێنوێنی بە سەرکردەکانی حیزبەکەی دەدات کە داوا لە خەڵکی کوردستانی ئێران بکرێت بە بەردەوامی یارمەتی زیاتر پێشکەش بە برا کوردەکانی باشور بکەن"، هەر بە پێی دەستنووسە دۆکیۆمێنتیەکانیش شەرەفکەندی و سەرکردەکانی حیزبەکەی جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە: "نابێت لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراق پێی ناخۆشە و فشار لەسەر حیزبی دیموکرات دادەنێت ئەوا ئەوان "حیزبی دیموکرات" بێ دەنگی هەڵببژێرن بەرامبەر ملیۆنان کوردی ئاوارەی باشوری کوردستان". زیاتر لەمانەش، مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکرات بڕیار دەرئەکا کە: "نابێت لەو ئاوارانەی باشوری کوردستان کەل و پەل بە هەرزان بکڕدرێت، چونکە ئەو خەڵکە ئاوارەی باشوری کوردستان لە زروفی دەربازکردنی گیانیاندان و بەو پێیەش شتومەکێکی زۆر بە نرخێکی زۆر کەم و هەرزان ئەفرۆشن"، هەروەها "شەرەفکەندی فەرمانی دابوو کە تەواوی بارەگا سەرسنوریەکانی حیزبەکەی هەموو تواناییان بخەنەگەڕ بۆ گواستنەوە و پاراستنی خەڵکی باشوری کوردستان ڕووەو ڕۆژهەڵات".

٤- لە ڕووی نێو دەوڵەتیشەوە شەرەفکەندی تێکۆشابوو بۆ گەیاندنی دەنگی جینۆسایدکردنی کوردانی باشور بۆ ناوەند و کەسایەتییە جیهانییەکان بەتایبەت گەیاندنی ئەو کارەساتە قڕکەرانەیە بە "د.بێرنارد کۆشنێر و مادام میتەران و چەندان کەسایەتی دیکەی ڕۆژئاوایی" کە دواتر هەوڵەکانی کاریگەردانەر بوو بۆ پاراستن و دانانی ناوچەی دژە - فڕین بۆ گەلی کورد لە باشور دا.

**تێ بینی:**

ئەم بابەتە تەنها سەرەقەڵەمێک بوو لە هەڵوێستەکانی د.سادق شەرەفکەندی بەرامبەر شۆڕشی باشوری کوردستان لە تەنها ٣ ساڵ "١٣ - ٧ - ١٩٨٩ تا ١٧ - ٩ - ١٩٩٢" ی ڕێبەرایەتی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا و، خوێنەر بۆ زیاتر ئاشنابوون بە شەرەفکەندی بەتایبەت لە ڕووی "ئەکادیمی و بەرهەمەکانی و ئەندێشەکانیی" ئەتوانێت چەندین سەرچاوەی تایبەت لەو بارەیەوە بخوێنێتەوە.

جێی ئاماژەشە کە ئەم بابەتە پشتی بە چەندین دۆکیۆمێنتی دەستنووس و بیرەوەریی و یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرەیدون عەبدولقادر بەستووە، کە بریتین لە:

١- نامەی دەستنووسی سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات و شەرەفکەندی کە بە دەستم گەشتووە و هەر بەڕێزێک پێویستی بوو ڕەنگە بتوانم بیخەمە بەردەستی.

٢- بیرەوەرییەکانی "تەیمور مستەفایی :لە چیکانی زاگرۆسەوە، ل ٣٣١ - ٣٤٤.

٣- چاوپێکەوتنی فەرەیدون عبدالقادر لەگەڵ کەناڵی ئێن ئاڕ تی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

# میراتی دکتۆر شەرەفکەندی بۆ گەلەکەی



مەجید حەقی

کەسی شۆرشگێر، مەرگیشی شۆرشگێرانەیە. وتەیەکی دکتۆر قاسملوو کە هەم ژیانی و هەم مەرگی خۆیشی شۆرشگێرانە بوو. کە باس لە میراتی رێبەرێک دەکرێت باس لە بەرهەمەکانی ناکرێت. سەرکەوتوویی رێبەری بە ژمارەی ساڵەکانی بوون بە کەسی یەکەمی رێکخراو، وڵات یان نەتەوە ناژمێردرێت. رێبەری بە واتای بەرپرسایەتی ئەنجامی کارگەلێک بۆ کۆمەڵگا، بنەماڵە، رێکخراو نەتەوە و ژینگە بۆ ئەوەی جیهانێکی چاکتر لە پێشوو وەدیٚ بێت. جیهانێکی چاکتر لە جیهانی رابردوو میراتی سەرەکی رێبەرە.

ئەوە دکتۆر سەعید بوو کە بە توانا کەموێنەکانی توانی سوکانی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای نسکۆی تیرۆری دکتۆر قاسملوو بەدەستەوە بگرێت. کاتێک سیٚ رۆژ بەرلە کارەساتی بیست و دووی پووشپەر هێلێنی هاوسەری دکتۆر قاسملوو، کە ئاگاداری گفتگۆکانی نهێنی نێوان رێبەری حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی بوو دەپرسێت ئەگەر شتێک بەسەرت بیٚ کیٚ حیزب بەرێوە دەبات؟ قاسملوو دەڵێت: جاریٚ دکتۆر سەعید هەیە، ئەوانی دیکەش بەرە بەرە پیٚ دەگەن.

رێبەری ئەرکێکی ئاسان نیە. جیا لە بڕیارە گرنگەکانی رۆژانە، بەشداری لە پرۆسەی بەرێوەبردن و ئەرکی قورسی گونجاندنی جیاوازیەکان بە یەکەوە، رێبەر زۆرجار بیر لەوە دەکاتەوە کە داخوا چ میراتێکی رێبەرایەتی بەجیٚ دێڵم؟ میراتی رێبەری بەرهەمی ئەو بڕیارانەیە کە بایەخ و بەهای ئەوان لە مێژوودا دەنووسرێت. دکتۆر سەعید لە هەلومەرجێکدا ئەرکی قورسی رێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئەستوە گرت، کە بە هۆی شەهیدبوونی چاوەڕواننەکراوی دکتۆر قاسملوو حیزب و جوڵانەوەی کورد تووشی شۆکێکی کاریگەر ببوو، بەرگری چەکدارانەی قورس لە کوردستان لە هەمبەر

بەشی سێیەم

هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرێوەبوو. بەهۆی شەری ناوخۆیی کوردستان و لێکدابڕانی دوای کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جۆلانەوەی کورد لە هەمبەر تەنگەژەی بڕوا دەست و پەنجەی نەرم دەکرد. هاوکات رووخانی ولاتانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و شکست هێنانی ئایدیۆلۆجیکە توندرەوەکانی چەپ و سۆسیالیستی ببوو بە پرسێکی ناسنامەیی ناو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و کوردستان و تەنانەت بەشێکی زۆر لە چەپە سوننەتیەکانی ناو ریزەکانی حدکا. دووساڵ دوای شەهید بوونی قاسملوو حیزبی دێموکرات بە ئاستێک خۆی گرتبوو کە کەمتر هەست بە بێ قاسملوویی دەکرا. دکتۆر سەعید ئەرکی خۆی بە شێوەیەک جێبەجێ کرد کە ئاکامەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەبیندرا.

مەرگی دکتۆر سەعیدیش شۆرشگێرانەبوو. ئەو رۆژێک کە ئەرکی قورسی رێبەری جۆلانەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی بە ئەستۆوە گرت، روو بە قاسملوو و هاورێیانی کرد و وتی: "ئێمە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە رێگات درێژە بدەین یان هەوای پاکی ئازادی هەڵدەمژین یان سەربەرزانە دەگەینە لای تۆ." ئەو لەکاتێکدا شەهید کرا کە بەهێزێکی تەواوەوە خەریکی رێبەری جۆلانەوەیەکی توند، کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی لێکدابراو و پرشوبلاوی ئێران بوو، کە ئێستاش لە دەستی پرشوبلاوی و بێناسنامەیی راستەقینە دەنالێت. دادگای ناسراو بە میکۆنۆس و رەوتی لێکۆڵینەوە و ئاکامەکانی دادگای تیرۆری ناجوانمێرانەی رێبەرانی کورد، بوو بەهۆی کۆتایی هاتنی تیرۆری فیزیکی رێبەران و چالاکانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لە ئورووپا. شۆرشێک کە دکتۆر شەرەفکەندی بە شەهیدبوونی خۆی بەرپا کرد، کۆتایی هێنانی سێبەری ترس و تیرۆری رژێمێکی خوێنمژ بوو، کە بریاری دابوو هەموو ئەوانەی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە نەخوازراو و دوژمنی خوان لە ناو ببات.

دکتۆر سەعید لە رێگای هەوڵ و خەبات بۆ یەکگرتنەوە، یەکریزی و پێکەوە ژیان گیانی فیدا کرد. ئەو بەر لە شەهیدبوونی لە هەوڵی دۆزینەوەی رێگا چارەی کەمکردنەوەی خەسارەکانی دوای کۆنگرەی هەشتەمی حیزب و کۆتایی هێنان بە دووبەرەکیەکانی ناو جۆلانەوەی کورد بوو. ٢٢ ساڵ دوای ئەو کۆستە گەورەیە جۆلانەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان پرشوبلاوتر لە هەمووکات کاری بووتەوە دووپاتکردنەوەی دروشمی "یەکریزی و یەکیەتی" لە پێناو سەرکەوتندا. جێی خۆیەتی لە میراتگرانی ئەو رێبەرە بلیمەتەی کورد پرسیار بکرێت، ئاستی بەرپرسایەتی ئێوە بەرامبەر ئەو میراتانەی کە شەرەفکەندی بە کردەوە هەنگاوی بۆی هەڵدەهێنا چییە؟

سەرچاوە: ماڵپەری هەڵۆی کوردستان - رێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوکتور شەرەفکەندی لە نێو حیزبیش دا مامۆستا بوو



**سەلاح پوور ئەسەد**

ساڵی ١٣٦٢ی هە تاوی ئێمە سێ کەس واتا شەهید ئازاد، مستەفا قازی زادە و من بە هۆی هێندێک کێشە و ناکۆکی کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەی پێشوومان دا بوومان، بڕیارمان دا کە بچینە نێو یەکێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان. شێوە ی بیرکردنەوەی ئەو کاتەمان فەرقی دە کرد و لە باری فیکرییە وە لە سەر زۆر مەسەلە لە گە ل حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ناکۆک بووین. چۆنکە پێشتر لە ریزی ریکخراوێکی چە پی دا بووین یەکەم جار چووینە لای کۆمەڵە و پێمان گوتن بە پاراستنی بیروبۆچوونی خۆمان دە مانهەوێ ببینە پێشمەرگەی کۆمەڵە، بۆ کوێمان دەنێرن دە چین. گوتیان ئێمە ئەوەمان قەبوول نییە و ئێوە یان دە بێ هەموو بیر و باوەڕی ئێمە قەبوول بکەن، یان وەک میوان لامان بمێننەوە تا ئەو کاتەی خۆتان بڕیار دەدەن. لە بەر ئەوەی نەمان دەویست بێکاردانیشین ئەم پێشنیارەمان قەبووڵ نەکرد و چووینە لای حیزبی دێمۆکرات کە ڕێبەرایەتییەکەی تازە لە گەلاڵەی نزیک سەفرە جێگیر ببوون. ئەو کات دوکتور شەرەفکەندی بەرپرسی کومێسیۆنی تەشکیلات بوو. ڕێنۆینییان کردین بۆ لای کاک سەعید(د.سادق شەرەفکەندی) کە شۆینی کارەکەی چادرێک بوو. زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنی کردین، گوتمان ئێمە چە ند ساڵێک لەگەڵ ڕێکخراوێکی مارکسیستی بووین، بیروبۆچوونمان لەگەڵ حیزبی دێموکرات فەرقی هەیە. گوتی دەتانهەوێ بێنە نێو حیزب بەڵام بیروبۆچوونی خۆتان بپارێزن؟ گوتمان ڕاست وایە. گوتی هەر بیرو باوەڕێکتان هەیە دەتوانن بیپارێزن. بەڵام دڵنیام هەمووی شەش مانگی پێ ناچی کە بە تەواوی ڕێبازی حیزب قەبووڵ دەکەن، چونکە ڕیبازێکە لە خزمەتی خەڵک دایە. لە ساکەکەی سێ بەرگەی ئە ندامەتیی دەرهێنا و گوتی پڕی بکەنەوە.

## بەشی سێیەم

لە یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی ئەم خالانەم تێدا بەدی کرد کە بۆ هەمیشە لە زەینم دا دەمێنیتەوە. زۆر بە ئارامی باسەکانی بۆ شی کردینەوە. هەستمان نەکرد کە لە گەڵ کەسێکی غەریب قسە دەکەین، هەستی خۆبە گەورەزانینم تێدا بەدی نەکرد، دەتگوت لە گەڵ کەسێک دەدوێین کە چەندین ساڵە دەیناسین. قسەکانی ورەی کارکردنی تێدا بە هێز کردین، وای کرد کە بڕوا بەخۆبوونمان زیاتر بێت و لە بەربەستەکانی ڕێگا سل نەکەین. پێی گوتین ڕەنگە لە جەرەیانی کار دا کێشەتان بۆ دروست بێ، بەلام دەبێ خۆڕاگر بن. حیزبی دیموکرات جێگای هەموو کە سی دەبێتەوە و زۆرمان پێ خۆشە لاوەکان و کەسانی خوێندەوار لە حیزب دا کار بکەن.

ئێستا پاش چەندین سال باشتر بۆم دەرکەوتوە کە چلۆن کەسێکی وەک دوکتور شەرەفکەندی ئەزموونی چەند ساڵ دەرس خوێندن و وانە گوتنەوە لە زانکۆکانی بە کردەوە هینایە نێو حیزب و ئەوەندەی لە دە ستی هات بۆ مودێرنیزە کردنی حیزب تێکۆشا

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ۲۰ سالەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# داخوا ئێمە لە قاسملوو و شەڕەفکەندی چ فێر بووین؟



**کاووس عەزیزی**

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم کورتە نووسینەم ماوەیەکی زۆرە ئامادەم کردبوو، بەڵام هەربە مەسلەحەتم نەدەزانی بڵاوی بکەمەوە.

سەرەنجام ویستم لە ٢٢ مین ساڵی تێرۆری دوکتۆر شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی دا بخەمە بەردیدی خوێنەران بە گشتی و ئۆگرانی ڕێبازی ئەو شەهیدانە بە تایبەتی. لام ڕوونە کە دەکەومە بەرلۆمە و گازندەی هاوڕێیانم، بەڵام ئەو گازندە و لۆمەیە لەگەڵ ئەوەیّ ڕێز لە بۆچوونی هاوڕێیانم دەگرم، پاشگەزم ناکا لە دەربڕینی ئەوەی کە باوەڕم پێ یە، من هەمیشە گوتوومە و دیسانیش دەیڵێمەوە کە هیچ شتێک لە خۆ سانسۆری ناخۆشتر و دژوارتر نیە، هەڵبەت لە نەزەر خۆمەوە بۆی دەچم.

دوکتۆر قاسملوو ٢٥ و دوکتۆر شەڕەفکەندی ٢٢ ساڵە لە نێوماندا نین و ئێستاش چەمینی پشتمان بە هۆی باری قورسی غەمی لە دەست دانیان و هاوکات جێی بەتاڵیان هەر پێمانەوە دیارە و گۆچانی ئەو پشت چەمینە بەدەستمانەوەیە. ئەگەر کەس نەزانێ کە تێرۆری ئەو دوو ڕێبەرە هەڵکەوتوو و تا ئێستاش بێ هاوتایەمان چ ئازار و چ بۆشایی یەکیان لە بزووتنەوەی کورد دا بەجێ هێشتووە، خۆ ئێمەی ئەندامی بنەماڵەی ئەوان چاک دەزانین ئەوان چیان لەگەڵ خۆیان بردەوە و ئێمە بە نەمانی ئەوان چیمان لە دەست دا! لە کام لووتکەڕا داگەڕاینەوە کام قووڵکەی نوقوم بوون.

ئەوەی ئامانجی منە لەو کورتە نووسینەدا ئەوەیە کە: هەمووی ئێمە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان شانازیی ئەوەمان پێ براوەتەوە کە یان قوتابی و هاوسەنگەری ئەو دوو ڕێبەرە بووین، یان ئەوانەی کە ئێستا لاون ڕێبواری ڕێگای ڕێبەرانی شەهیدن، ئیدیعای ئەوە دەکەین کە زۆر شت لە دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی فێر بووین. منیش حاشا لەوە ناکەم، بێ گومان لێیانەوە فێر بووین. لانی کەم ئەوە فێر بووین کە خەبات بکەین لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤ. فێر بووین کە لە پێناو بەرژەوەندیی حیزبی دا بەرژەوەندیی نەتەوەیی نەکەینەوە قوربانی. فێری ئەوە بووین کە کورد نەتەوەیەکی زوڵم لێکراوە و پێویستیی بە فیداکاریی ڕۆڵەکانیەتی. کەوابوو شت لەو گەورە ڕێبەرانە فێر بووین، ڕەنگە شاهکاریشمان نەکردبێ کە لە دوو گەورە ڕێبەری نەتەوەکەمان کە هەردوویان لە زانکۆ مامۆستا بوون، شت فێر بوبین. هەر وادابنێین ئەوان هەر مامۆستان وئێمە قوتابی، وەک هەموو قوتابی یەک کە لە مامۆستاکەی فێر دەبێ.

بەڵام لە برگەی جیاواز و بە پێی پێویستیی فەردی و مەحفەلی، ئەو فێربوونە کراوەتە نەوعێک پڕووپاگەندە بۆ فەرد و بگرە مەحفەلی بچووکی نێو حیزب، کە ئەو فەرد و مەحفەلانە ئامانجی گرتنە دەستی دەسەڵاتی حیزبیان هەبووە. زۆر جار ئیغراق کراوە و دەکرێ. کەسی وایە بە خۆی قەبڵاندووە کە ئەو لە هەموو کەس زیاتر لە قاسملوو و شەرەفکەندی شت فێر بۆوە، ئەوەش بەو ئامانجە بەیان دەکا کە گوایە من قوتابی و ڕێبواری هەرە لێهاتووی ڕێبازی ئەوانم و مافم لە هی ئەوانی تر زیادترە، چوونکی لە خەڵکی تر زیادتر شت لەو ڕێبەرانە فێر بووم، ئەو ئیدیعایە بە دوور نیە لە ڕاستی و بێ گومان ئاستی فێر بوون لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازی هەیە و ئەوە سروشتی قوتابی و مامۆستایە. بە حەق کڕیاری ئەو قسە هەست بزوێنانەش چ لە نێو حیزب و چ لە نێو کۆمەڵگای کوردی دا یەکجار زۆرن. هی وایە پێیوایە هەم زۆر شت فیر بووە، هەم وەک ئەوان ڕێبەری کردنی بزووتنەوەی کردۆتە سەرلەوحەی کارەکانی و هەرکاتێکیش دەچێتەوە بەر ئاوێنە لە باتی وێنەی خۆی، وێنەی ڕێبەرانی شەهید دەبینێ.

بەڵام لەو بەینە دا بۆچوونێکی جیاوازترم هەیە و مەرجیش نیە هاوڕێیان و هاوبیرانی ئێستا و ڕابردووم لەگەڵی دا کۆک بن، بەڵام چوونکی قەناعەتی منە، دەخەمە بەر دیدی خوێنەران و بەتایبەتی هاوڕێیانی دێمۆکراتم.

**من ئەو مودەعیانە بە سەر چەند بەش دا دابەش دەکەم:**

**یەکەم**: زۆر کەس لە نێو حیزب بە گشتی و کادری ڕێبەریی حیزب دا بەتایبەتی شتی بە نرخ لەو ڕێبەرانە فێر بووە کە هەرکامەیان نرخ و بەهایەکی نەتەوەیین و دەتوانرێ بکرێنەوە مێتۆدی کار و خەباتی ئێستا و داهاتوومان. هەر وەها ئەو کەسانە لە بواری زانستی، هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی سیاسەت و خەباتی شۆڕشگێڕانە، ڕێبەری کردن و دیپلۆماسیەت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەی ڕێبەری کردن لەو دوو سەرکردە شەهیدە فێر بوون.

بەڵام بەداخەوە لە پراکتیک دا ئەو شتانە تەنیا بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی حیزبی و بەرژەوەندیی خۆی و دەوروبەری کە زیاتر مەحفەلێک بوون و هەن بەکار هێناوە، نەک حیزب و بزووتنەوە بە گشتی. واتە ئەو شتانەی کە لە قاسملوو و شەرەفکەندی فێر بۆوە تەنیا لە خزمەت خۆی و مەحفەلەکەی دابووە و بەس.

**دووهەم**: دەستەیەکی تر لە ئەندامانی حیزب بەگشتی و کادری ڕێبەری بەتایبەتی هەبوون و هەن کە ئەوانیش مودەعی ئەوەن کە زۆر شت لەو ڕێبەرانە فێر بوون و لە قسە و لێدوانیان دا بەردەوام باسی دەکەن و نموونە و فاکت لە دوو سەرکردەی شەهید دێننەوە و دەیانەوێ وا نیشان بدەن کە زۆر شت لێیان فێر بوونەتەوە.

بەڵام دە عەسڵ دا ئەو دەستەیە کەمترین شت و لە هیندێک بواریش دا هیچ شتێک لە قاسملوو و شەرەفکەندی فێر نەبوون. تەنیا و تەنیا لە ئیدارە کردن و ڕێبەری کردنی حیزب و بزووتنەوە دا دەیانەوێ وابنوێنن کە جێی ئەو ڕێبەرانەیان پڕ کردۆتەوە. واتە تەنیا ڕووبە خەڵک خۆیان بە قاسملوو و شەرەفکەندی نیشان دەدەن و لە ئەساس دا شتێکی ئەوتۆیان لێ فێر نەبوون. تەنیا و تەنیا لاسای قاسملوو و شەرەفکەندی دەکەن.

**سێهەم**: دەستەکیش هەن و زۆر شت لە قاسملوو و شەرەفکەندی فێر بوون، بەڵام نە دەرەتانی ئەوەیان بۆ ڕەخساوە و نە خۆشیان هێندە هەوڵیان داوە تا ئەو زانیاریانەی کە فێری بوون بخەنە بواری کار و خزمەت لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەیی. واتە فێر بوون، بەڵام هەوڵی ئەوەیان نەداوە تا بەکاری بێنن. ئەو دەستەیە کەمینەیەکی زۆر زۆر بچووکن.

**چوارەم**: دەستەیەکی دیکەش هەیە کە نە باوەڕیان بەو ڕێبازە هەبووە و هەیە کە دوای پێشەوا قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی ئاڵاکەیان بەبەرزی ڕاگرتووە و تەنانەت نە هاوڕێ و هاوبیری ڕاستەقینەی ئەو ڕێبەرانەبوون. ئەوان زۆرجار لە پشت گەورەیی ئەو ڕێبەرانە دا سەنگەریان گرتووە، بەڵام سەنگەرەکەیان ڕووی لە خودی ئەو ڕێبەرانە بووە. ئەوان کەسانێکی بەرژەوەندیخواز و لە باوەڕ دا لەرزۆک بوون. شۆڕش و بزووتنەوەی کوردیان لا گرینگ نەبووە و زۆرتر حەز و ئاواتەکانی خۆیانیان وکە تاک و مەحفەل پاراستووە.

**بە کورتی**

بەداخەوە ڕێبەرانێک مان هەبووە و هەن، یان زۆر شت لە قاسملوو و شەرەفکەندی فێرِ بوون و ئەو شتانەیان بۆ خۆیان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

بنەماڵە و مەحفەلەکەیان بەکار هێناوە، یان ئەوەی کە کەسانێکیش هەبوون و هەن شتێکی ئەوتۆ لەو ڕێبەرانە فێر نەبوون، بەڵام لاسایی قاسملوو و شەرەفکەندی دەکەن لە و ئەدای سیاسەت و ڕێبەری کردنی حیزب دا. بۆیەشە وەزعی حیزبی ئێمە گەیاندرایە ئەمڕۆ کە بەداخەوە دوو بەشە و هەرکام لەو دوو بەشەش کۆمەڵێک کێشەی سیاسی و تەشکیلاتیی هەیە کە چارەسەر کردنیان لە توانای ڕێبەریی ئێستایان دا نیە، بەتایبەتی کێشەی هەرە سەرەکی کە یەکنەخستنی دووبارەی حیزبە لە قەوارەیەکی واحید دا.

**سڵاو لە گیانی پاکی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، ئەو ڕێبەرە زانا و پێشمەرگەیەی هەتاسەرمان.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

## مەهاباد ٢٢ ساڵ پێش ئێستاء لە کاتی شەهید بوونی دوکتور مەحمەد سادق شەرەفکەندی و هاوڕیانی لە بڕلین ئالمان .



بیژەن قارەمانی

بێ گوومان بە هەموو لێک دانەوەیەک شوک و تائسیری تیروری دوکتور شەرەفکەندی لە شەهید کردنی دوکتور قاسملوو بۆ بزوتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە رۆژهەلات کوردستان قورستر بوو . هەم حیزب دێموکرات و هەم خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی ڕێبەرایەتی دوکتور شەرەفکەندی دا کەم کەم گەیشتبوونە ئەۆ قەناعەتەی کە دوکتور شەرەفکەندی لە هەموو بوارەکان دا لە مەیدانی سیاست کردن چێ لە هاوتایی پێشووی خۆی واتە دوکتور قاسملوو کەم نێ یە! دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی ژیان و ڕێبەرایەتی دوکتور قاسملوو لە حیزب دێموکراتی کوردستان دا بە جێگای مانوڕ دان زیاتر کاری کرد هەر بۆویە زۆر زوو توانی ئەم بووشایی قوله و برینە بەزام و ئێشە لە جەستەی حیزب دێموکرات و بزووتنەوە کورد دا ساریژ کاتەوە. رێبەرایەتی دوکتور شەرەفکەندی راست لە کاتی ئاڵ و گۆرە بنەڕەتی و چارەنووس سازەکانی ناوچە دا دستی پێ کرد کە خۆشی قولی لێ هەلمالیبوو و هەستی بە گۆران لە سیاست و کردوەی حیزب دێموکرات دا دەکرد و لە جەنگە و جەرگەی دەست پێ کردنی عەمەلی دا دوژمن ئەمانی پێ نەدا لە گەڵ دوو کادری بەتوانای حیزبەکەی تێرۆری کرد، گەلی کورد و حیزب دێموکرات کوردستانی بێ رێبەر و سەرکردە کرد.

راستە دادگا بە ناو میکونووس زۆری مانوڕ لە سەر درا و زۆری هەزینە بۆ کرا، تەنانەت سەرانی حکوومەتی تاران لە

ئاستی باڵا دا وەک تاوانباری یەکەم ناسران و چەند (٥ کەس) وەک ئەنجامدەرانی تێرۆرەکە بۆ ماوەیەک زیندانی کران و پاشان لە گەڕانەوەیان بۆ تاران فەرشی سووریان لە ژێر پێ ڕاخرا و تاجە گوڵی زەڕینیان لە مەل کردن .... بەڵام بۆ کورد و حیزب دێموکراتی کوردستان بەداخەوە هیچ دەستکەوتێکی ئەوتووی بەداوی خۆی دا نەهێنا و مەرگی دوکتور سادق سەرەتایک بوو بۆ کۆتایەکی بێ ئەنجام و بێ ئاکام لە نیو ڕێزەکانی حیزب دێموکرات کە لە دوو قوناغی دە ساڵی دا ئەم حیزبەی گیاندووتە بارو دۆخی ئێستا!

بۆ منی ئەندام و لایەنگری ئەو کاتی "حدکا" لە شاری مەهاباد بێ گومان شەهید کردنی دوکتور سادق و هاوڕێیانی بەژانتر و کاردانەوەی نەرینی زیاتری هەبوو، راستە ئەوکات و ئێستاش حیزب دێموکرات لە خەبات خۆی پاش گز نەبووتەوە و ئێستاش لە سەر هەمان ڕێگاو ڕێباز بەردوامە بەڵام هۆکارە نیوخۆیەکان ئەوەمان پێ دەڵێن ئەو حیزبە دەبی و دەکرا و دەکری زۆر زووتر لەوەی ئێستا بە خۆی و کردەوەکانی دا بەچیتەوە و کۆتایی بەم بارو دۆخە ناهەموارەی نیوانیان (حدکا و حدک) بیین!

هەڵوێستی ئەو کاتی خەڵکی مەهاباد لە یەکەم رۆژی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی دا کۆماری ئیسلامی بە چوک دا هێنا و خەڵک هەر ئەو رۆژە بریاری خۆیان دا بە داخستنی دوکان و بازار بە شیوەی سەرانسەری و چۆن بۆ پرسە و سەرخۆشی ڕیبەری شەهید بە کۆمەڵ لە ماڵی برا و خوشکی شەهید (( بەڕێزان کاک عەبدوڵڵا و دایە زینب شەرەفکەندی )) سەرە ڕای پێش گرتنی هێزەکانی ئتیلاعات و ....

نیشانە کردن و قەفل شکاندنی دوکان و بازار لە لایەن هیزی ئینتزامی، هەڕشە کردن لە خەڵک کە بەشداری پرسە و سەرەخۆشی نەکەن و گرتنی زۆر کەس لەم رۆژە دا و رۆژانی دوای نەیانتوانی وفاداری ئەم خەڵکە بەم ڕێبەرە و بەم بنەماڵەی و بەم رێبازە کەم کەنەوە.

پرسە و سەرەخۆشی بە هەموو شێوەیەک بە ئاشکرا و نەهێنی زیاتر لە دە رۆژی کێشا و خەڵک بە هەموو شێوەیەک ئەمگ ناسی و وفاداری خۆێ گەیاندە حیزب دێموکراتی کوردستان.

من و چوار هاوڕێم حەوتوویەک دوای شەهید بوونی بە ئاگاداری پێش وەخت بۆ بەشداری لە پرسەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی چۆینە ماڵی بەڕێز کاک عەبدوڵڵا شەرەفکەندی تا بەم شێوە و لە نیزیکەوە خۆمان بە بەشداری ئەم کارەساتە بزانیین کە بروکی نەتەوەکەمانی گرتووە.

**بەشی سێیەم**

**شەوێکی یەکجار ناخۆش بوو بیرەوەریەکانی کاک عەبدوڵڵا لە قۆناغەکانی جیا جیای ژیانی دوکتور شەرەفکەندی ئەم شەوە بۆ ئێمە هەم دەرس بوو هەم ئەزموون، لەویش ناخوشتر گریانی بێ ئەمان و بێ پسانەوە کاک عەبدوڵڵا لە کاتی باس کردنی تایبەتمەندیەکانی شەهیدی ڕێبەر ..... لە هەموو بواری دا.**

**من لە هەمان کات دا پێش شەهید بوون و دوای شەهید بوونیشی بە هۆی ناسیاوی و دۆستایەتی بەشێک لە هاوتەمەنەکانی شەهید دوکتور سادق زۆر زانیاری و تایبەمەندی ڕێبەری شەهیدم بیستبوو کە هەموو لە یەک شت دا هاووبش بوون ئەویش تایبەت مەندی چ لە ئاستی کەسایەتی خۆی و چ لە ئاستی کۆمەڵاتی دا ......**

**هەر بەداوی شەهید بوونی دا کەسێکی نێزیک لە حیزب و لە شەهیدی ڕێبەر بۆ پرسە و سەرەخۆشی و هاودردی لە گەڵ حیزب دێموکراتی کوردستان سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیم کرد و لە گەڕانەوە دا نیگەرانی خۆی لە باری قورس و گرانی ڕیبەرایتی دوای شەهید بوونی دوکتور سادق پێ ڕاگەیاندین کە ڕێبەرایتی و مودیریەتی حیزب کارێکی ئاسان نێە و..............**

**بەڕێز بێت یادی شەهیدی سەرکردە و ڕیبەری زانا دوکتور سادق شەرەفکەندی و کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایوون ئەردولان و نوری دهکردی .......**

**تایبەتمەندی سێ ڕیبەری شەهیدی حیزب دێموکرات کوردستان "قازی ، قاسملوو و شەرەفکەندی" لەوە دا بوو کە هەر سێکیان کاتێک هاتوونە ناو حیزب توانایی و لێهاتووی ڕێبەری کردنیان هەبوو، ڕێبەرێکی بە واقع کاریزما و لێهاتوو بوون هەر ئەوەش وای کردوە کە لە ڕێبەرایتی دا دەستە وەستان و داماوو نەبن ......**

**هەر سێ بە کردەوە ڕێبەر بوون و هەر سێ بۆ ئامانجەکانیان شەهید بوون ئەوەش یانی ڕیبەری کاریزما**

**سەرچاوە: فیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەهیدبوونی شەرەفکەندی دووبارەبوونەوەی تاوانێک بوو ڤییەنا دەرحەق بە قاسملوو کردی



### هیدایەت جان

ساڵ لەمەوبەر، ١٧ سێپتەمبەری ١٩٩٢ دکتۆر سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ریستۆرانتی میکۆنۆسی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لەگەڵ فەتاحی عەبدولی و هومایون ئەردەڵان و نووری دێکوردی لەلایەن راسپێردراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران.

تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی تەنیا ٣ ساڵ دوای تیرۆرکردنی دکتۆر عەبدورەحمانی قاسملوو رووی دا، بەڵام ئەمجارەیان دادگەی ئەڵمانیا هاوشێوەی وڵاتی نەمسا بێ دەنگبوونی لەم تیرۆرە هەڵنەبژارد.

### دادگەی میکۆنۆس

دادگەی میکۆنۆسی ئەڵمانیا لەسەر دۆسیەی تیرۆرکردنی دکتۆر شەرەفکەندی گومانی خستە سەر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە دیاریکراوی ناوی عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەوکاتی ئێران و عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتڵاعاتی پێشووی ئێران راگەیاند و بانگێشتی دادگەی کردن بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان بەرامبەر بەو تاوانەی ئەنجامیان داوە.

محەمەدنەزیف قادری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەسەر تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی بە

**"وشە" دەڵێت:** "دکتۆر سەعید ساڵی ۱۹۹۲ بۆ کۆبوونەوەی "ئیشتیراکی دوەلی" ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیست، چوو بۆ بەرلین و دوای کۆبوونەوەکە لەگەڵ بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە مەبەستی گەیشتن بە رێکەوتننامەیەک بۆ هاوکاری و چالاکترکردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەپێناو رووخانی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری حکوومەتێکی دیموکراتیک، لە ریستۆرانتی میکۆنۆس کۆ بوونەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا دەستێکی رەش کە لەگەڵ جاسووسخانە "کۆنسوڵخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران" لە ئەڵمانیا پێوەندی هەبوو و هەر لە رێگەی ئەوانەوە نێردرابوونە شوێنی کۆبوونەوەکە و سەرکردە و ئەندامانی حزبی دیموکراتیان دایە بەر دەستڕێژی گولە و تیرۆریان کردن".

لە دادگەییەکەدا کەسێک کە پێشتر ئەندام بووە لە ئیتڵاعاتی ئێران، بە پاڵپشتی بەنی سەدر و گەرەنتی دادگەی ئەڵمانیا بۆ پاراستنی ژیانی، وەک شایەت ئامادە بوو. ئەو کەسە کە ناوی لە دادگەی میکۆنۆس پارێزراوە، دانی بەوە نا کە خۆی پێشتر ئەندامی وەزارەتی ئیتڵاعاتی ئێران بووە و شایەتی لەسەر ئەوە دا کە شێوازی داڕشتنی تیرۆرەکە بە باشی دەناسێت.

**حەمە نەزیف قادری دەڵێت:** "کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دەستبەکاربوونی سیاسەتی فەرمی، تیرۆری کەسایەتییە سیاسی و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران بووە و بەتایبەتی رێبەرانی کورد و تێکۆشەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەویش بەهۆی بیروباوەڕی دیموکرات و پێشکەوتووانەیان هەمیشە کەوتوونەتە بەر ئامانجی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران".

ئەو ئەندامەی پێشووی وەزارەتی ئیتڵاعات لە دادگە کۆمیتەیەکی شاراوەی تیرۆری ئێرانی ئاشکرا کرد کە بەرپرسیاری سەرجەم تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵاتیان لە ئەستۆ بوو کە پێک هاتبوون لە رێبەری ئێران و سەرکۆمار و وەزیری ئیتڵاعات و وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

دوا بەدوای ئەو شایەتییە دادگەی ئەڵمانیا بەرپرسانی باڵای ئێران، لە سەرووی هەمووانەوە، عەلی خامنەیی بە ئەنجامدەرانی تیرۆری دکتۆر سادقی شەرەفکەندی ناو برد.

**قادری رای گەیاند:** "هەر لە ساڵی ۷۹وە خومەینی بەداخ بوو لەوەی کە دکتۆر قاسملو بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بژاردەکان "مەجلیسی خیبرەگان" نەچوبووە تاران بۆ ئەوەی بیخاتە داو و تیرۆری بکات و خومەینی لە ژیاندا بوو کە بڕیاری تیرۆری دکتۆر قاسملوو درا و دوای تیرۆری قاسملوو، دکتۆر سادق شەرەفکەندی بوو بە ئامانجی ئەو پیلانە دژ بە مرۆییەی رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەداخەوە زەفەریان پێ برد و تیرۆریان کرد".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرباری هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەرپۆشکردنی ئەو دۆسییەیە، هەرگیز نەیانتوانی وەک کەیسی دکتۆر عەبدورەحمانی قاسملوو بە ساتوسەوداکردن دەوڵەتی ئەڵمانیا پاشگەز بکەنەوە. سەرباری ئەوەی دەوڵەتی ئەڵمانیا فشاری زۆری بۆ دادگە هێنا بۆ ئەوەی زیاتر رۆ نەچێتە ناو لێکۆڵینەوەکان، بەڵام هەر ئەو کەیسە بوو بەهۆی ئەوەی پێوەندی دەوڵەتی ئێران و ئەڵمانیا بگاتە خراپترین ئاست لە مێژووی هەردوولا.

تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی لە کاتێکدا بوو کە سەرۆکایەتیی شاندێکی حزبی دیموکراتی دەکرد بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست لە بەرلین و چەند کاتژمێرێک دوای کۆتایی کۆبوونەوەکە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسی لە نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ریستۆرانتی میکۆنۆس کۆ بووبوونەوە.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا سەبارەت بە هەڵوێستی دادگەی ئەڵمانیا پێزانینی خۆی سەبارەت بەو هەوڵانە دەربڕی و رای گەیاند، دادگەی ئەڵمانیا بەو کردەیەی سەلماندی کە سەربەخۆیی لە بڕیاردانادا هەیە و بە جورئەتەوە سەرکردە باڵاکانی ئێرانی لە تێوەگلان لە تیرۆری سیاسی ئاشکرا کرد. لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوە درابوو کە ئەگەر دادگەی نەمسا هەڵوێستێکی هاوشێوەی دادگەی ئەڵمانیای گرتبایە بەر، ئەوا رەنگ بوو لە تیرۆری دکتۆر شەرەفکەندی و کەسایەتییە سیاسییەکانی تر سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنابایە.

**ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت:** "شەهیدبوونی دکتۆر سادق شەرەفکەندی دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە گەورەیە بوو کە لە ڤییەنا دەرحەق بە دکتۆر عەبدورەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی کرا".

## دیموکرات پاش تیرۆری شەرەفکەندی

ئەگەرچی حزبی دیموکرات رای گەیاند بە تیرۆرکردنی سەرکردەکانیان هەرگیز لە چالاکییەکانیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان سارد نەبوونەتەوە، بەڵام بە کردەیی دوای تیرۆری ئەو دوو سەرکردە سیاسییەی دیموکرات شایەتی دابەزینی ئاستی چالاکی ئەو حزبە بووین.

**حەمەنەزیف قادری پێی وایە شەهیدبوونی ئەو دوو سەرکردەیە کاریگەری لەسەر حزبەکەی داناوە و دەڵێت:** "بێگومان، نەمانی هەر ئەندامێکی خاوەن جێگە و پێگە لە هەر حزب و رێکخراوێکی سیاسیدا کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام حزبی دیموکراتی کوردستان ئەزموونێکی مێژوویی هەیە و بە دەیان و سەدان کادیر و سەرکردەی گەورەی پێ گەیاندووە و لە رەوتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درێژەدان بە خەبات لە دژی دیکتاتۆری رژێمەکانی ئێران لە مەیداندا بووە".

قادری هۆکاری سستبوونی حزبەکەی لە دوای تیرۆری شەرەفکەندی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسی سەردەم و دەڵێت: "ئەم سستییەی باسی لێوە دەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی و پێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بزوتنەوەی کورد بە تێکڕایی و پەیوەستە بەو ئاستەنگانەی ئێستە لە ئێران سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی لە ئارادایە، بەڵام حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئێستەیش حزبێکی چالاکە لە بوارەکانی سیاسی و رێکخستن و راگەیاندن و دیپلۆماسییەوە و لە رووی رێبەرایەتیکردنی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە هەر ئالاهەڵگر و پێشەنگە لە کوردستانی ئێران".

## ترس لە دیموکراسی و ئازادی

کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا ئامانجی تیرۆرەکانی ئەو کەسایەتییە سیاسییانە بوو لە باسیان لە دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ دەکرد، لە سەرکردە سیاسییە ئێرانییەکانی جگە لە کورد شاپووری بەختیار یەک لەو کەسایەتییانە بوو کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کرا، ئەو لە کتێبەکەیدا بەناوی "یەکرەنگی" دەنووسێت: "من بەرلەوەی کە خۆم وەک ئێرانییەک و پێڕەوی ئاینێکی دیاریکراو بناسێنم، لە سەرووی هەمووانەوە بڕوام بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەیە". وەک قادری دەڵێت: "سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە رێبەرانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات زۆر بێ بەزەییانە بووە، هەر لە دکتۆر شاپوور بەختیار و دکتۆر رەجەوی و زۆر کەسایەتی سیاسیی تریان لە دەرەوەی وڵات تیرۆر کرد".

حەمەنەزیف قادری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەوە ناو دەبات کە لە هەموو بیرێکی ئازادیخوازانە سڵ دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەو کەسایەتییانەی کە سیکۆلار و دیموکرات بوون و دژی عەقڵیەتی چەقبەستووی رژێمی کۆماری ئیسلامی خەباتیان دەکرد و کاریگەریان لەسەر گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە ئێراندا هەبوو، دەکرانە ئامانجی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، هۆکاریش ئەمەیە کە جەوهەری کۆماری ئیسلامی دژایەتیکردنە لەگەڵ ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەری و دژایەتییە لەگەڵ عەقڵیەتی پێشکەوتوو کە دژی کۆنەپەرستی خەبات دەکات".

## بۆچی حزبی دیموکرات دەکەوێتە بەر ئامانجی تیرۆر

لەناو ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵاتی کوردستان حزبی دیموکرات ئەو حزبە بووە کە لە تیرۆری سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا پشکی

شێری بەرکەوتووە و دوو لە سەرۆکی هەرە کاریگەری ئەو حزبە بوونەتە قوربانی تیرۆر.

**حەمەنەزیف قادری هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەربوونی حزبەکەی لەسەر رای گشتیی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەڵێت:** "لەگەڵ رێزمان بۆ سەرجەم ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر بێ تاقەت بووە، لەبەر ئەوەی حزبی دیموکرات خاوەن جێگە و پێگەیەکی سیاسی و رێکخراوەییە لە کوردستانی ئێران و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و رێبەرانی ئەو حزبە هەوڵیان داوە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و کەسایەتییە دیارەکان لە دەوری بەرنامەیەکی سیاسی کۆ بکەنەوە بە مەبەستی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. هۆکاری تریش ئەوەیە کە حزبی دیموکراتی کوردستان ناوەندی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی ئێران بووە".

**ئەوەش دەڵێت:** "حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو روانگەوە کەوتووەتە بەر ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**یەکەم**، هەڵگری بیروباوەڕی دیموکراسیخوازانە بووە،

**دووەمیان**، هەڵگری خەباتی نەتەوەیی بووە کە ئێران خۆی وڵاتێکی فرە نەتەوەییە و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوانە بە مەترسی دەزانێت لەسەر پێگە و جێگەی خۆی. بۆیە بەشێک لە کەسایەتییە سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردی ئێرانی تیرۆر کردووە. بۆ نموونە کاک سەدیق کەمانگەر یەک لەو کەسایەتییانە بووە کە بەهۆی پیلانێکی خەیانەتکارانەوە تیرۆر کراوە، بۆیە ئۆپۆزسیۆنی چالاکی کوردی ئێران هەمیشە ئامانجی تیرۆری کۆماری ئیسلامی بوونە".

## زنجیرە تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی

تیرۆری دکتۆر سادقی شەرەفکەندی تاکە کاری تیرۆری سیاسی نەبوو لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەڵکو هەروەک شایەتەکەی دادگەی میکۆنۆس ئاشکرای کرد، کۆمیتەیەکی تایبەت بە سەرپەرشتی سەرکردە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی پێک هاتبوو بۆ لەناوبردن و تیرۆری ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی کاریگەرتریان لەسەر رای گشتی ناوخۆی ئێران هەبوو و لە سەرووی هەمووان دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوو و شاپووری بەختیار بوو.

دکتۆر قاسملوو، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ساڵی ١٩٨٩ لە ڤیەننای پایتەختی لەکاتی دانوستان لەگەڵ بەناو دیپلۆماتکارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەن ئەو دیپلۆماتکارانەوە تیرۆر کران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

شاپووری بەختیار سکرتێری گشتیی "حزبی ئێران" و دوا سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی شای ئێران بوو کە پاش رووخانی رژێمی شای ئێران لە چوارچێوەی "نیهزەتی مقاوەمەتی میلی" دژایەتی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران درێژە پێدا و ساڵی ١٩٨٠ هەوڵی تیرۆرکردنی درا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٩١ جارێکی تر لە پاریس لەلایەن چەند چەکدارێکەوە هێرش کرایە سەری و تیرۆر کرا. هەر ئەوکات میدیاکان بەرپرسیاری هەردوو هێرشەکەیان خستە ئەستۆی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام حکوومەتی فەرەنسا هاوشێوەی کەیسی تیرۆری دکتۆر قاسملو لە نەمسا، ئەو تاوانەی پەردەپۆش کرد و کەیسەکەی بە نهێنی هێشتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەکانی چوار چالاکی سیاسی لەپێوەندیی لەگەڵ تیرۆری میکۆنووس



**ئارەش لوڕستانی**

**سالێک لەوەپێش لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ، بەرنامەی کاوش لەپێوەندیی لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس کە بە پەروەندەی میکۆنۆس ناسراوە، چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کەس لە کەسایەتییە سیاسییەکان ئەنجام دا. لێرەدا قسەکانی چوار کەس لە بەشداربووانی ئەو بەرنامەیە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەی کوردستان.**



**محەمەد نوریزاد:** لەبارەی تیرۆری میکۆنووس پێم وایە بەرپرسە حکوومەتییەکانی ئێمە هەڵسوکەوتێکی زۆر نابەجێیان لەبەرامبەر دژبەرانمان ئەنجام دا کە ئابڕووی ئێمەیان لەسەر ئاستی دنیادا بردو سیمایەکی ترسێنەریان لە ئێمە نیشان دا. لەگەڵ دژبەران زیاتر دەبێ قسە بکرێ نەک ئەوەکە لە دەرەوەی سنوورەکان بیانکووژین کە بەداخەوە ئەمە شێوازێکە بەرپرسە حکوومییەکانمان گرتوویانەتەپێش بەتایبەت سەبارەت بە دژبەرە کوردەکانمان. ئەمە خەسارێکی گەورەیە کە لە سەرەنجام دادگای میکۆنۆسی لێکەوتەوە و هێندێک لە بەرپرسەکانمان تۆمەتبار کران و لە دادگای میکۆنووسدا بڕیاری مەحکووم بوونیان دەرکرا. تا کاتێک ئەم شێوازە لەلایەن بەرپرسەکانی ئێمەوە قبووڵ نەکرێ‌و بە فەرمیی داوای لێبوردن

**بەشی سێیەم**


نەکەنو قەرەبووی زیانەکان نەکەنەوە، ئەمە هەروا بابەتێکی گەرمە کە بە نێوچاوانی ئێمەوەیەو ناتوانرێ حاشای لێ بکرێ. کەسانێکی زۆر لە وڵاتدا لەبەر دژایەتی کردن، لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەتیەکانی ئێمەوە کوژراونو هێندێک لە بەرپرسەکانمان ئیزنی سەفەرکردن بۆ وڵاتانی دیکەیان نیەو ئەم بەرپرسانە دەزانن لە ئەگەری چوونەدەر لە وڵات، لەلایەن دەزگا دادوەرییەکان و پۆلیسی نێودەوڵەتییەوە قۆڵبەست دەکرێن و نەتیجەی ئەم کردەوانە ئەو تێچووە قورسانەیە کە دەکەوێتە سەرشانی خەڵکی ئێمەو هەمووان وەک تیرۆریست لێمان دەڕوانن.



**میهرنەنگیزی کار:** ئەو تیرۆرەی لە ڕیستۆرانی میکۆنۆس ڕووی دا، دوای تیرۆری پێشوو بوو کە دەرحەق بە ڕێبەرانی کورد ئەنجام درا. ئەگەر بمانەوێ بەدوای بنەما سیاسییەکانو پاڵنەرەکانیدا بگەڕێین، سرووشتییە دەگەینە ئەوەی کە هەرچەشنە بەربەرەکانییەک لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بەتایبەت ئەو بەربەرەکانییانەی کە کەمایەتییە ئیتنیکی - نەتەوەییەکان یان کەمایەتییە ڕەگەزییەکان دەیانەویست نیشانی بدەن، لەگەڵ ئەوەی نیازی دابەشکردنی وڵاتیان نەبوو و بە تەما بوون داخوازییەکانیان لە بواری کولتووریدا بێننەگۆڕێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی دەیەویست لەجێگەی چارەسەرکردنی مەسەلەکە، خودی مەسەلەکە بسڕێتەوە وەک هەموو ئەو بابەتو دژایەتییانەی کە لە بەرامبەریاندا ڕاوەستابوو. کۆماری ئیسلامی لەجێگەی چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوام بەدوای لابردن و سڕینەوەی پرسیارەکەدا بووە کە هیچکات سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە چونکە ئەسڵی مەسەلەکە وەک خۆی ماوەتەوە و لەجێی خۆی دایە. ئەگەر توانیویەتی لەباری جەستەییەوە ڕێبەرانێک یان خەڵکێک بکووژێو لەنێوی بەرێ یان تووشی ئاوارەبوونی بکا، بەڵام ڕەنگدانەوەکەی بەرۆکی خودی کۆماری ئیسلامی گرتۆتەوە بۆ نموونە سەبارەت بە مەسەلەی میکۆنۆس دادگاییەکی نێونەتەوەیی لانیکەم لە هێندێک شوێنی جیهان بەتایبەت ئورووپا وەک تیرۆریزمی دەوڵەتیی بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فەرمی ناسراو زەربەی زۆری لە پڕستیژی نەتەوەیی ئێرانو کۆماری ئیسلامی دا، بە ڕادەیەک کە کەسە یەکەمەکانی ئەو کاتی لە دادگای میکۆنۆسدا حوکمی جەلب و گیرانیان بۆ دەرچوو. ئەمڕۆ دوای چەندین ساڵ ئاغای ڕەفسەنجانی دەڵێ تیرۆری میکۆنۆس لەژێر چاوەدێری مندا بەڕێوە نەچووە و کاری گرووپە خۆسەرەکان بووە چونکە لەو سەردەمدا ئەو سەرۆک کۆمار بووەو ئاغای فەللاحیان وەزیری ئیتلاعات،

بەشی سێیەم

بەڵام بە هەر هۆکارێک ئاغای ڕەفسەنجانی لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی خۆیدا وەها قسەیەکی نەکرد و دیارە لەوە تێگەیوە ئەم چەشنە کردەوە تیرۆریستیانە تا چ ڕادەیەک زیان بە سەقامگیریی و پرستیژی ئەوان دەگەیەنێ.



**حەسەن شەریعەتمەداری**: لە تیرۆری میکۆنۆس و گشت تیرۆرەکاندا ئیددیعای ڕێژیم ئەوە بوو کە بە پێدانی ئیمتیازە ئابوورییەکان بە ئورووپا دەتوانێ تیرۆرەکان لەوێ ئەنجام بداو لە دواهات و لێکەوتەکانیشی پارێزراو بێ. لەڕاستیدا ئازایەتیی دادگای میکۆنۆس بوو کە بە مەحکووم کردنی هەیئەتی دەسەڵاتداری ئێران و بە نێوهێنانیان کارەکەی گەیاندە جێگەیەک کە کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانەی مەیلی دەوڵەتی ئەوکاتی ئەڵمان، تۆمەتبار بکرێ و زیانی قووسی ئابووریشی وێبکەوێ و ناچار بەوە بکرێ کە لە تیرۆریزمی دەوڵەتی دەست هەڵگرێ.

دیارە ئۆپۆزیسیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر بەهۆی ئەم تیرۆرە سەرسوڕهێنەرانەوە پاسیڤ ببوو و کاریگەریی قووڵی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن دانابوو، بەڵام ڕاگیرانی تیرۆریزمی دەوڵەتیی دوای پەروەندەی میکۆنۆس بوو بەهۆی ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن بتوانێ ئاراستەی خۆی بدۆزێتەوەو ئازایەتیی زیاتر پەیدا بکا کە لەڕاستیدا دوکتۆری شەرەفکەندیی و هاوڕێیانی بە شەهیدبوونیان ئەم دەسکەوتەیان بۆ ئۆپۆزیسیۆن وەدەست هێنا. ئەم ئیددیعایەی ڕەفسەنجانی کە کوژرانی دوکتۆر شەرەفکەندی و چەند کەسی دیکە لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس بە ئاگاداریی ئەو نەبووە، ئیددیعایەک نییە بتوانرێ بە ئاسانی قبووڵ بکرێ. ئەم کوشتنانە لەژێر چاوەدێریی ئاغای فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێران ئەنجام دراون کە ئەم بەرپرسایەتییە لەژێر چاوەدێریی و فەرمانی سەرۆک کۆماریی دایە هەرچەند لەوانەیە ئاغای فەللاحیان لەژێر کاریگەریی ئاغای خامنەییدا بووبێ بەڵام سەرۆک کۆمار لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا بەشدارە و ئاگاداری بارودۆخەکەیە. شایەتی لەدادگا ناوی ئاغای ڕەفسەنجانیشی هێناوەو بە ئاگاداربوون لە قەتڵەکان تۆمەتباری دەکاو بەڵگەکانیش ئەوە دەردەخەن کە ئاغای فەللاحیان و ئاغای ڕەفسەنجانی پێوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەبووە.

تا سەردەمی دوکتۆر شەرەفکەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێوەندییەکی زۆر گەرمی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو و کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنی ڕێکوپێک لە سەردەمی دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بە یارمەتی دۆستە هاوبەشەکانمان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

یەک لەوان خوالێخۆشبوو نووریی دێهکوردی ئەنجام دەدرا. دوای شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندی ئەم کۆبوونەوانە پچڕان و لەسەر هەردوو لایە کە خۆ لە گرژییەکان بپارێزن‌و بۆ دروستکردنی ئێرانێکی دێموکرات و ئاوەدان هەوڵ بدەن. ئەم ئەرکە یەکلایەنە نیەو دەبێ لە هەر دوو لاوە کاری بۆ بکرێ بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان کە حیزبێکی مێژوویی زۆر گەورەو گرینگە، لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵ و بەرپرسایەتییەکی تایبەتی لەسەر شانە.



**یوسف عەزیزی بنی تۆرۆف:** ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسە سیاسیی و ئەمنییەتییەکانی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەکان بەشێوەیەکی گشتی‌و مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی تایبەتی، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەڕادەبەدەر توندوتیژانە بووە و تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندیی شلەم چوارچێوەیەدا شایانی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنە. ئەم تیرۆرە کە دوابەدوای تیرۆری چەند ساڵ پێشتر واتە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو ئەنجام دراوە، بە بۆچوونی من بە چەند هۆکارێک، بە چەشنێک تۆڵەسەندنەوە لە خەباتی نەتەوەی کورد بوو. یەکەم ئەوەکە ئەم نەتەوەیە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی‌و ئایدۆلۆژیای ئیسلامی، ئاڵاهەڵگری سێکۆلاریزم و دێموکراسی بۆ هەموو ئێران بوو و لە هەمووش گرینگتر ئاڵاهەڵگری مافی نەتەوە غەیرەفارسەکان بوو. کەواتە دەتوانرێ لەم چوارچێوەیەدا ئەم تیرۆرە هەڵسەنگێنرێ. کاتێک لە هاوینی ١٣٥٨ ئاغای خومەینی بڕیاری هێرش بۆسەر کوردستانی دەرکرد کە لە ٢٨ی گەلاوێژدا بەڕێوەچوو، لەبیرمە لە تاران چ هێزگەلێکی دەمارگرژ هاتنەسەر شەقامەکان کە دروشمیان دەدا « حیزبی دێموکرات لە خاکو خوێن وەردەدەین» و ئەم لە خاکو خوێن وەردانە لە ٢٨ی گەلاوێژی ٥٨ دەست پێکراو تێچووەکەشی لەلایەن نەتەوەی کوردو ڕێبەرانیەوە درا. تەنانەت لە دەرەوەی وڵات کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەرێکیش ڕانەوەستا و چەند ساڵ دوای تیرۆری خوالێخۆشبوو دوکتۆر قاسملوو، جێگرەکەشی واتە دوکتۆر شەرەفکەندیشیان تیرۆر کرد. دوکتۆر شەرەفکەندی ئاوێتەیەک لە کەسایەتیی سیاسیی‌و فەرهەنگی بووکە لە کتێبو بەرهەمە بەجێماوەکانی‌و کەموزۆر لە وتارەکانی‌دا دەیبینین. ئەم کوشتن‌و تیرۆرانە سەرەڕای ئیددیعای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ بەشێوەی خۆسەرانە بووە، لە هەر حاڵەتدا زەربەی زۆری لە یەکگرتوویی نەتەوەیی داوە و لەڕاستی‌دا برینی قووڵی خستوونەتە سەر ئەم پەیکەرە کە بە ئاسانی دەرمان ناکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٢٣ ساڵ بەسەر تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا تێپەڕی



م. ئەحمەدی

٢٣ ساڵ لەمەوبەر لە رۆژی ١٧ی سێپتامبردا، کە هێشتا برینی تیرۆر کردنی رێبەری مەزن «دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملوو» لای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سارێژ نەببوو، «دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی» سکرتێری حیزبی دیموکرات لە ریستورانتی میکۆنووس لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی تیرۆر کرا.

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١١٣٧ (١٧ی سیپتامبر ساڵی ١٩٩٢) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە ریستورانتی میکۆنوس «دوکتۆر سادق شەرەفکەندی» کە دوای تیرۆری «د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو» بوو بە سکرتێری حیزبی دیموکرات لە گەڵ «فەتاح عەبدولی»، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و «هومایون ئەردەڵان» نوێنەری حیزب لە ئەڵمانیاو هەروەها «نووری دێهکوردی» کەسایەتیی ئێرانی و دۆستی حیزبی دیموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر کران.

شەرەفکەندی لەگەڵ وەفدی هاوڕێ بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستدا چوو بووە ئەڵمانیا و ئەو شەوەی کە تیرۆر کرا بڕیار بوو لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سەراسەری ئێران لە ریستورانتی میکۆنووس کۆ ببێتەوە.
لەو کاتەدا دادگای ئەڵمانیا بە دواداچوونی بۆ بابەتەکە کرد و ساڵێک دواتر کەسێکی بە ناوی «کازم دارابی» کە ئەندامیی سوپای پاسداران بوو و لە ئەڵمانیا دادەنیشت لەگەڵ چوار لوبنانی دیکە دەستگیر کرد و کاری دادگا لە سەر ڕووداوی ١٧ی سێپتامبری ریستورانتی میکۆنووس دەستی پێکرد. دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەم دۆسیە نزیکەی پێنج ساڵی

خایاند و لەو ماوەیەشدا دادگا ٢٤٧ جار لەسەر ئەم دۆسیەیە کۆبووەوەو لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی دادگاییەکەدا زیاتر لە ١٧٠ کەس بەشدار بوون. لە مانگی مارسی ١٩٩٧دا دادگا بڕیاری کۆتایی لەسەر دۆسیەکە دەرکرد. بەپێی بڕیارەکە «کازم دارابی» ئەندامی سوپای پاسداران و «عەباس رەحیل» خەڵکی لوبنان، زیندانی هەتا هەتاییان بۆ بڕایەوە و «یوسف محەمەد ئەمین» ١١ ساڵ و «محەمەد ئەتریس» ٥ ساڵ زیندان بۆ بڕایە و هەر دووکیشیان لوبنانی بوون.

هەروەها دادگای ئەڵمانیا «عەلی خامنەیی»، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و «هاشمی ڕەفسەنجانی»، سەرکۆماری ئەو کاتی ئێران و «عەلی فەلاحیان» وەزیری ئەو کاتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و «عەلی ئەکبەر ویلایەتی»، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئێران بە تاوانبار و بڕیاردەرانی سەرەکی تیرۆرەکە ناساند. و لەو کاتەوە هیچ کام لەو چەند کەسە جگە لە وڵاتانی دراوسێ، نەیانتوانیوە سەفەری دەرەوەی ئێران بکەن. ئەم دادگاییە لەو کاتەدا نۆ ملیۆن «فرانک»ی تێچوو.

بڕیاری دادگای ئەڵمانیا لەسەر ڕووداوی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیەکانی کە بە «کارەساتی میکۆنووس» ناسراوە و یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتییە لە سەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و کاتێک ئەو بڕیارە دەرچوو کێشەیەکی قووڵ کەوتە پێوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەڵمانیا و یەکیەتیی ئورووپا و ئەڵمانیا باڵوێزی خۆی لە تاران بانگ کردەوەو چوار دیپلۆماتی ئێرانیشی لە وڵاتەکەی دەرکرد. هەروەها سەرجەم وڵاتانی ئورووپایی باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە و باڵوێزخانەکانیان بۆ ماوەیەک داخست. لە بەرامبەریشدا کۆماری ئیسلامی باڵوێزەکانی خۆی لە وڵاتانی ئورووپایی بانگی تاران کردەوە.

ئەم بڕیارە کە بە بڕیارێکی مێژوویی دادەنرێ و بۆ یەکەمین جار بوو لە جیهاندا کە سەرکردە باڵاکانی وڵاتێک لە لایەن دادگای وڵاتێکی دیکەوە بە تاوانبار بناسێندرێن لە ئاکامدا ناکۆکییەکی گەورەی لە نێوان تاران و ئورووپا دروست کردووە دوای تێپەڕینی چەند مانگ بە سەر هاتنە سەرکاری «محەمەد خاتەمی» سەرکۆماری ریفۆرمخوازی ئێران لە ساڵی١٣٧٦(١٩٩٧) پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ئورووپایی و کۆماری ئیسلامی ئێران وردە وردە گەڕایەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

کازم دارابی، کە تاوانبارێکی دۆسیەکە بوو دوای ١٥ ساڵ زیندان ساڵی ٢٠٠٧ رادەستی کۆماری ئیسلامی کرایەوە و کاتێک گەیشتەوە تاران رایگەیاند کە قسە لەسەر ئەڵمانیا و دەزگای دادوەری ئەو وڵاتە دەکات.

تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تا هەتا هەتایە وەک پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی پڕشەرمی کۆماری ئیسلامیدا دەمێنێتەوە و هاندەرێکی بەردەوامە بۆ خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کورستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرپرسایەتییەکی درەنگ وەخت لە بەرامبەر تێرۆریزمدا



مستەفا مەعرووفی

٢٣ ساڵ لەوە پێش لە رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) د. سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هومایوونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووریی دێهکوردی دۆستی حیزبی دێموکرات لە بێرلین لە رێستوورانێکدا بە ناوی میکۆنووس بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران.

هەرچەند تێرۆریزم دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵام لەوکاتەوە کە رادیکالیزمی ئیسلامی لە شکلی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتوە، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ و مەترسیدارەوە. دوو خوێندنەوەی توندڕەوانە لە ئیسلام، دوو جۆر تێرۆریزمی مەزهەبیی لێ کەوتۆتەوە کە هەر چەند تا رادەیەک لە شێوە و تاکتیکدا وەک یەکن بەڵام لە رووی مەزهەبییەوە جیاوازو تەنانەت دژ بە یەکن. یەکەمیان خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە لە مەزهەبی شیعە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆنەوە بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکا، دووەم، خوێندنەوەیەکی توندڕەوانە لە مەزهەبی سوننی کە تالیبان لە ئەفغانستان بە کردەوە نوێنەرایەتیی دەکرد و پاشان ئەلقاعیدە بە خوڵقاندنی رووداوی ١١ی سێپتامبر لە نیۆیۆرک گەیاندییە لووتکە و ئێستاش داعش باڵی بەسەر هەموو گرووپە تێرۆریستەکانی دیکەی ئەم رەوتەدا کێشاوە.

رەوتی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی پێش روتی گرووپە تێرۆریستەکانی وەک تالیبان، ئەلقاعیدە، ئەلشەباب و بووکولحەرام لە ئەفریقا و داعش لە سووریە و عێراق دەستی پێ کرد. ئەوکات لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠دا پاسدارانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی سێیەم

کۆماری ئیسلامی بە کردەوەی خۆکوژی ناوەندو پێگەکانی ئەمریکایان لە ناوچەدا بە تایبەتی لە لوبنان دەتەقاندوە، زۆر کەس وەک ئەو رووداوانەی سەیر دەکرد لە سەربازانی ژاپۆنی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لە دژی کەشتییەکانی ئەمریکا ئەنجامیان دەدا. ئەو کات کە ئازادیخوازانی ئێرانی بە تایبەتی کوردەکان لە ئێران و تەنانەت لە وڵاتانی ئورووپایی دەبوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، تێرۆریزم لە پێچ و پەنای پێوەندییە دیپلۆماسی و ئابوورییەکاندا پەردەی بێدەنگیی بەسەر دادەکشا. ساڵی ١٩٨٩ لە قەلبی ئورووپا و لەبەر چاوی بیروڕای گشتی د. عەبدولرەحمانی قاسملوو تێرۆرکرا و تێرۆریستەکان بە دەستی خوێناوییەوە بەڕێ کرانەوە بۆ تاران. دەیان تێرۆری دیکەی لەم چەشنە لە ئورووپا بە هۆی سات و سەودای ئابووری لەگەڵ ئێران بەردیان لەسەر دانراو بە بێدەنگی سپێردران. هەتا ئەو وەختەی تێرۆریزمی هەڵقولاو لە رادیکالیزمی ئیسلامی داوێنی وڵاتانی ئورووپایی، بە تایبەتی ئەمریکای نەگرتەوە، رۆژئاوا وەخەبەر نەهات. سەرەنجام ئەوان بۆیان دەرکەوت سوودە ئابوورییەکانی سات و سەودا لەگەڵ تێرۆریستان زۆر لە مەترسییەکانی کەمترە.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کە لە چاو ترۆریزمی ئەلقاعیدەو داعیش تێکەڵ بە فرت و فێڵ و نهێنی کاری بووە، لە رەوتی دادگای میکۆنۆسدا پەردەی لەسەر داماڵراو رووی ئاشکرای رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەر کەوت. دادگای ئەڵمان ٣ ساڵ دوای تێرۆری میکۆنۆس بەو ئاکامە گەیشت کە رێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی دەستووری تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان داوە. بۆ یەکەم جار وڵاتانی ئورووپا هەڵوێستیان لە دژی ئێران گرت و سەفیرەکانی خۆیان لە تارانەوە بانگ کردەوە. ئەوە زەبرێکی قورسی لە تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دا. هەرچەندە وڵاتانی ئورووپایی پاشان پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران دەست پێ کردەوە، بەڵام ئەو ئەزموونە دەری خست ئەگەر دنیای متمدن و پێشکەوتوو لە دژی تێرۆریزم هاودەنگ بێ دەتوانێ پاشەکشەی پێ بکا.

لە کاتێکدا یادی ٢٢ ساڵەی تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە وڵاتانی جیهان مەترسییەکانی تێرۆریزمی دەوڵەت و رەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکانیان بۆ دەرکەوتوە خۆیان لە بەرامبەر پاراستنی ئاسایش و ئەمنییەتی جیهان دا بە بەرپەرس دەزانن، بۆیە ٤٠ وڵات بە رێبەرایەتیی ئەمریکا لە کۆنفرانسێکدا لە پاریس ئیئتیلافێکیان لە دژی داعش پێک هێناوە. ئێران رێگەی پێ نەدرا لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بێ. بیانووە رواڵەتییەکەی هەرچییەک بێ، ئەم رێگە پێنەدانەی دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی تێرۆریسییەکەی. دەبێ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان بە تەجروبە بۆیان دەرکەوتبێ کە تێرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هیچ کات مەسەلەیەکی نێوخۆیی ئێران نەبووە و زۆر جار هەڕەشە بووە بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی دیکەش. هەروەها داعیش هیچ کات مەسەلەیەکی سووری یان عێراقی نیە بە تەنیا، بەڵکوو دەتوانێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

ئاسایشی هەموو وڵاتانی جیهان بشێوێنێ. ئەگەر وڵاتانی جیهان لە بەرامبەر تێرۆریزمدا هەست بە بەرپرسایەتی نەکەن، تێرۆریزم هیچ سنوورێک ناناسێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٥

## لێکهاڵاندنی تواناکانمان پاشترین پاداشە بۆیادی شەهید دکتۆر سەعید شەرەفکەندی



**مەجید حەقی،**

دکتۆر سادق شەرەفکەندی لەو دەگمەن ڕێبەرانەی کورد بوو کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا توانی ببێتە دیارترین ڕێبەری جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد دوای دکتۆر قاسملوو. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی لە حاڵی گەشەکردندا مێژوو کەمتر نموونەی وا بینیوە کە جوڵانەوەیەک یان نەتەوەیەک ڕێبەرەکەی لە ناو بچێت و جێگرەکەی بەو خێراییەی کە دکتۆر شەرەفکەندی توانی بەسەر هەموو کێشەکان و بەربەستەکاندا زاڵبێت و نەتەنیا ڕێگە لە نسکۆیی و لاوازبوونی جوڵانەوە و حیزبەکەی بگرێت، بەڵکوو چەندین هەنگاو لە سەردەمی پێشووی خۆی بەهێزتر بکات. دکتۆر سادق شەرەفکەندی خاوەنی بڕوایەکی قووڵ بەخۆی و لەو ڕێگایەوە بە گەلەکەی بوو و باوەڕی وابوو کە گەر هەموومان تواناکانمان "لێکهاڵێن"، "رووبارەکان تێکەڵبن" و "ببنە شەپۆلی بەهێزی دەریا" تا "دوژمنان لە ژێر تەوژمی خۆیدا نوقم بکات". دکتۆر شەرەفکەندی ئەهلی دروشم نەبوو. ئەو کاتێک قسەیەکی دەکرد، دروشمێکی سیاسی هەڵدەبژارد لە پێناویدا بەکردەوە هەنگاوی دەنا و ئامادەی دانی قوربانی بوو. شەرەفکەندی بەوە نموونەی ڕێبەرێکی ئەخلاقی بوو.

ڕێبەرانی ئەخلاقی کەسانێکی جێی بڕوا و راستگۆن. ئەوان بڕیاردەرانی دادپەروەر و بڕوادار بە بنەماکانی مرۆڤین. ئەوان

مرۆڤەکان بە پلە یەک و دوو دابەش ناکەن. ئاستی مافی مرۆڤەکان بە پێی ئاستی نزیکی بەوان شی ناکەنەوە. بۆ ئەوان سەرمایەمرۆڤیەکانی کۆمەڵگا لە هەموو ئاستەکانی خۆیدا جێگای سەرنج و بایەخن. یەکێک لە دیاردەکانی دوای دەیەی ١٩٩٠ کۆچبەری بەرەو هەندەران و پێکهاتنی کۆمەڵگا کوردیەکان لە دیاسپۆرایە. دکتۆر سادق شەرەفکەندی لەو دەگمەنە رێبەرانە بوو کە بەزوویی هەستی بە دەرفەتی تاراوگەنشینی و کۆمەڵگای دیاسپۆرای کرد و ئەو کۆمەڵگایەی وەک سەرمایە و دوارۆژی جوڵانەوەی نەتەوایەتی ناوزەد کرد. هەرچەند جارێ ئەوکات رادەی کوردانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات بە ئاستی ئەمرۆ نەبوو، بەڵام وەک کەسێکی ئاشنە بەسەر رەوتی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕەکانی گۆرەپانی خەبات، لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو مژارە دەکاتە بەشێک لە پرسی کۆنگرەی حیزب و خەبات لە دەرەوەی وڵات و ناوخۆی وڵات بە دوو باڵی باڵندەیەک وێنادەکات، کە بە بێ بوونی یەکیان باڵەکەی دیکەی ناتەواو دەبێت. ئەم دەربڕینەی دکتۆر سەعید هەڵقوڵاوی بیری ستراتێژیکی رێبەریە.

لە هەلومەرجێکدا کە رێکخراوەکان بە هۆی ئاڵوگۆڕە خێراکانی ژینگە لەحاڵی گۆڕانن و هەگەری ئەوە هەیە رێکخراوە نوێیەکان بتوانن جێگای ریکخراوە نەریتیەکان بگرنەوە، مەرجی سەرەکی سەرکەوتن بوونی ئاڵوگۆڕەکانی ریشەیی و داهێنانی رێکخراوەییە. رێکخراوەکان ناچارن بە دوای شێوازی تازەی کار و چالاکی بگەرێن و رەهەندی کار و چالاکیەکانیان نوێ بکەنەوە. رێکخراو لەو هەلومەرجەدا پێویستی بە رێبەریەکی گۆرانکاری خواز، بوێر و نەترسی هەیە کە بتوانێت گۆڕانکاریەکان لە رێکخراودا پێک بێنێت. ئەوەی لەوپێوەندیەدا گرنگە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوخۆ و دەرەوەی رێکخراوە تا بە پێی ئەو بەرنامەی درێژخایەن و کورتخایەن دارێژرێت. رێبەرانی ستراتێژیک لە هەلومەرجی وادا دەتوانن سەرکەوتنی رێکخراوەکان مسۆگەر بکەن و ئەوان لە قەیرانەکانەوە بەرەو دەرفەتەکان رێبەری بکەن. هەلومەرجی کوردستان لە هەموو پارچەکانیدا دوای شەری ئێران و عێراق و دارمانی بەرەی سۆسیالیستی گۆڕانکاری گەورەو و قووڵی بەخۆیەوە دەبینی: لە لایەکەوە بەهۆی هێرشی رژێمی سەدام بۆ سەر کوەیت و شەری یەکەمی کەنداو و بوونی ناوچەی دژەفرین لە باشووری کوردستان دوای کۆڕەوی خەڵکی ئەوبەشەی کوردستان هەلومەرجێکی بەتەواوی نوێ بۆ بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان خوڵقابوو، هاوکات لە باکووری کوردستان هەلومەرجی خەباتی چەکداری و خێرابوونی بزاڤی نەتەوایەتی بۆ هەموو ئاستەکانی خۆی پێشکەوتنی بەخۆیەوە دەبینی. لە لایەکی دیکەوە لە ئێران رژێمی ئێران هەموو وزەکانی بۆ سەرکوتی جوڵانەوەی کوردستان ئازاد کرابوو و جوڵانەوەی کوردستان پێویستی بە خۆگونجاندن لە گەڵ هەلومەرجی نوێدا بوو.

**رێبەری سیاسی لەو هەلومەرجەدا سێ سەرەکی بەرپرسایەتی بە ئەستۆیە:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١- پێکهێنانی بەستەری گونجاو بۆ گۆڕانکاری،

٢- پێکهێنانی دەروەستی و هەستی خاوەنداریێتی لە پرسەکان و

٣- پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان نوێگەرایی و سەقامگیری رێکخراوەیی. دکتۆر سادق شەرەفکەندی لەو هەلومەرجەدا بە بوێریەکی کەموێنەی خۆی، توانی کۆستی لەدەست دانی دکتۆر قاسملوو بکاتە دەرفەتی یەکگرتنەوەی هێزەکانی دێموکرات و بەهاهاوبەشەکانی ناو بزاڤی کوردی بکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی بۆ رێبەری کردنی حیزب و کۆکردنەوە و تۆکمەکردنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لە هەموو ئاستەکانی خۆیدا. لەو رووەوە وێرای بەرەوپێشبردنی خەباتی ناوخۆیی و بەرخودانی چەکداری، سەرنجێکی تایبەتی دا بە بەدەزگایی کردن و رێکخراو کردنی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی رێکخستنی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان و بەهێزکردنی خەباتی دیپلۆماتیکی حیزب لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە کوردی تێدا دەژی.

مەرجی پێکەوەکارکردن و هاوپەیمانی لە گەڵ رێکخراوەکانی دیکە، بوونی حیزبێکی یەکگرتوو، بەهێز و خاوەن رێکخراوەیەکی بەبەرنامەیە. دکتۆر سەعید لەو روانگەیەوە لەو ماوەیەی کە رێبەری حیزبی دێموکرات بوو هەوڵێکی جیددی دا بۆ بەهێزکردنی حیزبی دێموکرات لە هەموو ئاستەکانی خۆیدا و هەوڵێکی نەپساوەی دا بۆ خوڵقاندنی کەشیکی وا کە حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بەهێز بەڵام یەکگرتوو، پلۆرال بەڵام هاوساز خەبات بکات و لە روانگەی هێزەوە لە گەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی گفتگۆ بکات و بەکردەوە جوڵانەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان بکاتە رێبەری هەموو ئاڵوگۆرەکانی سیاسی ئێران و کۆمەڵگای ئێران لە روانگەی ویستە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد و بنەما فەلسەفیەکانی کۆمەڵگایەکی فرەچەشن و دێموکراتیکەوە رێبەری بکات. لەو رووەوە دکتۆر سەعید وێرای پیداگری لە سەر مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و مافی دیاری کردنی چارەنووس بۆ سنەتەوەی کورد، هەوڵی دەدا هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی ئێران لە دەوری بەرەیەکی یەکگرتوو کۆ بکاتەوە. کاتێک هێزێک لە بەهێزی و بە ویستی فۆرموولەکراوەوە لەسەر مێزی گفتگۆ دادەنیشێت، دەتوانێت هیوای دەستکەوتی گەورەتری ببێت و شوێندانەرتر بێت. دکتۆر شەرەفکەندی لایەنگری پەراوێزخستنی حیزبی دێموکرات و جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبوو. ئەو هەموو هەوڵی ئەوەبوو کە پرسی کورد کە سەرەرای رەوابوونی خەباتەکەی بووتە پرسێکی مارجینال لە لە ئاستی هەموو کێشەکانی ئێراندا، بکاتە پرسی ناوەندی ئاڵوگۆرەسیاسیەکان و بۆ ئەو گەورەترین پرسەی ئێران واتە ستەمی نەتەوایەتی و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەی دادپەروەرانە بکاتە سەردێری پرسە سیاسیەکان بۆ پێکەوە کارکردن و خەبات کردن. لەورووەوە بەڕاشکاوانە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە هەگەری زۆربوونی وزەی بەزین لە ناوەند ئاگادار دەکردەوە و تێنەگەیشتنی ئەوان لە پرسە نەتەوەییەکان بە واتای لێکهەڵوەشانی ئێران ناو دەبرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەرەفکەند: خەرمانێک لە راستگۆیی و ئەمەگناسی

## بەشی سێیەم

دوای رووخانی دیواری بەرلین و دارمانی بلۆکی رۆژهەڵات ئاڵوگۆڕەکانی جیهان خێراییەکی دیکەیان بەخۆیەوە بینی. ئەوکات زۆر کەس پێیان وابوو کە بە رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات و تاکجەمسەری جیهان بە رێبەری ئەمریکا، پرسەکانی جیهانی چارەسەری خێرا بەخۆیەوە دەبینن و جیهان لە شەڕ و نەهامەتی رزگاری دەبێت. دکتۆر سەعید شەرەفکەندی لەو دەگمەن رێبەرانەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بوو کە بە پێچەوانەی ئەوەی پێشبینی کرد. لە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆهەمی حیزبی دێموکراتدا دکتۆر سەعید سناریۆکانی دوای رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات وێنادەکات و پێشبینی ئەوە دەکات، کە تا مەودای نێوان باشوور و باکوور واتە جیهانی سەرمایەداری و کۆمەڵگا دواخراو هێلراوانە لەیەک نزیک نەبێت، شەڕ، ناسەقامگیری درێژەی دەبێت و هێرشی کۆچبەران بەرەو رۆژئاوا زیاتر دەبێت. ئەمرۆ بیست و سێ ساڵ دوای، تیرۆری میکۆنۆس شەپۆلی پەنابەران و کۆچبەران لە ئەفریقا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە شێوەیەکی بێوێنە رووی لە یەکیەتی ئورووپا کردووە و یەکیەتی ئورووپا لە گەڵ گەورەترین قەیرانی کۆچبەری مێژووی خۆی بەرەوروو بووە.

خێرایی ئاڵوگۆڕەکان بە رادەیەک بووە کە لە کەمتر کەسێک بووە لە سەدەی رابردوودا بتوانێت پێشبینی ئاڵوگۆڕی وا بکات. جیهان و ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی و ئابووری لە هەموو وڵاتاندا بە رادەیەک خێرایە کە کەشێکی ناسەقامگیر لە سەر هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا زاڵ بووە. رێبەری نەریتی بە شێوەی سەدەی رابردوو ناتوانێت درێژە بە ژیانی خۆی بدا. بەکردەوە زۆربەی ئاڵوگۆڕە رووەکی (سطحی)یەکانی ناو حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانیدا تووشی شکست بوون و نەیانتوانیوە پێشی لێکدابران و جیابوونەکان بگرن. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم تەقینەوەدایە. کوردستان نشتیمانی دابەشکراوی نەتەوەی کورد و وڵاتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردا بینەری ئاڵوگۆڕی خێرا، گۆڕانکاری لە هاوپەیمانێتی، بەرژەوەندیەکانی نوێ و سناریۆکانی نوێی سیاسی و جوغرافین. هاوکات کۆمەڵگای جیهانی و کۆمەڵگای کورد لە دەست قەیرانی بڕوا دەناڵێت، قەیرانێک کە بۆ لێدەربازبوون پێویستی بە "راستی" ئەزموونی و هەنگاوبەهەنگاو لە یەک نزیکبوونەوە دەکات. ئێمە دەشێ بیرکردنەوەیەک کە دەبێتە هۆی وێکنەگەیشتنمان بگۆڕین و ستراتێژی لێکنزیکبوونەوە و "لێکهاڵاندنی" هێزەکانمان بکەینە سەردێری بڕیارە سیاسیەکانمان تا وتەی رێبەری شەهیدمان دکتۆر سەعید شەرەفکەندی رووبارەکان تێکەڵبن و شەپۆلی بەهێزی دەریامان دوژمنانمان لە ژێر تەوژمی خۆیدا نوقم بکات. پەیامی دکتۆر سەعید بۆ ئێمە رێبوارانی رێگای شەهیدان روون و ئاشکرایە. گەر باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی رێگەیان بێت، یەکگرتنەوە و وێکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات و یەکگرتوویی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهێنانی خەونی رێبەری شەهیدمان و باشترین پاداشێکە کە لە ساڵڤەگەری شەهیدبوونیدا دەتوانین مزگێنی بە رێبەرانی شەهیدمان بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - رێکەوتی ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تێرۆری میکۆنۆس و دەرەنجامەکانی



عومەر باڵەکی

نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنی پایەکانی دەسەڵاتداری خۆی لەسەر ترس و تۆقاندن دامەزراند و هەر لە یەکەم رۆژەکانی رووخانی رێژیمی پاشایەتی و تێکچوونی شیرازەی ئەمنییەتی وڵات، خومەینی و دارو دەستەکەی لە رێگەی دامەزراندنی کومیتەکانی ئینقلاب و دادگای بەناو شورش بە سەدان کەسیان لە کار بەدەستانی رێژیمی پیشوو و تەنانەت خەڵکی بێتاوان لەو دادگایانەدا محاکەمە کرد و حوکمی ئیعدام و لەناوچوونیان بەسەر داسەپا لە حاڵێکدا ئەو دادگایانە هیچ پێگەیەکی قانوونی و یاساییان نەبوو و تەنانەت ئەوانەی حاکمی شەرع و بەڕێوەبەری حوکم و بڕیارەکانی ئەو دادگایانە بوون نە هیچ پێشینەیەکی یاسایان لە دادگا و دادوەری دا هەبوو و نە لەلایەن هیچ دەزگایەکی سەلاحیەتداری یاساییەوە سەلاحییەتی دادوەری و بەڕێوەبەری حوکمی ئیعدامیان پێدرابوو، بەم جۆرە نیزامی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی رەشی خۆی بەسەرگەلانی ئیران داسەپاند، بەڵام ئەو شێوە بەڕێوەبەری و کارکردنە تەنیا تایبەت نەبوو بەناوخۆی وڵات بەڵکوو زۆر زوو سنوورەکانی بەزاند و دەستی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەتا ئەوپەڕی قارەو وڵاتە دوورەدەستەکان رۆیشت و هەموو پرنسیپە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن تێرۆریستانی هەناردەکراوی کۆماری ئیسلامی پێشێل کرا.

یەکەم قوربانی بەدەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهریار شەفیق بوو کە ١٦ی سەرماوەزی ١٣٥٨ (دێسامبری ١٩٧٩) لە پاریس تێرۆر کرا کە هێشتا تەمەنی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی ساڵێکی پڕ نەکردبووە. لەبەر ئەوە نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ دەوڵەتان و دنیا نەناسرابوو و تێرۆریستانیش کەمتر نیشانە و جێپێیان لە دوای خۆ بەجێهێشت کەمتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قامکی تاوان و تاوانباری بۆ لای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی رادەکێشرا، هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵەکانی دوایەشدا لە رێگەی تێرۆرەوە لە دەرەوەی وڵاتان بەتایبەتی ئورووپا دەستیان لە کوشتنی دژبەرانی خۆیان هەڵنەگرت کە بەداخەوە دەستی تێرۆری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئورووپایی دوو جار گەیشتە جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و برین و زامی گەورەی تێکرد. جاری یەکەم ٢٢ پووشپەڕی ١٣٦٨ لە وییەن پێتەختی ئوتریش دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لەسەر مێزی وتوویژو دانوستان شەهید کران و جاری دووهەم ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) لە برلینی پێتەختی ئاڵمان دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بەدەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوون. بەڵام تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کە بە رووداوی میکونوس ناوبانگی دەرکرد لەگەڵ تێرۆرەکانی دیکە جیاوازی هەبوو، چونکە ئەو جار وەک جارەکانی دیکە نەبوو، دەزگای قەزایی و بیروڕای گشتی ئاڵمان سوور بوون لەسەر روونبوونەوەی رووداوی میکونوس کە چوار کەسی تێدا تێرۆر کرابوون کە سێ کەسیان کورد بوون و لە رێبەرانی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و کەسی چوارەم لە چالاکانی سیاسی ئوپوزیسیونی ئێران بوو.

پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان دەست بەکاربوون و پەروەندەیەک کراوە کە سێ ساڵ و نیوی کێشا و ٢٤٧ جەلەسەی هەبوو کە لە حەوتوودا دوو جەلەسە رۆژانی پێنجشەممە و جومعە لە ژێر چەترێکی ئەمنییەتی توندا بەڕێوەدەچوون و جەلەسەکانی دادگا زۆربەی زۆریان بە ئاشکرا بوون و هەموو دەزگاکانی راگەیاندن ئازادبوون لە بڵاوکردنەوەی راپۆرت و هەواڵ سەبارەت بە بەڕێوەچوونی دادگا. هەتا تەواوبوونی دادگا و راگەیاندنی حوکمی کۆتایی لە بواری ماڵییەوە نزیک بە ٩ میلیون مارکی ئاڵمانی بۆ دەوڵەتی ئاڵمان تێچووی هەبوو.

ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی ئاڵمان لەگەڵ ئەوەدا شەرێکیکی گەوری تیجاری ئێران بوو و ساڵانە لە معامڵات لەگەڵ ئێران داسوود و قازانجێکی زۆری دەست دەکەوت، بەوشێوەی پێگیرو قورس و قایم بەدوای روونکردنەوەی رووداوی میکونوس دابوو، لە وڵامی پرسیارێکی ئەوتۆدا دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە:

- ئاڵمان وڵاتێکی گەورەی ئابووری و دێموکراسییە لە ناوەندی ئورووپا و بە درێژایی مێژووی خۆی هەموو کات ویستوویەتی رێبەری ئورووپا بکا و رووداوی لەو بابەتە کە هۆکاری سیاسی لە پشت بێ و کاری دەوڵەت یاریکخراوێکی سیاسی بێ بە ئاشکرا پێشێل کردنی سەروەری دەسەڵاتی سیاسی ئاڵمانە و لە هەمان کات دا دەستدرێژییە بۆ خاکی ئەو وڵاتە.

- تاوانی چوار قەتڵ لە یەک کات و شوێندا بۆ بیروڕای گشتی ئاڵمان جێگەی قبووڵ نەبوو و ئەگەر تاوانبارانی میکونوس



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەحویلی دادگا نەدرێن و هۆکاری تاوانەکە ئاشکرا نەبێ و تاوانباران بەسزا ی خۆیان نەگەن، دەبێتە هەرەشەیەک لە سەرئەمنییەتی ناوخۆی ئاڵمان.

- سێ کەس لە تێرورکراوەکان « دوکتور سادقی شەرەفکەندی، کاک فەتاحی عەبدولی، کاک هومایونی ئەردەڵان» بە رەسمی میوانی کۆنگرەی ئینترناسیونالسوسیالیست بوون کە لە رۆژی ١٤ تا ١٧ی سێپتامبر لە شاری برلین پێتەختی ئاڵمان بەڕێوەدەچوو و پۆلیسی ئاڵمان بەرپرسی پارێزگاری ئەمنی کۆنگرەکە و پاراستنی گیانی میوانەکان بوون.

ئەوانە هەموویان هۆکاربوون بۆ ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان زۆر بە جیددی و بێ دردۆنگی بە دوای تاوانباران و هاندەرانی تاوان دا بگەڕێ. دیارە لەو ماوەیەدا کە دادگای برلین زۆر شێلگیرانە بە دوای هۆکار و پاڵنەری تاوانباران بۆ کردنی ئەم تاوانە دادەگەڕا، کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا پێش بە رەوتی دادگا بگرێ، یەکەمجار بە رەسمی لە رێگەی وەزارەتی ئیتلاعات واتە «علی فلاحیان» وەزیر هەوڵی دا وەزیری موشاوێر بۆ هەماهەنگی دەزگای ئیتلاعاتی و ئەمنییەکانی ئالمان «ئەشمیت باونر» رازی بکا کە دادگا و پەروەندەیەک پێک نەیە و لە بەرامبەردا ئێران دەتوانێ لە پێگە و نفوزی خۆی لەلای حیزبوڵڵای لوبنان کەڵک وەربگرێ بۆ بەردانی هێندێک بارمتەی رۆژئاوایی و کاتێک لەوەدا سەرنەکەوتن هەوڵیان دا مەسەلەی بازرگانێکی ئاڵمانی کە بەتاوانی پێوەندی بە ژنێکی مسوڵمان لە تاران دەست بەسەربوو بیکەن بە سات و سەودا، بەڵام هەموو جارێ ئەو وڵامەیان لە کاربەدەستانی ئاڵمان دەبیست کە دەزگای قەزایی ئاڵمان سەربەخۆیە و دەوڵەت ناتوانێ دەستێوەردانی تێدا بکا و لە ڕاستیشدا وا دەرچوو و دەزگای قەزایی ئاڵمان سەر بە خۆیی خۆی نیشانی هەموو دنیا دا.

کۆماری ئیسلامی بێجگە لەوە کە هەوڵی دەدا دەوڵەتی ئاڵمان بە قەناعەت بگەیێنێ لە رێگای دیکەشەو لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو بە هەر جۆرێک بێ، لە هێنانی ناوی ئێران لەو پەروەندەیەدا پێشگیری بکا و بۆ ئەوەی هەڕەشەی لە یوسف ئەمین یەکیک لەتاوانباران بە ڕەگەزی لوبنانی کردبوو کە ئەگەر دان پێداهێنانەکەت لە دادگا وەرنەگرێیەوە لەلوبنان بنەماڵەکەت تێدا دەچێ، هەرچەند یوسف ئەمین لە ترسان وتە و دانپێداهێنانەکەی خۆی وەرگرتبووە بەڵام دوای ئازاد بوون لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ لوبنان لە لایەن دام و دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانەوە بێ سەر و شوێن کرا و بێجگە لەوانە مەئمورینی وەزارەتی ئیتلاعات کەوتنە هەڕەشە و گوڕەشە لە هێندێک لە شاهیدەکان کە دەبێ وازبێنن لە شاهیدیدان و هندێکیشیان بە پووڵ ڕازی کردن کە شاهیدیدانی خۆیان وەربگرنەوە. بەڵام بەوحاڵەش دیتمان کۆماری ئیسلامی ئەوجار نەیتوانی خۆی لەو تاوانە گەورەیە کە کردوویەتی دەرباز بکا و حوکمی دادگای میکۆنۆس دەرچوو و تاوانباران دەستنیشان کران و دەسەڵاتدارانی باڵای کۆماری ئیسلامی وەک تاوانباری ئەسڵی و بڕیاردەری تیرۆرەکە ناسێندران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

دادگای میکۆنۆس بێجگە لەوە تاوانبارانی بەرێوەبەری تاوانەکەی دەستنیشان کرد و بە زیندانی ماوە جۆراجۆرسزای بە سەردا سەپاندن، لەهەمان حاڵدا دەسەلاتدارانی بەرزی کۆماری ئیسلامیشی بەبریاردەری سەرەکی ئەوتاوانەیان ناساند. گرینگی لەوەدا بوو کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا یەکەم جاربوو پەردە لە سەر ڕوخساری دزێو و تیرۆریست پەروەری ئەو حکوومەتە و دەسەڵاتە ئیسلامیە لادەدراو ناوەڕۆکی دزێووەدژە مرۆڤایەتی بۆ هەموو جیهان ئاشکرادەبوو. دوای دەرچوونی حوکمی کۆتایی دادگای میکۆنۆس، دەوڵەتی ئاڵمان لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا ڕایگەیاند کە دەخالەتی ڕێبەرانی حکوومەتی ئێران لە تیرۆری میکۆنۆسدا بە ئاشکرا پێشێل کردنی یاساکانی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی ئاڵمانە هەر بۆیە دەوڵەتی ئاڵمان ناتوانێ کردەوەی لەو بابەتە قەبووڵ بکا. دوا بە دوای هەڵوێستی ئاڵمان یەکێتی ئورووپا لە ٢٢ی ئاوریلی ١٩٩٧ لە کۆبوونەوەی شورای وەزیراندا هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرت و هەرکام لە بەر خۆیانەوە پێوەندی دیپلۆماسیان لە گەڵ ئێران پچڕاند و تەنانەت ئوستڕالیا و نیوزلەندیش هەمان هەڵوێستی ئاڵمانیان گرت.

هەرچەند دوای ماوەیەک پێوەندیەکان لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئاڵمان و وڵاتانی ئوروپایی دا ئاسایی بووە بەڵام چەندخاڵێکی بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی ئێران لێ کەوتەوە.

- یەکەم جار بوو لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا کۆدەنگی نێودەوڵەتی بە دژی ماشینی تیرۆری ئەو حکوومەتە دروست ببێ کە ئەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر کێشەکانی ناو دەزگای دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

- وڵاتانی ئورووپایی بەو شەرتە لە گەڵ ئێران پێوەندیەکانیان ئاسایی کردەوە کە ئێران چیدیکە لە ناوخاکی ئورووپادا کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام نەدا.

لەدوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکونوس بە ئاشکرا دەبینین هیچ کردەوەیەکی تیرۆرێستی بەدژی ئۆپۆزسیونی ئێرانی لە خاکی ئۆرووپا ئەنجام نەدراوە و ئەوە خۆی بەڵگەیەکی زۆر بەهێزە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە کە هەموو تیرۆرەکانی پێش تیرۆری میکۆنۆس دەستی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تێدابووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

۲۰۱٦

# شەهیدی رێگای ئاشتی کۆمەڵایەتی



**بە یادی بیست و چوارەمین ساڵڤەگەری کارەساتی میکۆنۆس**

کەسی شۆرشگێر، مەرگیشی شۆرشگێرانەیە. وتەیەکی دکتۆر قاسملوو کە هەم ژیانی و هەم مەرگی خۆیشی شۆرشگێرانە بوو. کە باس لە میراتی رێبەرێک دەکرێت باس لە بەرهەمەکانی ناکرێت. سەرکەوتوویی رێبەری بە ژمارەی ساڵەکانی بوون بە کەسی یەکەمی رێکخراو، وڵات یان نەتەوە ناژمێردرێت. رێبەری بە واتای بەرپرسایەتی ئەنجامی کارگەلێک بۆ کۆمەڵگا، بنەماڵە، رێکخراو نەتەوە و ژینگە بۆ ئەوەی جیهانێکی چاکتر لە پێشوو وەدێ بێت. جیهانێکی چاکتر لە جیهانی رابردوو میراتی سەرەکی رێبەرە.

ئەوە دکتۆر سەعید بوو کە بە توانا کەموێنەکانی توانی سوکانی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای نسکۆی تیرۆری دکتۆر قاسملوو بەدەستەوە بگرێت. کاتێک سێ رۆژ بەرلە کارەساتی بیست و دووی پووشپەر هێلێنی هاوسەری دکتۆر قاسملوو، کە ئاگاداری گفتگۆکانی نهێنی نێوان رێبەری حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی بوو دەپرسێت ئەگەر شتێک

بەسەرت بێ کێ حیزب بەڕێوە دەبات؟ قاسملوو دەڵێت: جارێ دکتۆر سەعید هەیە، ئەوانی دیکەش بەرە بەرە پێ دەگەن.

ڕێبەری ئەرکێکی ئاسان نیە. جیا لە بڕیارە گرنگەکانی رۆژانە، بەشداری لە پرۆسەی بەڕێوەبردن و ئەرکی قورسی گونجاندنی جیاوازیەکان بە یەکەوە، ڕێبەر زۆرجار بیر لەوە دەکاتەوە کە داخوا چ میراتێکی ڕێبەرایەتی بەجێ دێڵم؟

میراتی ڕێبەری بەرهەمی ئەو بڕیارانەیە کە بایەخ و بەهای ئەوان لە مێژوودا دەنووسرێت. دکتۆر سەعید لە هەلومەرجێکدا ئەرکی قورسی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئەستوە گرت، کە بە هۆی شەهیدبوونی چاوەڕواننەکراوی دکتۆر قاسملوو حیزب و جوڵانەوەی کورد تووشی شۆکێکی کاریگەر ببوو، بەرگری چەکدارانەی قورس لە کوردستان لە هەمبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرێوەبوو. بەهۆی شەری ناوخۆیی کوردستان و لێکدابڕانی دوای کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جوڵانەوەی کورد لە هەمبەر تەنگەژەی بڕوا دەست و پەنجەی نەرم دەکرد. هاوکات رووخانی وڵاتانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و شکست هێنانی ئایدیۆلۆجیکە توندائژۆکانی چەپ و سۆسیالیستی ببوو بە پرسێکی ناسنامەیی ناو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و کوردستان و تەنانەت بەشێکی زۆر لە چەپە سوننەتیەکانی ناو ریزەکانی حدکا. دووساڵ دوای شەهید بوونی قاسملوو حیزبی دێموکرات بە ئاستێک خۆی گرتبوو کە کەمتر هەست بە بێ قاسملوویی دەکرا. دکتۆر سەعید ئەرکی خۆی بە شێوەیەک جێبەجێ کرد کە ئاکامەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەبیندرا.

مەرگی دکتۆر سەعیدیش شۆرشگێرانەبوو. ئەو رۆژێک کە ئەرکی قورسی ڕێبەری جوڵانەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی بە ئەستۆوە گرت، روو بە قاسملوو و هاورێیانی کرد و وتی: "ئێمە پەیمان نوێ دەکەینەوە کە ڕێگات درێژە بدەین یان هەوای پاکی ئازادی هەڵدەمژین یان سەربەرزانە دەگەینە لای تۆ." ئەو لەکاتێکدا شەهید کرا کە بەهێزێکی تەواوەوە خەریکی ڕێبەری جوڵانەوەیەکی توند، کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی لێکدابراو و پرشوبڵاوی ئێران بوو، کە ئێستاش لە دەستی پرشوبڵاوی و بێناسنامەیی راستەقینە دەناڵێت. دادگای ناسراو بە میکۆنۆس و رەوتی لێکۆلینەوە و ئاکامەکانی دادگای تیرۆری ناجوانمێرانەی ڕێبەرانی کورد، بوو بەهۆی کۆتایی هاتنی تیرۆری فیزیکی ڕێبەران و چالاکانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لە ئورووپا. شۆرشێک کە دکتۆر شەرەفکەندی بە شەهیدبوونی خۆی بەرپا کرد، کۆتایی هێنانی سێبەری ترس و تیرۆری رژێمێکی خوێنمژ بوو، کە بڕیاری دابوو هەموو ئەوانەی لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە نەخوازراو و دوژمنی خوان لە ناو ببات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**


دکتۆر سەعید لە رێگای هەوڵ و خەبات بۆ یەکگرتنەوە، یەکریزی و پێکەوە ژیان و بەدەستهێنانی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی سەرانسەری گیانی فیدا کرد. ئەو بەر لە شەهیدبوونی لە هەوڵێ دۆزینەوەی رێگا چارەی کەمکردنەوەی خەسارەکانی دوای کۆنگرەی هەشتەمی حیزب و کۆتایی هێنان بە دووبەرەکیەکانی ناو جوڵانەوەی کورد بوو. بیست و چوار ساڵ دوای ئەو کۆستە گەورەیە لە کاتێکدا کە رەوتی راسان هیوایەکی نوێی بە رۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوە، رێبەرایەتی کورد لە لە رۆژهەڵاتی کوردستان پڕشوبڵاو و لە قەیرانی بڕوادا دەژی. مەودای نێوان دروشم و کردەوە هەروا زۆرە و "یەکریزی و یەکیەتی" جارێ لە دروشم زیاتر هەنگاوێکی زیاتری هەڵنەگرتووە.جێی خۆیەتی لە میراتگرانی ئەو رێبەرە بلیمەتەی کورد پرسیار بکرێت، ئاستی بەرپرسایەتی ئێوە بەرامبەر ئەو میراتانەی کە شەرەفکەندی بە کردەوە هەنگاوی بۆی هەڵدەهێنا چیە؟

**١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٦**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە یادی دوکتور شەرەفکەندی‌دا



**حوسێن بەخشی**

١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینی لە رۆژژمێری رۆژهەڵاتی کوردستاندا، وەک رۆژێکی رەش و گەلێک ناخۆش دێتە ئەژمار. لەو رۆژەدا لە رێستورانی میکونوسی شاری برلین، جینایەتێکی ترسناک بە دەستوور و بە دەستی تێرۆریستان و پیاوکوژانی کۆماری پەت و سێدارە رووی دا و لە ئەنجامی پیلانێکی لە پێشدا ئامادە کراو زەبرێکی قورسیان لە جووڵانەوەی کورد، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات، فەتاحی عەبدولی و هومایونی ئەردەڵان ئەندامانی سەرکردایەتی و نووری دێهکوردی لە دۆستانی حیزب بوونە قوربانی ئەو جینایەتە سامناکە.

رووداوی میکونوس بوو بە هۆی هەرچی زیاتر ریسوا بوون و تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆ و بە تایبەت لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا.

کێشەی میکونوس بۆ ماوەی پتر لە ٤ ساڵ لە لایەک بوو بە جێی مشتومڕ و مەیدانی وتووێژ و دانوستاندنی دوو دەوڵەتی ئێران و ئاڵمان و لە لایەکی‌تر بوو بە هۆی وەجموجۆڵ کەوتنی بیرورای گشتی و مرۆڤی ئازادیخواز بۆ پێشگیری لە ساتوسەودا و خەوشدارکردنی پرۆسەی دادگا و لێکۆلینەوە لە چۆنێتی رووداوەکە.

بەشی سێیەم

سەرئەنجام رۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی دوایین کۆبوونەوەی دادگای ئاڵمان بوێرانە و راشکاوانە بەرێوەبەرانی سیاسی و ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لە بەرزترین پلە و پایەدا سەبارەت بە بەشداریی راستەوخۆ لەو جینایەتەدا، مەحکووم و بریاری کۆتاییان لە سەر دان و بە فەرمی وەک دەوڵەتێکی تێرۆریست و جینایەتکار بە دنیا ناسرا.

دوکتور شەرەفکەندی کەسێکی لێهاتوو و سیاسیکارێکی کارکوشتە و بەئەزموون بوو. ناوبراو توانی لە ماوەیەکی کەمدا، بۆشایی نەبوونی دوکتور قاسملوو پڕ بکاتەوە. گەرچی لە قۆناخێکی زۆر هەستیاری نێوخۆیی و دەرەکیدا،

بەرپرسیارییەتێکی قورسی کەوتە سەر شان، بەڵام بە روحێکی ئازایانە و هزرێکی عاقڵانە هەنگاوی تیژی بەرەو زاڵبوون بە سەر ئاڵۆزی و قەیرانەکاندا داویشت.

یەکێک لەو کێشە و ئاڵۆزییانەی کە بەرۆکی جووڵانەوەی کوردی گرتبوو و ئێستاش بەری نەداوە ناتەبایی و نایەکگرتوویی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستانە. دوکتور سادق بە تەمابوو هەنگاوی جیدی بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە باوێژێ. تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ رێکخستنی ئوپۆزیسیونی پرشوبڵاوی ئێرانیشدا، پلان و بەرنامەی بۆ رێکخستنیان لە دەوری بەرەیەکی یەکگرتوودا، هەبوو.

لە پێوەندی بە کوردی رۆژهەڵات، بە تایبەت لە دیاسپۆرادا، هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە حیزب نزیکیان کاتەوە و تواناکانیان لە پێناو کوردستان و داهاتووی کورددا وەگەڕ خا.

لە کاتی سەردانی بۆ ئاڵمان، داوای دیداری لەگەڵ کوردەکانی رۆژهەڵات کرد. بە تایبەت ئەوانەی وەختی خۆی لەگەڵ حیزبی توودە و چریکە فیبداییەکان و پێرەوانی کۆنگرەی چوار بوون.

ئەو رۆژانە چاوم بە ئارشیوی گۆڤاری "هاوار" دا خشاند. لە ژمارە ١٧ی ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی وتووێژێکم لەگەڵ رەوان شاد غەنی بلوریان کردوە.

مامە غەنی ئاماژە بە دیداری خۆی و دوکتور شەرەفکەندی دەکات و دەڵێ: "ساڵی ١٩٩٢ی زایینی رۆژێک خەبەریان دامێ کە بەرێز کاک سادقی شەرەفکەندی هاتۆتە ئاڵمان و لە نووسینگەی کۆمکارە و داوای منی کردوە.

بەشی سێیەم

چوومە لای و بە خۆشییەوە یەکترمان وەرگرت. پاش وتوێژێکی دۆستانە وتی "دەزانیت کە ئێمە لە باروودۆخێکدا دەژین کە ناتوانین بە راشکاوی هەڵوێست بەرانبەر بە هێندێک مەسەلەی پێوەندیدار بە چارەنووسی نەتەوەکەمانەوە بگرین. ئێوە دەتوانن چالاکیی سیاسی بنوێنن، کە وابوو ئێوە لەگەڵ برادەرانتان رێگایەک بدۆزنەوە و ئێمەش بە هەموو تواناوە یارمەتیتان دەدەین". لە سەر زۆر بابەتی دیکە قسەمان کرد و لێک جیا بووینەوە، بە داخێکی گرانەوە دوکتور شەرەفکەندیش لە تەک هاوڕێیانی کەوتنە داوی تێرۆریستانی کۆماری ئێسلامی".

مەبەست لە هێنانەگۆڕی ئەو باسە، ئەوەیە کە دوکتور شەرەفکەندی بە تێگەیشتن و پێگەشتنێکی لۆژیکی و بەرپرسانە و بە هەستکردن بە پێداویستییەکانی ئەوکاتی جووڵانەوەکە، هەنگاوی هەڵدێناوە و دەیزانی دەبێت بە تەفاهوم و یەکگرتوویی بە گژ دوژمنێکی دڕندەی وەک کۆماری سێدارەدا بچی.

لەو یاد کردنەوەدا هیوادارم سەرکردایەتی و بەرێوەبەرانی حیزب و رێکخراوە و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی کوردستان، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردوستان بە وەلانانی کێشە لاوەکی‌یەکان، بیری ئەساسی لە داهاتوو و چارەنووسی نەتەوە پرشوبڵاو و نیشتمانی داگیرکراو بکەنەوە و بەرژەوەندیی گشتی فیدای مەسڵەحەتی شەخسی و حیزبی نەکەن.

**یادی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونوس لە سەر گۆڕینی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی



**عەلی بداغی**

تیرۆر بەشێکە لە مێژووی سیاسیی مرۆڤ و دەسەڵات. کەم نیزامی سیاسی لە مێژووی کەونار و هاوچەرخدا هەیە کە هەوڵی تیرۆری دژبەرانی خۆی نەدابێ و ئەوەشی لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و سەقامگیریی نیزامەکەیدا بە پیرۆز و بڕیارێکی بەجێ نەزانیبێ، بەڵام لە چەند دەیەی رابردوودا لەگەڵ چەسپانی بایەخە جیهانگیرەکان، ئێستا ئیدی تیرۆر بە دیاردەیەکی دژەباو و نەریتێکی نیزامە توتالیتێر و سەرکوتگەرەکان دادەنرێ.

ئێستا بە دەگمەن نیزامی سیاسیی دێموکراتیک و قانونمەند پەنا بۆ تیرۆر دەبەن و لە کێبرکێی دەسەڵاتدا بەکاری دێنن. بەڵام ئەوەی لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا بەدی دەکرێ، ئەو رێژیمە بە شێوەیەکی زۆر بەرین شێوازی تیرۆری نەیارانی گرتۆتە بەر. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای تیرۆری نەیارانی لە دەرەوەی سنوورەکانی و لە وڵاتانی دیکەدا، لە نێوخۆی وڵاتیشدا سەدان کەس لە دژبەران و رەخنەگرانی دەسەڵاتی تیرۆر کردوە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ناوەندە ئەمنیەتیەکانی دەستی باڵایان لە پەروەندەسازی لە دژی دژبەرانیان بووە و دەزگای قەزایی ئەو رێژیمەش لە هیچ ئێعدامێکی سیاسی و کوشتاری دژبەرانی رێژیم نەپرینگاوەتەوە.

مێژووی تیرۆری سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تەنانەت بۆ پێش هاتنەسەرکاری ئەو رێژیمەش دەگەڕێتەوە. رێبەرانی ئەو رێژیمە نایشارنەوە کە لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەیشدا تیرۆری سیاسی‌یان کردوە.

بەشی سێیەم

عەلی ئەکبەر رەفسەنجانی، پلاندانەر و بڕیاردەری تیرۆرەکانی ڤییەن و بەرلین بە شانازییەوە باس لەوە دەکا کە ئەو دەمانچەیەی حەسەنعەلی مەنسوور، سەرۆک وەزیرانی حەمەڕەزاشای پەهلەوی پێ کوژرا، ئەو دابینی کردبوو و دابووی بە محەممەد بۆخارایی هەتا تیرۆرەکەی پێبکا.

هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی هاشمی رەفسەنجانیشدا بوو کە زۆربەی تیرۆرە سیاسییە گرینگەکان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتدا کران. لەو کاتەشدا تەماحی بەشداریی وڵاتە ئورووپاییەکان لە پشکیان لە وەبەرهێنان لە بازاڕی ئێران و نۆژەنکردنەوەی وێرانییەکانی ئەو وڵاتە دوای شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق وایکردبوو کە تەڕاتێنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتانە وەبەرچاو نەیە، هەتا ئەوەی کە بڕیاری دادگای مێکونوس کۆتایی بەو رەوتە هێنا.

کۆماندۆکانی تیرۆری سەر بە کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی توانیان لە ریستورانتی میکونوس، دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی و هۆمایون ئەردەلان و نوری دێهکوردی تیرۆر بکەن، کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وابوو هەر وەک تیرۆرەکانی پێشوو دەتوانی بە سیاسەتی حاشا و تەماحوەبەرنان بۆی دەربچێ، بەڵام لەوەیاندا کۆسپێکی گەورەی هاتە سەر رێ. دەزگای قەزایی سەربەخۆی ئاڵمان کە بڕیاری دابوو بەرگری لە کەڕامەتی خاک و وڵاتەکەی بکا، پەروەندەیەکی گەورەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تیرۆرەدا پێکهێنا کە کاری دادگا زیاتر لە ٥ ساڵی کێشا.

بڕیاری دادگا لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ راگەیەندرا و کاربەدەستانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە دەست تێداهەبوون لەو تیرۆرانەدا بە تاوانبار ناسران و حوکمی دەسبەسەرکرانیان بۆ دەرچوو.

ئەو بڕیارە بیروڕای گشتیی ئورووپای هەمووی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد و ١٥ وڵاتی ئورووپایی بە نیشانەی ناڕەزایەتی بەو تیرۆرانە، باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران کێشایەوە.

هیچ وڵاتێکی ئورووپایی بەپێی مێعیار و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان نەیدەتوانی بڕیاری دادگای میکونوس لە بەرچاو نەگرێ و ئێران بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە کەوتە تەنگانەوە.

دنیای دەرەوە لێبڕاو بوو کە تاکە رێگای ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان، چوونەوەی تیمە دیپلۆماتیکەکانیان و درێژەی هاوکارییە تیجارییەکانیان، ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە. ئەوە بوو کە ئێران ملی بۆ ئەوە راکێشا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە چیدی لە هیچ وڵاتێکی ئورووپاییدا تیرۆری دژبەرانی نەکا و گەرەنتیی ئەوەش دەدا پێی ئەو رێژیمە لە پەروەندەی هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ئورووپا نەیەتە گۆڕێ.

بڕیاری دادگای مێکونوس ستۆپی بە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستانیش کرد. رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بۆشایی دەسەڵاتێکی تۆکمە لە باشووری کوردستان کە شەڕی نێوخۆیی و ناسەقامگیریی سیاسی دروستی کردبوو، تا ئەو کات توانیبووی لە رێگای جۆراوجۆرەوە نیزیک بە ٣٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبە کوردییەکان کە بەشی هەرە زۆریان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون تیرۆر بکا.

بەڵام دوای بڕیاری دادگای میکونوس کە ئەو رێژیمە سەبارەت بە تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکڕات بە تاوانبار ناسرابوو، درێژەدان بە تیرۆری ئەندامانی ئەو حیزبە لە باشووری کوردستان تێچوویەکی قورسی دیکە دەبوو کە کۆماری ئیسلامی نەیدەویست چیدی لەو قۆناغەدا بیدا.

لە نێوخۆی وڵاتیشدا حاکمییەت دەبوا رەفتار و رەوتێکی گرتبایە بەر، کە هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانی سیاسەتی دەرەوە، یارمەتیی بردنەپێشێ سیاسەتی رەواندنەوەی گرژییەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی دابا، ئەوەش پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بوو کە بە نیزیکبوونی کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەبوا لەودا خۆی نواندبا.

پرۆژەی ئیسلاحات دەیتوانی پووششێکی زۆر باش بۆ چاوبەستنی دنیای دەرەوە بێ، هەر بۆیەش بینیمان لە هەڵبژاردنەکانی ٢ی جۆزەردان، کە نیزیک بە سێ مانگ دوای بڕیاری دادگای میکونوس بەڕێوەچوو؛ محەممەد خاتەمی، وەک نمادی دەسپێکی ئیسلاحات لە بەردەم ناتق نووری، درێژکراوەی هێڵی حاکمییەت لە بەریەکدا راگیران و شێخی ئیسلاحات بە دروشمی ریفۆرمخوازی توانی هەڵبژاردنەکان بباتەوە. پرۆژەی ئیسلاحات ناتوانێ نیشانەی پێکهاتنی ئاڵوگۆری فیکری لە نێو رێبەرانی رێژیمدا بووبێ، چونکی کە تا دوای بڕیاری دادگای میکونوس و پێش لەوە شوێنەوارێکی ئەوتۆ لە دەرکەوتنی وەها بیر و بۆچوونێک لە نێو رێبەرانی باڵای ئەو رێژیمەدا هەستی پێنەکراوە و سروشتی نییە کە رەفسەنجانی، یەکێک لە ئەندامانی تیمی تیرۆری حەسەنعەلی مەنسوور لە سەردەمی پاشایەتیدا و، پاشان پلاندانەر و یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی تایبەتیی تیرۆر؛ یەکجێ و یەکشەوە و کتوپڕ باداتەوە و ببێتە یەکێک لە پشتیوانە سەرەکییەکانی خاتەمی و دەوڵەتی ریفۆرمخوازی ئەو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

ئەگەر بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ساڵانی پاش و بە هۆی گۆڕانکاری‌یەکانی دواتردا ئاراستەی جیاوازتری بەخۆیەوە گرت، بەڵام لە دەسپێکدا تەنیا پرۆژەیەک بۆ تێپەڕین و بۆ دەربازبوون لە قەیرانی میکونوس بوو. هەر بۆیەش لە دوای تەواوبوونی ٨ ساڵ سەرکۆماریی خاتەمی و دوای ئەوەی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازی ئەو توانی هاوکێشە نێودەوڵەتی‌یەکان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، دەسەڵات خرایەوە دەست ئوسولگەراکان و هەتا ئێستاش مەیدانی سەروەدەرنان بە ڕیفۆرمخوازەکان نەدرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئوسولگوراکانیش نەیانتوانی قەت کۆمەڵگا و کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ڕیفۆرمخوازی و پێش بڕیاری دادگای میکونوس. چونکی ئەوە دەرەنجامی کاریگەری‌یەکی قووڵ بوو کە پرۆژەی تێپەڕین لە قەیرانی میکونوس لە نێوخۆی ئێراندا دروستی کردبوو، تێچوویەکی قورس کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا بۆ دەربازبوون لە بڕیاری دادگای میکونووس و لە پێناو پاراستنی تەواوەتیی نیزامەکەیاندا ئامادە بوون بیدەن.

لە ژمارە ٦٨٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## د. شەرەفکەندی رێبەرێکی بەشەخسییەت



**سمایل شەرەفی**

**شەهید دوکتور قاسملوو: هیچ نێعمەتێک لە جیهان‌دا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و "شەخسییەت" دەدا بە ئینسان و رێگە نادا بکرێ بە مۆرە.**

**شەهید دوکتور شەرەفکەندی: دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستان لە رێگای وەدەستهێنانی مافەکانیانەوە پێش هەموو شتێک هەست بە "شەخسییەت"ی ئینسانیی خۆیان بکەن.**

***

هەستپێکردنی مرۆڤی کورد بە "شەخسییەت"ی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی، بناغەی هەرە ئەساسیی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. هەر وەک لە خوێندنەوە و قسەی رێبەرانی ئەم حیزبەدا دەردەکەوێ، ئامانج لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی "ئازادی" و "مافە نەتەوایەتی‌یەکان"، هەمووی بۆ گەیشتن بە "شەخسییەت"ە. شەخسییەتێک کە مرۆڤی کورد تەنیا لە رێگای گەیشتن بە "ئازادی" و "دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان"ییەوە دەتوانێ پێی بگات.

ئینسانی کورد بۆ گەیشتن بەم پلە لە سەرفرازی و هەستکردن بە سەربەستی، بە درێژایی مێژوو لە جووڵە و بزووتندا بووە و لە کۆتاییدا حیزبی دێموکرات بۆ یەکەمجار بەشێک لەم جووڵە و بزووتنانە لە چوارچێوەیەکی فکری - تەشکیلاتیدا رێک دەخات و بۆ وەدەستهێنانی کەسایەتیی مرۆڤی کورد درێژە بەم کاروانە دەدات.

***

دوکتور سادق شەرەفکەندی یەکێک لەو رێبەرانەی حیزب بووە کە نەتەنیا وەک سکرتێری ئەم حیزبە و بەتەنیا لە سەردەمی کەسی یەکەمیدا لە حیزبدا، بەڵکوو چ ئەو کاتانەی لە دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبدا کاری کردوە و چ ئەو کاتانەی وەک جێگری رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو، ئەرکی دیکەشی لە سەر شان بووە، هەمیشە دڵەڕاوکێ و دەغدەغەی ئەم "بوون بە شەخسییەتەی ئینسانی کورد"ی لەگەڵ خۆیدا گێڕاوە.

لە سەردەمانێکدا کە تئوریە هاوردەکانی چەپی سوننەتی و "ئۆمانیزمی بەدرۆ" خەریک بوو سێبەریان بەسەر فەزای سیاسیی ئێران و کوردستاندا دەکێشا و، دەوارە رەشەکانی مەزهەبگەرایی بەیداخیان بۆ هەڵدەدرا، ئەوە دوکتور شەرەفکەندی بوو کە شەو و رۆژی لە سەریەک دادەنا و بە خوێندنەوەی رابردووی تێکۆشانی نەتەوەکەی، بیرمەندانە و بە ئیستدلالەوە ئیدیعای چەپی کلاسیکی لە سەر بە کۆنەپەرەست زانینی "نیشتمانپەروەری" و "گەل دۆستی" بەرپەرچ دەدایەوە و ئازایانە دیفاعی لە هووییەتی موبارزاتی خەڵکی کوردستان دەکرد.

ئەو باش دەیزانی کە خەڵکی کوردستان تەنیا ئەو کاتە دەتوانن وەک نەتەوەیەک ببنە خاوەن کەسایەتی و شەخسییەتی خۆیان کە بە ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانیان بگەن. هەر بۆیە راست لە سەردەمێکدا کە تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری تەقبیح دەکرێ و بە هەوڵێکی "کۆنەپەرەستانە" ناوی دەهێندرێ، دوکتور شەرەفکەندی نامیلکەیەک لە سەر "مێژووی جووڵانەوەکانی کوردستان" چاپ و بڵاو دەکاتەوە و هاوسەنگەران و سەرجەم خەڵکی کوردستان بەرەو باوەڕبەخۆبوون و درێژەدان بە خەباتی رەوای نەتەوایەتی هان دەدات.

***

دوکتور شەرەفکەندی وەک مامۆستاکەی(دوکتور قاسملوو)، بەو دەرەجە لە رێبەری گەیشتبوو کە وەک "شەخسییەت"ێکی لێهاتوو بتوانێ رێبەریی حیزبەکە و بزووتنەوە بەدەستەوە بگرێ و لە دوورەدیمەنی ئەم خەباتەدا هەوڵ بۆ "بەشەخسییەت"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردنی میلەتەکەی بدات. کە هەمان گەیشتن بە "ئازادی" و "دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتیەکان"ە.

دوکتور شەرەفکەندی زۆر باش لە نیەت و ئامانجەکانی مامۆستاکەی تێگەیشتبوو. ئەو باش دەیزانی کە هەستکردن بە شەخسییەتی ئینسانی هەروا ئاسان و بێ نرخ نیە. بۆیە زۆر جار هاوسەنگەرانی لەم ئامانج و نیەتەی شەهید دوکتور قاسملوو ئاگادار دەکردەوە و دەیگووت:

"دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستان لە رێگای وەدەستهێنانی مافەکانیانەوە پێش هەموو شتێک هەست بە شەخسییەتی ئینسانیی خۆیان بکەن".

دوکتور شەرەفکەندی زۆر باش دەیزانی کە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە دەتوانێ لە کۆتاییدا، هەستی "بەشەخسییەت بوون" بە میلەتەکەی ببەخشێ، هەر وەک رێبەرانی پێش خۆی(پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو) پێش هەموو شتێک پێویستی بە رێبەرێکی خاوەن کەسایەتی و بەشەخسییەتە.

***

**شەخسییەتی "رێبەر" لە کۆمەڵگەیەکەوە و بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و، لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە فەرق و جیاوازی هەیە.**

لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە لە لایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە "رێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتیک" ناسراوە و لە خەباتێکی توندوتیژ و لێبڕاو دایە لەگەڵ رێژیمێکی سەرکوتکەر، کەسایەتی و شەخسییەتی رێبەرانی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە تەنیا ئاماژەدان بە ئامانج لە شەهیدکردنیان بەسە بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە.

هەر ئەوەیکە دوکتور شەرەفکەندی توانی دوای رێبەرێکی کاریزماتیک، خۆی لە رێبەریکردنی بزووتنەوەیەکی خوێناوی بەرانبەر بە دڕندەترین دەسەڵاتەکانی سەردەم بدات، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو توانیبووی بە دەرەجەیەک لە "شەخسییەتی رێبەری" بگات و وەک رێبەرێکی خاوەن کەسایەتی و بەشەخسییەت جێی متمانەی هاوسەنگەرانی بێ.

لە خۆڕادیویی(اعتمادبەنفس)، لێبڕاوبوون(قاطع)، خاکەڕایی(مردمی)، دیپلۆمات و لە کۆتاییدا، راشکاو لە دەربڕینی

بەشی سێیەم

بیروبۆچوون و دێموکرات، ئەو شاخس و تایبەتمەندیيانەن کە توانیبوویان دوکتور شەرەفکەندی وەک رێبەرێکی بەشەخسییەت دەربخەن. رێبەرێک کە پێش هەموو شتێک باوەڕی بە هێزی حیزبەکەی و میللەتەکەی هەبوو.

شەرەفکەندی لە زمان شەهید قاسملووەوە هەمیشە روو بە هاوسەنگەرانی باسی لە باوەڕیان بە هێزی خۆیان و میللەتەکەیان دەکرد. ئەو دەیگووت:

"ئەگەر بمانهەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە یەک دەرسدا کورت بکەینەوە، ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان راکێشا و تێیگەیاندین کە ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان هەبێ، دەزانین چ هێز و توانایەکمان هەیە".
هەر ئەم باوەڕ بەخۆبوونە لای دوکتور شەفکەندی ببووە دەستمایەکی بەهێز بۆ ئەوەی ئیدیعای سەربەخۆیی حیزبەی لە بڕیارداندا بکات. کەوابوو بەروویەکی دیکەدا شەرفکەندی وەک رێبەرێکی بەشەخسییەت، حازر نەبوو لە هیچ شەرایەتێکدا سەودا بە سەربەخۆیی حیزبەکەیەوە بکات و دەیگووت:

ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆخۆمان دیاری دەکەین. چونکە حیزبێکی سەربەخۆین. چ چووک بین و چ گەورە، چ بەهێز بین و چ بێهێز، سیاسەتی سەربەخۆیی خۆمان بە هیچ شتێک ناگۆڕینەوە".

***

بەشەخسییەتبوونی رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهیدان؛ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی کە لە کۆتاییدا لە پێناو "ئازادی" و "دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکان"ی میللەتەکەیاندا سەربەرزانە گیانیان فیدا کرد و، کەسانی دوای ئەوانیش تا ئێستا حیزبێکی بەشەخسییەت و بزووتنەوەیەکی بەشەخسییەتی لێکەوتۆتەوە کە بە دڵنیاییەوە هەر وەک خۆیان وتوویانە لە ئاکامی ئەم خەباتەدا میللەتێک هەست بە کەسایەتی و شەخسییەتی راستەقینەی خۆی دەکات.

لە ژمارە ٦٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**٢٠١٧**

## دادگای میکۆنووس، ئاشکرابوونی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران،




**ئا: جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

**مێژووی تیرۆر لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا بۆ سەردەمێکی کۆنتر دەگەڕێتەوە، بەڵام لە مێژووی هاوچەرخی ئێستادا وشەی تیرۆر لە ڕۆژەڤی سیاسیدا لە ڕوانگەیەکی مەترسیدار و ئەمنییەتی سەیری دەکرێت،**

**ئەوە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە کە تیرۆری وەک ئەبزارێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بەکار هێناوە و دێنێت.**

**سەرچاوەی هزری و کردەوەی تیرۆر لە سیستمی دەسەڵاتی ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێراندا کە گرووپێک بە ناوی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران جڵەوی ئەو دەسەڵاتەی لە دەستدایە بۆ چەند هۆکاری بیر و ئەندیشەیی لەو ڕێژیمەدا دەگەڕێتەوە،**

**١- هەناردەکردنی شۆڕش بە بڕیاری خومەینی**

٢- توندوتیژی لە ئەدەبیاتی خومەینی و لابردن و کوشتنی هەموو جیابیران
٣- پشتیوانی لە گرووپە توندئاژۆکانی جیهان (لە ژێر ناوی موستەزعەفین)
٤- دامەزرندانی گرووپی توندڕەوی ئایینی و پشتیوانی لەو گرووپانە لە هەموو ناوچە و جیهان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و لە سەرووی هەموویانەوە ئیقدامی تێرۆریستی
٥- شەڕ هەڵایساندن لە نێوان شیعە و سوننە.

تێرۆریزمی دەوڵەتی و پشتیوانی لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی، پێناسەی بەجیهان ناسێندراوی ڕێژیمی ئێرانە.

لە کردەوە بەناوبانگە تێرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لە چەند دەیە دەسەڵاتدارییدا دەتوانین هەر لە سەرەتاوە ئاماژە بە تێرۆری ئایەتوڵلا تاڵەقانی و ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری بکەین کە دژی بۆچوونەکانی خومەینی بوون و تێرۆریان کردن.

لە دەرەوەی وڵات سیاسەتڤان و ڕێبەری گەورەی وەکوو دوکتور قاسملوویان لە سەر مێزی بەناو وتوویژ تێرۆر کرد. لە پاریس شاپوور بەختیاریان بە شێوەیەکی دڕندانە کوشت. لە بێرلین دوکتور شەرەفکەندییان تێرۆر کرد کە لە دادگای ئاڵمان سەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی تاران بەو بۆنەوە مەحکووم کران بە سەرکەردایەتیی تێرۆری نێودەوڵەتی.

پرۆژەی تێرۆر بە شێوەیەکی زۆر بەرنامەداڕێژراو لە ڕێژیمی ئێراندا لە ساڵەکانی ١٣٥٨ی هەتاوی دەست پێدەکات و هەنووکەش ئەو ڕێژیمە لە دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئامریکادا وک یەکەم ڕێژیم و سەرەکیترین ڕێژیمی تێرۆریست و پاڵپشتی تێرۆریزم لە جیهاندا پێناسە کراوە.

یەکێک لە تێرۆرە نێودەوڵەتییەکانی ڕێژیمی ئێران کە سیمای ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمەی پیشانی کۆمەڵگای جیهانی دا، تێرۆری میکۆنووس بوو.

دوکتور شەرەفکەندی لە کاتێکدا بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کە جەمسەری کۆمۆنیستیی ڕۆژهەلات تێکڕووخا و خولێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەستی پێکرد.

دادگایەک کە بەناوی دادگای میکۆنووس ناودێر کرا، ڕێبەرانی پایەبەرزی ڕێژیمی ئێرانی وەکوو فرماندەرانی تێرۆری دوکتور


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەرەفکەندی و هاوڕێیانی مەحکووم کرد. حوکمێک کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی لەگەڵ قەیرانێکی جیدی بەرەوڕوو کردەوە.

ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی بەرانبەر لەگەڵ ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی، دادگایەکی بێرلین، حوکمی مێژوویی دەرکرد و تێیدا سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرووی هەموویانەوە عەلی خامنەیی و ڕەفسنەجانی و فەلاحیانی سەبارەت بە بڕیاردانی تێرۆری دوکتور شەرفکەندی و هاوڕێیانی بە تاوانبار ناساند.

ڕۆژی ١٠ی ئاوریل، لە بڕیارێکی مێژووییدا، دادگای بێرلین، ناسراو بە دادگای پەروەندەی ڕێستۆرانی میکۆنووس یان بە کورتی دادگای میکۆنووس، کردەوەی تێرۆریستیی تێرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لە ڕێستۆرانی میکۆنووسدا بە کردەوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو و بڕیاردراو لە لایەن بەرپرسانی هەرە سەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناساند و حوکمی دەستبەسەرکردنی بۆ سەرانی ئەو ڕێژیمە بەتایبەت خامنەیی و ڕەفسەنجانی و فەلاحیان وەزیری ئەوکاتی ئیتلاعات دەرکرد و بکەرانی ئەو کردەوە تێرۆریستیەی بە تاوانبار ناساند و حوکمی زیندانی هەتاهەتایی و زیندانی درێژماوەی بۆ دەرکردن.

تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێستوورانی میکۆنووس، ڕۆژی ١٧ی سێپتامبر١٩٩٢، ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ دوای بەشداریی دوکتور سەعید و هاوڕێیانی لە کۆبوونەوەکانی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە وڵاتی ئاڵمان ئەنجام درا. دوای ئەو کۆبوونەوانە دوکتور شەرەفکەندیی نەمر دەیویست ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هاوئاهەنگ بکا و لە کاتی دیالۆگ بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی و دروستکردنی چەتری هاوبەشدا بوون کە تێرۆریستانی نێردراوی ڕێژیمی تاران، بە ئەمری ڕێبەرانی ڕێژیم و بە تیمێکی هاوبەشی ئێرانی و لوبنانی، دەسرێژیان لە کۆبوونەوەکە کرد و بەتایبەتی دوکتور شەرەفکەندی و هەیئەتی هاوڕێیان کردە ئامانجە گلاوەکەیان و شەهیدیان کردن.

دوای پێنج ساڵ لە ڕەوتی درێژەداری دادگای میکۆنووس و دوای گوشاری زۆری کۆماری ئیسلامی، دادگا و دادوەری بوێر و دادپەروەری ئاڵمانی حوکمێکی مێژوویی دەرکرد و سەرانی کۆماری ئیسلامیی بە تاوانباری سەرەکیی ئەو کردەوە تێرۆریستیە ناساند.

شیاوی ئاماژەیە کە لە ئێستاشدا هەموو ڕای گشتی و ناوەندە ئازاد و پێشکەوتووەکانی جیهان باس لە تێرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی دەکەن و بە سەرچاوەی تێرۆر لە ناوچە و جیهانی دەناسێنن کە پشتیوانی سەرەکیی گرووپە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێرۆریستیەکانە و سەرچاوەی سەرەکیی بشێویی و ئاڵۆزی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

حوکمی دادگای میکۆنووس لە ڕێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦دا دەرکرا کە کازم دارابی دانیشتووی ئێران و عەباس ڕەحیل خەڵکی لوبنان بە زیندانی هەتاهەتایی و یوسف ئەمین و محەممەد ئیدریس خەڵکی لوبنان بە ١١ساڵ و ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کران کە گەورە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی ئەو کردەوە تێرۆریستیە بوون.

بەرپرسانی ئەو کاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران واتە "هاشمی ڕەفسەنجانی"، سەرکۆماری ئەو کاتی ئێران، "عەلی فەلاحیان" وەزیری ئیتلاعات، "عەلی ئەکبەر ویلایەتی" وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو کاتی ئێران و "سەید عەلی خامنەیی" ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستیان لە تێرۆری ڕێبەرانی گەلی کورددا هەبوو.

ئەمرۆکەش ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام درێژە بە کردەوەی تێرۆریستی لە نێوخۆ و وڵاتانی ناوچەکە دەدات و بەردەوام لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە دەستێوەردان و کردەوەی تێرۆریستی مەحکووم کراوە.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران بۆتە جێگای مەترسی لەسەر بارودۆخی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ڕۆژانە بە یارمەتیی ماڵی و مەعنەوی لە گرووپە توندئاژۆکانی وەکوو حیزبوڵڵای لوبنان، حەماس و... خەڵکی سڤیل بە کوشت دەدات.

نموونەی هەرە بەرچاوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی سووریە لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعسی بەشار ئەسەد خۆ دەردەخات، نزیک بە ٤ ساڵە شەڕ و پێکدادانە نیزامییەکان لەو وڵاتە درێژەی هەیە و بە هەزاران کەس کوژراون و بەمیلیۆنان کەس ئاوارە بوونە.

پشتیوانیی ماڵی و نیزامیی ڕێژیمی ئێران لە گرووپە تێرۆریستیەکان تێچوویەکی زۆر هەڵدەگرێت، ئەوەش لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئێران لە دژوارترین دۆخی ژیاندا بەسەر دەبەن.

لەو پێوەندییەدا ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ "کاوە ئاهەنگەری" نوێنەری حیزبی دێموکرات لە وڵاتی بێلژیک پێکهێناوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەقی وتووێژەکە:

**پرسیار:** تێرۆر و تێرۆریزمی دەوڵەتی پێناسەکەی چیە؟

**وەڵام:** تێرۆر بە کردەوەیەکی توندئاژۆیانە دەگوترێ کە بە مەبستی نەهێشتن، لەنێوبردن یان تەنانەت پێکهێنانی ترس و خۆف لە نێو کۆمەڵانی خەڵک یان تاکەکان ئەنجام دەدرێ. ئەم کردەوەیە دەکرێ بۆ مەبەستی سیاسی بەڵام بە بیانووی ئایینی، سیاسی یان عەقیدەتی بەڕێوە بچێ. ئەگەر کردەوەی تیرۆر لە لایەن دەوڵەت بە شێوەی ڕەسمی یان بەشێک لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی بەڕێوەبچێ بەو جۆرە تێرۆرە دەوترێ "تێرۆری دەوڵەتی". بەو مانایە کە دەوڵەت بۆ مەبەستی تایبەتی و بە قازانجی خۆی لە ئیمکاناتی بەردەستی بۆ پێکانی مەبەستەکەی کەڵک وەردەگرێ.

**پرسیار:** ڕێژیمی ئێران و کردەوەی تێرۆر تا چەندە پێکەوە هاوتەریبن؟

**وەڵام:** ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیمێکەوە پێناسە دەکرێ کە ئەم گرووپە بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێرانیش توندئاژۆ بوون و کاری تێرۆریستییان ئەنجام داوە. بە دوای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئەم گرووپە توندئاژۆیەوە، سڕینەوە و نەهێشتنی دژبەران و نارازییان یەکێک لە کارە سەرەکییەکانیان بووە. بۆیە هەر بە دوای گۆڕینی ڕێژیم قەڵاچۆ کردن، تێرۆری کەسایەتییەکان و بێسەروشوێن کردنی نارازیان دەبێتە ڕێکارێکی ئاسایی بۆ ڕێژیم.

**پرسیار:** لە بیستەمین ساڵی تێرۆری میکۆنووس هەڵوێست و ئیقدامی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم بڕیارە مێژووییەی دادگای بێرلین چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام:** لە ماوەی ڕابردوودا چەند هەڵوێستی هاوئاهەنگ و کۆدەنگی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(بۆ نموونە ساڵڕۆژی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، نەورۆزی جامانەکان) توانی لە لایەکەوە دڵی کۆمەڵانی خەڵک خۆش بکات و وزە و هیوا بداتەوە بە خەڵک، لە لایەکیترەوە ڕێژیم بۆ جارێکی دیکە زانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات خاوەن جێگە و پێگەی جەماوەرین و لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا خاوەن هێزن. ئێستا کە دادگای میکۆنووس تەواو بووە و حوکمی ئەو دادگایە ستاتوویەکی نێودەوڵەتی بە خۆیەوە گرتووە، زۆر باش دەبێ ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هاودەنگ و یەکگرتوو لەم کەیسە بە قازانجی دۆزی کورد لە ئێران لە نێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەڵک وەرگرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار: کاریگەرییەکانی ئەو بڕیارەی دادگای بیرلین لە سەر ڕێژیمی ئێران چی بووە؟**

**وەڵام:** بۆ یەکەمجار بوو کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە دوای تێرۆری سەدان چالاکی سیاسی و دژبەری ڕێژیم لە وڵاتانی دیکە، دەکەوتنە بەر تیغی عەداڵەت و لە دادگایەکی عادڵانە و دێموکراتیک لە وڵاتێکی ئوورووپایی بە ڕاشکاوی و سەربەخۆیانە دادگایی دەکران. هەرچەند پرۆسەی دادگایی کردنەکە زۆری خایاند، بەڵام لە کۆتاییدا و تەنانەت بە مواخلەی زۆر دەستی تر بۆ بە لاڕێدابردنی دادگای میکۆنووس، حوکمی کۆتایی تاوانبار ناساندنی ڕێژیمی کۆماری ئسیلامی بوو، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبوو، ئەوەندە کە وڵاتانی ئوورووپایی باڵوێزی خۆیان بانگهێشتی وڵاتی خۆیان کردەوە و توانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە تەواوی کش و مات بکات. بۆ ڕێژیم زۆر گران کەوت و هەر بە دوای ئەم بڕیارەی دادگای میکۆنووس بوو کە کۆماری ئیسلامی ئیتر نەیتوانی لە ئاستی ئوورووپادا بە شێوەی جاران دەست بەرێ بۆ ڕەشە کوژی و دژبەرانی خۆی تێرۆر بکات.

**پرسیار: بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران زۆر جار باس لەوە دەکەن کە تێرۆری جیابیران وەک دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی بوو بە هۆی رووخانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕێژیمە؛ ئێوە چۆن ئەو لێدوانەی بەرپرسانی ڕێژیم شرۆڤە دەکەن؟**

**وەڵام:** وەکوو پێشتریش باسم کرد تێرۆری میکۆنووس زەربەیەکی گەورەی لە ویجهەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی وڵاتانی ڕۆژئاوا دا، ئەمە حاشا هەڵنەگرە و قەیرانی دیپلۆماتیک لە نێوان ڕۆژئاوا و کۆماری ئیسلامی بە دوای دەرکردنی بڕیاری دادگا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە.

**پرسیار: ڕەوتی ئیسلاح تەڵەبی لە ئێراندا، بەرهەمی بە تێرۆریزم ناساندنی ئەو ڕێژیمە بوو بۆ ئەوەیکە دیسان بتوانێت لە نێوخۆ و دەرەوە خۆی پێناسە بکاتەوە؛ کاریگەرییەکانی ئیسلاح تەڵەبی لە سەر کۆمەڵگای ئێران چی بووە؟**

**وەڵام:** لە ڕاستیدا ئیسلاح تەڵەبانی حوکمەتی وەک بژاردەکانی نێو حاکمیەت - بە تایبەت ئەوانەی لە ڕۆژئاوا خوێندیان و دواتر گەڕانەوە ئێران - زوو بەوە گەیشتن کە ناتوانن چیتر بەو گوتار و مێتۆدە ئینقلابی و توندئاژۆیانەیان لە ئاستی نێودەوڵەتی حزووریان هەبێ، بۆیە کەوتنە بیری پێکهێنانی گۆڕان لە گوتە و کردەی سیاسی - ئەگەر لە ڕواڵەتیشدا بێ - و تیۆریزە کردنی تێزی ئیسلاحات لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا. نزیک بیست ساڵە ئیسلاحتەڵەبی وەک گوتارێکی سەرەکیی شوێندانەر لە ئاست دەستەبەندی کردنی گرووپ و باڵەکانی نێو حاکمیت واتە فۆرماسیۆنی سیاسی لە نێو


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

حاکمییەتدا و کارتێکی یەکلاکەرەوەی زەینیەتی هزری گشتی لە کاتی هەڵبژاردنەکان ڕۆڵ دەگێڕێ. بە تایبەت بە دوای دادگای میکۆنووس ئەم گرووپە کەوتوونەتە جم و جۆڵێکی چڕتر بۆ سازگارترکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە.

**پرسیار**: تا چەندە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە بە تێرۆریزم ناساندنی ڕێژیمی ئێران لە جیهاندا بە سوودی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە؟

**وەڵام**: زۆر بە داخەوە زۆر بە کەمی لەم پێوەندییەدا چالاک بوون. ئەمەش ڕەخنەیەکی گەورەیە کە دێتەوە سەر بە تایبەتی حیزبی شەهیدانی ڕێبەر.

**پرسیار**: لە ئێستادا زلهێزانی جیهان بەردەوام باس لە سیاسەتی تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێران دەکەن؛ ئایا وڵاتانی زلهێز بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی ڕێژیمی ئێران هیچ هەنگاوێک دەنێن؟

**وەڵام**: زیاتر ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەتی ئامریکا و دۆستانی ستراتیژیکی وەک بریتانیا و فەڕانسە و ئاڵمان، لەو پێوەندییەدا قسە دەکەن. بەڵام بۆ هەڵێنانی هەنگاوی عەمەلی بە دژی ئێران هەندێک فاکت پێویستن کە شیمانە دەکرێ لە دەستدا هەن بۆ بەرەنگاربوونەوەیەکی جیدیتر دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە دەتوانین بە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە سەروەری سیاسی وڵاتانی دیکە، هەناردەکردنی گرووپی تێرۆریستی بۆ دەرەوەی وڵات، پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان، پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ، بەزاندنی یاسای گەمارۆکان و ڕۆڵی سەرەکیی سپای پاسداران لە قاچاغی مادە هۆشبەرەکان بۆ ڕۆژئاوا و... هتد، ئاماژە بکەین. بۆیە پێموایە کە ئەمانە دەتوانن کۆمەڵێک فاکت بن لە ڕووبەڕووبوونەی جیدیتر بە دژی ئێران.

**پرسیار**: ڕا و بۆچوونی ئێوە لە سەر بڕیاری دادگای بێرلین چییە؟


**وەڵام**: بڕیارێکی بوێرانە، کاریگەر، ئەخلاقمەدار، ئازاد و دێموکراتیک بوو. بە داخەوە زۆر جار عەدالەت و ڕاستی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا دەبێتە قوربانیی بەرژەوەندیی ماڵی. بەڵام دادگای مێکۆنووس نیشانی دا هێشتا عەدالەت و داد لە جیهاندا بوونی هەیە و من وەکوو خۆم سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم بۆ دادگای میکۆنووس و ستافی قەزایی ئەو دادگایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بیری نەتەوەیی لە ئایدیا و ئەندێشەکانی دوکتور شەرەفکەندیدا



شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی

**شەهید دوکتور شەرەفکەندی:**

**«کێ دەتوانێ بڵێ کە هەستی میللی(نەتەوەیی)، یانی ئەو هەستە تەبیعی، ئینسانی و سەرەتاییەی کە هەر ئینسانێک هەیەتی – کە ئەوەیش وەک ئینسانێک دەبێ ئازاد بێ – هەستێکی پاشکەوتووانەیە؟ ئەورۆ لە دنیایەدا کەس ناتوانێ بڵێ کە هەستی میللی شتێکی پاشکەوتووانەیە، جا چ عەقیدەی پێ هەبێ چ عەقیدەی پێ نەبێ. لە شەرایەتی ئەورۆی دنیادا هەستی میللی و ئازادیخوازی بۆ هەر نەتەوەیەک وەکوو ئینسان لەم دونیایەدا، ئیدی کەس مونکیری پیرۆزی و موقەدەسبوونەکەی نیە.»**

***

**٢٥ ساڵەی تێرۆری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستان - لەم مانگەدا - هاوکاتە لە گەڵ بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم و گشتپرسی لە باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی. لەم سۆنگەوە جێی خۆیەتی باس لە لایەنێکی فکریی دوکتور شەرەفکەندی لە پێوەندی لە گەڵ «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و «مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی کیانێکی سەربەخۆی کوردی» دا بکەین کە ناوبراو لە سەردەمێکی بڤەدا ئازایانە و بە ڕاشکاوی قسەیان لە سەر دەکا و، هیچ تەوژم و هێرشێکی فکریی بەرەکانی نەتەوەپەرەستی فارس و چەپی کلاسیکی دژ بە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتمانپەروەری ناتوانن لە باوەڕەکانی پاشگەزی بکەنەوە.

دوکتور شەرەفکەندی هاوکات لەگەڵ ئاڵۆگۆڕەکانی باشووری کوردستان و سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلی کورد لەم بەشە لە کوردستان بە سەر دەسەڵاتی بەعسی عێراقیدا(١٩٩١)، ڕوو بەو ئێرانییە شۆڤێنیستانەی کە هێرشەکانیان بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی چڕ کردبۆوە، ڕاشکاوانە دێتە جواب و بە ئاماژەدان بە ستەمی لە مێژینەی نەتەوایەتی کە دەرحەق بە میللەتی کورد لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە لە شکڵی دەوڵەت و دەسەڵاتدا کراوە دەڵێ؛» لە واقعییەتدا ئێستا ئیدی کەس ناتوانێ حاشا لە کێشەیەک بە ناوی کێشەی نەتەوەی کورد لە ئێران و وڵاتانی دیکە بکا. واقعییەت ئەوەیە کە ئێستا کوردەکان ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی دیکەی خاوەن ماف نەوێ، کەمتریان ناوێ. بۆ ئەم مەسەلەیەش لە ئێران و ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، دەبێ تەنیا پرس بە خودی کورد بکەن کە چیی دەوێ.»

بیری نەتەوەیی لە بیروباوەڕی شەهید شەرەفکەندیدا ئەوەندە چەسپاو و جێگیر بوو کە، دەسکەوتەکانی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەی لە هەر بەشێکی کوردستاندا با، بە هی خۆی و بە گشتی بە ئی میللەتەکەی دەزانی. لە گەڵ ئەوەدا کە سرووشتی خەباتی گەلی کورد لە ڕووی جوغرافیاییەوە وای دەخواست کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێوەندیی لەگەڵ بۆ نموونە بە دەوڵەتی عێراقەوە هەبێ، بەڵام دیسانیش هیچ تێبینی و بۆچوونێکی سیاسی و حیزبی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوکتور شەرەفکەندی وەک سکرتێری ئەوکاتی حیزب ئەوەندە گرینگ نەبوو کە نەتوانن دەسکەوتێکی نەتەوەیی وەک ڕاپەڕینی کورد لە باشووری کوردستان و ئازادبوونی یەک لە دوای یەکی شار و ناوچەکانی ئەم بەشە لە کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بەعسی عێراقیدا نەبینن و پێی خۆشحاڵ نەبن و بە کردەوە لە پێناویدا هەڵوێست نەگرن.

دوکتور شەرەفکەندی لە ڕێورەسمی پێشوازی لە جێژنی نەورۆز و سەر ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا لە بناری قەندیل کە هاوکات بووە لە گەڵ ئازادکردنی شاری کەرکووک، بە خۆشحاڵییەوە باس لە ئازادیی کەرکوک دەکا و بەم شێوەیە قسە لە مەسئولییەت و بەرپرسیاریەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرانبەر بە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی ئەم بەشە لە خاکی نیشتمان دەکا:

«نەورۆزی ئەوساڵمان بەڕاستی جێژنە، یان باشتر بڵێم دوو جێژنە و بە کەس وەسف ناکرێ. لە مێژووی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا بێ وێنەیە. بۆ هەموو کورد و بەتایبەت بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات کە لە گۆشەیەکی ئەسڵیی ئەم موبارزەیە

داین ڕۆژێکی خۆش و مێـژووییە. بـارودۆخی کوردستانی عێـراق و ئەو دەسکەوتە مێـژووییە دوو مەسئولییەت دەخـاتە سـەر شـانمان(وەک حیزبـی دێمـوکرات) و، لە دوو مێحـوەردا دوو مەسـئولییەتی ئەسـڵیمان لە بەر دایە. بـۆ تەسـبیتی ئەو دەسکەوتانەی کوردستانی عێراق دەبێ لە خۆبوردوو بین و دەسکەوتەکە بپـارێزین. ئەوەی لەم پێوەندییەدا بۆ ئێمە گرینگە یەکەم؛ تەسبیت و تەعمیقی ئەو دەسکەوتانەیە و دووهەم؛ دەبـێ ئەو دەسکەوتە بەربڵاوتـر بکەیـن و بـۆ لای خۆشمانی لە کوردستانی ئێران ڕابکێشین و، ئەوەیش ئەرکی حیزبی ئێمەیە.

ئەو دوو ئەرکە لە ئەسڵدا یەک شتن. بەڵام لەوانەیە لە بە جێگەیانـدنـدا تەعـاروز بێـتە پـێش، لەوانەیە یەکیـان پێشی ئەوی دیکە بگرێ. بەڵام گرینگ ئەوەیە کە دەبێ بە دڵگەرمییەوە ئەرکەکانمان بەڕێوەبەرین. لەوانەیە لە ڕواڵەتـدا ئەو دوو ئەرکە یەکیـان ئەوی دیـکە وەدوا بخـا، بەڵام لە نێوەرۆکـدا هەر یەکـن و حیزبـی ئـێمە لەو بـارەوە مەسـئولییەتی قورسـی دەکەویتە سەر شان.»

ڕووداوەکـانی سـاڵانی سـەردەمی سکرتێریی دوکتـور شـەرەفکەندی کە بەداخەوە زۆریشـی نەخـایانـد، بـۆ نەتەوە بندەسـتەکان دڵخۆشکەر بوون. لانیکەم دوای لێکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت و درووستبوونی چەند دەوڵەتێک بە خەسڵەتی نەتەوەیی، ڕووداوەکانی ۱۹۹۱ و ڕاپەڕینی کوردەکان لە باشووری کوردسـتان و، پاشەکشەی ڕێژیمی بەعس لەم بەشە لە کوردستان، بۆ نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دڵخۆشکەر بوون. لەم سۆنگەیەوە بیروبۆچوونی دژی گەلییانەی سەر بە تەیفی نەتەوەی پاوانخواز و تەواویەتخوازی ئێرانی(فارس) ، بۆ دژایەتیکردنی مافی نەتەوە ماف لێ زەوتکراوەکـانی ئێـران و یەک لەوان نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەخۆ کەوتن.

هەر بۆیە کاتێک کە دوکتور شەرەفکەندی لە سەفەری بێگەڕانەوەی خۆیدا لە بەهـاری سـاڵی ۷۱ی هەتـاوی گەیشـتە دەرەوەی وڵات و ئەوەیش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردن و دامەزرانی پارلمانی کورد لە باشووری کوردستان، لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ تەیفەجۆراوجـۆرە سیاسییەکانی ئێرانیـدا کە دەیانهەویسـت بـزووتنەوەی کـورد ببەنە ژێـر پرسـیار و بە زیـادەڕەویی و «جیاییخوازی» تۆمەتباری بکەن، ئازایانە هاتە دەنگ و پێی وتن کە؛ «ئەگەر لە ڕوانگەی مێژوویی و تیئۆریکەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین دەبێ بڵێین کە ئەوە ڕاستە کە زۆرێک لە وڵاتـان و یەک لەوان ئێران، بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتـوویی نەتەوە جیاوازەکان پێک هاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتاهەتـایی نیە، چ هۆکارێک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەنـد نەتەوە با ۱۵۰۰ ساڵیش پێکەوە ژیاون، ئێستا ناتوانن لێک جیابنەوە و بەجیا بژین. مەسەلەکە هەڵومەرجی ئەمڕۆیە. ئەگەر دونیـا لە حاڵی گۆڕان دایە، شتێکی سرووشتییە کە دۆستایەتییەکان و ڕێککەوتنەکـان و پێکەوە ژیانەکـان و ڕوانینەکـانیش، هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

هەموویان دەگۆڕدرێن. جیا لە هەمووی ئەمانە هیچ واقعیەتێکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە هەمیشە نەتەوەکان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا پێکەوە ژیاون. هەر ئەو ئێرانە زۆر وڵاتی دیکەی وەک ئەفغانستان و ئازەربایجانی لێ دروست بوو و دونیاش نەڕووخا. پێکەوە ژیانی نەتەوەکان تەنیا لە ڕووی لێکحاڵیبوون و یەکتری قبووڵکردنەوەیە و هیچ پێشینەیەکی سەد ساڵە یان هەزار ساڵە ناتوانێ پاساوی بدا.»

ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە لە حیزبی دێموکراتدا تەنیا شەهید دوکتور سەعید نەبوو کە بە گوتار و بەکردەوە بۆی تێ دەکۆشا، بەڵکوو بەشێک بوو لە ماهییەت و پێناسەی حیزبی دێموکرات و سەرجەم خەباتکارانی نێو ڕیزەکانی ئەم حیزبە کە دەکرێ هەر لە سۆنگەی ڕووداوەکانی باشووری کوردستانەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە هاوکاری و خەمخۆریی بەکردەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بکرێ. لە سەرەتاکانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ی زایینیدا، لە دەیان شار و ناوچەی ئەم بەشە لە کوردستاندا، ئەوە تێکۆشەران و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون کە شان بە شانی پێشمەرگەکانی باشوور، ڕۆڵی چالاکانە و لە هێندێک شوێندا یەکلاکەرەوەیان لە گرتنەوەی شوێنە گرینگەکانی ئەم بەشە لە کوردستاندا هەبوو.

لە ئاستی گشتیدا هەر وەک دوکتور شەرەفکەندیی شەهید لە پەیامی نەرۆزی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوییەوە بە بۆنەی ئازادیی شاری کەرکووک باسی دەکا، «حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی بە مەسئولییەتەوە لە ڕاگرتن و پاراستن و قوڵکردنەوەی دەسکەوتەکانی باشووری کوردستاندا، ڕۆڵی بەرچاوی هەبێ». هەرچەند بەجێگەیاندنی ئەم ئەرک و مەسئولییەتە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان - هەر وەک شەهید شەرەفکەندی دەڵێ - «لەوانەیە لە رواڵەتیشدا لە تەزاددا بووبێ».

* سەرچاوەی قسەکانی د. شەرەفکەندی: ڕادیۆ دەنگی کوردستان

لە ژمارە ٧٠٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دکتۆر سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەری ناسراوی خاکی و بوێر و نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو!



**محەممەد سلێمانی**

٢٥ ساڵ لەمەوبەر حکوومەتی ئاخوندی ئێران، لە بەرلین دکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە چێشخانەی "میکۆنووس" دا بە ڕێگای باندە تۆندئاژۆ و مرۆڤ کوژەکانیەوە،

توانی دیارترین و کاریگەرترین خەباتگێڕی سیاسی ڕۆژهەڵات و ئێران تیرۆر بکات و سەرلەنوێ زامێکی گەورە و قورس لە جەستەی شۆڕشی کوردستان بکاتەوە. بەوجۆرە زەربەیەکی گەورە بەر حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران و جووڵانەوەی ئازادیخوازی کورد لەو بەشەی کوردستان کەوت. حیزبی دێمۆکرات و خەڵکی خۆڕاگری کوردستان لەوکاتەدا کەوتنە ژێر قورسای ئەو خەمەگەورەیەوە و تاماوەیەک تاسان و دڵەڕاوکیی سیاسی و تەشکیلاتی کەش و هەوای ڕۆژهەڵاتی گرتبوویەوە. بەڵام درێژەدان بەخەبات و گەڕانەوەی حیزب بۆ نێوخۆی وڵات و ئیدامەی تێکۆشانی بەکردەوە لە نێوخۆی کوردستاندا، توانی پارسەنگی هێزی بگۆڕێ و ئومێد و دڵخۆشی گەڕاندەوە و هەموولایەک لەو ڕاستیە گەیشتن کە هەرگیز مێژووی رابردوو بەسەر شۆڕشی گەلی کورد دا دووبارە نابێتەوە و ئەگەر بێت و ڕێبەری تریش لە لایەن دەسەڵاتی تیرۆریستی تارانەوە بکرێنە ئامانج، بەرخۆدان و ڕاسان بەدژی داگیرکاری و نادادپەروەریەکانی حکوومەتی ئاخوندەکان هێشتا هەر ئیدامەی دەبێت. دکتۆر سەعید مرۆڤێکی تێکۆشەری خاکی و نەتەوەی بوو و خاوەنی کەسایەتی و تایبەت مەندی زۆر مەزن و ئومێد

بەخشبوو و لەسەر مافەڕەواکانی گەلی کورد چاوساخ و پارێزەرێکی سەر ڕاست و بەئەزموونی خەباتی سیاسی لە پێناوی ئەستاندن و دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوەی خەڵکی کوردستان، سیمایەکی ناسراو و بەرچاو بوو. ئەو وەک سکرتێری گشتی حدکا خاوەنی لێکدانەوە و خوێندنەوەی وردبوو و لە بڕیاردان و خۆسازدان و ئارایشی سیاسی و تەشکیلاتیدا، دارایی بیرۆکەی خێراو کرداریبوو و هەرگیز لە ئاستی گیروگرفتەکاندا دەستەو وەستان نەدەمایەوە. زۆر ئاکادیمی و زانستیانە بارۆدۆخی سیاسی و نێونەتەوەیی و کاریگەری ڕووداوەکانی لەسەر جووڵانەوەی سیاسی کورد لێکدەدایەوە و خاوەن ئیرادەیەکی گەورە و نایاببوو. لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا مرۆڤێکی ئازا و مەردانە دەهاتە مەیدانێ و هەربەقسە خۆی لە بارودۆخەکان کە بۆ حیزب و خەباتی ئازادیخوازی کوردستان هاتبێتە پێشەوە نە پەڕاندۆتەوە. دکتۆر شەرەفکەندی بەگشتی چاوی لەسەر حیزب و پێک هاتەی ڕێکخراوەی بوو، ڕێگای بەکەس نەدەدا لە جیاتی کەسێک یان ئۆگانێکی دیکە ئەرک و فەرمان دەربکا و دەست لەکاروباری یەکدی وەربدرێت. کارەکانی حیزب و ئۆگانەکان بە گوێرەی یاسا و پڕینسیبە نێوخۆیەکان بەڕێوەدەبران و بۆجۆرە مودیریەتێکی هاوبەشی سیاسی و تەشکیلاتی بە ساناى حیزبی پێ ئیدارەدەکرا. کەمترخەمی و بێسەرەوبەری لەکەس قبووڵ نەدەکرا و هەر سەر پێچیەک بەگوێرەی پێڕەوی نێوخۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا. لەسەر یەک حیزب یەک دەست و ڕێکخراو و وەک هێزێکی بە ئەزموون و مونەزەمی سیاسی و تەشکیلاتی کاری دەکرد و کۆنگرە و کۆنفرانسەکان لە کات و وەختیخۆیدا دەگیران و ئەگەر هەلومەرجێکی ناشیاو دژواریش بۆ حیزب هاتبا پێشەوە، پێشوەخت هۆکارەکەی بۆ تەشکێلاتی حیزب ڕووندەکرایەوە. دکتۆر سەعید بەداخەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت، پاش مەرگی دکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری حیزب کار و ئەرکەکانی بەڕێوەبرد، بەڵام لە ماوەی کورتی سکرتێریدا زۆر جوامێرانە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا و بەهەق ڕێگای نەدا بێ دکتۆر قاسملووی بە حیزب و جووڵانەوەی نەتەوەی گەلی کورد بەدیار بکەوێت. سەرەڕایی پلە و پایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاکادیمی کە هەیبوو، کەچی زۆر خۆنەویست و ڕەوشت بەرز و خەڵکی و داوێن پاک بوو. سەرێک بوو بە تەواوی لەنێوسەراندا دیار و بە فیکر و کرداری جوامێرانەی قورسایی سیاسی و دیپلۆماسی خۆی لە نێو هێزە ئێرانی و کوردستانیەکاندا سەلماندبوو و هەموو لایەک بەسەرنجەوە گوێیان بۆ بیروڕاو هەڵوێستی سیاسی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی ئێران و کورسستان ڕادەگرت. دکتۆر شەرەفکەندی لە هەڵوێست گرتن و ڕەخنە گرتندا هیچ باکی نەبوو، پێیوابوو حیزب وەختێک باش گەشدەکات کە لایەنێک هەبێت، دەست نیشانی خاڵە لاواز و بەهێزەکان بکات. هەڵسەنگاندنی کار و تێکۆشانی ئۆرگانە حیزبیەکانی بە زەرورەتێکی گرینگ و هەستیار سەیر دەکرد و لە درێژەی خەباتدا بە پێویستیدەزانی حیزب و بکەرەکانی بەخۆیاند بچنەوە و بۆ ئەوەی بە بەرنامە و گەڵاڵەی تازە و بەجێ بۆ قوناخەکانی بەرخۆدان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان ڕێکبخەن. شەرەفکەندی پەیوەندیەکی زۆر پتە و بە هێزی لە گەڵ تەشکیلات و ئۆرگانە حیزبیەکاندا دروستکردبوو و زۆر بەی سیما ناسراوەکانی نێو حیزبی دەناسی و هەمولایەک بە چاوی ڕێز و ڕێبەرێکی شایستە و بوێر سەیری دەکرد. لە ڕاپەراندنی ئەرکە حیزبیەکاندا پەیڕەوی کولتورێکی جوانی دەکرد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

و پێی باش بوو هەرکەس لە شوێنی خۆیدا کاری حیزبی بەڕێوەبەرێ وکەس ئەو مافەی نەبێت دەست بخاتە نێوکاری هاوڕێیەکەی و هەموو ئۆرگانەکان سەلاحیەتی بەرفراوانیان هەبێ لە ڕاپەراندنی کارەکانیاندا. ڕێژیمی ئاخوندی پاش مەرگی دکتۆر قاسملوو زۆر بە دیاریکراوی لەسەر ئامانجی خۆیان کە لە نێوبردنی شەرەفکەندی جێنشینبوو، کاریاندەکرد و بەداخەوە زۆر بەزووی توانیان شەهیدی بکەن. رەوتی خەبات و تێکۆشانی سیاسی کورد ئەو ڕاستیەی بەتەواوی سەلماند کە هەتا کوردێک مابێت، بەرخۆدان بۆ ئازادی سیاسی و ڕزگاری نیشتیمانی داگیرکرا درێژەی دەبێت. حکوومەتی ئاخوندی بەتیرۆری سیاسی و سیاسەتی سەرکووت و ئیعدامی بەکۆمەڵی نارازیانی ولاتیش ئێستا نەیتوانیوە خۆی لە قەیرانی ئەمنی و بێزاری خەڵک ڕزگاربکا و نارەزایەتیی و بیزاری خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان، پەیامێکی روون و ئاشکران بۆ کاربەدەستانی حکوومەت کە نەیاری ڕێژیمن و لایەنگری ئازادی و گەڕاندنەوەی مافی سیاسی نەتەوەی و تاک دەکەن. دەبینین پاش تیرۆرکرانی ڕێبەرانی کاریگەری بزووتنەوەی سیاسی و نیشتیمانی کوردستان، تێکۆشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان درێژەی هەیە و بە دڵنیایەوە هەتا بەدی هاتنی ماف و ئازادییە سیاسیەکانی گەلی کورد ئیدامەی دەبێت. بەو هیوای بیرەوەری ٢٥ ساڵەی تێرۆرکرانی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بکرێتە دەرفەتێک بۆ نزیکبوونەوە و یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێمۆکرات.

**هەزاران سڵاو لە روح و ڕێبا و خەباتی شەرەفکەندی.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# DNA ی سەرەکی ڕێژیمی ئێران تیرۆریزمە



مەجید حەقی

ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبری ١٩٩٢ د. سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سێ کەس لە هاوڕێیانی لە رێستۆرانی میکۆنۆسی بەرلین، دوای کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر کران. ئاکامی پێنج ساڵ دادگای بەناوبانگی میکۆنۆس مەحکووم کردنی رێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی پلانی تیرۆری رێبەرانی کورد. دوای راگەیاندنی ئاکامی دادگا وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی ئوروپا بۆ ماوەیەک باڵیۆزەکانی خۆیانیان لە ئێران کشایەوە.

تیرۆری دەوڵەتی بەشێکی جیانەکراوە لە ستراتێژی دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران وەک "دابینکاری هێمنایەتی ناوخۆیی" و "بەرهەڵستی پێشگیرانە"ی ئەو رێژیمانە دژی جیابیران و خەباتکارانی نەتەوەی کورد بووە.

لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، تیرۆر وەک دیاردەیەکی ترسهێنەر لە پێناو ستراتێژی "صدور انقلاب اسلامی" بوو بە بەشیکی نەگۆڕ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران. سەرکەوتنی رواڵەتی ڕێژیمی ئێران لە بارمتەگرتنی ٥٥ ئەمریکایی باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا کاربەدەستانی ئەو رێژیمەی بۆ گەشەپێدانی

چەکی "کارایان" زۆرتر هاندا و بوو بە هۆی ئەوەیکە بە تیرۆر و بارمتەگرتن رۆژهەڵاتی ناوەراست بکاتە مەیدانی تیرۆر و مرۆڤ کوژی خۆی. لە هەشتاکاندا بەشداری و دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆیی لوبنان، پشتگیری لە هێزە تیرۆریست و توندڕەوەکانی فلستینی وەک حەماس و جیهاد و حیزبوڵای لوبنان و پێشکەش کردنی ساڵانە نیوملیۆن بەرمیل نەوت بە بێ بەرانبەر بۆ سووریا بۆ خەبات دژی "هێزی داگیرکەر و سەهیۆنیستی" کۆماری ئیسلامی ئێران بوو بە زلهێزی مەرگهێنەری ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە ماشینی تیرۆری ئەو، سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناڤینیشی تەنیوە.

تیرۆر بە مەبەستی بەکاربردن وەک هێزی گوشار بۆ سەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەشێکی جیانەکراو لە ستراتێژی رێژیمی ئێرانە. لەو پێوەندییەدا ئێران جیا لە پشتیوانی لۆجیستیکی، پەروەردەی تیرۆریستان و بەکارهێنانیان وەک سەربازانی ونی ئیمان زەمان، هەوڵی داوە زۆرجار رۆڵی نێوبنجیگەرایانە بگێڕێت و بەوە ویستی خۆی لەسەر قوربانیانی تیرۆر و بارمتەگیری بسەپێنێت. لە قەراخ کێشمەکێشە ناونەتەوەییەکاندا کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی کرد بە لەناوبردنی فیزیکی چالاکانی سیاسی و خەنیمەکانی خۆی لە دەرەوەی وڵات. لە ماوەی نێوان ۱۹۸۲ تا ۱۹۹٦ زیاتر لە شەست کەس لە ئەندامانی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەنیا لە وڵاتانی ئەندامی ئەنجوومەنی ئوروپا تیرۆر کراون کە لەوانە دوو رێبەری پایەبەرزی گەلی کورد دکتۆر قاسملوو و دکتۆر سادق شەرەفکەندی بەرچاوترینیانن.

ئێرانی خاوەن ئەزموون لە تیرۆریزمی ناودەوڵەتیدا بۆ گەشەپێدانی ماشێنی مرۆڤکوژی خۆی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بە دامەزراندنی سوپای قودس و گەشەپیدانی "بەرگری پێشگیرانە" تۆڕەکانی تیرۆری خۆی لە هەموو ئاستەکانی جیهانیدا بەربڵاو کردۆتەوە و بە بەشداری راستەوخۆ لە شەڕی ناوخۆیی سووریا لە کەنار رێژیمی ئەسەد و هاوکاری هێزەکانی تیرۆریستی شیعە لە یەمەن و لوبنان و فلستین، تیرۆر وەک هێرش بۆ زەمینگیرکردنی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و ئاڵوگۆڕ و گەشەکردنی ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بەکار دەبات. ئەو رێژیمە باش دەزانێت بوونی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەدا بە واتای وەڵامدەری ئەو بەرامبەر بە ویستی خەڵک و رووخانەی ئەو دێت.

ئەمرۆ تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی نەتەوەی کورد رەهەندەکانی بەرفراوانتر بووە. هەرڕۆژ بە کوشتن و تیرۆری زنجیرەیی کۆلبەران و ئابلۆقەی ئابووری تیرۆریزمی دەوڵەتی خۆی دژی ژیانی ئابووری و سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردستان بەکار دەبات و لەلایەک بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی تیرۆریزمی سایبێری لە هەوڵی شەڕی رەوانی و دووبەرەکی خستن و گەشەپێدانی هێزی بێ بڕوایی لە ناو جووڵانەوەی کورد دایە. ئەگەر تیرۆری فیزیکی و لە ناوبردنی چالاکڤانان و رێبەرانی کورد دەبوونە هۆی کارەساتی لەنەکاو و بەرچاو، ئەمرۆ پانتایی تیرۆر هەموو تانوپۆی کۆمەڵگای گرتووە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تیرۆریزمی ئەو رێژیمە لە هەموو جێگایەک حوزووری هەیە. تیرۆری رەوانی ئەو رێژیمە نا دیار، هەست پێنەکراو و ژیرانەیە بۆیە مەترسی ئەو لە تیرۆری فیزیکی و لەناوبردنی جەستەی چەند چالاکێک زیاترە. لە رێگای کانالی تیرۆریزمی سایبێریدا کۆماری ئیسلامی ئێران بنەماکانی کۆمەڵگایەکی لەحاڵی گەشەکردن لە ناو دەبات و لە هەوڵی هێنانەدی سەرگێژی، پشێوی و ترس‌ولەرز و تەنگەژەی کۆمەڵایەتی و قووڵترکردنی قەیرانی بڕوای کۆمەڵایەتی لە کوردستاندایە.

دادگای میکۆنۆس کۆماری ئیسلامی ئێران و فەلسەفەی تیرۆریزمی ئیسلامی ئێرانی بە جیهان ناساند. لەو دادگایەدا دەرکەوت کە سیاسەتەکانی تیرۆریستی ئەو رێژیمە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا داڕێژراون و بەشێکی جیانەکراو لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی ئەو رێژیمەن.

هەرچەند دوای دەرکرانی حوکمی دادگای میکۆنۆس تیرۆری چالاکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی ئێران تا رادەیەک راوەستاوە، ماشێنی تیرۆر کۆماری ئیسلامی ئەمجار رووی کردە ناوخۆی ئێران و خەنیمەکانی ناوخۆیی و ئەوانەی کە تەنانەت تەواویەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان قبووڵ بوو گرتەوە. یەکەم قوربانی شەپۆلی تازەی تیرۆری کۆماری ئیسلامی داریوش فروهەر – یەکەم وەزیری کاری کۆماری ئیسلامی و سەرۆکی نهضت ملی ئێران - و خێزانی ئەو بوون، کە بەشێوەیەکی دڕندانە لە ماڵی خۆیان کوژران. بەدوای ئەودا بە دەیان کەس لە جیابیران، رۆژنامەڤانان، چالاکانی مەدەنی و خوێندکاری بە شێوەکانی جۆراوجۆر بوونە قوربانی ماشێنی تیرۆری ناوخۆیی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو رەوتە ئەمرۆش بە زیندانی کردن، بێ سەروشوێنکردن و "حەسری" ناوماڵ کردن هەروا درێژەی هەیە.

خومەینی لە ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٧٩دا لە وتەیەکدا خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە دارو دەستەی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ناوچە ناو دەبات و ئەو حیزبە هەڵوەشاوە رادەگەیەنێ. دووساڵ تێناپەڕێ کە لە ساڵی ١٩٨٢ بە دەرکردنی یاسای "حدود و قصاص" ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی ئەو حیزبە بە "محارب" و "مفسد فی الارض" دەناسرێن و بەوجۆرە کوشتن و تیرۆری هەموو ئەوکەسانەی کە تەنانەت پێوەندی "عاتفیشیان" لەگەڵ حیزبە هەڵوەشاوەکە هەبێت بە حەڵاڵ دەزانرێت.

دایکی تیرۆر لە خەمی لە دەست چوونی بڕوای ئێران وەک ئەندامی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی نییە. خومەینی لەو بارەدا بە راشکاوانە وتوویەتی: "ئێمە منەتمان بەوە نییە کە جیهانی دەرەوە دەرکمان نەکەن. ئەو خاینانە بێ دینن، ئەو مونافقانەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان خایین و بێ دینن. دەبێ دژی ئەوان هێز بەکار ببردرێت. دەوڵەت دەبێ بە توندی دژی ئەوان ڕاوەستێ. سوپا دەبێ بەتوندی ئەوان سەرکوت بکات. ئێمە ئەوان بە توندی سەرکوت دەکەین. ئێمە هەموو ئەوانەی کە دەیانهەوێ لە گەڵ ئەوان (کوردەکان) دەکەونە گفتگۆ سەرکوت دەکەین." (ئایەتوللا خومەینی ٢٦ی گەلاوێژی ١٣٥٨).

ئەزموونی شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراق و شەڕی ئەو دواییانەی حیزبوڵای لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە تا دیکی تیرۆر مابێ، تیرۆر و تیرۆریزم بە شێوەی بەربڵاوتر لە جاران درێژە بە چالاکی خۆی دەدات.

ئەزموونی شەڕەکانی یەمەن، سووریا، تەنگەژەی سیاسی عێراق، کێشەکانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکاری هێزەکانی تاڵبان و خزمەتی لۆجیستیکی بۆ تیرۆریستەکانی ناوچەیی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە تا دیکی تیرۆر مابێ، تیرۆر و تیرۆریزم بە شێوەی بەربڵاوتر لە جاران درێژە بە چالاکی خۆی دەدات. بە گەشەپێدانی هێزی مووشەکی "قاررەپەیمای" خۆی دوای ڕێککەوتنی بەرجام ئێران سەلماندی کە ڕێژیمێک نییە لە ئاستی ناونەتەوەییدا ببێتە شەریکی ئاوەدانکردنەوەی ئاشتی و سەقامگیری، چونکە سەقامگیری و ئاشتی گەورەترین دوژمنی ئەو ڕێژیمەن. بۆیە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و وڵاتانی یەکیەتی ئورووپا لە هەڵەیەکی قەرەبوونەکراوەدان ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە لە هەوڵی سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو وڵاتە بن.

دکتۆر سادق شەرەفکەندی بوو بە قوربانی تیرۆری کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام خوێنی شەرەفکەندی ڕووی دزێوی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە هەموو جیهان ناساند و بەوە سەرەڕای برینی قووڵ و سووتێنەری لە دەست چوونی ڕێبەرێکی بەوەج یەکێک لە بەهێزترین چەکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوەی وڵات لێ ئەستێندرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتاری جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی



**هاوڕێیانی خۆشەویست، میوانە بەڕێزەکان!**

یادکردنەوەی بەردەوام لە شەهیدان، بەتایبەتی ڕێبەرانی شەهید، لەلای ئێمە نەریتێکی چەسپاوە. ئەمەش تەنیا بۆ ڕێزگرتنی سەمبولیک لە بیرەوەریی ئەوانە نیە کە بۆ ڕێبازی خەباتی ئێمە بوون بە ناسنامە و لەم ڕێگایەدا تەنانەت گیانی خۆیان بەخشی؛ بەڵکوو بۆ ئەوەشە کە بە ئاوڕدانەوە لەو ڕێگایەی ئەوان پێیدا هاتن، لەبەر ڕووناکایی بیری وان و لەبەر شۆقی باوەڕیان لەو خوێنەدا کە بە ئاسانی وشک نابێتەوە، چراوگی دەستی درێژەدەرانی ئەم ڕێگایە درەوشاوەتر بکەین و ئیرادەی خەباتگێڕیی گەلەکەمان پتەوتر.

ئەوەی ئەمجارە ئێمەی هێناوەتەوە دەوری یەک، تێپەڕینی یەک چارەگە سەدە بە سەر شەهیدبوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان و هاوڕێ بەوەجەکانی واتە کاک فەتاحی عەبدولی، کاک هومایونی ئەردەڵان و تێکۆشەری ئێرانیی دۆستی حیزب نوری دێهکوردیە. ئەوان لە شەودرەنگانی ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لە کاتێکدا لە ڕستورانێکی بێرلینی ئاڵمان دانیشتبوون باسی دێموکراسی و خەونی ئازادییان دەکرد، پیاوکوژە دەمامکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لێیان وەژوور کەوتن، وەبەر ڕەگباری گوللەیان دان و نەیانهێشت نە وەدیهاتنی خەونی ئازادی و نە دیداری ئازیزانیان هەرگیز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووبارە بێتەوە. ئەوەی دووبارەیان کردەوە بەڵام مێژوو بوو. مێژووی غەدر و جینایەتی دژمنانی گەلی ئێمە کە بۆ زەربە وەشاندن لە بزوتنەوەی هەقخوازانەی ئەو گەلە لە هیچ شتێک شەرم ناکەن. مێژووی ئینسانیەت و شارستانەتیی رێبەرانمان کە ئەم خیسڵەتە زۆر جار بە قیمەتی گیانیان تەواو بووە. بەمجۆرە، تەنیا سێ ساڵ پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، جێنشینە لێهاتووەکەشیان لە حیزبی دێموکرات ستاند و برینێکیان لە دڵی خەڵکی کوردستان کرد کە بە تەعبیرێک قورستریش بوو.

دەمامکەکان بەڵام زۆر زوو لا دران. سەرباری هەموو ئەو فشار و شانتاژانەی کۆماری ئیسلامی دەیویست سیناریۆی بێدەنگەکردن لە تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەنیان پێ دووپات بکاتەوە، لەسایەی لێبڕاوی و ئازایەتیی پۆلیس و قازییەکانی ئاڵمان بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە دادگایی کران و کۆماری ئیسلامییش لە بەرزترین ئاستیدا وەک بڕیاردەر و رێکخەری ئەم پیلانە تێرۆریستییە بە جیهان ناسێندرا. شتێک کە نەک هەر بۆ کورد، بەڵکوو لە سەرتاسەری مێژووی قەزایی نێودەوڵەتیدا، بێوێنە بوو. کەوابوو بەڵێ، "میکۆنۆس" هێمای هەقانیەتی خەباتی گەلی کورد لە ئێران و ریسوایی کۆماری ئیسلامییە.

دوکتور شەرەفکەندی لەدوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە پانتایی گشتیی بزوتنەوەی کورد و خەباتی ئازادیخوازیی ئێراندا درەوشایەوە و بێگومان شوێنەواری دوکتور قاسملوو زۆر بە کەسایەتی و بیروباوەڕییەوە دیار بوو. بەڵام سەربردەی شەرەفکەندی لەگەڵ حیزب و گەلەکەی زۆر پێشتر دەستی پێ کردبوو. محەممەد سادق، ئەو منداڵە بێبەشەی تەرەغە بوو کە بەهۆی ئەوە کە لە دەسپێکی ژیانەوە لە نازی دایک و باوکیش بێبەش ببوو، ئەرکی سەرپەرستی و پەروەردەکردنی کەوتبووە سەر شانی عەبدولڕەحمانی براگەورەی واتە هەژاری موکریانی. ئەو تازە دەچووە قوتابخانە کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا. سایەی "هەژار" و بیرەوەریی کۆمار نەدەکرا ئەو کوڕێژگە کوردە بخاتە سەر رێچکەیەکی جیاواز لەو رێچکەیەی بەسەریدا رۆیشت و سەری لەسەر دانا. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو لە رشتەیەکی غەیرە سیاسیدا خوێندنی ئەکادیمیی تەواو کرد، بەڵام پاشخانی بنەماڵەیی و شعووری سیاسی و نەتەوایەتیی وی بوونە هۆی ئەوە کە لە دەورانی مامۆستایەتیدا رێژیمی شا زۆر جار ئەزیەت و ئازاری بدا و لە زێدی خۆی دووری بخاتەوە. دواتر کاتێک بۆ خوێندنی دوکتورا چووە فەرانسە، لە پاریس لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بوو، ئەو پیاوەی دەهە و نیوێک دواتر گەورەترین ئەمانەتی ژیانی کە حیزبی دێموکرات بوو بەیەکجاری پێ سپارد. دیداری قاسملوو چارەنووسی شەرەفکەندیی بۆ هەمیشە دیاری کرد. هەتا شۆڕشی گەلانی ئێران دوکتور شەرەفکەندی وەک ئەڵقەی پێوەندی حیزب و کوردەکانی تاران و کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئەوێ تێکۆشانی هەبوو. لەدوای سەرکەوتنی ئینقلابیش، زۆر زوو وەک یەکێک لە عونسورە هەرە ئەساسییەکانی رێبەرایەتیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبی دێموکڕات درەخشا. کاتێکیش بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لەلایەن ئاخوندەکانەوە ڕفێندرا و کوردستان کەوتەوە بەر شاڵاوی کۆنەپەرستی، دوکتور شەرەفکەندی لەجیاتی چنینەوەی بەرهەمی خوێندنە ئەکادیمییەکەی کە شیمیی ئانالیتیک بوو وەدوای ئانالیزی حاڵی میللەتەکەی کەوت، و لەبری گرتنە پێشی ڕێچکەی ژیانێکی ئارام و ڕاحەت، لەگەڵ دوکتور قاسملوو و باقیی تێکۆشەر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات ڕێگای پڕ مەترسیی سەربەرزی و خۆڕاگریی هەڵبژارد و بە ژیانی نێو خێوەت و بن بەردی چیاکانی کوردستان ڕازی بوو، چونکە بە قەولی خۆی ژیان لە ئەسیری و ژێردەستیدا بێ قەدر و قیمەتە و هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی، خۆش و دڵڕفێن.

ڕۆڵەی میللەتی خۆی، سادقی شەرەفکەندی بە ناسینێک کە لە پێوەندییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری و لە ڕابردووی گەلەکەی هەبوو، لە هۆکاری سەرەکیی چەوسانەوەی ئەو گەلە تێگەیشتبوو و لەو باوەڕەدا بوو کە خەبات و قوربانیدانی کورد پێشدا دەبێ بۆ رزگاریی نەتەوایەتی بێ. ئەو ڕوانینێکی مێژوویی بۆ پرسی ڕەوای گەلی کورد هەبوو و دەیزانی دۆخی هەنووکەی ئەو گەلە بەرهەم و درێژەی مێژوویەکی سەدان ساڵەیە، مێژوویەک کە وەک بۆخۆی دەیگوت کەمتر کورد بۆخۆی نووسیویەتەوە بەڵکوو نووسەرانی بێگانە یا تەنانەت نووسەرانی سەر بە گەلی حاکم بۆیان نووسیوەتەوە. هەربۆیە لە ساڵەکانی پاش ئینقلابدا و لە سەردەمێکدا کە فەزایەکی خەستی ئیدئۆلۆژی زاڵ بوو، دوکتور سەعید لەجیاتی خۆماندووکردن بەو چەمک و بابەتە وارداتییەی مەعلوم نەبوو چ چقڵێک لە لەشی میللەتەکەی دەردێنێ، خۆی بە نووسینەوەی مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی کورد خەریک کرد هەتا لاوانی کورد بە ڕابردووی سیاسیی ئەو گەلە ئاشنا و بە پرسی نەتەوایەتی هەستیار بکا. لەم کارەشیدا پشتی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبەست و دەیگوت سروودی "ئەی ڕەقیب" ئاماژەیە بۆ ئەوە کە کورد شانازی بە مێژووی خۆیەوە دەکا. هاوکات، لەبەر ئەوە کە دڵسۆزی گەلەکەی و ئەهلی مێتۆدی عیلمی بوو، لە هەر شوێنێک پێویست با بە چاوی ڕەخنەگرانەوە لەو ڕابردووەی دەڕوانی و ئەو پەیامەی دەدا کە پێویستە نەوەکانی ئایندە خۆ لە دووبارەکردنەوەی ئەو هەڵە و کەمایەسییانە ببوێرن کە بەشێک لە هۆکاری سەرنەکەوتنی جوڵانەوەی کورد پێک دێنن.

بە ئەولەویەت دانانی خەباتی نەتەوایەتی بەڵام بەو مانایە نەبوو کە دوکتور شەرەفکەندی لەحاند پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەتایبەتی پرسی چینایەتی بێتەفاوەت بێ. بەپێچەوانەوە، ئەو باوەڕێکی قووڵی بە یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان و ئیدەئالەکانی چەپ هەبوو. بەڵام هەروەک دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعیدیش پێی وا نەبوو کە باوەڕ بە ئیدەئالەکانی چەپ دەبێ بە مانای دۆگماتیزم و گوێ لە مستیی ئەو جەمسەرە بێ کە لە دنیای ئەودەمدا سەرکردایەتیی بلۆکی سۆسیالیستیی دەکرد. کاتێکیش پێشبینییەکەی دوکتور قاسملوو سەبارەت بە چارەنووسی ئەو بلۆکە وەدی هات، شەرەفکەندی

لەدرێژەی ئەو مێتۆدە سەربەخۆ و ڕەخنەگرانەیەدا کە ساڵانێک بوو لە حیزبی دێموکڕاتدا نەهادینە کرابوو، خوێندنەوەیەکی نوێ و گونجاو لەگەڵ دۆخی تازەی لەو پێوەندییەدا فۆرموولە کرد، بەبێ ئەوەی ئەمە بە مانای پاشەکشە لە جەوهەری پرەنسیپەکان بێ، چونکە پێی وابوو کە قەت نابێ رەوایی و دروستیی ئیدەئالەکان بکەینە قوربانیی کارکردی هەنووکەیی سیاسییەکان. هەر شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی لە پەراوێزی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستدا نیشانەی گرێدراویی چارەنووسی ئەم پیاوە نەتەوە دۆستە بە ئامانجی یەکسانیی ئینسانەکانیشە.

ئەمانی بلۆکی سۆسیالیستی هەروەها بە مانای گەیشتن یان گەیشتنەوەی ژمارەیەکی دیکە لە گەلانی جیهان بە سەربەخۆیی بوو کە ئەمەش دوکتور شەرەفکەندیی لەسەر باوەڕی نەتەوایەتیی خۆی هەرچی سوورتر کرد. هەر لەو سەروبەندەدا و وەک دەرەنجامێکی گۆڕانی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و بارودۆخی سیاسیی ناوچە، پارچەیەکی کوردستان ڕزگار بوو: باشوور، ئەو پارچەیەی ئاخرین ماڵ و مەئوای ژیانی پێشمەرگانەی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لەسەر چیا سنوورییەکانی هەڵکەوتبوو. ترۆپکی ئەم پرۆسەی ڕزگارییە کە بریتی بوو لە ئازادیی کەرکووک نەک هەر یەکێک لە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانی دوکتور شەرەفکەندی بوو، بەڵکوو ئەولاتر لە ئیحساسات، ڕێبەری شەهیدمان پێی وابوو دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان دەسکەوتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشن و پێویستە حیزبی ئێمە خۆی لە بەرامبەر پاراستن و فراوانکردنەوەی ئەو دەسکەوتانەدا بە بەرپرسیار و ئەرکدار بزانێ. هاوکات شەرەفکەندی پێی وابوو ئەمە نابێ بە مانای لەبیرچوونەوە و لاوازبوونی کاری خەباتگێڕانەی خۆمان وەک بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بێ و ڕەعایەتی یەکێکیان (واتە دەسکەوتەکانی باشوور) نابێ بە قیمەتی پەکخستنی ئەوی تریان (واتە خەبات لە ڕۆژهەڵات) تەواو بێ. پاش تێپەڕینی یەک چارەگە سەدە لە تەمرینی ئەم بالانسە دژوارە؛ ئێستا کە تەنیا چەند ڕۆژی ماوە بۆ بەرێوەچوونی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان (بڕیارێک کە حیزبی ئێمە لە ڕۆژی یەکەمەوە پشتیوانیی لێ کردووە)؛ ئێستا کە ئێرە (باشوور) لێبڕاوە بەکردەوە بۆ دوورەدیمەنێکی دیکە، بۆ ئاسۆیەکی زۆر بەرزتر بڕوانێ بەڵام ئەوێش (ڕۆژهەڵات) چاوی لە هەستانەوە و بووژانەوەیە، ئەم بۆچوونەی دوکتور شەرەفکەندی هێندەی دیکەش مانا پەیدا دەکا.

دۆستان!

دەزانین کە ئەم ڕۆژانە نەتەوەی کورد بە سات و وەختێکی یەکجار گرینگ و هەستیار لە مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەم لەحزە چارەنووسسازەی ژیانی نەتەوەکەمان دەقیقەن کاتی بیرکردنەوە و تێفکرین لەوەشە کە چۆن دەتوانین ئاجێندا و زەروورەتە بەرواڵەت ناتەباکانی نێو بزوتنەوەی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان (بەتایبەتی لەنێوان باشوور و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژهەڵات) لە یەک کاتدا دابین بکەین و پێکەوەیان ئاشت بکەینەوە. ئەمە کە دەڵێین تەنیا لەبەر عەدالەتی وەها تێفکرین و بیرکردنەوەیەک نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوەیە کە مەسڵحەتی درێژخایەنی نەتەوەی کورد لەو کارەدایە.

دیاریکردنی چارەنووسی کورد بەدەستی کورد و تەنیا کورد بۆخۆی لە بیر و گوتاری دوکتور شەڕەفکەندی بەتایبەت لە مانگ و ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا زۆر بەرچاو بوو. دوکتور شەڕەفکەندی، بە پشتبەستن بە ئەزموونێک کە لە نیوەی یەکەمی هەشتاکانی زایینیدا بۆ مامەڵە لەگەڵ هێزە ئێرانییەکان وەدەستی هێنابوو، پاش بوونیشی بە سکرتێری حیزب و هاوتەریب لەگەڵ گوڕ و تین بەخشین بە هاوپێوەندییە کوردستانییەکانی حیزب، قۆڵی لە دیالۆگێکی بەربڵاو و سەریحتر لە هەر کات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەڵماڵی و بەداخەوە هەر لە پەراوێزی ئەو دیالۆگەشدا شەهید بوو. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، لەگەڵ هەموو زەرووڕەتەکەی، تەنیا کاتێک بۆ ئێمە وەک کورد لە جێی خۆیدایە کە ئەم هاوکاری و هاوخەباتییە بنەمایەکی ڕوون و پتەوی لەمەڕ باوەڕی بەکردەوەی هێزە سیاسیەکانی ئێران بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد هەبێ. بۆ ئەوەش پێویست بوو ئەم هێزانە هەم فرەنەتەوەبوونی پێکهاتەی ئێران و هەم پێناسەیەک لە دێموکڕاسی قبووڵ بکەن کە ڕەنگدانەوەی واقعیەتی فرە پێکهاتەی ئێران بێ. سەبارەت بەم واقعیەتە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە لە ئێراندا هیچ گەلێک ناتوانێ ئیدیعای زۆرایەتی بوونێکی ڕوون و سەلمێنراو بکا، شەرەفکەندی نەک هەر سەرسەختانە دژی بەکاربردنی ئەو چەمک و دەستەواژانە بوو کە لە وجوودی سیاسیی ئەو پێکهاتانە کەم دەکاتەوە، بەڵکوو چەمکی کەمایەتیشی بۆ کورد و گەلانی دیکەی ئێران بە نەگونجاو دەزانی. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر پێناسەی دێموکڕاسیش، شەڕەفکەندی دەیگوت نابێ ئێران و فەڕانسەمان لێ تێک بچێ و تەنیا سیستمێکی دێموکڕاتیک دەتوانێ بەڕاستی وەڵامدەری پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئێران بێ کە فرەنەتەوایەتی بە بنەمایەکی ڕوون و قایمی خۆی دابنێ. کاتێکیش لەبارەی ویستەکانی کورد و پێداگریی ئەو گەلە لەسەر مافە تایبەتییەکانی خۆی پرسیاری لێ دەکرا، د. سەعید هەموو جارێ بە ئاماژە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و بوونی پرسێکی سیاسی و نەتەوەیی لە ڕیشە و سەرچاوەی ئەو شتە کە بە مەسەلەی کوردستان ناسراوە، وەڵامی دەدایەوە.

لەوەش گرینگتر، د. شەڕەفکەندی کە لە سەرەتاکانی دەستبەکاربوونی وەک ڕێبەری حیزب باسی لە پێویستیی ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە سەراسەرییەکان و بەگشتی خەڵکی ئێران لەمەڕ ستاتووسی کورد لەو وڵاتەدا دەکرد، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بە ڕوونی بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوە کە کورد لە ئێراندا چی دەوێ یا تەنانەت دەیەوێ لە ئێراندا بمێنێتەوە یا نا، ئەوە هەموو خەڵکی ئێران نیە کە دەبێ بڕیار بدا، بەڵکوو ئەو پرسیارە دەبێ لە خودی کورد و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیا لە كورد بكرێ. ئەو پێی وابوو هیچ قەوارەیەكی سیاسی لە دنیادا ئەزەلی و ئەبەدی نیە و ئەگەر رۆژێك گەلێك نەیویست چیدیكە لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی مەوجووددا بژی، ئیدی رەوا نیە بە زۆری لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا كە بۆخۆی لە تەرسیمیدا بەشدار و رازی نەبووە، رابگیرێ. هەمووی ئەم قسانە دوكتور شەرەفكەندی دەڵێی بۆ ئەمڕۆی باشووری كوردستانی كردوون. سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەڵام، زۆر جێگای داخە كە نزیك بە سێ دەهە پاش شەهید بوونی ڕێبەرانی ئێمە (ئەو رێبەرانەی كەسایەتی و هێزە ئێرانییەكانیان ئیدیعا دەكەن ئەوانیش بە ئۆلگووی خۆیانیان دەزانن)، لە سەردەمێكدا كە جیهان گۆڕاوە، تابووی مافی گەلان شكاوە، و بەشێك لە كورد خەریكە بە سەربەخۆیی دەگا، ئەو هێز و لایەنە ئێرانییانەی چاوەڕوانیی هاوپەیمانییان لە ئێمە هەیە، لە لەندەن و فرانكفۆرت ڕا داوا لە ئێمە دەكەن پێداگری لەسەر فیدرالیزم نەكەین و لە گەڵاڵەكردنی پرەنسیپە هاوبەشەكان بۆ ئالتێرناتیوی سیاسی لە ئێرانی ئایندەدا تایبەتمەندیی خۆمان وەك كورد وەلانێین و بە مافی هاووڵاتی و "عدم تمركز" بۆ هەمووان قەناعەت بكەین! بەلەبەرچاوگرتنی ئەو زێهنیەتە نەگۆڕاو و تەنانەت خراپتر بووەی نێو ئێلیتی سیاسیی ئێرانە كە جێی خۆیەتی كوردی رۆژهەڵات، بەبێ ئەوەی هاوپێوەندی لەگەڵ دەرەوەی بازنەی خۆی پشتگوێ بخا، هەموو هێز و توانای لەپێشدا بخاتە سەر خۆی و نێو ماڵی خۆی بۆ ئەوەی سبەی رۆژ لە سایەی واقعێكی دیكەی مەیدانی و گۆڕانی باڵانسی هێز واریدی مەعامەلە بێ، نەك بە هیوای پێشكەوتنی ئەقلیەت و قەناعەتی غەیرە كوردەكان.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر خەبات بەدژی رێژیمی كۆماری ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەدا كە سێ ساڵی سكرتێریی دوكتور شەرەفكەندی وەك كریس كۆچێرای تازە كۆچكردوو دەڵێ دەورانی خۆشكردنەوەی بڵێسەی خەباتی چەكداری بوو، بەڵام غەدر لەو شەهیدە مەزنە دەكەین ئەگەر كارنامەی خەباتگێڕی و ڕوانگەی سیاسیی ئەو ڕێبەرە فرەچەشنبینە تەنیا لەو گۆشەنیگایەوە سەیر بكەین. پێشدا سەبارەت بە ئەزموونی تاڵی وتوویژ لەگەڵ كۆماری ئیسلامی، بە هەموو ئەو تێبینی و ڕەخنانەوە كە دوكتور شەرەفكەندیش لەمەڕ چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی بەناو وتوویژی ڤییەن و ناڕاستگۆیی كۆماری ئیسلامی لەو كارەدا قبووڵی بوو، بەڵام وەك پرەنسیپ ئەویش پێی وابوو كە ئاخری هەر شەڕێك سوڵحە، سوڵحیش ڕاست ئەوانە دەیكەن كە دەزانن شەڕ چییە و باری قورسی بەڕێوەبردنی شەڕیان لەسەر شانە. ئینجا، سەبارەت بە شێوەكانی خەبات، دوكتور شەرەفكەندی باوەڕی بە بردنەپێشی خەباتێكی هەمەلایەنە هەبوو، خەباتێك كە لەودا هێزی هەرە سەرەكی خەڵكە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە كە كۆماری ئیسلامی ڕێگایەكی جگە لە خەبات بۆ رووخاندنی ئەو ڕێژیمە نەهێشتبۆوە، شەرەفكەندی دەیگوت راستە كە خەباتی چەكداری ئەو شێوەیە لە خەباتە كە ئێمە زیاتر تێیدا شارەزاین و تەنانەت هۆویەتیشی بە ئێمە بەخشیوە، بەڵام ئامانجمان لەو شێوەیە لە خەبات نابێ تەنیا زەربەوەشاندن لە ڕێژیم بێ، بەڵكوو پێویستە پێش هەموو شتێك لە فكری ئەوەدا بین كە لە ڕێگای خەباتی پێشمەرگانەوە خەڵك زیاتر بێنینە مەیدان و

خەبات بە جەماوەری بکەین. پێشبینییەکی دوکتور شەرەفکەندی کە وەدی هات ئەوە بوو کە دەیگوت رەنگە رۆژێک هەلومەرج بۆ درێژەدانی خەباتی چەکداری لەبار نەبێ، هەربۆیە لەسەر ئەوە پێیدا دەگرت کە پێویستە حزووری تەشکیلاتیمان ئەوەندە رێکوپێک و بەهێز بێ کە لە وەها سیناریۆیەکدا خەباتی خەڵک بۆشایی خەباتی چەکداری پڕ بکاتەوە.

دوکتور شەرەفکەندی بە ئاماژە بەوە کە گرینگترین تایبەتمەندیی جوڵانەوەی ئێمە گشتی بوون و گەلی بوونیەتی و هێزی ئەسڵیی جوڵانەوەکە خودی خەڵکە، لە زۆربەی وتار و قسەکانیدا داوای لە خەڵک دەکرد کە جوڵانەوە بە هی خۆیان بزانن و پشتیوانییان لە جوڵانەوە بەربڵاوتر و عەمەلیتر بکەن، ئەوەش نەک تەنیا بە ناردنی کوڕ و کچەکانیان بۆ نێو ڕیزی پێشمەرگە یان بە یارمەتیدانی خەباتی چەکداری، بەڵکوو هەروەها لە رێگای ئەوە کە هەموو چین و توێژ و تاکەکانی نێو کۆمەڵگا لە بەرامبەر چارەنووسی گەلدا خۆیان بە بەرپرسیار بزانن و بە یەکگرتن و خۆڕێکخستنی زیاتریان خەباتی بەقەولی دوکتور سەعید هەمەلایەنە (ئەو شتەی ئەورۆ ناومان ناوە خەباتی فرەڕەهەند) بەڕێوە ببەن. دوو مانگ لەمەوبەر لە ساڵیادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا گوتمان، ئیجازەم بدەن دیسان لێرە بیڵێینەوە: لە سەردەمێکدا کە بە ناهەق هێندێک مێتۆدی خەبات بە موزاحیم یان بەدیلی مێتۆدی دیکەی خەبات دادەنرێ؛ لە سەردەمێکدا کە بەداخەوە کۆمەڵگای سیاسیی رۆژهەڵات گرفتاری جەمسەربەندی و دابەشبوونی زیانبەخشە، هەڵوێستە و تێرامان لە ڕوانگە و باوەڕی ڕێبەرانی شەهید دەبێ هانمان بدا بۆ ئەوەی هەرچی زووتر هۆکارەکانی ناڵێکیی نێو بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ئێران کە بەشێکیان بەڕاستی دەسکرد و داتاشراون، بسڕینەوە.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

دوکتور شەرەفکەندی ئەگەر لە مێژووی بزوتنەوەی کورددا وەک سەردارێکی مەزن ناو و جێگەی هەیە، لەباری کەسایەتی و کارکردی حیزبیشەوە بۆ تێکۆشەرانی دێموکڕات سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقە. ئەوە کە گوتراوە دوکتور شەرەفکەندی جێگرەوەیەکی لێوەشاوە بۆ ڕێبەرێکی لێوەشاوە بوو، تەنیا ستایش و تەعاروف نیە، بەڵکوو لەبەر ئەو خیلسەتانەیە کە شەرەفکەندی وەک ئینسانێک و وەک شۆڕشگێڕێک بەڕاستی هەیبوون و هاوڕێ و هاوکارە نزیکەکانی شایەتیی بۆ دەدەن. لەنێو ئەو خیسلەتانەدا بێگومان باوەڕی قووڵ، قاتیعیەت، شوجاعەت و بەورە بوون لە ڕۆژی تەنگانەدا زۆر بەرجەستە بووە. بەڵام دوکتور سەعید خیسلەتی بەرزی دیکەشی زۆر هەبوون. ئەو جیا لەوە کە مرۆڤێکی هەتا بڵێی زیرەک و جیددی و مودیر و بەبەرنامە بووە و مۆرکی ئەو توانایانەشی لە ئۆرگانیزم و تێکۆشانی حیزب دابوو، قابلیەتێکی سەیریشی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرج و مەوقعیەتەکان هەبووە. خۆگونجاندن پێشدا لە مۆدی ژیاندا، بۆ کەسێک کە ساڵانێک لە خۆشترین پایتەختەکان ژیابوو، کەچی لەپێناوی ڕزگاریی گەلەکەیدا حازر بوو بە قەناعەتەوە لە خانووی قوڕ و چادری

شڕ و لە ناخۆشترین و مەترسیدارترین هەلومەرجەکاندا بژی. خۆگونجاندن پاشان لە چۆنیەتیی بەجێگەیاندنی ئەرک و بەرپرسایەتیدا کە وای کردبوو کە ئەو ڕۆژەی دوکتور شەرەفکەندی ئەمانەتەکەی دوکتور قاسملووی بۆ بەجێ ما، لە بەڕێوەبەرێکی تا ڕادەیەک دوورەپەرێز و مەحکەمەوە بوو بە ڕێبەرێکی کراوە و دەم بە پێکەنین. یەک شت بەڵام لەلای وی نەگۆڕ بوو، ئەویش نەزم و ئوسوڵ و ئۆتۆریتە، شتێک کە لەگەڵ ڕووحی دێموکراتیک و خەڵکخۆشەویستیی حیزبەکەی ناتەبا نەبوو. بەهەرحاڵ لەپشت ئەو سەرکردە بەبڕشت و قایمە مرۆڤێکی مێهرەبان و بەڕاستی ئینسان بەدی دەکرا کە ڕاوێژە نەرم و سەمیمییەکەی، هەست ناسکی و شێعر دۆستییەکەی باشترین گەواهی ئەو مێهرەبانییە و ئینسانیەتە بوو.

جیا لەوەش دوکتور شەرەفکەندی سەرەڕای فەزڵی هەموو ئەو توانا سیاسی و تەحلیلی و کارگێڕییانەی لە هەگبەیدا هەبوو، سەرکردەیەکی بەزمانی خەڵک دوێ و متەوازع بوو (تەوازوع ئەو شتەی کە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلات ئەمڕۆ زۆری پێویستە). ئەم ڕۆژانە کە بە هاوکاریی کاک مەنسوری خوسرەوی لە ئەرشیڤی ڕادیۆی حیزبدا گوێم لە قسەکانی دەگرتەوە، سەرنجم دا کە پاش بوونی بە سکرتێری حیزب، چەندە متەوازعانە و سادقانە بۆی پرسیار بوو کە داخوا لێوەشاوەیی و هێز و توانای دانیشتن لە شوێنی پێشەوا قازی و دوکتور قاسملووی هەیە؟ لەجیاتی وڵامدانەوەی ئەو پرسیارەش کە وڵامەکەی بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات روون بوو، دوکتور شەرەفکەندی دەیگوت ئەوەی هێز و دڵگەرمیم پێ دەبەخشێ یەکگرتوویی حیزب و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی تێکۆشەرانی دێموکرات و پشتیوانیی خەڵکی کوردستانە. یەکێک لە دەرسەکانی دوکتور شەرەفکەندی بۆ ئێستا و ئایندەی حیزبی دێموکراتیش ڕاست ئەوەیە کە وەک بۆخۆی دەیگوت ڕێبەریی حیزب دەبێ تەئسیری موسبەت لە بەدەنەی حیزب و بەدەنەی حیزبیش دەبێ تەئسیری موسبەت لە خەڵکی کوردستان وەربگرێ. ئەوە دینامیزمێکە کە مەسئولیەت و لەخۆبوردوویی و ئیمان و ئازایەتیی هەموو لایەکی پێویست بوو. لەخۆڕا نەبوو کە دوکتور شەرەفکەندی هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی لە یەک دەرسدا خولاسە کردبۆوە، ئەویش ئەوە کە ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان هەبێ و ئەگەر پشتی یەکتر بگرین، دەردەکەوێ چ هێزێکی لەبڕان نەهاتوومان هەیە و دەبینین کە کاری چەندە گەورەمان لەدەست دێ.

دوکتور سادق! دوکتوری سادق! ئەو ڕۆژەی بوغزی لەدەستدانی برا گەورەکەت ڕۆژگاری سەختی منداڵیتی لە دڵدا زیندوو کردیەوە و گریای، کەسایەتی و حاسڵی عومری مامۆستا هەژارت لە دوو وشەدا خولاسە کردەوە: حەسرەت؛ هیوا. بەڵام، حەسرەت و هیوا مەگەر باشترین وشە بۆ وەسفکردنی دنیای پڕ لە حەز و خولیای تۆش نەبوو؟ ئەو ئێوارە زستانییە ئەتۆ حەسرەتت خوارد لەوە کە هەژار پێش ئەوەی "وەک بەهەشتێکی ببینێ خاکی" سەری نایەوە. بەڵام هیواشت خواست - تەنانەت پێت وا بوو - ڕۆژێک دێ بۆخۆت دەچی هەژاری هەڵدەستێنی و "مژدەی سەربەستیی مەوتەنەکەی" پێ دەدەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

هەیهات! ئەتۆش ڕۆژی ڕزگاریی گەلەکەت نەدی. ئەتۆش وەک دوکتور قاسملوو بستە خاکێک لەسەر نیشتمانەکەی خۆت نەبوو بە ئارامی تێیدا بنووی. بەڵام دڵنیا بە! دڵنیا بە، بەیانییەکی بەهاری - لەچەشنی بەهارەکەی ئازادیی کەرکووک - زێدی تۆش ئازاد دەبێ. ئەوسا ئەو لاوانەی هەژار وەسیەتی بۆ کردوون - "خۆشی لە خۆیان و سەرپاکیان" - دێنە پێرلاشێز، لەوێوە بەڵام بۆخۆت وەپێشیان دەکەوی، بەسەر هەورەکانی غەریبی و بەنێو کەژ و کێوەکانی وڵاتدا، بەرەو... بوداغ سوڵتان! مادام تۆ نەمردووی و نامری، مۆژدەی سەربەستیی وەتەن هەر دەبێ بۆخۆت بیدەی بە هەژار!

لە ژمارە ٧١٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## باوەڕ و بنەما فیکرییەکانی دوکتور شەرەفکەندی، لە وتووێژێکدا لەگەڵ سمایل بازیار



دیمانە: مووسا باباخانی

**سمایل بازیار:** ئەو کاتەی چەپی کورد خۆی بە نەقدی پۆپۆلیزم و مارکسیزمی شۆڕشگێرەوە سەرقاڵ کردبوو، د. شەرەفکەندی مێژووی جووڵانەوەکانی کوردی دەنووسی:

(ڕەهەندە فیکرییەکانی د. سادق شەرەفکەندی چی بوون؟ ڕوانگەی دوکتور شەرەفکەندی بۆ پرسی نەتەوایەتی و سۆسیالیزم و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی چ بوو؟ کامیان بۆ ئەو لە پێش بوون؟ ئەو فاکتانەی د. شەرەفکەندی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیدیعای چەپ و ڕاستەکانی دژبەری چارەسەری پرسی نەتەوەیی دەیهێنانەوە چ بوون؟ ئەوانە چەند تەوەرێکی وتووێژێکی «کوردکاناڵ» لەگەڵ کاک سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی ڕێبەریی پێشووی حیزبی دێموکراتە کە «کوردستان» پۆختەیەکی لێ بڵاو کردۆتەوە)

**مووسا باباخانی:** بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی نەتەوەییە دەکرێ پێناسەی «چەپ بوون» بۆ سەرکردەکانی و یەک لەوان د. شەرەفکەندی بەکار بهێندرێ؟

**سمایل بازیار:** لە ڕاستیدا هەر کەس کە دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشدا بەرنامە و ئەساسنامەی

بەشی سێیەم

ئەو حیزبە دەخوێنێتەوە و دوایە هەڵیدەبژێرێ. نەک هەر کاک دوکتور سەعید بەڵکوو هەر کەسێک هەوڵ بدا بۆ پیادەکردنی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کورستان، ئەوە ئینسانێکی میللییە بە پلەی یەکەم و لە دواتردا ئیسانێکی چەپیشە، چونکی بەرنامەی حیزب لەسەر دوو کۆڵەکە ڕاوەستاوە، کۆلەکەیەکیان بۆ چارەسەری مەسئەلەی نەتەوایەتییە کە ئەوە لە ئەولەویەت دایە و پاش چارەسەری پرسی نەتەوایەتی جا بە هەرکام لە فۆرمۆڵەکانی - خودموختاری، فدرالیزم یان سەربەخۆیی - ئینجا نۆرەی پیادەکردنی بەرنامەیەکی دی دێ کە دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە؛ کە بۆ چارەسەری ئەم پرسەش بەرنامەی حیزبی دێموکرات فۆرمۆلی کۆنکرێت و موشەخەسی هەیە: «سۆسیالیزمی دێموکراتیک».

کەوابوو هەرکەس ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ ئوتوماتیک هەم ئینسانێکی نەتەوییە، چونکی بۆ حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەیی پرسی سەرەکی و بنەڕەتییە و لە بنەڕەتدا فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات لەسەر ئەوە دامەزراوە. پاشان حیزبەکان چۆن درووست دەبن ئەوە ئەم کەلەبەرانەن لە نێو کۆمەڵگەدا کە حیزبیان لەسەر درووست دەبێ، وەک کەلەبەری چینایەتی، کەلەبەری کولتووی، کەلەبەری دینی، کەلەبەری نەتەوایەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ساڵی ١٣٢٤ لەسەر کەلەبەری نەتەوەیی دروست بووە، بەڵام پاش چارەسەری ئەو پرسە خۆ حیزبەکە لەبەر یەک هەڵناوەشێ، ئەوجار حیزب بەرنامەی هەیە بۆ مەسائیلی کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی. ئەگەر تۆ دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بوو بە دەغدەغەی تۆ و بەرنامەت بۆی هەبوو، کە ناعەداڵەتی و چەوسانەوە لە کۆمەڵگەدا نەمێنێ و فورسەت بۆ ئێستێعدادەکان یەکسان بێ، بێ گومان تۆ و حیزبەکەت لە خانەی چەپدا جێدەگرن.

**مووسا باباخانی**: لە پێوەندی لەگەڵ دروشمی ستراتیژیکیی حیزبدا، ئایا سووسیالیزمی دێموکراتیک دژایەتیی نییە مەسەلەن لەگەڵ هەڵگرتنی شوعاری خودموختاری یان فدرالیزم؟

**سمایل بازیار**: بەرنامەی حیزب ئاماژەی دەقیقی بەو مەوزووعە کردووە و دەڵێ ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پیکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سوسیالیستی دێموکراتیکە. خۆ نەمانگوتووە لە ئێران، مەعلوومە ئەوە بۆ دوارۆژی کوردە ئەوە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆیە خۆ ناکرێ لە تاران سیستمی ئابووریی بازاڕی ئازاد پێڕەو بکرێ و ئەتۆش لە کوردستان سیستمی ئابووریی سوسیالیست پیادە بکەی.

**مووسا باباخانی**: هۆی چییە کە چەپی کورد لە کوردستان لە مێژووی خۆیدا پرسی نەتەوەیی بەلاوە گرینگ نەبووە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

**سمایل بازیار**: دەبێ بۆ ئەو مەوزووعەی بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی سەرەتای دەیەی شێست و کۆتایی دەیەی پەنجای هەتاوی. لەو کاتدا گوفتمانی سیاسیی زاڵ لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان گوفتومانی چەپ بوو و هەموو ئەو دیاردە و چەمک و مەقوولانەی ئەو کات باو بوون وەک مەسەلەی دێموکراسی و مەسەلەی نەتەوایەتی هەمووی کەتبوونە ژێر کاریگەریی تێڕوانین و تێفکرینی چەپەوە.

چەپی کورد ئەو کات مەسەلەی نەتەوایەتیی پێ پرسی بنەڕەتیی کوردستان نەبوو، بەڵکوو پێی وابوو مەسئەلەی نەتەوایەتی دەرەجە دوو و دەرەجە سێیە. ئەوانیش چەند تەیفێکیان هەبوو ئەو کات ڕەوتێک کە لە خەتی یەک و دوودا جێگەیان دەگرت، وەک حیزبی توودە و ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان پێیان وابوو تەزادی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستان تەزادی خەڵک و ئیمپریالیزمە، کەوابوو دەبوو پرسی کۆمەڵایەتی تابعێک بێ لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی. خەتی سێهەمیش کە زۆرتر ئەو گرووپانە بوون کە زۆرتر تێڕوانین و بیر و باوەڕی مائۆییستیان هەبوو - وەک کۆمەڵە و پەیکار و... - ئەوانە پێیان وابوو تەزادی ئەسڵی کۆمەڵگای ئەو کات کار و سەرمایەیە و دەبێ کێشەی نەتەوایەتی لە کاناڵی چینایەتییەوە تێپەڕ ببێ. یانی چەپی کلاسیک دەیەویست مەسەلەی نەتەوایەتی بباتە پەراوێزەوە. بنەمای هەموو ئەو سیاسەتانەی چەپی کورد بۆ پەراوێزخستنی پرسی نەتەوایەتی بۆ «متافیزیکی کۆمۆنیسم» دەگەڕێتەوە کە هەموو لێکدانەوە و تەحلیلێکی لەسەر ئەساسی چینایەتی بوو. بۆیە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە، وەک پرسی ژنان، کولتوری و نەتەوایەتیی دەخستە پەراوێزەوە و تا خۆیان لە میتافیزیکی کۆمۆنیسم ڕزگار نەکەن هەر بەمجۆرە دەڕواننە کێشەی نەتەوایەتی. ئەو دەمی بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب بوو بۆیە ئەرکی قورسی لەسەر شان بوو. ئەو بە نووسینی دەیان وتاری زانستی و موستەنەد و موستەدەل باسی ئەوەی کرد کە تەزادەکانی کۆمەڵگەی کوردستان چین؟ چین و توێژەکانی کوردستان کامانەن؟ چۆنن؟ یانی هەوڵی دا بیسەلمێنی ئەوە پرسە نەتەوایەتییەکەیە کە سەرەکییە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کوردستان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە و بە پرسی خۆیانی دەزانن.

**مووسا باباخانی: کاک سمایل کە دەگوترێ دوکتور سەعید یەکێک لە داڕێژەرانی سەرەکیی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بووە، دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەی دیار بکەن و بڵێن ئەو سیاسەتە یان ئەو بیرۆکەیە بەرهەمی فکریی دوکتور سەعیدە بووە؟**

**سمایل بازیار**: کاری حیزبی کارێکی بە کۆمەڵ و «خرد جمعی»یە، بەڵام بێگومان کەسانێک دیارترن و دەوری بەرچاوتر دەگێڕن. د.شەرەفکەندی لە دوای دوکتور قاسملوو و لەو ساڵانەدا یەکێک لە داڕێژەرانی سەرەکیی سیاسەتی حیزب بوو بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتیدا کە پرسی سەرەکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پێشتر ئاماژەم بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسینەکانی دوکتور سەعید کرد کە لە وڵامی چەپی کلاسیکدا دەینوسین. ئێستا با نموونەیەکی دیکەت بۆ بێنمەوە، ساڵی ۱۳۵۹ و ۱۳٦۰ چەپی کورد بە چیپەوە مەشغوڵ بوو بە نەقدی پۆپۆلیزم و بە شیکردنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کە پرسی کۆمەڵگەی کوردستان نەبوون، بەڵام کاک سەعید بە چی مەشغووڵە؟ ئەو کات لە ساڵی ۱۳٦۰ کتێبەکەی چاپ کرد کە باس لە مێژووی ڕاپەڕین و جووڵانەوەکانی کورد دەکا. ئەو کتێبەی ئێستاش لەبەردەستمان دایە و زۆربەمان دیتوومانە و وەختی خۆی لە کۆڵەپشتیی پێشمەرگەکاندا شاخ و کێو و دۆڵی کوردستانی زۆر دەکرد. سەیر کەن چەپی کورد بە چیپەوە سەرقاڵە و د. شەرەفکەندی بە چیپەوە ماندووە. ئەو دەیهەوێ لاوانی کورد ئەزموون وەرگرن لە خەبات و لە ڕاپەڕینەکانی پێشوو، ئاشنا بن بە مێژووی نەتەوەکەی خۆیان. ئاخر ئەو دەیزانی لاوی کورد ئەگەر زانیاریی لەسەر مێژووی نەتەوەکەی خۆی نەبێ چۆن لە مێژووی نەتەوکانی دیکە تێ دەگا؟ ئەو هەروەها ئاشنایان دەکا بە سیمبولەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان وەک شێخ عوبەیدوڵڵا، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزای دەرسیم، سمایل ئاغای سمکۆ، قازی محەممەد و مستەفا بارزانی. چەپی کوردیش باسی چێگوارا، کاسترۆ، هوشیمینە، ئەنوەر خۆجە و... دەکرد و ئەوانی بە لاوانی کورد دەناساند. جیاوازییەکان یەکجار زۆرن.

**د. شەرەفکەندی بە کورتی و پوختی هەوڵی دەدا بۆ شوناسسازی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئێمە «کورد» جیاوازین لە ئەو «فارس، عەرەب و تورک» و هۆڤییەتێکی سەربەخۆمان هەیە و نووسینەکانی زۆرتر لە چوارچێوەی ئەو بابەتە دان**

**مووسا باباخانی:** دەگوترێ دوکتور سەعید لە سەر پرسی کورد کێشەی فکریی لەگەڵ بەرەی ڕاستیش لە ئۆپۆزۆسیۆندا هەبوو، هۆکاری ئەمە چی بوو؟ ئەوان وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەڵگری چ جۆر بیرکردنەوەیەک بوون؟

**سمایل بازیار:** د. شەرەفکەندی ساڵی ۱۳۷۱ کە سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد و بە داخەوە سەفەری بێگەڕانەوەی بوو، ئەم سەفەرە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستان، دامەزراندنی پارڵمان و تەسویبی فدرالیزم. ئەوە دەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆری بوو لە نێو ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە تایبەت لە نێو بەرەی ڕاستدا، هەمدیسان ئەوە دووبارە دەبینین کە ئۆپۆزیسیوونی ئێرانی بە چەپ و ڕاستەوە بە مەسەلەی ڕیفراندۆم زۆر تەنگەتاون و بە هەر جۆرێک و لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دژایەتیی دەکەن. ئەو کاتیش کە بۆ یەکەمجار کورد دەبێتە خاوەن پارلمان و مەسەلەی فدرالیزم پەسند دەکرێ، کاک سەعید لە دەرەوەی وڵات بوو. ئەمجار شوێنیزمی فارس نەک لە دەسەڵاتدا، بەڵکوو لە نێو ئۆپۆزیسیوونی ئێرانیدا سیمای خۆی دەرخست، لە سەڵتەنەت تەڵەبەکان ڕا بگرە هەتا میللییەکان و هێندێک ئینترناسیونالیستی دۆینێ و ئینترناسیونالیستی تازەی ئەو کاتی فارس کە خۆیان پێ لیبراڵ بوو. ئەوانە لە وتووێژەکانیاندا لە گەڵ دوکتور سەعید سەیر تەنگەتاو بوون و زۆرتر لە کاک سەعید دەپرسن و لەسەر ئەوە پێداگرن کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوارۆژی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان چ دەبێ؟ ئەوان دەیانگوت کە لە رێگای مەجلیسی موئەسیسانەوە دەبێ چارەسەر بکرێ و قانوونی ئەساسی دەبێ بە رەئی گشتیی خەڵکی ئێران دابنرێ. هەروەها بەهۆی ئەوەی رابردوویەکی هاوبەشی هەزار و چەند ساڵەمان پێکەوە هەیە ، ئەوە مەجبوورین ئێمە ئەو هاوبەشییە رابگرین، یانی ئیوە بۆتان نییە جودا ببنەوە لە ئێران چونکی رابردوویەکی هاوبەشمان هەیە پێکەوە و دواتر دەیانگووت دەبێ بێن لە بەرەیەکدا بن کە هێندێک لەو هێز و کەسایەتییانەی لەو بەرەیەدا بوون هەر باوەریان بە مەسئەلەی میللی نەبوو، و تەنیا پرسی ئازادییان بۆ گرینگە.

لێرەدا د. شەرەفکەندی زۆر دەقیق وڵامی ئەوانە دەداتەوە و بە بەڵگە و ئیستدلالی بەهێز بەرگری لە ماف و داواکانی خەڵکی کورد دەکا. بۆ نموونە کاک سەعید پێیان دەڵێ خەڵکی ئیسفەهان و شیراز و تەورێز بۆیان نییە بریار لەسەر چارەنووسی خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و ئێمە بۆخۆمان دەبێ بریار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین و پرسی نەتەوایەتی نابەینە مەجلیسی دامەزرینەران کە لەوێدا کورد کەمایەتییە و زۆرینەی غەیری کوردە، ئێمە بۆخۆمان بریار لەسەر چارەنووسی خۆمان دەدەین و هیچ کات پرسی میللی و چارەسەری ئەو پرسە ناسپێرین بە مەجلیسی موئەسیسان. لە بارەی ئیدیعای مێژووی هاوبەش کاک سەعید دەڵێ دۆستایەتییەکان، هاوپەیمانییەکان هیچ کات ئەزەلی و ئەبەدی نین. ئەمجارەیان لەو یەکە جوغرافیایەی پێی دەگوترێ ئێران لە رابردوودا کەم وڵات و ناوچەی لێ جودا بۆتەوە؟ بەوە هیچ دنیاش خراپ نەبووە بۆ مەگەر ئازەربایجان، گورجستان، ئەرمەنستان، بەحرین، ئەفغانستان و ئەوانە هەموویان رۆژێک بەشێک لەو یەکە جوغرافیایە نەبوون کە پێی دەگوترێ ئێران؟ بۆیە ئەوە کورد تەنیا خۆی بریار دەدا کە دەیەوێ لەو چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە یان نا. لەبارە مەسەلەی بەرە دەڵێ ئێمە ناچینە هیچ بەرەیەکەوە ئەگەر لە پێشدا ئەو بەرەیە گەرەنتیی چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی نەدابێ، یانی ئاوێکی پاک بە دەستیاندا دەکا و دەڵێ ئێمە ناچین لە هیچ بەرەیەکەوە با ئەو بەرەیە ئازادیخوازیش بێ، یان سیکولار و کۆماریخواز بێ، ئەگەر پرسی نەتەوەیی بەلاوە گرینگ نەبی و لە بەرنامەی خۆیدا نەیگونجێنی؛ چونکی بۆ ئێمەی کورد مەسەلەی نەتەوەیی لە ئەولەویەت دایە. کە وابوو دەبی ئەو بەرەیە لە پێشدا ئەو گەرەنتی و تەزمینە لە بەرنامەکەیدا بگونجێنێ و چارەسەری پرسی نەتەوایەتی یەکلا کردبێتەوە.

**روانگە و بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی لەمەڕ پرسی نەتەوەیی و چارەنووسی نەتەوەکەمان کە لە وتوویژ لە گەڵ «عەلی کیشتگەر»دا خستوویەتە بەرباس، ئەوە دەتوانی وەک مانیفیستێک و وەک سەنەدێکی موعتەبەر و مێژوویی هەمیشە لە کارنامەی د. شەرەفکەندیدا وەک لاپەرەیەکی درەوشاوە بمێنێتەوە.**

(لە ژمارەی ۷۱۱ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ۷ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۷



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ساڵەکانی: ٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٢، ٢٠٢٣، ٢٠٢٤

# شەرەفکەندی شکۆی شۆڕش




### وڵات زاگرۆس

دوکتور سادق شەرەفکەندی لە تورمەی ئەو رێبەرانە کە باوەڕێکی قووڵی بە شۆرش - بێ هیچ وەهمێک، بەو واتـایە بەشێک لە داگیرکەران بە باش بزانێ - دژ بە داگیرکەرانی زاگرۆس بووە و لەم پەیوەندییەدا هەوڵی داوە بە پشت بەستن بە گەلی خۆی و لە هەمان کاتدا خولقێنەر بوونی دەرفەتی شۆڕشگێڕانە و نەکەوتنە ناو دۆخی چاوەڕوانیییەوە و بە گرتنەبەری رێبازێکی شۆڕشگێڕانەی سەربەخۆ وڵاتەکەی لە کلۆنیی داگیرکەران ڕزگار بکات.

### پێناسەیەکی کورتی شۆڕش

وشەی شۆڕش بە واتای ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییە و دەکرێ لە هەموو چەمکەکاندا بۆ ئاماژە بە گۆڕینی بناغەیی و سەرهەڵدانی

شێوازێکی نوێ و جیاواز لە بگاری پێشوو کەڵکی لێ وەربگیرێت، وەک شۆڕشی کولتووری، شۆڕشی پیشەیی و شۆڕشی زانستی و هتد. "داریوش ئاشووری" لە کتێبی زانستنامەی سیاسیدا دەڵێت: ئەم وشە سەرەتا لە زانستی گەردوونناسیدا و بۆ بزوتنی ئەستێرەکان و هەتاو کەڵکی لێ وەرگیراوە و لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینییەوە لە ئورووپادا و پاشانیش لە سەرانسەری دنیادا بۆ ڕاپەڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکار هاتووە.(١)

هەنووکە کاتێک وشەی شۆڕش بەکار دێت نزیکترین مانایەک کە دەگاتە زەینی مرۆڤ یان لانیکەم مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی واتا سیاسییەکەیەتی و لە گۆڕانی دەسەڵاتدا خۆی وێنا دەکات. ڕووداوێکی بناغەیی کە لەودا چوارچێوەی کۆن لەنێو دەچێت یان بەرەو لەنێوچوون دەچێت و روانگە کۆنەکان و دەموچاوە کۆنەکان جێگەی خۆیان بە روانگەی نوێ و دەسەڵاتداری نوێ دەدەن(٢). "هانا ئارێنت" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە واتای نوێی شۆڕش لەو روانگە جیا ناکرێتەوە کە ڕەوتی مێژوو لە ناکاودا سەرلەنوێ دەست پێدەکات و چیرۆکێکی تەواو نوێ کە هیچکات نەوتراوە یان نەزانراوە بە زوویی دەست پێدەکات(٣).

## ریفۆرم و جیاوازییە بنەڕەتییەکانی لەگەڵ شۆڕش

لە هەڤبەر ئەم وشەدا وشەی ریفۆڕم یان چاکسازی دێت. لە مانا سیاسییەکەیدا بۆ چاککردن یان کەمکردنەوەی کەموکوڕیەکانی سیستمی سیاسیی دەسەڵاتدار کەڵکی لێ وەردەگیرێت و ریفۆرمخوازان ئەو کەسانەن کە هیوایان بە ئاڵوگۆڕ لە سیستمدا هەیە و پێیان وایە یاسای بنەڕەتیی وڵات ئەو دەرفەتەیان پێ دەبەخشێ ئەو چاکسازییانەی کە بڕوایان پێیەتی بە گوشار خستنە سەر دەسەڵات وەدی بێنن و قۆناغ بە قۆناغ لە ئامانجەکانی خۆیان نزیک ببنەوە.(٤) کەوایە هیوا بە گۆڕانی دەسەڵات و سیستمی بەڕیوەبەرایەتی قۆناغ بە قۆناغ و لە درێژماوەدا خاڵی بنەڕەتیی جیاکەرەوەی شۆڕش و ریفۆرمن لە یەک تر و بێهیوایی بە چاکسازی لەنێو دەسەڵاتدا و چاوەڕوان نەمانەوە بۆ داهاتوویەکی نادیار شۆڕشگێڕان لە ریفۆڕمخوازان جیا دەکاتەوە.

ئەم پێناسە کورتەی کە لە شۆرش و ریفۆرم کردمان دەروازەیەکە بۆ باس کردن لە ڕێبەرێک کە پێی وابوو گۆڕین لە سیستمی دەسەڵاتداریەتیی کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی نییە و بەم پێیە ڕێبەرێکی ریفۆرمخواز نییە و لەم پێوەندییەدا لە ژمارەی ١٥٢ی ڕۆژنامەی کوردستاندا دەنووسێت(٥): "لە سایەی هاو پەیوەندی و یەکیەتی کردەوەدا ڕێژیمی ڕەشی ئاخوندی، نوێنگەی تەواوی کۆنەپەرەستی کوێرانە و سەرەڕۆیی وەحشیانەی سەدەکانی نێوەڕاست فڕێ دەینە ئەو جێگایەوە کە دەبێ بۆی فڕێ درێ، واتە نێو زبڵدانی مێژوو". ئەم نووسینە بە روونی دەری دەخات کە دوکتور شەرەفکەندی هیچ هیوایەکی بە داگیرکەر و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆڕان لە هزریاندا بەرامبەر بە نەتەوەکەی نییە و تەنیا رێگەچارە لە رووخانی رێژیم و فڕێدانی بۆ نێو زبڵدانی مێژوو دەزانێ.

## ڕوانینی ئەرەستوو بەرامبەر بە شۆڕش

شۆڕش هەر لە سەرەتاوە زەینی بیرمەندانی بە خۆوە خەریک کردووە و لە ڕوانگەی ئەرەستووەوە شۆڕش پێکهاتوو لە دوو گۆڕانی سیاسییە، یەکەم گۆڕان لە ڕێڕەوی بنەڕەتی رێکخراو یان دەسەڵاتدا کە دەکرێ وەک یاسای بنەڕەتی لێکی بدەینەوە و دووهەم گۆڕینی کەسانی دەسەڵاتدار(٦). لەم ڕوانگەوە ئەگەر لە نووسینەکانی شەرەفکەندیی رێبەر رابمێنین، بۆمان دەردەکەوێ چەندە ژیرانە و بە ڕوونی و بێ هیچ دوو دڵی و وەهمێک لە هەڤبەر داگیرکەر دا خوازیاری شۆڕشە و نەک ریفۆڕم و پێی وا نییە یاسا یان کەسانی دەسەڵاتدار توانای دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەی ئاخ داگیرکراوی کوردیان هەبێ.

دوکتور شەرەفکەندی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە یاسایەک لە ئێراندا لە واتا راستەقینەکەیدا بوونی نییە و هەرکام لە مەلاکان یان ئاخوندەکان بە خواستی خۆیان ئەو یاسا ناڕوون و دژە مافەکانی مرۆڤە لێک دەدەنەوە و لەم بارەوە دەبێژێت: "بە وتەیەکی روونتر لە رێژیمی ئێستای ئێراندا، دیارە بە ڕواڵەت قانوونێکی ئەساسی هەیە کە چوارچێوەی قانونیی بۆ بەڕێوەبەری وڵات دیاری دەکا و بەپێی قاعیدە هیچ کار و هیچ قانونێک و بڕیارێک نابێ لەو چوارچێوە دەربچێ. بەڵام لە عەینی کاتدا رێژیم، رێژیمێکی مەزهەبییە و هەموو قسە و ئیددعای ئەوەیە کە کاروباری وڵات دەبێ لە چوارچێوەی قانوون و ڕێوڕەسمی ئیسلامیدا بێ و بەس. لە ئاکامدا قانوونی ئەساسیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران لە واقیعدا قانوونەکان و ڕێوشوێنەکان ئیسلامین کە شارەزا و پسپۆڕ لەو قانوونەشدا ئاخوندەکانن و لەبەر ئەوەی هەر ئاخوندێکی پایەبەرز دەتوانێ بە تێگەیشتنی خۆی ئەو قانوونە لێک بداتەوە و بۆچوونی تایبەتی لەسەر بدا. ئەو دۆخە بە کردەوە ماناکای ئەوەیە کە قانوونی وڵات لە ئەسڵدا بریتییە لە بڕیار و نەزەری ئاخوندەکان، نەک ئەو شتەی ناوی قانوونی ئەساسیی لەسەر دانراوە. رێژیمی ئاخوندی لە ڕاستیدا بێ قانوونترین رێژیمی دنیایە. هەر بۆیە چ قانوونی ئەساسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، چ وەک خۆی بمێنێ، بە کردەوە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو کاریگەر لەو وەزعە شپرزە و بێ سەروبەریەدا پێک نایە. چونکە لەم رێژیمەدا تەواوی دەسەڵات و ئیختیارات بە ڕەسمی لەدەستی ویلایەتی فەقیهدایە کە ئەویش لەلایەن خەڵکەوە دیاری ناکرێت"(٧).

بەپێی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانم خواست و ئیرادەی خوایی سەرچاوەی تەواوی ئیرادەکانە و دەسەڵاتی بەسەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیارەکانی دەسەڵاتدارانەوە هەیە، بە چەشنێک کە ڕەوایی هەر چەشنە کردار و بڕیاریک لەلایەن دەسەڵاتەوە گرێدراوی خواستی خواییە. ئەم ئیرادە مەزن و گەورەیە لە چوارچێوەی ڕێبەری و ڕێنیشاندەری ویلایەتی فەقیەوەیە و یاسا ئیسلامییەکان لەلایەن کۆڕی نگابانەوە بە عەینییەت دەگا(٨).

کەسێک ئەگەر یاساکانی کۆماری ئیسلامیی دیتبێت، جگە لە بەندەکانی کە دژ بە مافەکانی مرۆڤن و بەتەواوی لەگەڵ بایەخە ئینسانییەکان دژبەرن و بناغەن بۆ هەڵاواردن وەک ئەسڵی دوو، دوانزە...یەکێکی دیکە لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی یاسای کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە وەک دوکتور سەعید بە دروستی ئاماژەی پێکردووە ،دەکرێ یاساکانی کۆماری ئیسلامی شیکردنەوەی جیاوازی لێبکرێت و لە هەموو دۆخێکدا لە قازانجی مانەوەی دەسەڵاتدا کەڵکی لێ وەربگیرێت، بۆ نموونە: لە ئەسڵی ٢٦ـەمدا هاتووە: "حیزب یان ئەو کەمینە ئایینییانەی کە لە یاسای بنەڕەتیدا ئاماژەیان پێکراوە، ئازادن بەڵام بەو مەرجەی کە بنەماکانی سەربەخۆیی، ئازادی، یەکیەتیی نەتەوەی، ڕێوشوێنی ئیسلامی و بناغەی کۆماری ئیسلامی نەخەنە مەترسییەوە"؛ یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئاخنراو لەم وشانەن بێ ئەوەی ماناکەیان بە ڕوونی دیاری کرابێت: "سەربەخۆیی، ئازادی، یەکیەتیی نەتەوەی، ڕێوشوێنی ئیسلامی و بناغەی کۆماری ئیسلامی..." کە لێکدانەوە و راڤەی جیاواز هەڵدەگرن و وەک دوکتور سەعید دەبێژێت هەر کەس دەتوانێ بە خواستی خۆی شیی بکاتەوە و دیاریشە یاسا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە شی دەکرێتەوە و لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نەبینراوە کە ئەم وشانەی کە شی کردنەوەی جیاواز هەڵدەگرن بە قازانجی خەڵک راڤە کرابن.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکان کە وەهمی ئاڵوگۆڕ بە قازانجی خەڵک لە کۆماری ئیسلامیدا دەڕەوێنێتەوە ئەوەیە کە لە ماوەی چل ساڵی دەسەڵاتداریەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئاواتی هەندێ کەس و بە واتایەک نەک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی بەڵکوو پاش چل ساڵ جێبەجێکردنی خودی ئەو یاسایانەیە کە هێشتا جێبەجێ نەکراون، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ ڕێژیمێک پاش چل ساڵ نەیتوانیێ هەندێ لە ماددەکانی یاسای بنەڕەتیی خۆی وەک ئەسڵەکانی سێ، نۆ، نۆزدە، بیست و هتد جێبەجێ بکات و هەندێکی دیکە کە مافی سەرەتای هەموو مرۆڤێکە و تا ڕادەیەک جێبەجێ کرابوو، وەک ئەسڵی سی کە باس لە خوێندی خۆڕایی تا قۆناغی دواناوەندی دەکات، خەریکە بەرە بەرە لە بیر دەچێتەوە و خوێندن لە زۆربەی هەر زۆری قوتابخانەکانی ئێران بە پارەیە و بە کردەوە منداڵانی چینی هەژار لە خوێندن بێبەش دەکات، چۆن و بە چ میکانیزمێک دەتوانێ ئاڵوگۆڕ لە بەرژەوەندیی خەڵک لە خۆیدا وەدی بێنێت؟ ئەمە جگە لەوەیە کە خودی خوێندن لە ئێراندا و بەهۆی زمانی فەرمیی فارسییەوە کە زمانی زیاتر لە شەست لەسەدی خەڵکی ئێران نییە، بناغەی گەورەترین هەڵاواردنە دژ بە نەتەوەکانی ئەم یەکە سیاسییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێردەدا ڕەنگە هەندێ کەس و بەتایبەت ئەوانەی کە باوەڕیان بە ڕیفۆڕم لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەیە یان بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە باش دەزانن و لە نێوان بەڕێوەبەراندا سنووری باش و خراپ دادەنێن، ئەو باسە بێننە گۆڕێ کە شەرەفکەندی نزیک بە سێ دەیە بە جەستە نەماوە و ناتوانین بڕیارەکانی و بۆچوونەکانی بۆ ئەمڕۆکە بەکار بێنین! ئەگەر بمانهەوێ بە کورتی وڵامی ئەم بابەتە بدەینەوە، دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە لە پاش شەهیدکرانی دوکتور سەعیدەوە تا هەنووکە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە سەرۆک کۆماردا دەبینێتەوە ئەوە خەریکە نزیک دەبێتەوە بە دوو دەیەی بە دەست ڕیفۆرمخوازنەوە بوو، ئاخۆ تەنانەت توانیویانە خودی یاسا بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بکەن؟ بەڕاستی ئەو ئاڵوگۆڕانە کامانەن کە ئەم ریفۆرمخوازانە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بەڕێوەیان بردبێت؟ ئەگەر گۆڕان قوناغ بە قۆناغە و دەکرێ چاوەڕوان بمێنینەوە، ئەوە کام قۆناغە کە ریفۆرمخوازان بڕیویانە و لە ئازادی و دادپەروەری خەڵکیان نزیک کردووەتەوە؟ بە ڕاستی وڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە بەدی ناکەم بۆ ئاماژە کردن بە پێک نەهاتنی ئاڵوگۆڕ لە کۆماری ئیسلامیدا و درێژ نەبوونەوەی بابتەکە، تەنیا ئاماژە بە چەند نموونە دەکەم.

هەر وەک پێشتر باسمان کرد تەنانەت بەڕێوەبردنی یاسای بنەڕەتی سەرەڕای هەموو کەموکۆڕیەکانی بۆ هەندێ کەس بووەتە ئاواتێکی شیرین و لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری مێژووی کۆماری ئیسلامی بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە جیاتی کرانەوەی قۆناغ بە قۆناغ بە پێچەوانەوە تا هاتووە حەڵقەی بەڕێوەبەرایەتی ئەم دەسەڵاتە چوکەتر - بە واتای یەک \دەست بوونەوە - بووەتەوە هەتا تەمەنی درێژتر دەبێت دەسەڵاتداران یەکدەستتر دەبن، لەم پەیوەندییەدا لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێمۆکرات، مستەفا هیجری، لە کۆبوونەوەی ڕێبەرانی بەشێک لە حیزبەکانی خۆرهەڵاتی نیشتمان لە ناوندی مێریدا دەبێژێت: "کۆماری ئیسلامی جیاوازیی بیر و بۆچوون قەبووڵ ناکات، نە لە کورد نە لە نزیکترین کەسایەتیی سەر بەو ڕێژیمە". لەم پەیوەندییەدا دەتوانین باس لە چەندین ڕێکخراوە بکەین کە سەرەتا هاوپەیمانی ویلایەتی فەقیە بوون و پاشان لە دەسەڵات دوور خرانەوە و تەنانەت کەوتنە بەر شاڵاوی کوشتن و گرتن و پاکتاوکردن، وەک نێهزەتی ئازادی، حیزبی تودە، بەشێک لە چریکە فیداییەکان و... هەر لەم پەیوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە سەدان کەسایەتی بکەین کە بەرچاوترینیان سەرۆک وەزیران و دواتر سەرۆک کۆمارەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامین کە زۆربەیان لە هەڵبژاردنەکاندا هەڵبژێردراوی ئەو کەسانە بوون کە زۆرینەی دەنگدەرانیان پێک دەهێنا، ئێستا کە کەوتوونەتە بەر غەزەبی ویلایەتی فەقیە و تەنانەت دەرکەوتنیشیان لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا قەدەغەیە. ئاخۆ گەلۆ دەکرێ بڵێن لە وەها دۆخێکدا بۆچوونەکەی دوکتور شەرەفکەندی کە دەبێژێت: ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئەگەر قەرارە پێک بێ، ئەو ئاڵوگۆڕە بریتییە لە لابردن و فڕێدانی سیستمی ویلایەتی فەقیهی و بەس. غەیری ئەوە هەر کارێکی دیکە لە شانۆسازی و ڕەنگ گۆڕینێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕواڵەتی پتر تێناپەڕێ(٩). بۆ سەردەمی ئەمڕۆ نابێت و بارودۆخەکە گۆڕدراوە؟

کەوایە تەنیا ڕێگەیەک کە لە هەڤبەر تاکەکانی نیشتمانی داگیرکراوی زاگرۆسیدا دەمێنێتەوە تێپەڕینە لە کۆماری ئیسلامی کە بەداخەوە ناسینی مێژووی کۆماری ئیسلامی ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە تێپەڕین لەم دەسەڵاتە بێ توندوتیژی یەکجار زەحمەتە.

## شۆڕش پێویستی بە توندوتیژییە

ڕاپەرینی خەڵک بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە گران بوونی بەنزین لە مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵدا کە زۆربەی نزیک بە تەواوی شارەکانی یەکەی سیاسیی ئێرانی گرتەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە دڕندانەترین شێواز سەرکوت کرا و وەک لە گرتە ویدئۆیەکاندا دەردەکەوێ ڕێژیم بۆ سەرکوتی خەڵک و مانەوەی دەسەڵاتەکەی تەنانەت کەڵکی لە چەکی قورسیش وەرگرتووە، وەک لەم فیلمانەدا دەبیندرێ لە شەقامی هەندێ شار بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک تانک و هەلیکۆپتێریش بەکار هاتووە. هەر لەم پەیوەندییەدا ڕۆژنامەی رویتێرز لە زاری کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤەوە دەنووسێت: "هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر بانی ماڵەکانەوە و لە هەلیکۆپتێرەکانەوە نارازییەکانیان کردووەتە ئامانج". بە پێی دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە یازدەی سەرماوەزی ساڵی ١٩٩٨دا، لە نارەزایەتییەکانی حەوتووی کۆتایی مانگی خەزەڵوەردا ٢٠٨ کەس کوژراون. کە گریمانە دەکرێ ژمارەی کوژراوان زۆر زیاتریش بێ، نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەر لە ئێراندا لە ڕاستیدا نارەزایەتیی ئابووری بوو دژ بە گرانیی نرخی بەنزین، دەسەڵاتێک کە نارەزایەتییەکی ئابووری بەو چەشنە وڵام بداتەوە ئاخۆ دەکرێ بێ توندوتیژی بگۆڕدرێ یان مل بۆ داوای نەتەوەیی و سیاسیی خەڵک ڕابکێشێت.

کەمن ئەو مرۆڤانەی کە حەزیان لە کوشتن و شەڕ و وێرانی بێت، لە هەمان کاتیشدا ساویلکانەیە لە بەرامبەر دەسەڵاتێکدا کە تەنیا زەبروزەنگ و توندوتیژی دەناسێت، باس لە گۆڕینی نەرم و نیان و دوور لە توندوتیژی بکەین، بە درێژایی مێژوو گەلی کورد گەلێکی داگیرکەر نەبووە بەڵام وەک دوکتور سەعید دەبێژێت: "زۆر بە ئاگاهییەوە بڕیاری یەکجاریمان داوە کە هەموو هێز و توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانێ ڕێگای خەباتی کۆڵنەدەرانە لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و مافە ئینسانییەکاندا تا لەم ڕێگەیەدا- کە ڕێگەی سووری شەهیدانە- یان سەر بکەوین یان بە شانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەردابنێین. ڕێژیمی خوێنڕێژ و خوێنخۆری ئاخوندی بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو دەری خست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە نایەهەوێ لە نێوەڕۆکی ڕەش و لە ڕەفتار و کردەوەی دژی گەلی و دژی ئێرانی خۆیدا ئالوگۆڕ پێک بێنێ. بە کردەوە چالاکترین هێزی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی لە مەیدانی خەباتی چەکدارانە لە نێوخۆی ئێراندا بووین و هەین، ئاشتی خوازین و ئەگەر دەستمان بۆ چەک بردووە بۆ دیفاع لە خۆمانە، چونکە شەڕیان بەسەردا سەپاندووین. لە مێژە کە وتوویانە کە قەبوولی زوڵم لە خودی زوڵم خراپترە"(١٠). لەم بارەوە نێلسۆن ماندێلاش دەڵێت: دەسەڵاتداران جۆری خەبات دیاری دەکەن نەک ژێردەستەکان.(١١)

لێکۆڵەرانی بواری شۆڕش زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕەن کە توندوتیژی بەشی سەرەکی و جیانەکراوەی بارودۆخی شۆڕشگێڕانەیە. "دان" دەڵێت: شۆڕش چەشنێک ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتی جەماوەری، توندوتیژ و خێرایە. بە باوەڕی "هانتیگتۆن"، توندوتیژی ماکی سەرەکیی پێکهێنەری شۆڕشە. مارکسیستەکانیش بەگشتی لەسەر ئەو باوەڕەن کە بێ توندوتیژی شۆڕش روو نادات(١٢). هەر لەم پێوەندییەدا کاک دوکتور قاسملوو باس لەوە دەکات کە گۆڕان و رزگاربوون لەژێر دەستی کۆماری ئیسلامی بە نووسینی وتاریک و دانیشتن لە کافەکانی ئورووپا و بەخەیاڵ کردن وەدی نایەت". ئەم رێژیمە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد یان نووسینی چەند وتار لە دەرەوەی وڵات ناڕووخێت. ئەم رێژیمە دەبێ لە ڕێگای توندوتیژییەوە بڕوخێندرێ، جا ڕەنگە ئەم شێوازە توندوتیژە لە ڕێگەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی شارییەوە بێت یان تێکەڵەیەک لە خەباتی چەکدارانەی شاری و شەڕی پارتیزانی گوندەکان یان مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی خەڵک لە شارەکان، ناکرێ لە ئێستاوە دیاریی بکەین کە کامیان دەبێ، بەڵام لەوە دڵنیام کە ڕێژیم دەڕووخێت ئەویش لە ڕێگەی توندوتیژییەوە.(١٣)

"مائۆ" وەک ڕێبەری گەورەترین وڵات لە باری حەشیمەتەوە کە شۆڕش تێیدا رووی دا، دەڵێت: شۆڕش میوانییەک بۆ خواردنی شەو یان نووسینی وتارێک یان کێشانی وێنەیەک نییە... شۆڕش ناتوانێت شتێکی لەم چەشنانە ڕاحەت و ناسک و مێهرەبانانە بێت. شۆڕش هەستانەوەیە، کردارێکی توندوتیژە کە لە ڕێگەی چینێکەوە، چینێکی دیکە لە دەسەڵات دەهێرێتە خوارەوە(١٤).

دوکتور سەعید شەرەفکەندی لەم پەیوەندیەدا لە ژمارەی ١٤٥ی ڕۆژنامەی کوردستاندا دەنووسێت: "تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نژادی، مەزهەبی و جنسیەتی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێدا بێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکاتێک بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و

دیکتاتۆری هەڵناگرن، مەگەر بە زۆری لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژدا نەبێ. کەوابوو سوڵح و ئاشتیی گشتیی جیهانی و هەر لەو کاتەدا شەڕ و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بۆ لەنێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە، نەک هەر لێک جیاواز نین، بەڵکوو دوو لایەن و دوو ڕوانگەی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوی دیکەیە، ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ"(١٥).

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دیسانەوە ئەو ڕاستییە دووپات دەکەنەوە، دەسەڵاتداران بە ویستی خۆیان سەر بۆ داخوازییەکانی خەڵک نەوی ناکەن بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا ئامادەن بە هەزاران و تەنانەت ملیۆنان کەسیش بکەنە قوربانی. ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوور دەبێ ئەستەمە بێتوندوتیژی و لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە دەسەڵات ڕادەستی خەڵک بکەن و مێژووی کۆماری ئیسلامیش بەڕوونی دەریدەخات کە ئاشتیخوازانەترین و ڕەواترین داخوازیی خەڵک بە دڕندانەترین شێواز سەرکوت دەکات و ئەم ناڕەزایەتییە ئاشتیخوازانەش هیچ کاریگەرییەک لەسەر کردەوەی کۆماری ئیسلامی دانانێن و لەم پەیوەندییەدا مستەفا هیجری دەبێژێت: "ئەگەر لە بیست ساڵی رابردوودا کەم و زۆر خەباتی مەدەنی بووە، ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە هیچ تەئسیرێک لەسەر ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی دانانێت" (١٦). کەوایە گەلی کورد دەبێ بیر لەوە بکاتەوە بە کەمترین نرخ وڵاتی خۆی لە کۆلۆنیالیزمی دەسەڵات ڕزگار بکات دەنا ئازاد بوون و سەربەخۆیی لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێ توندوتیژی و خەباتێکی شۆڕشگێڕانە ئیمکانی نییە و لە ڕاستیدا خەباتی شۆڕشگێڕانە و ناچار توندوتیژانە لە هەمبەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شەڕە لە پێناو دنیایەکی جوانتردا نەک شەڕ لە پێناو شەڕ و توندوتیژیدا.

## دەرفەت خولقێن یان چاوەڕوان؟

"چەگوارا" لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەکێک لە خاڵە بنەڕەتییەکانی جیاکەرەوەی شۆڕشگێڕ لە ناشۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە شۆڕشگێڕ دەرفەت دەخولقێنێ و چاوەڕوانی دەرفەت نامێنێتەوە، بەڵام ناشۆڕشگێڕان چاوەڕێی ئەوەن دەرفەتێک بخولقێ و کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرن.

شەهید بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەکرێ وەک مەزنترین هەرەسی حدکا ناو لێ بنێین لە مێژووی ئەم حیزبەدا پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان، لەم کاتە هەستیارەدا شەرەفکەندی وەک جێگری کاک دوکتور قاسملوو پەیامێک بۆ هێزەکانی حیزب دەنێرێ کە لە کوردستاندا خەریکی چالاکی و خەبات بوون دژ بە کۆماری ئیسلامی و ئەم پەیامە هەر چەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورتە بەڵام یەکجار پڕنێوەرۆک و گرینگە کە بریتییە لە: "دوکتور قاسملوو شەهید بوو، خەبات درێژەی هەیە" و پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە شەرفکەندی نایهەوێ چاوەڕوان بمێنێتەوە و لەبەرامبەر هەرەسی مەزنی نەمانی قاسملوودا دەستەوەستان نییە و بە باوەڕێکی قووڵەوە بە شۆڕش و ئەو ئەرکەی کە کەوتووەتە سەرشانی دەیهەوێ بە کرداری حیزبەکەی و بەردەوام بوون لەسەر ڕێچکەی شۆڕش دەرفەتی بەختەوەری خەڵک و ڕزگارییان لە کۆلۆنیالیزم برەخسێنێت.

شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو ماوەیەکی کەم پاش ئاگربەستی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ڕووی داوە و هێشتا ئەم دوو وڵاتە بە تەواوی ڕێکنەکەتوون، بەڵام لە ساڵی شەست و هەشت بە دواوە و پاش ئەوەی کاک سەعید دەبێتە کەسی یەکەمی حدکا، بەندەکانی ڕێکەوتنی نێوان دوو دەسەڵاتی ئێران و عێراق دەچنە بواری جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی عێراق گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر ڕێبەرایەتی حدکا کە نابێ درێژە بە چالاکییەکانیان بدەن و لە سنووری عێراقەوە بۆ خۆرهەڵات پەڕینەوە دژ بە کۆماری ئیسلامی چالاکی بەڕێوە بەرن و تەنانەت باس لەوەش دەکرێ کە دەسەڵاتی بەعس پیلانی ئەوەی هەبووە کە حدکا یان تەسلیم بە ئێران بکاتەوە یاخود ڕایانگوێزێت بۆ باشووری عێراق و لەوێ لە کەمپەکاندا نیشتەجێیان بکات. ئەگەر تەنیا ئەم دوو فاکتەرە لە بەرچاو بگرین، یانێ نەمانی ڕێبەرێکی کاریزما و گوشاری وڵاتی عێراق کە تا ئەو کات وەک پشت جبهەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چاوی لێدەکرا (بەو مانا نا کە لەلایەن دەسەڵاتی عیراقەوە یارمەتیی حدکا دراوە بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، مەبەستم لە پشتی جبهە بوون ئەوەیە کە لانیکەم تا ئەو کاتە حدکا بێ ڕێگیرێکی ئەوتۆ کەمپەکانی خۆی لە سنووری نێوان باشوور و خۆرهەڵات دامەزراندبوو و لە خاکی ژێر دەسەڵاتی عێراق بۆ شوێنی ڕێبەرایەتی و حەسانەوە و تیمارکردنی پێشمەرگەکانی کەڵکی وەردەگرت) هەنگاو بە زۆر کەس شل دەکات و زۆر کەسی هێنا ئەو باوەڕەی کە ئەگەر بۆ ماوەی کاتیش بووە حدکا دەست لە خەبات و چالاکیی شۆڕشگێڕانە هەڵبگرێت و چاوەڕوانی کاتی گونجاو بمێنێتەوە، بەڵام شەرەفکەندیی ڕێبەر نەک ناچێتە دۆخی چاوەڕوانییەوە بەڵکوو ئەوپەڕی هەوڵی دەدات کە مەیدانی چالاکیی حیزبەکەی بەرفراوانتر بکاتەوە و لەم ڕێگەشدا سەرکەوتنی گەورە وەدەست دێنێت و لە هەندێ شوێندا پێشمەرگەی کوردستان شەڕی گەورە و دژ بە داگیرکەر بەڕێوە دەبەن کە تا ئەو کاتە لە مێژووی حدکادا شەڕی پێشمەرگە دژ بە داگیرکەران لەو شوێنانە ڕووی نەدابوو (١٧). شەرفکەندیی مەزن لە جیاتی ئەوەی تەسلیمی بارودۆخەکە بێت و واز لە خەبات بهێنێت پرۆژەی چالاکتر کردن دێنێتە ڕۆژڤەوە و هەوڵ دەدات بە نیشتەجێکردنی ئەو کەسانەی کە توانای خەباتیان نەماوە لە کەمپەکاندا، حدکا بۆ خەباتێکی سەخت و درێژماوە ئامادە بکات و تێدەکۆشی هێزێکی پسپۆڕی پارتیزانی کە توانای شۆڕشی لە هەر قۆناغێکدا ببێت پێک بێنێت. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە شەرەفکەندیی ڕێبەر لە هەمان کاتدا کە پێداگریی لەسەر خەباتی پێشمەرگانە دەکرد، زۆر بە وردی و ژیرانە ئەرک بۆ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا دیاری دەکات و دەنووسێت: ئەگەر لەسەر بەشداریی خەڵکی کوردستان لە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی ئەمڕۆی کوردستاندا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسیار بەم جۆرە بێتە گۆڕێ کە: ئەم بەشدارییە ئەرکی کێیە؟ بێشک وڵامەکەی ئەمەیە کە ئەرکی هەموو کەس، یان هەر کەسێک کە چووکترین هەستی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری هەبێ(١٨). ناوبراو لە چەندین وتاری دیکەدا وەک: بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا، چەند قسەیەک لەگەڵ موعەلیمەکانی کوردستان... باس لە خەباتی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات دژ بە داگیرکەران و ئەو خەباتەی کە ئەمڕۆ بە خەباتی شار ناوی لێدەبرێ، دوکتور سەعید زیاترین هەوڵ بۆ پێکهێنان و سەرخستنی دەدات و خەبات تەنیا بە یەک ڕەهەندەوە نابەستێتەوە و لە هەمان کاتیشدا هیچکام لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات و شۆڕش بۆ سەرکەوتن بە هیچ پاساویک نانێتە ئەو لاوە.

## شۆڕشگێڕێکی سەربەخۆ

یەکێک لە خەسارە هەرە گەورەکانی بزووتنەوەی نەتەوەی وڵاتی داگیرکراوی زاگرۆس پێوەندیی بە وەهمی ڕێبەری بزووتنەوەکانەوە هەیە بەرامبەر بە داگیرکەران، شێوازی بیرکردنەوەی ئەم سەرۆکانە لە پانتای هزری داگیرکەراندا دەخولێتەوە و پێیان وایە دەکرێ جیاوازی لەنێو ئەو کەسانەدا دابنرێ کە نیشتمانی ئێمەیان داگیر کردووە، یان لە هەندێ دۆخدا چارەنووسی خەباتیان لە بەشێکی نیشتماندا بەستووەتەوە بە داگیرکەرێکی بەشێکی دیکەی زاگرۆس و ئەو خەسارانەی لێکەوتووەتەوە کە تاکی زاگرۆسی بەشێکی زۆری مێژووی سەد ساڵی رابردووی بووەتە مۆتکەی سەرشانی و داهاتوو دەیترسێنێ، دەکرێ شەرەفکەندی وەک ڕێبەرێکی ناوازە و بەری لەم کەموکوڕییە سەیر بکەین کە هێمای راستەقینەی ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕی سەربەخۆیە.

فەریدوون عەبدولقادر، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان لە چاوپێکەوتنی تەلەویزیۆنی لەگەڵ کاناڵی nrt دەڵێت: تەنیا هێزێک کە لە کاتی ڕاپەڕیندا یارمەتیی بەرەی کوردستانی دا و ئەوەی لە دەستی دەهات بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین کردی، حدکا بوو بە ڕێبەرایەتیی دوکتور سەعید شەرەفکەندی. هەر لە ڕاپەڕیندا چەندین پێشمەرگەی حیزب و لە کاتی یارمەتیدانی خەڵکی باشووردا گیانیان پیشکەش بە ئازادی و بەختەوەر بوونی خەڵکی ئەو بەشەی نیشتمان کرد. ئەم گێڕانەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە شەرەفکەندیی ڕێبەر هەموو کات قازانجی گشت وڵاتی بە کۆلۆنی کراوی کوردانی لەبەرچاو بووە و بیری لە بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کردووەتەوە، ئەو کات حدکا خاوەن گەورەترین هێزی سەربازیی پارتیزانی بوو، دەیتوانی بە ئاشکرا یان نهێنی و بۆ بەرژەوەندیی کاتی حیزبەکەی ئەگەر نەشڵێن بەر بەسەرکەوتنی ڕاپەڕین بگرێت بەڵام دەیتوانی گرفتی گەورەی بۆ ساز بکات. (گرینگیی ئەم هەڵوێستە کاتێک زیاتر دردەکەوێ کە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین، حدکا خاوەن ئەو هێزە بوو کە بتوانێ گرفتی گەورە بۆ ڕاپەڕین ساز



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکات، هەر وەک چۆن لە بەشەکانی دیکەی عێراق هەندێ هێز یارمەتیی مانەوەی دەسەڵاتی بەعسیان دا، یان هێزێکی کوردستانی بەری بە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژئاوای زاگرۆس گرت دژ بە دەسەڵاتی ئەسەدی خوێنڕێژ، یاخود هەندێ شانازی بە ئەندام بوون لە سپای قودسی کۆماری ئیسلامی دەکەن و...) ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس و ئەو کاتەی بەڵگە نهێنییەکانی کەوتنە دەست خەڵک بۆ هەمووان ڕوون بووەوە کە حدکا زۆر ژیرانە توانیویە خۆی لە خیانەتی نیشتمانی بپوێرێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعسدا پەیوەندییەکی ئاسایی بووە، ئەم بەڵگانە بێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە مرۆڤی زاگرۆسی بەڕاستی سەر بە چ لایەنێک بێت جێگەی شانازییە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە خەبات لە بەشێکی زاگرۆس دەتوانێ سەربەخۆ و زۆریش بەهێز بەرێوە بچێت بێ ئەوەی کە لایەنی شۆڕشگێڕ بۆ وەدەست هێنانی هەندێ قازانجی کاتی بگلێتە خیانەتی نیشتمانی و بێتە داردەستی داگیرکەری بەشێکی وڵاتی زاگرۆس.

ئەگەر بمانهەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە یەک دەرسدا کورت بکەینەوە ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشا و تێیگەیاندین -باوەڕ بوون بە خۆ و هێزی خۆ - کە ئەگەر دڵنیاییمان بە خۆمان بێ و پشتی یەکتر بگرین خاوەنی چ توانایەکی گەورەین کە پەیکەرەی زۆرداران وەلەرزێن دەخا و تووشی پەلەقاژەی مەرگیان دەکا. دەبا ئەم دەرسە بەنرخەمان هەروا لەبەر چاو بێ(١٩). دوکتور سادق پەروەردەی هزرێکی لەم چەشنەیە و ئەو تەنیا پشتی بە خەڵکی خۆی دەبەستێت و دەبێژێت: ئێمە پشت ئەستوور بە پشتیوانیی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانین(٢٠) ئەو سەربەخۆییە و تەنیا شتێک کە ڕێڕەوی چۆنیەتی چالاکی و کردەوەکانی بۆ دیاری دەکات، خەڵکەکەی خۆیەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتە داگیرکراوەکەی.

لەم وتارەدا تەنیا بە کورتی و ناتەواو سەرنجی کردارە سیاسییەکانی شەرەفکەندیی ڕێبەر دراوە لەباری شۆڕشگێڕ بوونەوە و باس لەسەر ئاکاری شۆڕشگێڕانەی تاکەکەسی دوکتور سەعیدی ڕێبەر وەک پێشخستنی قازانجی گشتی بەر لە قازانجی تاکەکەسی، شەیدا نەبوونی دەرکەتن و بەرچاو کەوتن، خۆ فیداکردن لە ڕێگەی خەڵک و خاکەڕا بوون و... دەهێڵمەوە بۆ بابەتێکی دیکە.

## سەرچاوەکان:

١- دانشنامه سیاسی، داریوش شوری، انتشارات مروارید، ل ٤٧
٢- تئوری های انقلاب، آلوین استانفورد کوهن، ترجمه: علیرضا طیب، نشر قومس، ل ٣٦



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣- هەمان، ل ٤٤
٤- دانشنامە سیاسی، داریوش شوری، انتشارات مروارید، ل ٧٢
٥- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١٥٢
٦- تئوری های انقلاب، آلوین استانفورد کوهن، ترجمە: علیرضا طیب، نشر قومس، ل ٨٤
٧- رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ٢٦ - ١٠ - ٦٧
٨- خۆسرەوی، حەسەن، حقوق اساسی ٢، چاپی شەشەم، انتشاراتی دانشگاه پەیام نور، ل ٤٧
٩- ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ٢٦ - ١٠ - ٦٧
١٠- ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ٢ - ٥ - ٦٨
١١- راه دشوار آزادی، بیرەوەریەکانی نێلسۆن ماندێلا
١٢- تئوری های انقلاب، آلوین استانفورد کوهن، ترجمە: علیرضا طیب، نشر قومس، ل ٥٦ - ٥٧
١٣- هەڤپەیڤینی دوکتور قاسملوو لەگەڵ عاتفە گۆرگین پاییزی ساڵی ٦٥
١٤- تئوری های انقلاب، آلوین استانفورد کوهن، ترجمە: علیرضا طیب، نشر قومس، ٥٧
١٥- ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی١٤٥
١٦- کۆبونەوەی بەشێک لە سەرکردەی حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ساڵی٢٠١٧لە ناوەدنی میری
١٧- بڕوانە کتێبی لە چیاکانی زاگرۆسەوە لە نووسینی تەیموری مستەفایی
١٨- ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران٢٧ - ٧ - ٦٥
١٩- ڕادیۆدەنگی کوردستانی ئێران ٢ - ٥ - ٦٨
٢٠ ڕۆژنامەی کوردستان ژمارەی ١٥٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی جانێوێری ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لە یادی ٢٨ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی



**شاهۆ مەتین**

لەنێو بزووتنەوەکاندا دژایەتی و بەربەرەکانێ لەدژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەکەن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە بەرپرسیارێتی گرنگ و مەزنیان لەسەر شانە، چون ویستی ئەسڵی بزووتنەوە و داهاتوو بۆ خەڵک ڕوون دەکەنەوە و ئەندێشەی پێویست بۆ درێژەدان بە بزووتنەوە و یەکگرتوویی هێزەکان وێنا دەکەن و شوعاری پێویست بۆ یەک گوتاری و یەکڕیزیی کۆمەڵگە گەڵاڵە دەکەن و ئاسۆی سیستمی داهاتوو نیشان دەدەن.

دوکتور سەعید شەرەفکەندیش هەر لە سەرەتای ژیانییەوە بە هۆی کۆچی دوایی باوکی و پەروەردە بوونی لەسەر ئەرک و دەستی نیشتمانپەروەر و شاعیرێکی وەک مامۆستا هەژار، وەک بڵێی بۆ قۆناغ و ئەرکی گەورەو و نەتەوەیی ئامادە بکرێ، کەسایەتییەکی مەزن و کاریزماتیک بۆ هەموو قۆناغی ژیان پەروەردە ببوو. ئەو کەسایەتییەکی دێموکراتیک بوو، و لە ڕەوشت، ئاکار و تێڕوانییندا دێموکراتێکی بەپرەنسیپ بوو.

کراوەبوون و کۆمەڵایەتی بوونی لە ئاکامی پێوەندی لەگەڵ خەڵکانیتردا بۆ هەر مرۆڤێکی باوەڕمەند شیاوی لێ فێربوون

بوو و لە هەڵسوکەوت کردنی چ لە نێو کۆمەڵگە و چ لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێناسەی مرۆڤێکی خاکی و خەڵکی بۆ دەرکردبوو و لە ڕاستیدا گرنگیدانی بە بایەخە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلەکەی ببووە ڕەمزێک لە گەورەیی کاک دوکتور سەعید، کە بە سەرنجدان بە پێویستییەکانی گەلەکەی ئەرک و بەرپرسیارییەتی بەدیهێنانی ڕزگاری و ئازادیی خستە سەرشانی خۆی.

هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی ڕەگەزی، ئیتنیکی، زمانی و نەتەوەیی خۆش دەویست کە نیشاندانی ئەم ڕاستییەیە کە دوکتور سادق کەسایەتییەکی دێموکراتی واقعی بوو و ئەو خۆشەویستییە هەڵقووڵاو لە بڕوا دێموکراتیکەکانی سەرچاوەی دەگرت.

لە کاتێکدا لە سەدەی ژیانی دوکتور سەعید لە ڕووی ئیدئۆلۆژییەوە بە سەر دوو بەرەی سەرمایەداری-سۆسیالیستی و سێکۆلار- دینیدا دابەش ببوو، دوکتور سەعید بە ڕوانگەیەکی نەتەوەیی و کوردستان مێحوەرانە خاوەنی باوەڕ و هزری جێگر و چەسپاوی کوردی بوو، لە ڕوانگەی نەتەوەیی و نیشتیمانی بۆ ئیدئۆلۆژییەکانی سەردەمی دەڕوانی و بە لێزانینی خۆی لە هەمبەر دۆخی نەتەوەکەی دەیکورداندن.

هیچ کات ئاڵاهەڵگری بیر و ئەندێشەیەک نەبوو کە ناتەبا لەگەڵ پێویستی و بایەخەکانی نەتەوەکەی بێت و کورد و کوردستانی بوون بۆ دوکتور سادق، مێحوەر و ماکەی هەر بڕیار و هەڵوێستێکی بوو و لەسەر ئەم جیهانبینییە، حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن هەم وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتیمانیانە بۆ پرسی کورد بەربەرەکانێ دژی ڕژیمی ئاخووندی پێناسە و ماهییەتی وجوودی بوو، دەکاتە سەنگەری تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی بایەخە دێموکراتیکەکانی و ئەرک و بەرپرسیارییەتی لە ناو حیزبی دێموکرات وەردەگرێ و هاوکات چۆن مرۆڤێکی دێموکرات بوو و باوەڕی بە پلۆرالیزم لە جەمسەربەندی فکر و هزردا هەبوو، وەک ئەندازیارێکی لێوەشاوە، ڕێکخراو و ڕێکخستنی نێو ماڵی کورد و بزووتنەوەی سەرانسەری ئێران ڕۆڵگێڕی مەیدانی وەئەستۆ گرت و هەر لەو پێناوەدا بۆ یەکگوتار کردنی دەنگی ئازادیخوازی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان بە دەستی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر مێزی دانووستاندن لە برلینی وڵاتی ئاڵمانیا شەهید دەکرێ.

دوکتور سەعید وەک کەسایەتییەکی شیاو و شایستە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرک و بەرپرسیارییەتی حیزبی-نەتەوەیی و بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ڕەساڵەتە بە شێوەیەکی دروست و وڵامدەر وەک کەسایەتییەکی مودیر جێگای متمانەی هاوسەنگەرانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

بوو و وەک ڕێبەرێکی باوەڕمەند بە دێموکراتیک بوون سەرەڕای ڕێنوێنی ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب، خۆشی وەک تاکێکی ئەم سیستمە دەزانی و دەبینی و لە دانیشتنی هاوڕێیانەدا بە شێوەیەکی جیدی و مێهرەبان ئاراستەی سیاسەتی هەمەلایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەکرد.

لە حاڵێکدا ئەو ڕێبەرانەی ئیدئۆلۆگن و دەتوانن کۆکەرەوەی دەنگ و ڕەنگی جیاواز بۆ بە ئاکام گەیاندنی ڕەساڵەتی شۆڕشگێڕییان و لە قۆناغی پێش ڕووخانی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان ڕۆل و شوێندانەریان هەبێ، بەڵام ئەوە ڕێبەرانی ڕێڤەبەر و مودیرن کە لە قۆناغی دوای ڕووخانی سیستمی پێشوو ڕۆل و کاریگەری بەرچاویان هەیە.

بەڵام دوکتۆر سادق شەرەفکەندی وەک کەسایەتییەکی دێموکراتیک و تەیار بە هزر و جیهانبینی نەتەوەیی و نیشتیمانی وەک مودیرێکی لێزان لەنێو مالی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کۆکەرەوەو یەک دەنگ کردنی هەموو جیاوازییەکانی بوو، دەتوانین بلێین مامۆستا و ڕێبەرێکی هەموو قۆناغەکانی سیاسی و دەوڵەتداری بوو، لە ئەمرۆدا دەژیا و سیاسەتی دەکرد و داهاتووشی بە ئەندێشە دێموکراتیکەکانی بناغەڕێژ دەکرد.


چۆن تەنیا ڕێبەرێکی سیاسی و مودیرێکی وەک دوکتۆر سەعید دەیتوانی بە ژێرمەندبوونی ڕێککەوتن، هاوپەیمانی و شێوەی ڕێبەری کردن لە جیاتی دامەزراندنی سیستمێکی دیکتاتۆر و پاوانخواز، بۆ سیستمێکی دێموکراسی بگۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەرەفکەندی، چراوگی خەباتی ئەنگوستەچاو،



**عیرفان رەهنموون**

خەباتکاری ناسراوی گەلی کورد، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە ٢١ی بەفرانباری ١٣١٦ی هەتاوی، بەرامبەر بە ١١ی ژانوییەی ١٩٣٨ ی زایینی لە گوندە خنجیلانەکەی "تەرەغە"ی سەر بە باژێڕی بۆکان

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە دایک بوو. بەداخەوە لەکاتێکدا کە هێشتا زارۆکە و گەرم و ساردیی ژیانی نەچەشتوە و نوقمی نهێنییەکانی دونیای منداڵییە، باوکی کۆچی دوایی دەکات و ئەرکی پێڕاگەیشتن و سەرپەرشتییەکەی، دەکەوێتە سەر نووسەری ناوداری کورد مامۆستا هەژار شەرەفکەندی کە ئەودەم، لاوێکی خوێنگەرم و نیشتیمانپەروەری دەڤەری موکریان بوو و لەقوتابخانەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دا، خەریکی خوێندنی وانەکانی نیشتیمانپەروەری و مافویستی و گەلدۆستی بوو. گرنگترین رووداوی مێژووی هاوچەرخی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان، گرنگترین رووداوی سەردەمی منداڵیی دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی بوو. چونکە لەو سەردەمەدا بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، نەتەوەکەمان چارەنووسی سیاسیی خۆی لە چوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتیکی نیشتیمانی دا، دیاری کرد و منداڵانی چاوگەشی کوردی ئەو سەردەمە و یەک لەوان دوکتۆر شەرەفکەندی، چاوی بە پیت و وشە و رستەی کوردی رووناک بوویەوە.

بەوهۆیەوە کە خۆی لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا، چۆتە قوتابخانە و مامۆستا هەژاری براگەورەی، شاعیری نەتەوەیی کۆماری کوردستان بوو، یەکەمین وێنە روونەکانی سەردەمی منداڵی، وێنەی گەش و یادەوەریی رزگاریی بوو. بەداخەوەش پاش تێپەڕینی یازدە مانگ لە شکۆی کۆمار و لەسێدارەدرانی پێشەوای مەزن "قازی موحەممەد" و هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، وێنە گەش و روونەکان، تەمی رەشی شکستیان بەسەردا کێشرا و نەتەنیا پیت و شەو و رستەی کوردی لە دوکتۆر شەرەفکەندی سەندرایەوە، بەڵکو مامۆستا هەژاری برایشی ناچار بوو رۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبهێڵێ و پەریوەی باشووری کوردستان ببێ و بەو شێوە، خەونی شیرینی منداڵێکی کورد وەک هەزاران زارۆکی دیکەی ئەم نیشتیمانە، زڕا و تراژیدی و دابڕان و دڵەڕاوکە، جێگای بە شادی و خۆشی لێژ کرد.

بێگومان تاڵی و شیرینیی رووداوەکانی سەردەمی منداڵیی دوکتۆر شەرەفکەندی، کاریگەرییان لەسەر رووداوەکانی دیکەی ژیانی داناوە و رەنگیشە، هێڵەگشتییەکانی ژیانیشی، رەنگڕێژ کردبێ.

ساڵی یەکەم و دووهەمی سەرەتایی لەشاری بۆکان دەخوێنێ و بەهۆی کۆچی بنەماڵەکەیان بۆ شاری مەهاباد، قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی وبەشێ لە دواناوەندی لەشاری مەهاباد تەواو دەکات و بۆ تەواوکردنی دواهەمین ساڵی قۆناخی دواناوەندی، دەڕواتە شاری تەورێز و بەسەرکەوتنەوە بە ڵگەنامەی دیپلۆم وەردەگرێ. شایانی باسە وەک لەبیرەوەریی هاوڕێیانی سەردەمی منداڵی و لاوێتیی دوکتۆر شەرەفکەندی دا باس کراوە، وێڕای ئەوەی کە منداڵێکی بزێو و لاوێکی پڕوزە بوە، کەمترکاتەکانی بۆ وانەکانی خوێندن تەرخان کردوە، بەڵام بەهۆی بیرتیژیی کەموێنەوە، لەگشت قۆناخەکانی خوێندن دا یان یەکەمی پۆلەکەی بوە یان یەکێ لە زیرەکترین قوتابییەکانی قوتابخانەکەی بوە.

پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن لە تاقیکردنەوەی زانکۆدا بەشداری دەکات و لە بەشی زانستی "شیمی" لە پەیمانگای بەرزی تاران ، وەردەگیرێ و لەسالی ١٣٣٨ی هەتاویدا ، بەڵگەنامەی لیسانسی شیمی وەردەگرێ.

پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، وەک مامۆستای قوتابخانەی دواناوەندی دەگەڕێتەوە کوردستان ولەشارەکانی مەهاباد و ورمێ دا، بەو پەڕی لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە، خزمەت بە قوتابیانی کورد دەکات.

لەو ساڵانەدا، هەرچەند کە بەفەرمی ئەندامی هیچ پارت و رێکخراوێکی سیاسی نەبوو، بەڵام وێڕای چەند مامۆستایەکی دیکەی کورد ، بەدانانی بەرنامەیەکی زانستی لە قوتابخانەکاندا، ئاستی زانستی و وشیاریی نیشتیمانیی قوتابیانی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی سێیەم

بەچەشنێ دەبەنەسەر کە دەرهەستە وەهەربۆیە دەکەوێتە ژێر چاوەدێریی دەزگای هەواڵگری و سیخوڕیی رژێمی پاشایەتی و بۆ بێبەش کردنی قوتابیانی کورد لەو مۆمە رووناکیدەرە، دووری دەخەنەوە بۆشارەکانی "ئەراک و کەرەج".

ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لەبەشی تکنیکیی تاقیگەی شیمیی زانکۆی تاران دا کاری پێسپێردراو و بەهۆی توانایی ولێهاتوویی زانستییەوە، بۆرسی وەزارەتی زانستی ئێرانی بۆ درێژەدان بەخوێندن لە وڵاتی فەرانسە پێدراو و ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لەزانکۆی ژمارە ٦ی پاریس درێژەی بەخوێندن دا.

کاتێ دوکتۆر شەرەفکەندی دەگاتە پاریس، ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنەڕەتیی لەنێو پێکهاتەو پرۆگرامی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا پێکهاتوە وساڵێکە، پرۆفیسۆر عەبدولرەحمانی قاسملوو جڵەوی خەباتی نەتەوایەتیی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە گرتوە و نیشتیمان لەبەردەم ئاڵوگۆڕی گرنگ و چارەنوسساز دایە.

رێبەری بیرمەندی گەلی کورد شەهید قاسملوو هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە لەپاریس، وانەی رۆژهەڵاتناسی دەگوتەوە، لەنێوان ئەوروپا و باشووری کوردستاندا لەهاتوچۆدا بوو بە ئامانجی کۆکردنەوە و رێکخستنی خەباتکارانی کورد بۆ درێژەدان بەڕێبازی پێشەوای مەزن قازی موحەممەد و رێکخستنەوەی نێوماڵی پەرتی حیزبی دیموکرات.

هەربۆیە کاتێ قاسملووی رێبەر ئاگادار دەبێ کە برای مامۆستا هەژاری شەرەفکەندی بۆ درێژەدان بە خوێندن هاتۆتە پاریس، لەساڵی ١٣٥٢ دا، پەیوەندی بە کاک سادق شەرەفکەندییەوە دەکات و لەیەکەم دانیشتن دا، هەردووکیان ئامانجێکی گەورە دەپێکن. کاک سادقی شەرەفکەندی لە سیما و بیری دوکتۆر قاسملوودا، رێبەر و تیئۆریسیەن و ئیدئۆلۆگێکی مەزنی نیشتیمانی دەبینێتەوە و قاسملووی رێبەریش، لە سیمای کاک سادقی شەرەفکەندی دا، خەباتکارێکی بەورە و نیشتمانپەروەرێکی راستگۆ و بەبڕشت بەدی دەکات.

پاش ئەوەی کە قاسملووی رێبەر داوا لە کاک سادق دەکات، ببێتە ئەندامی حیزبی دیموکرات، ئەو لاوە وشیارە، بێدوودڵی قەبووڵی دەکا و بەوشێوە شانازی ئەندامەتی لە حیزبی پێشەوا و کۆماری کوردستانی پێ دەبڕێ و لێرەوەیە کە ئەم هاوڕێیەتی و هاوخەباتییەی نێوان ئەم دوو شۆڕشگێڕە مەزنەی گەلەکەمان، کاریگەریی دەرهەست لەسەر مێژووی هاوچەرخی کورد، جێ دێڵێ و هەر ئەم دوانەش بوون کە حیزبی شەهیدانیان گەیاندە لوتکەی شانازی و شەرەف و کردیانە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش ئەوە کە لە بەشی شیمیی ئانالیزدا، خوێندنی دۆکتۆرا تەواو دەکات، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە ساڵی ١٣٥٥ دا، دەگەڕێتەوە تاران و لە زنستگای "تەربیەت موعەلیم"ی تاراندا و لە کۆلیژی شیمی دەبێتە مامۆستا.

پێش گەڕانەوەی دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ ئێران لەلایەن دوکتۆر قاسملووەوە، یەکەمین ئەرکی حیزبی و شۆڕشگێڕانەی پێ دەسپێردرێت کە بریتی بوو لە بازنەی پەیوەندیی نێوان قاسملووی رێبەر و رێکخستن و تێکۆشەرانی دێرینی حیزب لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان دا. ئەو ئەرکە پڕ لەمەترسییە لە کاتێکدا بە دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی سپێردرا کە دەزگای سیخوڕیی ساواکی ئێران لە ئەوپەڕی هێز و دڕندەیی خۆیدا بوو، بەڵام دیسپلین و نەزمی شۆڕشگێڕانەی دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی بەچەشنێ بەرز و پتەو بوو کە دەزگا سیخوڕی و هەواڵگرییەکانی رژێمی دژە کوردی پاشایەتی نەیانتوانی رەخنە بکەنە ناو رێکخستنە نهێنییەکانی حیزب و ئەو بەشەی کە لەژێر سەرپەرەستیی ئەو رێبەرە خەباتکارەدا بوو، تا سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و راگەیەندنی چالاکیی ئاشکرای حیزبی دیموکرات بە نهێنی و پارێزراوی مایەوەو بەم شێوەیە، دوکتۆر سادق لەیەکەمین تاقیکرنەوەی حیزبی و شۆڕشگێڕانە دا سەرکەوتنی بەدەست هێناو، زیاتر لە جاران کەوتە بەر نەزەر و بیری تیژی قاسملووی رێبەر.

لە ساڵی ١٣٥٨ دا لەلایەن دوکتۆر قاسملووەوە، بە کۆمیتەی ناوەندی پێشنیارکرا کە دوکتۆر سادق، ببێتە راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی و ئەو داوایە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە پەسەند کراو و بەم شێوەیە، دوکتۆر شەرەفکەندی بووە ئەندامی رێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گشت وزە و توانای خۆی خستە خزمەتی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانەوە.
لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە رەشەمەی ١٣٥٨ دا بەڕێوەچوو، بە کۆی دەنگ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی حیزبی دیموکرات لە شاری "تاران"ی پایتەختی ئێرانی کەوتە ئەستۆ. لە کۆنگرەی چواردا کە توودەییەکان بە هاوئاهەنگیی جەماران و مۆسکۆ و بەناوی خەباتی دژە ئیمپریالیستییەوە، بە پێی بەرنامەیەکی لەپێشدا دارێژراو، هەوڵیاندا، بزاڤی رزگاریخوازانە و نەتەوەیی حیزبی دیموکرات لە گێژەنە بێننە دەرێ و پاش بەلارێدابردنی، گیانی لێ بستێنن، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی بە داکۆکی لە هێڵی نەتەوەیی - دیموکراتیکی قاسملووی رێبەر، رۆڵێکی گرنگ و شوێندانەری گێڕا لە پاراستنی پێکهاتەی تەشکیلاتی و پەیامی رزگاریدەر و روناکیدەری حیزبی پێشەوای شەهید قازی موحەممەدی مەزن دا.

پاش شکستی وتووێژەکانی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لەگەڵ رژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئاخوندی دا، دۆخەکە بەرەوئەوە دەڕۆشت کە ژیانی دوکتۆر شەرەفکەندی لە تاران بکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە لەلایەن رێبەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

جووڵانەوەوە، بانگهێشتی کوردستان کرایەوە و بە بەجێهێشتنی زانکۆ و ژیانی ئاسوودەی شار، ناویشی گۆڕا بۆ دوکتۆر سەعید و ئیدی دوکتۆر سەعید، ببوە پێشمەرگەیەکی خاکی پۆشی، چیا هەنگاوی دڵ پڕ لەسۆڕش.
لێرە بەدواوە ئیدی... .

جیاوازی لەنێوان ئەو و هاژەی رووباردا، نەمابوو...
لێرە بەدواوە ئیدی... قژی ئەو و لاسکی گژوگیا هەر یەک بوون...
لە ئێرە بەدواوە... ئەو هەڵۆیەکی چیانشینی چاوپڕ لە هیوا بوو...
لێرە بەدواوە... هەر ئەو بوو هێزی بە ڕەوەز دەبەخشی و
هیواش بە دارستان...
لێرە بەدواوە دوکتۆر سەعید... خودی شۆڕش و چراوگێکی داگیرساو بوو...

لەهاوینی ساڵی ١٣٥٩ دا، لەلایەن کۆمیتەی ناوەدییەوە بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێراو لەهەموو کۆنگرەکانی پێنج و شەش و حەوت وهەشت و نۆدا، سەرەتا لە لایەن کۆنگرەوە بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بەئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا.

کاک دوکتۆر سەعید لە نێو حیزب دا زۆرتر لە بەشی چاپەمەنی و راگەیاندن دا ئەرکی پێسپێردراوە و لە ساڵ ١٣٦٥ وە تا کاتی تیرۆرکرانی رێبەری مەزن دوکتۆر قاسملوو، ئەرکی جێگری سکرتێری لەسەرشان بوو و پاش شەهیدکرانی قاسملووی رێبەر، هەتا ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ کە لەلایەن تیرۆریستەکانی تارانەوە، شەهید کرا، بەوپەڕی لێهاتووییەوە رێبەرایەتیی جووڵانەوەی نیشتیمانیی رۆژهەلاتی کوردستانی لەئەستۆ بوو و مێژووش دەڵێ:

شەرەفکەندی... جەنگاوەرێ بوو لە رەگەزی ئاگر و شۆڕشگێرێک بوو لە رەگەزی چیا . خاکەڕا بوو... وەک گوڵە کێویلەی بن بنار و بەتەوژم بوو وەک سیروان. خەباتکارێکی بەورە و رووناکبیرێکی دەروەست و رێبەرێکی هەڵقوڵاو لە باوەڕی پێشمەرگە بوو. ئەو... سوسیالیستێکی بەبیرو باوەڕ و نیشتیمانپەروەرێکی راستگۆ بوو.

رێبەری بەبڕشت کاک دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی، کەسایەتییەکی فرەرەهەند بوو و دیاریکردنی تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی کەسایەتییەکی وا فرە رەهەند و تێکچڕژاو کە تایبەتمەندییەکانی، یەکیەتییەکی پتەویان پێک هێنابوو، ئاسان نیە و رووبارێکی وا پڕتەوژم، تەنیا بەستێن و کەنارەکانی دەتوانن، وێنای بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

هەرکەس لە نزیکەوە دوکتۆر سەعیدی دیبێ یان گوێی لە پەیڤە کەسکەکانی بووبێ، یاخود رستەکانی خوێندبێتەوە، لە سیما و کەسایەتی ئەودا، شۆڕشگێڕێکی پڕ بەنامای وشە دەبینێ.

دوکتۆر سەعید، شۆڕشگێڕێ بوو کاتێ هاتە نێو کۆڕی خەبات، ئیدی ماڵئاوایی لە ژیانی ئاسایی کرد و خۆی داببینی شۆڕش کرد. شۆڕش بۆ ئەو بازاڕێ نەبوو بۆ سەودا، شۆڕش بۆ ئەو هەڵوەشانەوەی کۆی گرێچنی نەزمی سەپێنراوی ئارایی و بونیاتنانی سیستمیکی نوێ بوو کە بتوانێ جڤاکێ ئاڤا بکا، کە ماتۆڕی بزوێنەرەکەی، لەباتی "زێڕ وزۆر و ساختەچێتی"، ئیرادەی ئازاد و مافی بەرامبەر و هەلی وەک یەک بێت.

کرداری شۆڕشگێڕی، لە روانگەی شەهید شەرەفکەندییەوە، کردەیەکی مرۆڤانیی سەرچاوەگرتوو لە خۆشەویستی و ئەڤینی ئازادییە کە لە پرۆسەیەکی زەمانیدا دەبێتە "باوەڕ" و سەرجەم ئاکاری مرۆڤی شۆڕشگێر دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.
لە دیدی شەرەفکەندی دا، شۆڕشی نیشتیمانیی کوردستان سەرەتا شۆڕشێکی دەروونییە، بەڵام تەنیا لەم قۆناغەدا قەتیس نامێنێتەوە. لە دید و تێڕوانینی ئەو دا، مرۆڤ و مافەکانی بابەتی شۆڕشن و هەربۆیە پێی وا بوو کە کردەی شۆڕشگێڕی، کردەیەکی مرۆڤ تەوارانەیە و ئامانجی کردەی شۆڕشگێڕی بەرزنرخاندنی مرۆڤ و مافەکانییەتی و هەوڵێکە بۆ گۆڕینی دۆخی هەنووکەیی مرۆڤ کە پێکناکۆکە لەگەڵ نرخ و بەهاکان و مافەکانیدا.

لە روانگەی دوکتۆر سەعیدەوە، ئامانجی مرۆڤی شۆڕشگێڕ، تەنیا تێکەوەپێچانی دۆخی ئارایی نیە، واتە تەنیا تێکدەر و ڕووخێنەر و هەڵوەشێنەر نیە، بەڵکوو ئامانج لە هەڵوەشانەوە، بنیاتنان و ڕۆنانێکی سەرلەنوێیە کە تەبا بێت لەگەڵ نرخ و بەهاکانی مرۆڤدا

هەر بۆیەکاک دوکتۆر سەعید وەک نموونەیەکی بەرزی مرۆڤی شۆڕشگێڕ ئەوەندەی کە سەرقاڵی ڕاگەیاندن و لەقاودان و خەبات و بەربەرەکانێ بوو، لەوەش زێدەتر، وەک مامۆستایەکی بیرتیژ و خاکەڕا، سەرنجی دەدایە ڕۆنان و بنیاتنان و ئاڤا کردن.

کرداری دوکتۆر سەعید، کردارێکی ئارمانجخوازانە بوو. هەر بۆیە لە روانگەی ئەووەوە، مرۆڤی شۆڕشگێڕ بوونەوەرێکی ئارمانجخوازە و چاوی بڕیوەتە ئاسۆی ڕزگاری و لەم ڕێگەیەشدا، سنگفراوان و یەکیەتیخوازە و خاوەن ئاکارێکی پلۆرالیستییە و فرەیی قەبووڵ دەکات، بێئەوەی ڕێگا بدات بێ دیسپلینی، تانۆپۆی ڕێکخراو بکرۆژێ. لە روانگەی ئەووەوە،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤی شۆڕشگێڕ دژی هەرچەشنە تاکڕەوییەکە کە مەیلی بەلای پاوانکردن و ئەوپەڕگیریدا هەبێ و بیهەوێ ڕێکخراو بکاتە "کاڵت " و خۆیشی وەکو "بوت" بپەرسترێ.

یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە دیار و بەرجەستەکانی، خەباتکاری ناسراوی گەلەکەمان، دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی "دادپەروەر بوون" بوو.

هەر بۆیە لە روانگەی ئەوەوە، تەنیا دەتوانین بە کردەیەک بێژین شۆڕشگێڕانە کە ئامانجی "داد پەروەری" بێت و خودی کردەکەش و ئامرازی گەیشتن پێیشی، دادپەروەرانە بێت.

ئەو پێی وا بوو کە مرۆڤی شۆڕشگێڕ پێش ئەوەی دادخوازبێت، دەبێ "دادپەروەر" بێت. چوونکە تەنیا مرۆڤی "دادپەروەر"ە کە دەتوانێ "داد خواز" بێ.

کردەی شۆڕشگێڕانە لە روانگەی دوکتۆر سەعیدەوە، کردەیەکی ئاوەزخوازانە بوو. واتە ئەوە "ئاوەز"ە کە دەبێتە چرای ڕێنیشاندەری مرۆڤی شۆڕشگێڕ بۆ گەیشتن بە ئامانجە مرۆڤانییەکان. بەو هۆیەوە کە ئامانجی شۆڕش "دادپەروەری"یە، کردەی شۆڕشگێڕانە دەبێ لەژێر ڕۆشنایی "ئاوەز"دا ڕێ بکا تا بتوانێ "دادپەروەری" ئاڤا بکات. کردەی کوێر و هەستەکیی و هەڵنەسەنگێنراو، چوونکە "نائاوەزمەندانە"یە، ناتوانێ دینامۆی گەیشتن بە "دادپەروەری" بێت کە خۆی چەمکێکی سەرچاوەگرتوو لە ئاوەزە.

لە روانگەی دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندیەوە، شۆڕشی کوردستان پێویستە، شۆڕشی سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان بێت. چوونکە پێکناکۆکیی سەرەکی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، پێکناکۆکیی نێوان گەلی بندەست و گەلی سەردەستە و هەر ئەو پێکناکۆکی و کەلێنە سەرەکییەشە کە پێماندەڵێت، قۆناغی ئێستای خەباتی کورد لە ڕۆژهەلاتدا، قۆناغی "ڕزگاریی نیشتیمانی"یە. لە روانگەی ئەوەوە، ڕزگاریی نیشتیمانی، چەمکێکی گشتی و گشتگیرە و سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەگرێتەوە و تا کاتێ سەرجەم چین و توێژەکان لە شۆڕشی نیشتیمانیی کوردستاندا، خۆیان نەبیننەوە و ڕێکنەخرێن و ئاراستە نەکرێن، ئاسۆی ڕزگاری ناڕوون و لێڵ دەمێنێتەوە

دوکتۆر شەرەفکەندی لەسەر ئەو باوەڕە بوو لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتیمانیدا، پێوستە بزاڤی کورد پێ لەسەر خاڵە

بەشی سێیەم

هاوبەشەکان دابگرێ و لە هێنانەگۆڕی هەر پرسێک کە ببێتە هۆی ناکۆکی و پەرتەوازەیی خۆی ببوێرێ و یەکڕیزیی نیشتیمانی ببێتە بنەمای گشت کردە و هەڵوێستە سیاسییەکان.

دوکتۆر شەرەفکەندی، ئەو تێکۆشەرە بوو کە رێگای نەدا، پاش کۆستی لەدەستدانی قاسملووی مەزن، شۆڕش تووشی هەرەس و هەڵوەرین بێ. هەرچەند سێبەری قاسملوو، سێبەرێکی چڕ و بەهەیبەت بوو، بەڵام هەتاوی شەرەفکەندی هەر تیشکی دەپرژاند و پاش قاسملووش، سەلماندی کە ئەو خۆیەتی و رەوەزی ئیرادەیە و رۆحی رووبارێکی خرۆشان.

مرۆڤی مەزن، مردنیشی مەزنە و چەند ساڵ پاش تیرۆرکرانی ئەو رێبەرە بەبڕشتە، دادگای مێژوویی میکۆنووس پێک هات. دادگایەک کە تێیدا بۆ یەکەمجار لە مێژووی کورددا، پلاندارێژەران و بەڕێوەبەرانی تیرۆری رێبەری بەبڕشتی نەتەوەیی کاک دوکتۆر "سەعید شەرەفکەندی" دادگایی کران و بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، رژیمی فاشیستی ئیسلامیی ئێران، لە دادگایەکی سەربەخۆ و دادپەروەرانەدا، مەحکووم کرا و پەردە لەسەر ماهییەتی دژە مرۆیی ئەو رژیمە هەڵدرایەوە لەمێژووی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵات دا، سمکۆ و پێشەوا و کاک فوئاد و دوکتۆر قاسملو و دوکتۆر شەرەفکەندی، لەلایەن فاشیزمی نەتەوەپەرەست و مەزهەبیی فارسەوە، تیرۆر و لەسێدارە دراون، کە جگە لە پەروەندەی دوکتۆر شەرەفکەندی، ئەوانی دیکە بەداخراوی ماونەتەوە و هیوادارین لە داهاتوودا، کەیسی ئەو خەباتکارانەی دیکەش بکەوێتە گەڕ و پەردە لەسەر کوردکوژیی فاشیزمی فارس هەڵبدرێتەوە.

**رۆحت شاد خەباتکاری هەتاسەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان!**
**رۆحت شاد، مامۆستا و چراوگی خەباتی ئەنگوستەچاو!**


سەرچاوە: لاپەڕەی فەیسبووکی نووسەر

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی سی ساڵەی تێرۆری دوکتور سادقی شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی




**ئەندامان، لایەنگران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران!**
**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**ئازادیخوازانی ئێران و دۆستانی گەلی کورد!**

٢٦ی خەرمانان (١٧ی سێپتامبر)ی ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، فەتاح عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئێرانیی دۆستی حیزب تێدەپەڕێ. سێ دەیە لەمەوبەر لەو رۆژەدا، سکرتێری گشتیی حیزبەکەمان و هاوڕێیانی پاش بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست لە بێرلین و لەحاڵێکدا کە لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی لە ڕێستۆرانێکی ئەو شارە بەناوی میکۆنۆس سەبارەت بە یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە حاڵی گفتگۆدا بوون، تیمێکی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لێیان وەژوور کەوتن و شەهیدیان کردن.

تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی خەسارێکی قورس بوو لەپێشدا لە پەیکەری حیزبی دێموکڕات چونکە لە ماوەی تەنیا سێ

ساڵدا بۆ جاری دووهەم رێبەری کارامە و لێوەشاوەی خۆی لەدەست دا و لەپاشان لە سەرجەم بزووتنەوەی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کەوت کە بەمجۆرە بۆ هەمیشە لە رۆڵی کارساز و کاریگەری خەباتگێرێکی مەزن بێبەش بوون کە خەریک بوو بۆشایی نەمانی دوکتور قاسملووی تا ڕادەیەکی زۆر پڕ بکاتەوە. بەو حاڵەش خەسارەتی شەهیدبوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندی لەگەڵ هەموو قورسی و تاڵییەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەپێ نەخست. هەروەک چۆن لە سایەی ئیرادە و لێزانیی دوکتور شەرەفکەندی حیزبی دێموکرات پشتی لەژێر باری قورسی تێرۆری دوکتور قاسملوودا ڕاست کردەوە، لەدوای شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندییش رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو حیزبە، دڵگەرم و پشتقایم بە هاودڵی و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، ئاڵای خەباتی نەتەوەکەیان هەروا شەکاوە ڕاگرت و خەباتی ئەو حیزبەیان بەوپەڕی شێلگیری و لەخۆبوردووییەوە درێژە پێ دا و بە هەموو ئەو گیروگرفت و ئاستەنگانەی لە قۆناغەکانی دواتردا لەسەر رێگای ئەو خەباتە بوون، کارێکیان کرد کە حیزبی دێموکرات لە تاقیکارییەکی سەختی دەورانی پاش رێبەرانی شەهید سەربەرز بێتە دەر.

لەلایەکی دیکەوە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی هەروەک پاش تێرۆری دوکتور قاسملوو شەپۆلێکی بەربڵاو لە بێزاریی خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی و هاوپێوەندیی پارچەکانی دیکەی کوردستان و کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانی و نێونەتەوەییەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بەدووی خۆیدا هێنا. لە هەمووشی گرینگتر، بەپێچەوانەی کەیسی تێرۆری دوکتور قاسملوو کە لەودا لە ئاکامی فشار و شانتاژەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی سەوداچییانەی دەوڵەتی ئوتریش، لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس هیچ ئەنجامێکی قەزایی راستەقینەیان لێ نەکەوتەوە و تێرۆریستەکان ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرانەوە، بە ماوەیەکی کەم پاش تێرۆری میکۆنۆس زۆربەی ئەنجامدەرانی ئەو جینایەتە دەستگیر کران و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ورد و درووستی ئەو جینایەتە سامناکە و بەڕێوەبردنی دادگایەکی موعتەبەر و سەربەخۆ کە نزیکەی پێنج ساڵی خایاند، دەزگای قەزایی ئاڵمان لە حوکمێکی بوێرانەی مێژووییدا کە رۆژی ٢١ خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاوی دەرچوو، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بە بەرپرسیاری تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ناساند. حوکمێک کە لە ئاستی دیپلۆماسییشدا لێکەوتەی گرینگ و بێوێنەی هەبوو چونکە دەوڵەتانی یەکێتیی ئورووپا بۆ ماوەیەک باڵیۆزەکانیان لە ئێران بانگ کردەوە.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی لە بنەماڵەیەکی ناسراو و نیشتمانپەروەری ناوچەی موکریان هاتبووە دنیا و لەژێر سایەی مامۆستا هەژاری برا گەورەیدا زۆر زوو بە چارەنووسی گەلی کورد ئاشناو و لەگەڵ ڕەوتی خەبات بۆ ئازادیی ئەو گەلە تێکەڵ بوو و هەر بەو هۆیەش زۆر جار لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە تووشی ئازار و دوورخستنەوە ببوو. ئەو هەر لە سەردەمی خوێندکارییەوە بەتایبەتی ئەو کاتەی لە پاریس خەریکی وەرگرتنی دوکتوڕای شیمی بوو، لەڕێگای دوکتور

قاسملووەوە پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزب ببوو و دواتریش کاتێک وەک مامۆستای زانکۆ لە تاران دەستبەکار بوو، بە نهێنی ئەرکی پێوەندیی نێوان حیزب و کوردەکانی دانیشتووی تارانی بەڕێوە دەبرد. بەڵام پاش شۆڕشی ١٣٥٧ و دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکڕات، دوکتور شەڕەفکەندی نیشانی دا کە جیا لە شارەزابوونی لە زانست، خەباتگێڕێکی بوێر و بەئیرادە، بەڕێوەبەرێکی لێبڕاو و بەبەرنامە و سەرکردەیەکی بەبڕشت و مەیدانی لە هەلومەرجە هەرە دژوارەکانیشدایە.

شەڕەفکەندی کە لە مەودای نێوان سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژ بە نیزامی پاشایەتی هەتا کاتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بەرپرسایەتیی زۆر بەرچاو و گرینگی حیزبیی لە ئەستۆ بوو و هەر ئەو کاتە لە ڕیزەکانی حیزبدا بۆخۆی قوتابخانەیەک بوو بۆ وانەی ورە و باوەڕ و پرەنسیپ و مودیرییەت، لەگەڵ شەهید بوونی دوکتور قاسملوو دەمودەست لە جێگە و پێگەی ڕێبەرێکی سیاسیی بەئەزموونی کورددا دەرکەوت و مەشخەڵی دەستی دوکتور قاسملووی پڕشنگدارانە هەڵگرتەوە. لەحاڵێکدا کە لە بارودۆخێکی زۆر ناهەمواردا حیزبی دێموکڕات گەورەترین و کاریگەرترین کەسی مێژووی خۆی لەپاش پێشەوا واتە دوکتور قاسملووی لەدەست دابوو، دوکتور شەڕەفکەندی بە مشوور و لێزانیی خۆی و بە هاوکاری و پشتیوانیی هاوڕێ و هاوکارانی کارێکی کرد کە حیزبی دێموکڕات بە باشترین شێوەی مومکین لەم قۆناغە ئەستەمەی مێژووی خۆی تێپەڕ بێ. لەو ماوە کەمەدا کە بەرپرسایەتیی یەکەمی حیزبی لەسەرشان بوو، شەڕەفکەندی بە لێهاتوویییەکی تایبەتییەوە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکڕاتی لەسەر ئاستی بزوتنەوەی کورد و لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی دەرەوەدا پاراست و پەرەی پێدا. لە بەجێگەیاندنی ئەو ریسالەتە سیاسی و خەباتگێڕییەشدا، دوکتور شەڕەفکەندی وێڕای ئەوە کە مرۆڤێکی بیرفراوان و خاوەن رۆئیای ئینسانی و سێکولار و دادپەروەرانە بوو، ئیمانێکی قووڵی بە ئەولەوییەتی پرسی رزگاریی نەتەوایەتی هەبوو و لەگەڵ باوەر بە پێویستیی هاوکاری و هاوپێوەندی لەئاستی سەراسەریی ئێراندا، بەوپەڕی متمانەبەخۆبوونەوە داکۆکیی لە مەوجودییەتی سیاسیی نەتەوەی کورد و هەقانیەتی مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلە دەکرد.

ئێمە ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی بەرز ڕادەگرین و ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی وەبیر دەخەینەوە کە هەلومەرجی خەباتی گەلان لە دنیادا و دۆزی ڕەوای کورد گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەبەر ماهییەتی دژە ئینسانی و دژە دێموکراتیکی خۆی و بێباوەڕبوونی بە چارەسەری کێشەکانی وڵات لە هەموو کاتێک زیاتر لەگەڵ ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران و پێکهاتەکانی بەرەوڕوو بۆتەوە و بەهۆی سیاسەتی ئاژەوەگێڕانە و تێکدەرانەی لە ئاستی دەرەوەدا جێگە و پێگەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لە خراپترین دۆخی دایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی سێیەم**

هەروەک چۆن دوکتور شەرەفکەندی لەو باوەڕەدا بوو کە لە بارودۆخی ئاماژەپێکراودا دەبێ هێزە سیاسییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی هان بدا کە هەم لەنێو خۆیاندا لەسەر بنەمای دێموکراتیک و بەدیتنی واقعیاتی کۆمەڵگای ئێران یەک بگرن و هەم پشت بە هێزی هەراوی خەڵک ببەستن، ئەمڕۆش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدایە کە سی ساڵەی تێرۆری میکۆنۆس و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی رێگای ئازادی و دێموکراسی لە کوردستان و ئێران دەبێ بکرێنە هەوێن و هاندەر بۆ ئەوەی وێڕای ریسواکردن و بەرپەرچدانەوەی هەرچی زیاتر و باشتری پیلان و تاوانە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر خەڵک و نەیارانی، زەرفیەت و توانای خەبات بۆ ئاڵوگۆڕی ئازادیخوازانە لە ئێران لە هەموو بەستێنەکاندا بە جۆرێک رێک و یەک بخرێ کە کۆتایی بە تەمەنی نگریسی ئەو رژێمە بێنێ و سەرەنجام زەمینەیەک دروست بێ کە لەودا گەلانی ئێران بە ئازادی و لە پێگەی یەکساندا بۆ دوارۆژی هاوبەشیان بڕوانن و گەلی کوردیش بە مافە رەواکانی خۆی بگا. ئەوەش پێویستیی بە بەخۆداچوونەوە و مایەلەخۆدانان و مشوور و کاردرووستایی لە هەموو ڕەهەند و بازنەکانی هاوخەباتی لە ئاستی کوردستان و ئێراندا هەیە.

هەر لەو پێناوەدا زۆر جێگای سەربەرزیی حیزبەکەمان و دڵخۆشیی خەلکی کوردستان و دۆستانی گەلی کوردە کە نزیک بە مانگێک لەمەوبەر پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بە ئەنجام گەیشت و درێژەدەرانی رێگای دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی توانیان سەرلەنوێ لە چوارچێوەی حیزبێکی یەکگرتوودا خەباتی شێلگیرانەی خۆیان درێژە بدەن. حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی ریسالەتی مێژوویی سەرشانی و چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان ئەم دەسکەوتە پیرۆزە و بیرەوەریی سیهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و شەهیدانی تری خەرمانانی خوێناوی دەکاتە دەرفەتێک بۆ نوێکردنەوەی پەیمان و بڕیاری بەردەوامی لە خەباتی شێلگیرانە و بەرپرسیارانە هەتا وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدان. پەیامی ئێمە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات؛ پاراستنی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی و ئەرک وەخۆگریی زیاتریانە.

**بەڕێز بێ یاد و بیرەوەریی دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان.**

**نەمان و شەرمەزاری بۆ رێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی**

**خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کێ سیخوڕی بەسەر "شەرەفکەندی"یەوە کرد لەمیکۆنۆس‌و بەکوشتی دا؟




**ئا: ئاوینە**

یەکێکیان خیانەتی لەوانی تر کردوە، شەوی ۱۷ی سێپتەمبەری ۱۹۹۲ لەبەرلین لەڕێستۆرانتی میکۆنۆس، ژمارەیەک لەئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران کۆبونەوەیەکی هاوبەشیان هەیە بۆ ڕاوێژکردن بەیەکتر، خاوەنی ریستۆرانتەکە (عەزیزی غەفاری) لەنێویاندایە.

بەشێک لەئێرانییەکانی دژ بەرژێم دێنە ئەم رێستۆرانتە، چونکە شوێنێکی دڵنیابەخش‌و ئارامە بۆ ئەوان. سەعید شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی جیهانیی حیزبە سۆسیالیست‌و سۆسیال دێموکراتەکان هاتۆتە بەرلین. ئەو بەبێ پاسەوان خەریکی قسە کردن‌و ڕەخنە لەڕژێمی تاران دەگرێت. زمانەکەی زۆر ڕوون‌و راشکاوە. عەزیز، میوانداری کۆبونەوەکەی کردوە، لەنێوان مێزەکان و ئاشبەزخانەکەدا دێت‌و دەچێت بۆ پێشوازیکردن لەمیوانەکانی. چەند خولەکێک لەکاتژمێر ۱۰ی شەو تێپەڕیوە کە "عەزیز" دەچێتە دەرەوەی ریستۆرانتەکە بۆ ئەوەی هەوایەکی تازەو پاک هەڵمژێت. ژنێک کە لەتەنیشت ریستۆرانتەکە دەژی، دەیبینێت‌و بەدەست سڵاوی لێدەکات، تیمی تیرۆریش دەتوانن ببینن، تیمێک کە چاوەڕێی نیشانەیەکن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

"عەزیزی غەفاری" کە روبەڕوی شەرەفکەندی دانیشتووەو بەنۆشینو خواردنەوە پێشوازی لەمیوانەکان دەکات، لەساتێکدا لەشوێنەکەی خۆی هەڵدەستێو قسە بەشەرەفکەندی دەبڕێو بەدەست ئیشارەی بۆ دەکاو لێی دەپرسێت "دکتۆر بیرەیەکی تر بهێنم؟" پێش ئەوەی شەرەفکەندی بتوانێت وەڵام بداتەوە، کاتژمێر نزیکەی دە خولەک بۆ یانزەی شەو، یەکێک لەو دو کەسە چەکدارەی کە چونەتە ناو ریستۆرانتەکە (عەبدولرەحمان بەنی هاشمی، ناسراو بەئەبو شەریف) هاوار دەکات "دایک سۆزانییەکان!" ٣٠ فیشەک دەتەقێنرێت (٢٦ تەقەی تفەنگی دەستریژو ٤ تەقەی دەمانچە)، فیشەکەکان بەر بەشێک لەئامادەبوانو مێزو دیوارەکە کەوتون. کاتێک بکوژی دووەم (عەباس راحیل) لولەی دەمانچەکەی ئاراستەی سەری شەرەفکەندی دەکاتو سێ تەقەی (کۆتایی پێهێنان) لەسەرو ملی دەکات، شەرەفکەندی هێشتا لەسەر کورسییەکە دانیشتووەو هەموو جەستەی بەخوێن داپۆشراوە. لەدەوربەری ئەو تەرمی هەڤاڵەکانی کەوتونەتە سەر زەویو خوێنو پاشماوەی نانخواردنی ئێوارە لەسەر دیوارەکە دەبینرێت. "عەزیز" گوێی لەدەنگی فیشەکەکانی یەکەم دەبێتو دواتر بێهۆش دەبێت. دوو فیشەکی بەر دەکەوێت: فیشەکێکیان بەر قاچی دەکەوێتو فیشەکی دووەمیش یەکێک لەگورچیلەکانی بریندار دەکات.

تیرۆری ریستۆرانتی میکۆنۆس لە١٧ی ئەیلولی ١٩٩٢دا، گەورەترین هێرشی تیرۆریستی وڵاتێکی بیانی بوو لەسەر خاکی ئەڵمانیا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە رویدا بێت، کە شەپۆلێکی توڕەیی لێکەوتەوە. ئەم تیرۆرە تا ئەمڕۆش کابوسی کۆچبەرە ئێرانییەکانە کە لەدەست رژێمی تۆڵەسێنەوەیان هەڵهاتونو بون بەپەنابەر لەئەڵمانیا. ڕژێمی ئیسلامیی تاران بەبێبەزەیی و درندەیی لەڕادەبەدەر نەیارانی لەهەموو جیهاندا راودەنێتو سزایان دەدات. لەدیدی تارانەوە نابێت هیچ ئێرانییەک کە لەدەرەوەی وڵات دەژی دژ بەڕژێم کار بکات، نابێت هیچ ئێرانییەک هەست بەسەلامەتی و ئاسایش بکات. ئەمە پەیامی تیرۆری میکۆنۆس بو.

## دادپەروەریی دژی دیپلۆماسی

دوای تیرۆرکردنی میکۆنۆس، ناکۆکییەکی بێ وێنە لەنێوان دیپلۆماتکارەکانی ئەڵمانیاو داواکاری گشتیدا رویدا. لەلایەکەوە ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە ویستیان ناسنامەی تاوانباران بناسنو سزایان بدەن؛ لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیا کە دوای مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی هەوڵی دەدا پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا دەستپێبکاتەوە، هیچ ئارەزوییەکی نەبو بەڕونیو ئاشکرا ئیدانەی ڕژێمی تاران بکات. ناکۆکییەکی کۆن لەنێوان دەزگای دیپلۆماسی و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەریی، بەڵام بەبابەتێکی نوێو توندییەکی بێوێنەوە. دۆخی ئەمڕۆ جیاوازە، ئەمڕۆ داواکاری گشتی ئەڵمانیا پەنجەی تۆمەتی بەئاشکراو رونی ئاراستەی روسیا کرد سەبارەت بەسەلیم چانگۆشویلی کە لەساڵی ٢٠١٩ لەلایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیخورەکانی روسیاوە لەناوچەی تیرگارتن لەبەرلین کوژرا، لەم رێگەیەوە وەزارەتی دەرەوەو سیستەمی دیپلۆماسی ئەڵمانیا ناچار بەهەڵوێست وەرگرتن دەکات. بەڵام بە پێچەوانەی بارودۆخی ئەمرۆوە، لەو سەردەمەدا، لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری بەرلیندا، دۆخەکە بەم شێوەیە نەبو، کاربەدەستانی لێکۆڵینەوەش دەبو هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی دواجار سەرکەوتو بن لەجێگیرکردنی خواستی خۆیان بۆ سزادانی بکەرو نەخشەکێشو تاوانبارانی ئەم تیرۆرە. لەکۆتایی دادگاییکردنەکەدا (کە نزیکەی چوار ساڵی خایاند)، بەرپرسانی رێژیمی ئێرانو هەروەها دەزگای ئیتلاعاتو ئەمنییەت وەک ئەنجامدەرانی ئەو تیرۆرە مەحکوم کران، پێنج بکوژەکەش سزای زیندانییان بەسەردا سەپێندرا. بەڵام هەموو ئەم ماوەیە تەنانەت تا کۆتایی کاری دادگاش پرسیارێکی زۆر گرنگ بێ وەڵام مایەوە.

## سیخورەکە کێیە؟!

بە پێی زانیارییە باوەرپێکراوەکانی دەزگای هەواڵگری ئەڵمانیا (BND)، هێرشبەرەکان لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆرکردن لەریستۆرانتی میکۆنۆسدا یەک سەرچاوەیان هەبوە، ئەویش نێوەندگیرێکە کە بەبێ ئەو نەدەکرا ئەم قەسابخانەیە روبدات. ئەم کەسە کێ بو؟

### لەلێکۆڵینەوەیەکی نوێدا، خاوەن ریستۆرانتەکە لەجێی سەرنجدایە. چ پەیوەندییەکی بەم ئۆپەراسیۆنەوە هەبوو؟

شەوی تیرۆرکردنەکە، جگە لەگارسۆنێکی (غەیرە ئێرانی)و خاوەن ریستۆرانتەکە (عەزیزی غەفاری)، لەهۆڵی پشتەوەی ریستۆرانتەکەدا هەشت میوانی ئێرانی هەبو (چواریان کوژران).

چەند مانگێک دوای تیرۆرکردنەکە، هەموو سرنجەکان روەو "عەزیز" بون کە ئەو شەوە بەشێوەیەکی مەترسیدار ئەویش بریندار بوەو لەنەخۆشخانە کەوتوەو لەگەڵ مردندا شەڕی دەکرد، بەڵام تەقەکردن و خەواندن لەنەخۆشخانە هۆکارێکی قەناعەتبەخش نەبو بۆ سەلماندنی بێتاوانییەکەی، چونکە ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە پارەی کاشیان لەریستۆرانتەکەیدا دۆزییەوە، پارەیەکی زۆر بۆ ریستۆرانتێکی سادەو کەم داهاتی وەک ریستۆرانتەکەی ئەو جێی گومان بو. جگە لەوەش یەکێک لەئەنجامدەرانی سەرەکی ئەم تیرۆرەی دەناسی (کە سزای هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا). لەدیدی کۆچبەرانی ئێرانییەوە دەکرا "عەزیز" هەمان ئەو کەسە نێوەندگیرە یان ئەو سیخورە بێت کە بەشدارانی کۆبوونەوەکەی خستوەتە داوەوە. "عەزیز" لەلایەن کاربەدەستانی لێکۆڵینەوەوە گومانی لێدەکراو ئەوان هەموو تواناکانی لێکۆڵینەوەیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شتێکی لێدەربهێنن. چوار تۆمەتبار سزای زیندانیان بەسەردا سەپێندرا (لەڕاستیدا پێنج تۆمەتبار سزای زیندانیان بەسەردا سەپێندرا)، بەڵام کەسی پێنجەم (لەڕاستیدا شەشەم) چی بەسەرهات؟
بۆ نوسینی ئەم ڕاپۆرتە نەتوانرا گفتوگۆ لەگەڵ "عەزیزی غەفاری" بکرێت. ئەو هەموو ئەم ماوەیە تەواو بێدەنگ بوە، زانیاری سەبارەت بەو زۆر کەم هەیە، بەڵام هاوڕێ و کەسوکاری پێشووی و ئەفسەرانی لێکۆڵینەوەو پارێزەرانی و هاوەڵ و هەڤاڵە کۆنەکانی و هەروەها شایەتحاڵەکانی تیرۆرکردنەکە بۆ یەکەمجار دەربارەی ئەو قسە دەکەن.

ئەوانەی قسەیان لەگەڵ کراوە نایانەوێت ناویان ئاشکرا بکرێت، بەڵام هەموویان دڵنیان لەوەی کە ئەو "سیخوڕە". لەدانیشتنەکانی دادگاوە، کە نزیکەی سێ ساڵ و نیوی خایاند، وێنەی دانیشتنەکانو نوسراوێکی زۆر هەن کە هەموو وردەکارییەکانی تێدایە، جگە لەدۆسیەیەکی گەورەو زۆروزەبەند هەروەها لێدوانی شایەتحاڵەکان بەزمانی فارسی و ئەڵمانی. لەپشکنینی هەموو ئەم بەڵگە و لێدوانانە، وێنەیەکی دیکەی "عەزیز" دەردەکەوێو ئەگەری ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی ئەو لەپێوەندی لەگەڵ ئەم کوشتنە بەکۆمەڵەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لەشاری بەرلین، شەقامی "پراگ" رویدا.

## عەزیز لەدێزفولەوە تا بەرلین

کاتێک عەزیز لەساڵی ١٩٥١ لەشاری دێزفول لەپارێزگای خوزستان لەباشوری ئێران لەدایک بوو، هێشتا شا حوکمڕانی دەکرد. ئەو خاوەنی یازدە خوشکو برایەو لەئەنجامدا دەبێت هەر لەسەرەتاوە دەبو خۆی لەگەڵ کەموکوڕییەکان بسازێنێت. ئەگەر دۆندرمەیان بکڕیایە، دوانزە کەوچکیان پێویست بو، کاتێک شوتیان دەکرد بەدوانزە قاشەوە، شتێکی وای بەرنەدەکەوت. بەهۆی ئەو دەستکورتیانەوە لەهەموو دەرفەتێکدا پارەو شتی خەڵکی دیکەی دەدزی، بەتایبەت جلوبەرگ. ئەو هەوڵی دەدا ژیان رایی بکاو بەجۆرێک لەگەڵی رابێت.

"عەزیز" خوێندن تەواو ناکاتو لە کارگەیەکی کیسی نایلۆن کاردەکات. کاتە بەتاڵەکانی لەگەڵ براکەی بەسەردەبات کە کەسێکی زۆر سیاسی بوە. ئەوان لەدیدێکی زۆر چەپ و ڕادیکاڵەوە دژی ڕژێمی شا خەباتیان کرد. لەو سەردەمەداو لەکاتی حوکمڕانی محەممەدڕەزا شای پەهلەوی زیندانی قورس بۆ ئەم جۆرە چالاکییە سیاسییانە هەبو. لەو سەردەمەدا لەنێو ئەندامانی بنەماڵەکەیاندا سێ براو خوشکێکیان زیندانی سیاسی بون. هاوەڵان و هەڤاڵانی پێشووی "عەزیز" کە لەگەڵیدا لەزیندانەدا بون، بەکەسێکی نەخوێندەوارو شوێنکەوتوو "ناسیاسی" ناوی دەبەن. حەزی لەکتێب نەبو، بەڵام کەسێکی بەحەیاو ئەدەب بو کە هەمیشە نوکتەی دەگێڕایەوە. ئەو خەریکی وەرزش بوو. لەزینداندا مەشقی دەکرد تا دەست و قاچی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەر دیواردا سەرکەوێت. دەیوت "بەم شێوەیە دەتوانیت هەمو ئاستەنگەکان تێپەڕێنیت."

"عەزیز" دوای هاتنەدەرەوەی لەزیندان ئاشنا دەبێت بە "عەسەل"، هاوسەری داهاتوی. دوای چەند ساڵێک، لەکاتی تیرۆری بەرلین لەیەکتر جیا دەبنەوە. هەر بۆیە پەیوەندی نێوان ئەم دوانە گرنگە. بەشێک لەهاوڕێیانی پێشوی خێزانەکەیان دەڵێن "عەسەل" خوێنەرێکی گەورە بووەو خۆی شیعری نوسیوە، بەڵام بۆ "عەزیز" پەیوەندی جەستەیی زۆر گرنگتر بوە. لەکاتێکدا "عەسەل" نەیدەویست ڕۆڵی ژنێکی ماڵەوە ببینێت، "عەزیز" دەیویست لەماڵەوە خواردن دروست بکات و خەریکی جلوبەرگ شۆردن بێت. هاوڕێو ناسیاوەکانی پێشوی باس لەوە دەکەن کە "عەزیز" لەهاوسەرەکەی تێنەگەیشتوەو لەبەرچاوی کەسانی دیکەشدا دەیگوت "عەسەل" تەنانەت بەکڕینی جوتێک پێڵاوی نوێش رازی نابێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ناکۆکیو سەلیقە جیاوازەکانیشیان، بڕیار دەدەن پێکەوە لەئێران ڕابکەن.

لەساڵی ١٩٧٨ شای ئێران روخا و ئایەتوڵڵا خومەینی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی دیکتاتۆرییەکی نوێی دامەزراند. حکومەتێکی ئیسلامی کە چەپەکان سەرکوتو راودەنێتو لەناویان دەبات. برا سیاسی و چالاکەکەی "عەزیز" لەڕێگەی شاخەکانەوە هەڵدێتو خۆی دەگەیەنێتە پاریس. عەزیز لەگەڵ مناڵەکانی "حەیاو نەجیب" ڕێگەیەکی ئاسانتر هەڵدەبژێرێت، پاسپۆرت بۆ خۆیو هاوسەرەکەیو دو منداڵەکەی ئامادە دەکاتو بەفڕۆکە دەچنە تورکیا. لەم کاتەدا کوڕەکەی تەمەنی شەش ساڵەو کچەکەیشی سێ ساڵە. کاغەزی ناسنامە نوێیەکانیان دەهێننە ئەڵمانیاو بەفڕۆکە دەچنە ناو بەرلین شوینفیلد (فڕۆکەخانەی بەرلینی ڕۆژهەڵات)و لەوێشەوە لەساڵی ١٩٨٧ دێنە بەرلینی ڕۆژئاوا، هەر ئەو ساڵەی کە سەرۆکی ئەمریکا، ڕۆناڵد ریگان، لەبەردەم دەروازەی براندنبێرگ لەم شارەدا وتارێکی پێشکەش کرد و وتی "بەڕێز گۆرباچۆڤ ئەم دیوارە لاببە."

لەبەرلین "عەسەل"و "عەزیز" سەرەتا لەم خانەی پەنابەرانەوە دەچنە خانەیەکی تر، پاشان دەچنە لای هاوڕێکانیان و دواجار شوقەیەکی بچوک لە ناوچەی کرۆیزبێرگ بەکرێ دەگرن. دیواری بەرلین دەکەوێتو "عەزیز" بەرلینی ڕۆژهەڵات دەدۆزێتەوە. کاتێکی پڕ لەگێژاو بو، ئەو وەک هەمیشە ئەم سەردەمەش بەشێوازی ئاسایی خۆی تێیدا تێدەپەڕێنێت. دراو دەگۆڕێتەوە، پارەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، هاوڕێکانی دەیبینن بەشەقامی کۆدام لەبەرلینی ڕۆژئاوا دەسوورێتەوەو بەدوای کچانەوەیە. زۆرجار درەنگانی شەو دێتەوە ماڵەوە. تا ساڵی ١٩٩١، ریستۆرانتی میکۆنۆسی لەبەرلین کڕی، شەقامی ژمارە ٢ی پراگ، لەناوچەی ویلمێرسدۆرف؛ ریستۆرانتێک کە دواتر دەبێتە شوێنێک هەندێک لەئەندامانی ئۆپۆزسیۆن تێیدا کۆدەبنەوە. کڕینی ریستۆرانت دەبێتە ژەهر بۆ ژیانی هاوسەرگیرییان. "عەزیز" زۆر جار لەبری ئەوەی بچێتە ماڵەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەهەمان ریستۆرانت دەخەوێت. منداڵەکانیان کە ئێستا تەمەنیان بوە بەحەوتو یازدە ساڵ، لەریستۆرانتەکە یاری دەکەن و تەنانەت هەندێکجار یارمەتی کرِیاران دەدەن و خزمەتیان دەکەن.

## هەنگاو بەرەو گەنین

یەکەم بەرکەوتنی دەرەکی و بینراوی "عەزیز" لەگەڵ رِژێمی تاران لە"هەفتە سەبز" (پێشانگای نێودەوڵەتی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری) لەبەرلین رِوودەدات. وەک خۆی لەبەردەم دادگادا دەڵێت، لەژووری ئێران بەکازمی دارابی ئاشنا دەبێت. دارابی، ئەم پیاوە خرِپلەو کورتەباڵایەی کە کارمەندی وەزارەتی ئیتیلاعاتو ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە لەلایەن کونسوڵخانە یان باڵیۆزخانەوە، راسۆێردراوە لەپێشانگاکاندا ژورێک بۆ کۆماری ئیسلامی دابنێت، یان رێکبخاتو بەرِێوەی بەرێت بۆ ئەوەی رِێورِەسمی ماتەمینی عاشورا، خۆپیشاندانی رِۆژی قودس، یان رِێورِەسمی تری تیا ساز بکاتو لەم رێگەیوە هەوادار بۆ رِژێمی تاران کۆبکاتەوە. بەڵام سەرنجی دارابی بەر لەهەر شتێک لەسەر هەڵهاتووانی ئێران و نەیارانی رِژێمی تارانە. عەزیز بەو هەڵسوکەوتە هەمیشە ناسیاسییەی لەهیچ شتێک ناترسێت. ئەو دەربارەی دۆخی ئێران لەدارابی دەپرسێتو خواردنی لێدەکرِێت. دوای چەند ساڵێک، دارابی لەلایەن دادگاوە وەک یەکێک لەبکەرە سەرەکییەکانی هێرشە تیرۆریستییەکەی میکۆنۆس سزای (بەندکردنی هەتاهەتایی) بەسەردا سەپێندرا.

لەساڵی ١٩٩٢ پەیوەندییەکانی عەزیز لەگەڵ ئێران زیادی کرد. لە تارانەوە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ دێت، پیاوێک بە ناوی هاشمی کە پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ رِێژیمی ئێران هەیە، چەندین جار پەیوەندی بەماڵەکەیانەوە دەکات. "عەزیز" خۆی و چەند شایەتحاڵێک لەبەردەم دادگادا ئەم بابەتەیان پشترِاست کردووەتەوە. کاتێک "عەسەل" جارێک وەڵامی تەلەفۆنەکەی هاشمی دەداتەوە، واتە لەماڵەوە مۆبایلەکە هەڵدەگرێت و دواتر دەیخاتە دەست هاوسەرەکەی، "عەزیز" وا پیشان دەدات کە "هاشمی" ناناسێت. بەڵام، کەمێک دواتر، لەناکاو "هاشمی" لەبەردەم دەرگای شوقەکەدا وەستاوە، دێتە ژوورەوەو لەگەڵ "عەزیز" پێکەوە لەژووری میوان دادەنیشن. زەعفەرانو فستقی لەئێرانەوە بۆ هێناوە. عەزیز دواتر لەرونکردنەوەی سەبارەت بەهاتنی ئەم میوانە سەیرو نائاساییە بانگهێشت نەکراوە، بەخێزانەکەی دەڵێت "ئەو [هاشمی] دەیەوێت پاسپۆرتی ئەسڵی ئێرانیمان بۆ بهێنێت، ئەو پاسپۆرتانەی کە ساختە نین". هاوسەرەکەی (عەسەل) بەسەرسورِمانەوە لەخۆی دەپرسێت: "ئەم کەسە بۆچی و لەبەر چ هۆکارێک دیارییەکی بۆ هێناین و بۆچی دەیەوێت پاسپۆرتی ئەسڵی ئێرانیمان پێبدات؟"!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دواتر عەزیز هەموو جارێک لە لایەن هاوڕێکانیو هاوسەرەکەیو هەروەها لەلێکۆڵینەوەو دادگاشدا لێپرسینەوەی لێدەکرا، لە پەیوەندی بە سەردانەکەی هاشمی. لێکۆڵەران بێزارن لەوەی خاوەن ریستۆرانتەکە هیچ ناڵێتو هیچی لەبیر نییە.

دوای ماوەیەک ژیانی پێکەوەیی "عەزیز" و "عەسەل" کۆتایی دێتو خۆی ئامادە دەکات بۆ جێهێشتنی بەرلین. کەشەکە. کەشی کۆتایی ریستۆرانتی میکۆنۆسە. ئەو لەبەردەم دادگادا دەڵێت، چەند هەفتەیەک پێش تیرۆرکردنەکە، هەوڵیداوە لەڕێگەی چەند کۆمپانیایەکی بازرگانی خانووبەرەوە کڕیارێک بۆ ریستۆرانتکەی بدۆزێتەوە، بەڵام، پێش فرۆشتنی، ئەو شەوەی ڕێکخست کە هەموو شتێکی گۆڕی.

## پاش تاوانەکە

لە١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢دا، کۆبوونەوەی بەشێک لەئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران لەگەڵ شەرەفکەندی لەرێستۆرانتێکی میکۆنۆس بەڕێوەچوو. "عەزیز" هەموو شتێکی ئامادە کردوە. چەند رۆژێک لەمەوبەر لەگەڵ کەسێکی تر شەرەفکەندییان لەفڕۆکەخانەی تگلەوە برد بۆ هۆتێلەکە. شەوی ١٧ی ئەیلول، هەشت ئەندامی ئۆپۆزسیۆن لەریستۆرانتەکە ئامادەنو "عەزیز" خواردنو خواردنەوە پێشکەش دەکات. میوانە بێ خەبەرو بێ گومانەکان لەهەمو لایەکەوە دانیشتوون و گفتوگۆ دەکەن. لە ناو ریستۆرانتەکەوە بانگی بکوژەکان دەکرێت (جارێک تەلەفۆنەکەیان لێدەدات)و تیمی تیرۆرکردنەکە ئاگادار دەکرێنەوە کە میوانەکان لەریستۆرانتەکەدان. کێ بانگی کردون هەرگیز رون نەکرایەوە.

ماوەیەکی کەم پاش کاتژمێر دەی شەو "عەزیز" لەریستۆرانتەکە دەردەچێت. لێکۆڵەران پێیان وایە کارەکەی ئاماژەیەک بووە بۆ تیمی تیرۆرکردنەکە تا ئاگاداریان بکاتەوە کە میوانەکان هێشتا لەریستۆرانتەکەدان. دوای تیرۆرکردنەکە لێکۆڵەران لەریستۆرانتەکەدا ٥ هەزار مارکیان دۆزییەوە. عەزیز لەنەخۆشخانەیەو مەترسی مردنی لەسەرە. ئەو لە CCU لەژێر چاودێری چڕدایە.

"عەزیز" کە پێی وابوو لەو هەلومەرجانەدا لەکۆتایی ژیانی نزیک دەبێتەوە. لەسەر تەختی نەخۆشخانە لەگەڵ هاوسەرەکەی باسی ئەو پارەیە دەکاتو رایدەسپێرێت بۆ منداڵەکانیان خەرج بکرێت. هەروەها بە پۆلیس دەڵێت دەشێت روداوەکە دەستی ڕژێمی ئێرانی تیا بێتو لەتیرۆرکردنەکەوە گلا بێت. بەم شێوەیە پۆلیس بەئاڕاستەی ڕاستدا ڕێنوێنییان دەکات. بەڵام، هەر ئەوەندەی کە تێگەیشت لەژیاندا دەمێنێتەوەو نامرێت، "عەزیز"ی ڕاستەقینە جارێکی دیکە لەناو ئەودا زیندوو دەبێتەوە؛



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

هەمان ئەو "عەزیز"ە لێزانەی دەیویست بەسەر دیواری ڕاستدا سەرکەوێت.

ریستۆرانتەکەی بەخانمێکی ئەندەنوسیو هاوسەرە ئەڵمانییەکەی دەفرۆشێت. پاشان، سەرەتا، دەچێتە پاریس، بۆ لای براکەی، کەمێک دواتر دەچێتە شاری دوسێلدۆرف، کە هاوڕێیەکی دێرینی ژیانی لێیە. لەبەرلین داروپەردووی پەیوەندییە کەسییەکانی خۆی بەجێدەهێڵێت. هاوڕێیان بەهۆی ئەوەی گومانیان لێی هەیە، لێی دوردەکەونەوە. لە "عەسەل" جیا دەبێتەوە. "عەسەل" ئامادە نییە ٥٠٠٠ مارکەکە وەربگرێت؛ لەفرۆشتنی ریستۆرانتەکەش هیچی دەست ناکەوێت. "عەزیز" پێیوایە کارەکان تەواو بوون. بەڵام، جارێکی تر توشی کێشە دەبێتەوە، چونکە نەک تەنها هاوڕێکانی پێشوی بەڵکو ئەفسەرانی لێکۆڵینەوەش گومانی لێدەکەن کە هاوکاری ئەنجامدەرانی تیرۆرەکەی کردوە.

دادگای میکۆنۆس لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ لە بەرلین دەست بە کارەکانی دەکات. تۆمەتباران، (کازم دارابی)و چوار کەسی دیکە لەبەردەم دادگادان. "عەزیز" دەبێت چەند جارێک وەک شایەتحاڵ وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، بەڵام ئەو، دیسانەوە ڕۆڵی هەمان "عەزیز"ی لێزان دەبینێت. شایەتحاڵەکان، ئامادەبووانی دادگاو وێنەی دادکایکردنەکان هەموویان گەواهی پرۆسەیەکی زۆر توندی پرسیارو وەڵامدانەوە دەربارەی ئەون:

**لێکۆڵەر**: تۆ بەکۆی گشتی ١٠٠ هەزار مارکت داوە بەریستۆرانتەکە، ئەم پارەت لە کوێ هێناوە؟"

**عەزیز**: پێشتر ئەم پارەیەم هەبو.

**لێکۆڵەر**:بۆچی ئەم برە پارەیەت بەکاش داوە؟

**عەزیز**: من لەم روەوە کڕیارێکی بەئەزموون نەبوم.

**لێکۆڵەر**: "ئێستا بۆمان رونبکەرەوە کە ئەم بڕە ١٠٠ هەزار مارکەت لەکوێوە هێناوە؟

**عەزیز**: "من لێرەدا مافەکانی خۆم بەکاردەهێنم و بەهۆی ئەو سزا ئەگەریانەی کە دەتوانن لەئەنجامدا بیدەن، پێتنالێنم پارەکەم لەکوێوە هێناوە.

**لێکۆڵەر**: ئێوە ڕاستەوخۆ دوای تیرۆرکردنەکە بەپۆلیستان گوت کە یەکێک لەبکوژەکان پاڵتۆیەکی سەوزی تۆخی لەبەردا بوە، وەک پاڵتۆیەکی سەربازی، ئایا ئەمەت بیردەکەوێتەوە؟

**عەزیز**: نەخێر بەداخەوە، بیرم نییە قسەیەکی لەو شێوەیەم کردبێت.

**لێکۆڵەر**: کەسێک دەناسیت بەناوی هاشمی؟

**عەزیز**: بەئامادەبوونی هاوسەرەکەم وەڵامی ئەوم دایەوە، ئەو تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەم کردبو، هەرگیز ڕونو دیار نەبووەتەوە کە ئەم کەسە کێیەو دەیەوێت لەگەڵ کێ قسە بکات.

**لێکۆڵەر**: "ئەو شەو چوویتە دەرەوە لە ریستۆرانتکە بۆ ئەوەی هەوایەکی پاک هەڵمژێت یان نا؟

**عەزیز**: من لەم ڕووەوە هیچم لەبیر نییە.

ئەفسەرانی لێکۆڵینەوە بێدەسەڵات و بێهیوان، چونکە کەیسەکەیان پڕە لەبەڵگەی دژی "عەزیز"، بەڵام توانای ئەوەیان نییە لەدادگادا بیسەلمێنن، واتە دابینکردنی بەڵگەنامەیەک کە بەس بێت بۆ ئەوەی دادگا سزای بدات. "عەزیز" بەبێ ئەوەی سزا بدرێت، دادگا بەجێدەهێڵێت، ئەو ئازادە.

**ئایا بەڕاستی "ئازاد"ە؟!**

پاش کۆتایهاتنی کاری دادگا (و بڕیارەکەی لەنیسانی ١٩٩٧) "عەزیز" دەبێتە دانیشتوی شاری دوسێلدۆرفو ساڵانە چەند جارێک سەردانی ئێران دەکات. ئەو داوای هاوکاری دەستەبەری کۆمەڵایەتی (**Sozialhilfe**) لە دوسێلدۆرف دەکات. هاوڕێکانی باس لەوە دەکەن کە ناوبراو هەروەها داوای قەرەبووی لەسندوقی هاوکاریی خۆراکو ریستۆرانتەکان کردووە بەهۆی ئەو زیانو بریندار بونە جەستەییەی کە بەهۆی فیشەکەوە بەر جەستەی کەوتووە، کە بەڕواڵەت مافی یارمەتی کۆمەڵایەتی کە تا ئێستاش وەریدەگرێت، لێبڕاوە. جگە لەوەش لەئێرانیش کاری بازرگانی دەکات. کەسێک کە باش دەیناسێت دەڵێت "وەک پاشا" لەوێ دەژی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها بەشێک لەبکەرە سەرەکییەکانی تری تیرۆری میکۆنۆس لەئێراندا دەژین، لەوانە سەرۆکی تیمی تیرۆرکردنەکە، عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی کە توانی دوای تیرۆرکردنەکە دەستبەجێ بەرەو ئێران ڕابکات. یان فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە، عەلی فەلاحیان، وەزیری ڕاگەیاندنو ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە تا ماوەیەک لەمەوبەر ئەندامی "شورای خوبرەگانی رەهبەری" ڕژێم بوە. یان سەرۆکی ئەوکاتو یەکێک لەبەرپرسەکان، عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی کە بێگومان لەساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردو عەلی ئەکبەر ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەو بەرپرسی تایبەتی کاروباری دەرەوەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیو هەروەها ڕێبەری ئایینی ڕژێم کە تا ئێستاش لەپۆستەکەیدایە. کازم دارابی، ڕێکخەرو هەماهەنگکەریی هێرشە تیرۆریستییەکەی بەرلینو پەیوەندیی نێوان ژووری ئێران لەپێشانگای "هەفتەی سەوز"و عەزیز، کە ساڵی ١٩٩٧ لەلایەن دادگای بەرلین سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێندرا. بەڵام دوای ١٥ ساڵ لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیاوە ڕادەستی ئێران کرایەوە. دارابی (نزیکەی دو ساڵ لەمەوبەر) بیرەوەرییەکانی خۆی دەربارەی کاتەکانی لەزیندانو هەروەها دیموکراسی دارماوی ئەڵمانیا بڵاوکردەوە، کتێبەکەی بوە باشترین کتێبی بەڵگەنامەیی ساڵی ٢٠١٩. دەگوترێ "عەزیز"یش لەمەراسیمی خەڵاتکردنەکەدا ئامادەبووە، بەڵام گێڕەرەوەی ئەم بابەتەش ناتوانێت هەموو شتێک بەوردی بەبیر بێنێتەوە.

سەرچاوە: Die Zeit

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوینە - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەبەحی تیرۆر و کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کورد



**مەجید حەقی**

سەدەی بیستەم تەنیا وەک سەدەی دەسکەوتە زانستی و تەکنۆلۆژییەکان، کۆتایی شەڕی سارد و ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە بیر نامێنێتەوە؛ لەو سەدەیەدا کوشتاری بەکۆمەڵی گەلان، ژینۆسایدی نەتەوەی کورد و تیرۆری ڕێبەرانی ئەو نەتەوەیە لە یاد ناچێت. لە ماوەی ساڵی ١٩٧٩ بۆ ٢٠٠٠، سەدان جینایەت لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دژی نەتەوەی کورد ئەنجام دراون. ژینۆسایدی ڕێژیمی ئێران دژی نەتەوەی کورد دەتوانێت لە ڕووی چۆنیەتی و شوێندانەریی قووڵی لەسەر کۆمەڵگای کوردستان، بە کۆمەڵکوژیی هۆلۆکۆستی نازییەکان، کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی، ڕواندا و تیمووری ڕۆژهەڵات و یۆگۆسلاڤی بەراورد بکرێت. ڕەنگە وەک ئەو کۆمەڵکوژییانەی باسیان کرا هەموویان لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام نەدرابن، بەڵام شێواز و ئاکاری ئەو جەهادەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٧٩دا دژی نەتەوەی کورد ڕاگەیاند هەموو نیشانەکانی کۆمەڵکوژی پڕ دەکەنەوە.

جاڕنامەی کۆمەڵکوژی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە بەو شێوەیە تاوانی کۆمەڵکوژی پێناسە دەکات: "کردەوگەلێک کە ببێتە هۆی لەناوچوونی تەواو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، ڕەگەزی و ئایینی" لە ڕێگەی کوشتنی ئەندامانی ئەو گرووپە، کە ببێتە هۆی زیانی جەستەیی و دەروونیی کۆمەڵگا، ڕێگە لە مناڵبوونیان بگرێت یاخود



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببێتە هۆی جێبەجێکردنی بە زۆریی مناڵەکانیان بۆ گرووپێکی دیکە". ڕێژیمی داگیرکەری ئێران زۆربەی هەرەزۆری ئەو تاوانانەی دژی نەتەوەی کورد جێبەجێ کردووە.

ئەم کۆمەڵکوژییە ئایدیۆلۆژییە بەشێکی جیانەبووە لە ستراتێژی و سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندیی ئێران بووە و تەشەنەی سەندووە لە ناسیۆنالیزمی فارسیشدا.

پەراوێزخستنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەرئەنجامی هەوڵە مێژووییەکانی ناسیۆنالیزمی فارس بۆ گۆشەگیرکردن و تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانە. لە ماوەی مێژووی "ئێرانی مۆدێرن"دا هەموو هەوڵی ناسیۆنالیزمی فارس ئەوە بووە نەتەوەکانی بندەست لەوانە خەڵکی کوردستان لەناو فەرهەنگ و ناسنامەی فارسی و شیعەی "اثنی عشری" بتوێنێتەوە. بەرهەڵستبوونەوە و بەرخودانی نەتەوەی کوردیش لە بەرامبەردا بووەتە هۆی ئەوەی ئەوان ژێنۆسایدی نەتەوەیی بە هەموو شێوەکانی مومکین جێبەجێ بکەن.

داگیرکەران بۆ جێبەجێکردنی پلانی خۆیان، پێنج ستراتێژیی سەرەکییان ڕەچاو کردووە: تێرۆر و لە ناوبردنی ڕێبەران، زەختی ئابووری لە سەر خەڵکی کوردستان، پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پاکتاوکردنی کولتووری، لەناوبردنی ژینگەی کوردستان.

تێرۆری سمکۆی شکاک، لەسێدارەدانی قازی محەممەد، تیرۆری دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی درێژەی هەمان ستراتێژییە کە لە سەردەمی دیکتاتۆریی پەهلەوییەوە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بە میرات ماوەتەوە. جیا لەو ڕێبەرانە بە دەیان چالاک و ڕێبەری دیکەی خەڵکی کورد لە دەرەوە و ناوخۆی وڵاتدا تیرۆر کراون کە دوایین نموونەی تیرۆری بەکۆمەڵی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ٢٠١٨ بوو.

ئێروین ستاب (Ervin Staub) لە پەرتووکی ڕیشەی شەیتان، کۆمەڵکوژی و توندوتیژییەکانی دیکەی بە کۆمەڵدا دەڵێت: "بۆ دروستکردنی کەشی لەبار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی گرووپی و کۆمەڵکوژی چەندین هۆکاری جۆراوجۆر پێویستن. ئەنگیزە و هاندەری چالاک بۆ زیان گەیاندن بە کۆمەڵگایەک لە ڕێگەی بەردەوامی لاوازکردنی هێزی بەرهەڵستیان لە ڕێگای کوشتن، زیانگەیاندنی بە کۆمەڵ، خوڵقاندنی کەشێک کە کۆمەڵگا لە کاتی بەرەوڕووبوون لەگەڵ سەختییەکاندا بەرهەڵستی "جیهانی ئەخلاقی" خۆی ببێتەوە (وەک دیاردەی جاشایەتی لە کوردستان)، بەرنامەڕێژی بکرێت و بەشێوەیەکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سازماندراو دژی ئەو کۆمەڵگایە توندوتیژی بەڕێوە بچێت و بەوە کۆمەڵکوژی و ژێنۆسایدی نەتەوەکە بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

باربارا هارف (Barbara Harff) و تێد ڕۆبێرت کۆر لە (Ted Robert Gurr) لە کتێبی "پێشمەرجەکانی ژێنۆساید" و "سیاسەت کوژی" دا بەو ئاکامە گەیشتوون کە ژێنۆساید و کۆمەڵکوژی زۆرتر دوای ئەوە ڕوو دەدات کە بەهۆی شکستی دەوڵەتی پێشوو یان شۆڕشەوە جاری وایە گۆڕانێکی لەناکاو ڕوو دەدات. بە بڕوای ئەوان ئەو بوویەرە کاتێک ڕوودەدات کە ڕێبەرانی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو یان پاوانخوازن یان بەهۆی ئەوەی کە بەهۆی ئایدیۆلۆژییانەوە ناتوانن خەڵکانێکی زۆر بۆ ماوەی درێژخایەن بکەنە پێڕەوی خۆیان، یان بە هۆیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە یا خود هەلومەرجی تایبەتی نێونەتەوەییەوە و تا ڕادەیەکی زۆریش نەبوونی توانا لە چارەسەری پێوەندییە ئابوورییەکانەوە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لایەنگری خوێندنەوەیەکی بەرتەسکی ئایینی و لە ڕووی نەتەوەییەشەوە لەنێو ناسیۆنالیزمی فارسدا تواوبوونەوە و کورد و جووڵانەوەی کوردیان وەک هەڕەشەیەک بەسەر ڕێگەی جێبەجێبوونی پرۆژەی ئێرانی شیعە – فارسدا دەبینی بۆیە فەرمانی جەهادیان ڕاگەیاند و تیرۆری ڕێبەرانی کوردیش درێژەی ئەو ستراتێژییە بوو.

کوردەکان لە ئێران تووشی چارەنووسێکی وەک جووەکانی ئورووپای سەردەمی نازییەکان هاتوون، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بە دوژمنی خوا ناو دەبردرێن. وەک کۆمۆنیستەکانی ئارژانتینی کە لەلایەن ئەرتەشی ئەو وڵاتەوە لە کۆمەڵگا بێبایەخ کرابوون و وەک ڕۆشنبیرانی کامبۆجی سەردەمی پۆلپۆتەکانن کە بە دوژمنایەتی لە گەڵ پرۆلتاریا تاوانبار دەکران. هەرچەند زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان موسوڵمانن و ڕێز لە بنەماکانی ئایینی ئیسلام دەگرن، بەڵام لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە خەباتی خەڵکی کورد وەک دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسلام پێناسە کراوە و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە خەباتی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە لێگەڕێک لە بەرانبەر ئایدئۆلۆژیی ناوەندگەرای شیعەی خۆیان دەزانن.
ئەمرۆ ئەو لاوەی کورد کە لە ساڵی ۱۹۹۸دا لەدایک بووە بەبێ ئەوەی کە ڕۆژێک ئەزموونی شەڕی بەرگریی چەکداری بینیبێت، بەبێ ئەوەی کە ئاگای لە ئاکامی دادگای میکۆنووس بووبێت، تەنیا بە تاوانی کوردبوون و داوای مافە مرۆییەکانی خۆی تووشی زیندان، ئەشکەنجە و ئێعدام و شێوەکانی دیکەی توندوتیژی دەبێت و شەبەحی تیرۆر و کۆمەڵکوژی هەروا هەڕەشە لە ژیانیان دەکات و هەر کەسێک کە پۆتانسیەلی ڕێبەریی لە ناو کۆمەڵگادا هەبێت هەوڵ دەدرێت بەزوویی بەتەواوی لە پەراوێز بخرێت یان لەناو ببرێت. بۆ گەلی کورد سی ساڵ دوای تیرۆری میکۆنووس ژێنۆسایدی ئایدیۆلۆژی هەروا درێژەی هەیە و ئەمرۆ زیاتر لە هەموو کات پێویستە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەوڵێکی جیددی بدات بۆ کۆتاییهێنان بە تاوان دژی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

Ervin Staub, The Roots of Evil: The Origins of Genocide and Other Group Violence 1989
Barbara Harff, Ted Robert Gurr, Preconditions of genocide and politicide, 1995

**ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەباتی بێوچانی گەل زامنی سەرکەوتنە



**شەماڵ تەرغیبی**

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ ٣٠ ساڵ بەسەر تیرۆری سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکرات، جێگری لێوەشاوە و بەرحەقی شەهیدی نەمر د.قاسملووی هەمیشە زیندوودا تێدەپەڕێ. لە کاتژمێرێکی ڕەشدا و لە پێتەختی وڵاتی ئاڵمان د.سادق شەرەفکەندی و یارانی شەهید فەتاح عەبدولی، شەهدی هومایوون ئەردەڵان و شەهید نووری دێهکوردی لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆس و پاش بەشداری لە ٢٠ـەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست و لەکاتی دانووستان لەگەڵ چەند لایەنێکی ئێرانی بەمەبەستی هەوڵدان بۆ سازکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لە ئۆپۆزسیۆنی سەرانسەری لەدژی کۆماری ئیسلامی کەوتنە بەر تیری شەوپەرستان و شەهید کران.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە هەبوون و هەن کەس یان کەسانێک کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای دەورووبەر بە ئاراستەی توندوتیژی و هەڕەشە و تۆقاندن و چاوسوورکردنەوەدا بردووە. سڕینەوەی فیزیکی وەک کاردانەوەیەک، دەربڕی تەحەممول نەکردنی لایەنی بەرانبەر و ڕوانگە و خواستەکانی و دەرخەری لاوازیی توانای پێکەوەسازان و پەیوەندییە لە نێوان دوو لایەنی ناتەبا و پێکناکۆکدا .

بەشی سێیەم

ئەوەی ڕوونە و بە ئـاوڕدانەوەیەکی خێـرا بەسـەر مێـژووی مرۆڤـایەتی دەردەکەوێ ئەو ڕاسـتییەیە کە سروشـتی مـرۆڤ تێکەڵەیەکە لە زێدەخوازی، دەسەڵاتخوازی و هەستی ڕکەبەرایەتـی و کـۆی ئەو تایبەتمەنـدییانە ناچـاری دەکـات بەدوای دەستەبەرکردنی دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات و نواندنی دەسەڵاتەوە بێت. زۆرجـار لەو پێناوەشدا لە ڕەوشە نـائەخلاقی و ناسیاسـییەکانیش کەڵـک وەردەگرێـت و پەنـا بـۆ هەر کـردەوەیەک دەبـات کە لەگەڵ خواسـت و بەرژەوەنـدییەکانی یەک بگـرێتەوە. کاتێـک بەدەستەوەگرتنی دەسـەڵات بە لای مـرۆڤێکەوە کە لە هەر جـۆرە بەهـایەکی مرۆڤـانە بێبەریـیە دەبێـتە مەبەست، ئیتر گرینگیی چلۆنـایەتیی دەستەبەرکردنەکەی کـاڵ دەبێتەوە و سـاختەکاری و کوشتن و چەواشەکاری و تـاوان و تالان دەبنە ئامراز بۆ گەیشتن بەو دەسەڵاتە. لەو حـاڵەتەدا خـاوەنی دەسەڵاتێکی نـاڕەوای ئەوتـۆ، بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵاتەکەی ئـامادەیی ئەوەی تێدایە ویـژدان و بەهـا مرۆییەکـانیش پێشێل بکـات و لەو ڕاستایەدا بکەوێتە دروستکردنی کەشی هەڕەشە و تۆقانـدن و یەکێـک لەو ڕەوشـانەی بە مەبەسـتی تۆقـانـدن و پاشەکشەپێکردنی جیـابیران، ڕەخنەگـران، نەیاران و دژبەرانی دەسەڵاتەکەی بەکاری دەبات، سڕینەوەی فیزیکی یان تیرۆرە.

ئەمە ئەو سینـاریۆیە کە لە ڕێستورانی میکۆنۆس لە ئـاڵمان و پێش لەویش لە ڤیەنی پێتەختی ئۆتریش بەڕێوە چوو کە وەک زۆر جار یارانی د.شەرەفکەندی پێی لەسەر دادەگرنەوە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکـانی تیـرۆری میکۆنـۆس ئەوە بـوو کە پاش تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، دوکتـور شـەرەفکەندی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گـرت؛ هەرچەند تیرۆری دوکتور قاسملوو، خەسارێکی مەزن بۆ کـورد بـوو، بەڵام لەو ڕۆژە سـەخت و دژوارانەدا دوکتـور شـەرەفکەندی بە ڕێبەرایەتی لێبڕاوانە و ژیرانەی خـۆی تـوانی هیـوا و هومێـد لە نێـو ڕیزەکـانی حیـزب و لە نێـوی خەڵـکی کـورددا بێنێـتە ئاراوە و لەوەش زیاتر هەوڵەکان بۆ سازکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی خەبـاتکار لە ئـاستی سەرانسـەری بخـاتە گەڕ کە ئەمە ترسی لە دڵی دوژمنانی ئازادی ساز کرد بۆیە تیرۆریان کرد.

بەڵام بە دڵنیـاییەوە تیـرۆر لێکەوتەی خراپـی بـۆ خـودی بکەری کـردەوە تیرۆریستییەکەش دەبێت و ئەو مەبەسـتەی کە لە پشتی تیرۆرەکەوە بووە، بە تەواوی بۆی نایەتە دی و بۆی ناچێتە سەر. نموونەی بەرچاویشی تیرۆر و کوشتنی هەمەجۆرەی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردە کە هەموو ئەو مەبەستانەی لە پشت بـوو کە ئاماژەیـان پێدرا، بەڵام ئایـا ئەو تیـغە دووسـەرە دەتوانێ هەتـا سەر لە دەستی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئێراندا بمێنێتەوە؟ ئایا توانییان بەو کردەوە دزێـوانە بـزووتنەوەی کوردی لە پـێ بـخەن؟ ڕەنـگە بەرژەوەندیخوازیی ئـابووریی هەندێ لە دەسەڵاتداران ڕێگـر بووبێـت بـۆ سـەرەوەرکردنی یاسـا و ڕەوتی مافخوازیی لایەنی ستەملێکراو بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشتبێ بەڵام وەک بینیمان پەرەوەندەی میکۆنـۆس و بە تـاوانبـار دەرچوونی کۆماری نەزانی و سێدارە بە تیرۆریزمی دەوڵـەتی دەرحەق بە شارۆمەندانی خۆی، بووە هۆی ڕیسوایی نێونەتەوەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

بۆ کۆماری ئیسلامی. لە لایەکی دیکەشەوە پرسێکی گرینگی دیکە کە لێرەدا دەبێ قامکی بۆ ببەین ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد نەک هەر لە پێ نەکەوت، بەڵکوو ئاگری خەبات و خۆڕاگرییەکەی زیاتر بڵێسەی سەند و شۆڕش بە گوڕوتینێکی زیاتریشەوە بەردەوام بووە و دەبێ و بیری پووچەڵی تیرۆریستان کە پێیان وابوو بە سڕینەوەی فیزیکیی سەرکردەکانی کورد دەتوانن ڕەوڕەوەی مێژوو لە بەرژەوندیی خۆیان بگۆڕن، پووچەڵ بوویەوە.

لە ٣٠ـەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندیدا، دەبینین کە ناو، یاد و ڕێبازی ئەو گەورەپیاوە بەرز و مەزنە، کەچی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی هەر بە مردوویی دەژین و تەنیا نەنگ و شەرمەزاریی مێژوویيان بۆ ماوەتەوە. بەڵگەی سەلمێنەری ئەم وتەیەش لەلایەکەوە بەردەوامی ڕێگا و ڕێبازی ئەوان چ لای هاوسەنگەرانی لە شاخ و چ لای ڕێبوارانی لە سەنگەری شارە کە لە خەرمانانی خەم و پەژارەدا بە چالاکیی جۆراوجۆر و بێ گوێدان بە هەڕەشە و فەزای تۆقاندنی زاڵ یادی دەکەنەوە و وانەکانی وەک قوتابییەکی ڕاستەقینە وەبیر دێننەوە تاکوو لە سەختەڕێگای خەباتدا تووشی هەڵە و بەلاڕێداچوون نەبن.

**یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنۆس و سەرجەم شەهیدانی حیزب و گەل بەرز و بەڕێز بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەو وانە گەورانە چین کە شەرەفکەندی دەبێت فێرمان بکات




**کەیهان یووسفی**

مێژوو گۆڕەپانی ڕۆڵگێڕیی پیاو و ژنە مەزنەکان بووە. ژیان و هەڵسوکەوتی ئەوان پڕن لە وانە بۆ فێرکردنی نەوەی داهاتوو بەمەبەستی بونیاتنانی ژیان و کۆمەڵگەیەکی باشتر.

ڕێبەر و قارەمانەکان چیان هەیە فێری ئێمەی بکەن و بەتایبەتی خوێندنەوەی ژیانی شەهیدی نەمر سادقی شەرەفکەندی، ڕێبەری ڕۆژە سەخت و دژوارەکانی بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات، چیمان فێر دەکات؟

سەرەتاییترین شت کە ڕێبەر و کەسایەتییە سیاسییەکان سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن ڕەنگە چۆنیەتیی جل پۆشینیان بێت. جۆرج واشنگتۆن تەنیا کاتێ یونیفۆرمی فەرمیی لەبەر دەکرد کە کۆمار لە مەترسیدا بوایەت و بەم چەشنە بە شوێنکەوتووان و خەڵکەکەی دەفاماند کە ئەو توانایی و ئیرادەی بەرگری کردن لەوانی هەیە. کەواوپانتۆڵە خاکی و سادەکەی شەرەفکەندی کە میراتی ڕێبەری مەزن قاسملوو بۆ ئەو بوو و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە فەرمییەکاندا بەو ڕۆخسارەوە دەردەکەوت، لە زانستی ڕێبەری و کارگێڕیدا خاوەنی بەهایەکی بەنرخە!



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

سیمای پێشمەرگە، واتە لەخۆبردوویی و گیانبەخشین لە پێناو خەڵک و خاک و ئازادیدا، پێشمەرگە قارەمانی چیرۆکی ئازادیخوازیی کوردستانە، پێشمەرگە، واتە ئیرادەیەکی نەبەزیو و نەگیراو. شەرەفکەندی و جلە خاکییەکەی لەنێو کۆڕی پێشمەرگەدا، ئەوی دەکرد بە یەک لە ئەوان و هێمایەک کە دەتوانێت ڕێبەرێکی بەتوانا بێت کە پێشمەرگانە توانایی بەرگریکردن و دەستنیشانکردنی ڕێگای بۆیان هەیە.

شەرەفکەندی جەنگاوەرێکی سەربازی یان فەرماندەیەکی سەربازی نەبوو. خۆی و جێگاکەی باش دەناسی. ڕێبەرە گەورەکان ئەو کەسانەن کە جێگە و پێگەی خۆیان دەزانن، کە ئەسڵ و فەرع لە یەکتر جیا دەکەنەوە و ئەو شتەی کە پسپۆڕییان لێی نییە جێی دەهێڵن بۆ خاوەنی خۆی.

لە ڕۆژاوای دێموکراتیکدا، ڕێبەر و کەسایەتییە سیاسییەکان لە ڕێگەی دەنگدان و لە نێوان خەڵکی سڤیلدا هەڵدەبژێردرێن کە یاسا ئەو مافەیان پێ دەدا تا فەرمانی شەڕ یان ئاشتی ڕابگەیەنن بەڵام ئەوان خۆیان لە کاروبار و وردەکاریی سەربازی نادەن. شەرەفکەندی و قاسملوو لە ڕەگەزی ڕێبەرە دێموکراتیکە ڕۆژاواییەکان بوون.

نموونەیەکی بچووک لە ئەزموونێکی وەها، شەڕی ساڵی ١٩٥٦ی کەناڵی سوئێزی بریتانیا و فەرانسە دژی وڵاتی میسر بوو. سەرۆکوەزیرانی ئەو کاتی بریتانیا سێر ئانتۆنی ئیدێن، کە کەسایەتییەکی لایەنگری ئاشتی بوو تاکوو شەڕ، خۆی لە کاروباری فەرماندە سەربازییەکانی هێزی ئاسمانیی پاشایەتی بریتانیا بەر دەدا و تەنانەت پێیان دەڵێت لە چ بۆمبێک کەڵک وەردەگرن. ئەمەش دەرکەوتەی خراپی بۆ بریتانیا لە گۆڕەپانی شەڕدا لێ دەکەوێتەوە.

**گەورەیی وانەی زانستی ڕێبەری لە پۆلێنبەندی ڕێبەرەکاندا، نرخێکی وەها بۆ ئەم کارەی ئیدێن دانانێت و وەکوو خاڵێکی لاواز و جێی ڕەخنە باسی دەکات.**

شەرەفکەندی پیاوی ڕێکخستن و سیاسەت بوو. ئەو کاروباری سەربازیی بە فەرماندە سەربازییەکان سپاردبوو، ئەوەی دەکرد کە دەیزانی ئەنجامدانی لە توانایدایە. وانەی ئەو ڕۆژانە پێمان دەڵێت کە دوای کۆسپی گەورەی شەهیدبوونی د. قاسملوو و پێش لەوەش دابڕانی بەشێکی زۆر لە کادر و فەرماندەی شەڕ لە حیزب، هێزی شەڕکەری حیزب هێشتا هەر کاریگەر و گەورەترین ترسیان لە دڵی پاسدار و ڕێژیمی ئاخوندی خستبوو. ئەو ئازادیی لە کاروباری سەربازیدا بە فەرماندە سەربازییەکان دابوو و ئەو دەسەڵات و هەیبەتەی لێیان نەستاندبوو.

**پائۆل جانسۆن گەورە نووسەری ئەمریکی لە وتارێکدا لە ژێرناوی "هیرۆکان: پیاوە گەورە سیاسییەکان چ شتێک دەبێت فێری ئێمە بکەن؟"** چەندین فاکتەر و پارامێتر بۆ رێبەر و کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی دەستنیشان دەکات کە لێرەدا ئێمەش لە رێگەی تێڕوانینی ئەوەوە کەسایەتی رێبەریی د. شەرەفکەندی پێ هەڵدەسەنگێنین.

ئایدیا و باوەڕەکان، یەکێک لەو پێوەرانەن. باشترین رێبەرە دێموکراتیکەکان رەنگە سێ یان چوار تایبەتمەندییان هەبێت کە ئەوان هان بدات کە لە هەر هەلومەرجێکدا نەبنە قوربانی. ئەو رێبەرانەی بۆچوونیان لەسەر هەموو شتێک هەیە وەک وانەیەکی مێژوویی جێی تێڕامان نین. جیاکردنەوەی ئەسڵ و فەرع لە نێوان ئەو شتەی کە ڕوودەدات و ئەو شتەی باشە و دەبێت ڕوو بدات وەکوو فەزیلەتێکی رێبەری ئاماژەی پێ کراوە. شەرەفکەندی باوەڕی تەواوی بە چەند شت هەبوو: خەبات، گشتگیرکردن و بەشداری هەمووان، پەروەردەی کوردی لە بنەماڵەوە تا نێو شۆڕش، رێزگرتن لە دیسیپلین و رێسای رێکخراوەیی و مافی خەڵکی کورد و کۆڵنەدان و تەسلیم نەبوون. باوەڕەکانی و ئیدەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئەوی کردبووە ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ نەسڵی ئێمە دەبێت لێی بکۆڵێتەوە و لێی فێر بێت.

ئیرادە، فاکتەر و پێوەرێکی بەهێز و گرینگی کەسایەتی و رێبەرێکی سیاسییە بۆ چۆنیەتیی ژیان کردن لە نێو کۆمەڵدا. کەسێکی سیاسی ئەگەر خاوەنی هەموو تایبەتمەندییەکانی دیکە و خەرمانێکی گەورەی زانیاریش بێت، کە ئیرادەی نەبوو یانێ هیچ.

هەموو رێبەرێک خاوەنی ئیرادەیە و بۆ ئەوەی زاڵ بن بە سەر ڕووداوەکاندا بە لۆژیک و هۆکار ئیرادەیان بە کار دێنن. رێژەی ئیرادەی رێبەرەکان بە بەروارد لەگەڵ ئەوانی تر جیاوازیی زۆرە. ئەو شتەی ئەوان بەدی دەکەن، خەڵکی تر نایبینن و هەر بۆیە پاشەکشەی ئەوان لە خواستەکانیان زۆر ئەستەمە.

بۆ رێبەرێک تەنیا بوونی ئیرادە کافی نییە. ئیرادە بە شێوەیەکی ئۆرگانیک پەیوەستە بە دەرکەوتە یان وەدیهاتنی ئامانجەوە. ئەوەی ئیرادە دەکاتە فاکتەرێکی کاریگەر و بەهێز بۆ رێبەرێک، پێداگری (pertinacity)یە. ئیرادەیەکی بەهێز و پێداگربوون بۆ گەیشتن بە ئامانج رێبەر دەکاتە کەسایەتییەکی جیاواز. شەرەفکەندی کۆڵەکەی ئیرادە و پێداگرێکی بێ وێنە بوو. کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، بێ قاسملوویی و رزگاریی باشوور و گوشاری ئێران لە رێگەی پارتەکانی باشوورەوە بۆ سەر حیزب و شەرەفکەندی بەمەبەستی ڕاگرتنی شەڕ باس لە ئیرادە و شکۆی شەرەفکەندیمان بۆ دەکەن. ئەو لە وەڵامدا وتی ئێمە ئەوەی نایناسین، دانانی چەکەکانمان لە بەرانبەر هێزی پاسدار و رێژیمی ئاخوندییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

ئیرادەیەکی پێداگر دەتوانێت هۆکار بێت بۆ هەر تێچوویەک و ڕیسکێکی گەورەی بە دوای خۆیدا بێت. ئەمە تایبەتمەندیی ڕۆژگارێکی ڕەش و پڕمەترسییە کە دەبێتە تاقیگەی دەرکەوتنی ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو. شەرەفکەندی دەیتوانی ئەوەی کردی نەیکات تا دەزگای تیرۆری ڕێژیم لە دڵی ئۆرووپای هێمای دێموکراتیک بووندا تیرۆری نەکەن بەڵام ئەو پێداگرانە ئەنجامی دا و تەنانەت مەرگیشی بوو بە پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاوانی ڕێژیمی تاران و سەرشۆڕییەکی گەورەی نێونەتەوەیی بۆیان.

توانایی بۆ چێکردنی پێوەندی، فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ڕێبەر یان سیاسییەکی گەورەیە. وتاردان ڕەنگە پێوەرێکی بەهێز بێت بۆ ڕێبەر تاکوو پێوەندی لەگەڵ بەردەنگ دروست بکات. بەڵام هەمیشە وتاردان تەنیا فاکت نییە. پائۆل جانسۆن لەبارەی جۆرج واشینگتۆنەوە دەڵێت کە ئەو لە ڕێگەی کەسایەتی و کردەوەی خۆیەوەی پردی پێوەندیی دروست دەکرد. کەسێک بوو لێهاتوو، دەستپاک کە گەندەڵیی لێ بە دوور بوو و هەر ئەمەش وایکردبوو کە پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ خەڵک دروست بکات.

شەرەفکەندی ئاکادێمییەکی ئاست بەرز و مامۆستایەکی پلەبەرزی زانکۆ بوو. وتاربێژێکی باش بوو و لە هەمانحاڵێشدا خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز و پاک و بێگەرد. کۆرسی زانکۆ و بنەماڵە و منداڵی بەجێ هێشتبوو و شاخ و خەباتی هەڵبژاردبوو. لایەنگرێکی قورسی پرەنسیپی حیزبی و ڕێکخراوەیی بوو. قوتابییەکی بەئەمەگی قاسملوو و لە هەمانحاڵدا ڕەخنەگرێکی بە لۆژیکی قاسملوو لە کۆڕوکۆبوونەوە حیزبییەکان و لەمەڕ پرسە حیزبییەکان بوو. تاقە بژاردەی قاسملوو بۆ جێگیرەوەی خۆی بوو و شەرعیەتێکی تەواوی لە نێو کادر و ئەندامان هەبوو، ئەمەش نە لە ڕێگەی وتاردان بەڵکوو کەسایەتی و پاکی و سادقبوونی پێی بەخشی بوو.

یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانە کە پێناسەکردنی زۆر دژوارە و ناکرێت پێناسەی بکەیت بەڵام دەتوانی دەرک و هەستی پێ بکەیت، گەورەیی ڕۆح greatness of soul ە.

**ئێمە نە تەنیا ڕێز لە پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی دەگرین، بەڵکوو ناخودئاگا، لەڕادەبەدەر خۆشیانمان دەوێت. ئەم خۆشهاتنە گرێدراوی گەورەیی ڕۆحی ئەوانە کە وەک پێوەرێک بۆ پێناسەی ڕێبەر و کەسایەتییە گەورەکان پائۆل جانسۆن باسی لێوە دەکات.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# میکونۆس، بەڵگەیەک بۆ ڕیسوایی تاران




**ئاکۆ عەلیزادە**

کاتێک باس لە لانکەی بیری تێرۆریستی و فکریەتێکی فاشیزمی لە دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵاتدا دەکەین، یەکەم شت کە دوای تەواوی هەوڵەکان بۆ تێرۆری فکر و سڕینەوەی کولتور و مێژووی ئەو وڵاتە دێتە بیرمانەوە، هەوڵدانە بۆ تێرۆری فیزیکیی ڕێبەران و خۆشناوانی گەلێک کە بژاردەی گەلی خۆیانن تاکوو بتوانن مافە پێشێلکراوەکانی گەلەکەیان دەستەبەر بکەن.

ڕێژیمی کۆماری ئێسلامیی ئێران یەکێکە لەو ڕێژیمە فاشیست و کۆلۆنیالیستییانەی کە بە ئایدیایەکی دژەمرۆڤانەوە، سەرەڕای پێشێلکردنی تەواوی مافە سەرەتاییەکانی چین و توێژە ژێردەستەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و ئیتنیکییەکان هەوڵی بۆ لەناوبردنی هەرچەشنە بیرێکی ئازادیخوازانە لەنێو هزری خەڵکانی ئێران داوە و لەو ڕاستایەدا زۆرجار کە شکستی هێناوە لە بەرامبەر وێژمانی نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد، دەستی داوەتە کارە چەپەڵ و قێزەونەکانی خۆی و هەوڵی تێرۆر یەکێک بووە لەو کارانەی کە ڕووڕەشیی بۆ ئەو ڕێژیمە نگریسە بەدواوە بووە.

بەشی سێیەم

حیزبی دێموکرات یەکێک لەو حیزبانەی کوردستان بووە کە بە درێژایی خەباتی ڕزگارییخوازانەی خۆی، لە دژی ستەمی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانی ئێران، بووەتە قوربانیی کردەوە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە و هەمیشە وڵامی دیپلۆماسی و دیالۆگی ئەو حیزبە بە تێرۆر و کردەوە دژەمرۆییەکان دراوەتەوە.

ئەوە کەتوارێکی حاشالێنەکراوە کە ڕێژیمی ئێران لەسەر بنەمای ترساندنی خەڵک و بە مێلیتاریزەکردنی شارەکان و بە ئاژاوەنانەوە بە ئامرازە ژێردەستەکانی وەک گرووپە تێرۆریستییەکان هەمیشە بووەتە بێشکەیەک بۆ توندئاژۆیی بەڵام سەبارەت بە پرسی کورد ئەو ڕاستییە زەقتر دەبێتەوە.

لە دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کەم لە تێرۆری ڕێبەری گەلی کورد دوکتور قاسملووی زانا بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران، دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هەڵبژێردرا و تا ڕادەیەکی زۆر جێگای خاڵیی دوکتور قاسملووی پڕ کردبوویەوە.

لەو کاتانەدا کە حیزبی دێموکرات لە ژێر ڕێنوێنی و ڕێبەریی دوکتور شەرەفکەندی، هێز و توانستی خۆی وەدەست دەهێنایەوە جارێکی تر کۆمیتەی تێرۆری کۆماری ئیسلامی و تێرۆریستەکانیان کەوتنەکار و لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ٧١ لە بێرلینی پێتەختی ئاڵمان، دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی کە لە ڕێستۆرانێک بەناوی میکونۆس لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە دەبنە ئامانج و لە ئاکامدا دوکتور شەرەفکەندی و سێ کەسی تر لە هاوڕێیانی بە ناوەکانی فەتاح عەبدولی، هۆمایوون ئەردەڵان و نووری دێهکۆردی شەهید کران و پەیوەست بە کاروانی سورخەڵاتانی گەل بوون.

هەر لەو کاتەدا کەسێکی ئێرانی و چەند کەسی بە کرێگیراوی لوبنانی کە بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دەزگای دادی وڵاتی ئاڵمان سەر بە دەزگای هەواڵگری و ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران بوون دەستگیر کران.

هەر لەمەڕ ئەو بابەتە دادگایەک بەناوی دادگای میکونۆس پێک هات کە نزیکەی سێ ساڵ کاری لەسەر ئەو دۆسییە کرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا پێش لە تێرۆری میکونۆس بە چەندین تێرۆری لە خاکی وڵاتانی دەرەوە بە دژی دژبەرانی و ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی کە داوای مافی ڕەوای خەڵکی خۆیان لە ڕێگەی ئاشتی و دیپلۆماسی و دیالۆگەوە دەکرد، بەڕێوە برد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو کە بە هۆی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە دادگایەکی خاوەن سەڵاحیەتدا، کارە تێرۆریستی و فاشیستییەکانی لەقاو دەدران. لە ماوەی سێ ساڵ و نیودا دادگای میکۆنۆس ٢٧٠ جار کۆبوویەوە و ١٧٠ کەسی بە شاهیدی بانگهێشت کرد و دواجار لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ بڕیاری خۆی دەر کرد.

لەودا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەوەی پێڕست و بەهۆی دەرکردنی فەرمانی تێرۆر بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەحکووم کران و هەندێک لەو کەسانەش کە دەستیان لە جێبەجێکردنی تێرۆرەکەدا هەبوو بە زیندان مەحکووم کران.

ئەوەی لێرەدا جێگای بایەخە سەرەڕای بەپەرۆشبوونی خەڵکی کورد بۆ لەدەستدانی ڕێبەرێکی دیکەی بەئەمەگ و کاریزما وەک دوکتور شەرەفکەندی کە زامێکە لەسەر پەیکەرەی خەباتی گەلی کورد و ڕێژیم بە نامرۆڤانەترین شێواز شەهیدی کردن، ئەوەیە کە ڕووی ڕەشی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی لە دادگایەکی خاوەن سەڵاحییەت بە تەواوی جیهانیان نیشان درا و دیسان ئەوە سەلمێندرا کە ڕێژیمی ئاخوندی هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی بە کردەوە تێرۆریستییەکانی و بە پەرەپێدانی تێرۆر بووەتە هاوکێشەیەک لە ناوچەدا و بەتایبەت لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆنەکانی ڕێژیمی ئێران کە دەیانهەویست لە ڕێگای وتووێژەوە بگەن بە ئامانج و ڕێککەوتن بکەن. ئەوڕۆکە لە دوای تێپەڕبوونی سێ دەیە لەو کارەساتە دڵتەزێنە کە مێشک و دڵی هەموو کوردانی هەژاند و بریندار کرد، دەبینین کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران خەریکی کردەوەی تێرۆریستییە و ماهییەت و بوونی فاشیستی و کۆلۆنیالیستیی ئەو کە تەنیا چارەسەر بۆ خنکاندنی هاواری پەنگخواردووی ناڕازیان و ئازادیخوازان لە ڕێگای تێرۆرەوەیە دەبینێ و بووەتە لانکەی پەروەردەکردن و ئایدیۆلۆژیای تێرۆر و بەرهەمهێنانی میلیشیاکان، ئەوە لە کاتێکدایە کە نەیتوانیوە بە هەوڵە تیرۆریستییەکانی ڕێگر بێت لە بەرەوپێشچوونی خەباتی ڕزگاریخوازیی حیزبی دێموکرات و ئەو بە چۆکدا بێنێ.


**یادی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بۆ هەمیشە درەوشاوە دەبێت و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ درێژەدانی ڕێگایان.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## "سادق" بە تەواو مانای وشە



### حەمەڕەسووڵ کەریمی

**(بۆ یادی سی ساڵەی شەهید دوکتور شەرەفکەندی)**

شەهید دوکتور سەعید شەرەفکەندی یەکێک لە دیارترین ڕێبەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد بوو کە توانی زانست و لێزانی و پسپۆریی زانکۆ و مامۆستایەتی تێکەڵ بە شۆڕش و بزووتنەوەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بکات.

شەهید دوکتور شەرەفکەندی لەو دەگمەن ڕێبەر و شۆڕشگێرانە بوو کە وتار و قسە و لێدوانەکانی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بەکردەوە بوو، واتە هەر پلان و بەرنامەیەک لە قسەکانیدا ڕوو بە دونیای دەرەوە، ئێران، کوردستان و نێوخۆی حیزبی کردبا، بۆ خۆی پێشەنگی ڕاپەڕاندنی ئەو وتە و قسانە دەبوو کە باسی لێوە کردبوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە باری نەتەوەییەوە لێدوانەکانی پڕ بوون لە ئەزموونی شۆڕشەکانی پێشوو و بە پشتبەستن بە ڕابردوو و لەژێر ڕووناکایی و هێژموونیی شۆڕشەکانی پێشوو و بە دەرسوەرگرتن لە شۆڕشەکانی گەلانی دیکەی جیهان، وەک مامۆستاییەکی بەئەزموون وانەکانی خۆی لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی و دەورەی کادرەکاندا بە لێزانی و پسپۆرییەوە دەگوتەوە.

شەهیدی سەرکردە، پلە و پایەکانی زانکۆی بەجێ هێشتبوو بۆ ئەوەی وەک پێشمەرگەیەک لە چیاکانی کوردستان خزمەت بکات و، کاتێک وەک ئەندامی ڕێبەری و جێگری سکرتێر و دواتر وەک سکرتێر سوکانی شۆڕش و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتە دەست، پلە و پایەکانی خۆی بۆ خزمەتی زیاتری حیزبەکەی و نەتەوەکەی تەرخان کرد و هیچ کات لە پلەکانی خۆی بە قازانجی شەخسی کەڵکی وەر نەگرت. ئەو وەک کادر و پێشمەرگە لەنێو بنکە و بارەگاکانی حیزبدا دەژیا و، خاکی و خاکەڕایی، زیت و وریا و چاوکراوە لەگەڵ هەموو لایەک هەستان و دانیشتنی هەبوو. لە کاتی پشوودا سەردانی بنکە و بارەگاکان، نەخۆش و برینندارەکان، بنەماڵە و شوێنە گشتییەکان، قوتابخانە و فێرگە و تەنانەت چێشتخانەکانیشی دەکرد. نان و خوانی لە ساڵۆنی گشتی لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکان بوو، لەگەڵ پیر و بەساڵاچووەکان، منداڵ و گەنجەکان، دیپلۆمات و کەسایەتییەکان، بەگشتی لەگەڵ کوڕ و کچەکان و خوێندەوار و نەخوێندەوار، زمانی تایبەت بە خۆی هەبوو.

دوکتور سادق لە وتارنووسین و وەرگێڕاندا دەستێکی باڵای هەبوو، کاتەکانی خۆی بە بێکاری تێپەڕ نەدەکرد و لە نەبووندا بوونی ساز دەکرد. ڕێزی زۆری لە پێشمەرگە دەگرت، لە بەرامبەر کەمکاری و کەمتەرخەمیدا، بێهەڵوێست نەدەبوو، لێپرسینەوە و بەدواداچوون بۆ کارەکان یەکێک لە ئەرکەکانی بوو. کاتناس و بەدیققەت بوو، لەگەڵ نانبەقەرزدان نەبوو، خاوەن هەڵویست و سێحەب بڕیار و قسەی خۆی بوو. ترس و خۆف و بێهیوایی لەلای ئەو هیچ مانایەکی نەبوو. مرۆڤێک بوو بۆ هەموو سەردەم و وەرزەکان پلانی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەو لەگەڵ هاوکار و هاوژوورەکانی وەک یەک دەژیا، ژینگەپارێزی و پاک و خاوێنیی وەک یەکێک لە ئەخلاقی مرۆڤایەتی سەیر دەکرد و بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا خۆی بەڕۆژ دەکردەوە.

شەهید شەرەفکەندی بە چەندین زمان گوێی لە دەنگوباسی ناوچە و جیهان لە ڕادیۆکان دەگرت و هەر دەرفەتێکی بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کورد و بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان دەقۆستەوە. لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیدا هەوڵی دەدا کە ڕاستگۆیانە و بەبێ ئەوەی ترسی لە قسەکردن هەبێ پرسەکانی تایبەت بە کورد باس بکا و لێدوانی دەدا. لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بێ پێچ و پەنا، گوێی لە دەرد و خەمی هەموو کۆمیتە شارستانەکان و مەڵبەند و هێزەکان و بنکەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

دەگرت و لەگەڵ هاورێ و هاوسەنگەرانی بەڕوونی دەدوا و، بە گشتی هەموو ئەو کار و هەڵوێستانە بوونە هێما و ناسنامەی شۆڕشگێڕیی شەهید دوکتور سەعید.

شەهید دوکتور شەرەفکەندی سیما و هێمای نەتەوەیی بوو، لە کاتی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕییدا دەورێکی بەرچاوی لە خەبات و شۆڕشی کورددا گێڕا، سادە و خۆماڵیانە دەدوا و وشە باوەکانی ئینگلیزی کە پڕ بوون لە " ئیزم، سیسم و نیزم" بە کوردییەکی پەتی بۆ باس دەکردی و وێرای ڕوونکردنەوە لەسەر وشەکان، پێداگری دەکرد کە وشە خاریجییەکان فێر ببین و هەر بە کوردی لە سەر وشەکان بدوێین. کوردی گوتن و نووسینی کوردی لە زمانەکانی دونیای دانەبڕیبوو، بەڵکوو زیاتر لە هەر پێویستییەکی دیکە هەوڵی زیاتری بۆ فێربوون بە زمانەکانی دیکە دەدا.

دیدار و چاوپێکەوتن و سەردانەکانی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی زانا و هەستانەوەی حیزب لەو قەیران و تەنگەژەیەدا نیشان دەدا کە تەنیا لە ماوەی دوو ساڵدا چۆن توانی جێگە و پێگەی خۆی و حیزبەکەی بگەیەنێتە چڵەپۆپە. بەداخەوە دەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا ئەو مرۆڤە شۆڕشگێر و دیارەی گەلەکەمانی لەگەڵ هاوڕێیان کاک فەتاح عەبدوڵی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کاک همایون ئەردەڵان بەرپرسی حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی دۆستی نێزیکی کاک دوکتور و حیزبی دێموکرات لە ڕێستورانی میکۆنووس لە شاری بێرلینی ئاڵمان لێستاندین و بە شەهیدبوونیان کەلێنێکی گەورە کەوتە نێو حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەمان.

**یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنووس لە دڵاندا هەردەم زیندوو بێ و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تایبەتمەندیی سەرکردەکان - د. سادق بۆ نموونە- لە ڕوانگەی "برایان ترێسی"یەوە



**شاهـۆ مەتین**

**٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ، ٣٠ ساڵ بە سەر تێرۆری ڕێبەری هەرماو دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە بەرلێنی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان بە دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئاخوندیزمی ئێران تێپەر دەبێت. دوکتۆر سادق وەک سەرکردەیەکی مەزن خاوەنی گەڵێک تایبەتمەندیی وەک بوێری، خاوەنئیرادە، لێبڕاو، پڕاگماتیست و ڕئالیست بوو کە توانیبوویان پرستیژ و ئۆتۆریتەی لە ڕێزی ڕێبەرانی کورد و ئێرانی بۆ دروست بکەن و بۆخۆیشی وەک کەسایەتییەک ببێتە چرایەک لە شەوەزەنگی ئیستیبدادی کۆماری ئیسلامیدا.**

**"برایان ترێسی" لە کتێبی "١٢ بنەمای سەرکردەی مەزن"دا پێنج تایبەتمەندی بۆ سەرکردەی مەزن و خاوەن کەسایەتی دەستنیشان دەکات:**

## ڕاستگۆیی

**سەرکردە ڕاستەقینەکان هەمیشە قسە و ڕەفتارێکی ڕاستگۆیانەیان هەیە، ڕواڵەت و نێوەوەیان وەک یەکە. سەرکردە**

مەزنەکان هەم لەگەڵ کەسانی تر و هەم لەگەڵ خۆیان ڕاستگۆن، هەرگیز کەسانی تر و خۆیان هەڵناخەڵەتێنن و هیچ قسە و ڕەفتارێکی چەوتیشیان نییە.

دوای شەهیدبوونی ڕێبەری هەرماو دوکتۆر قاسملوو کە کومیتەی ناوەندیی حیزب ئەرکی سکرتێری گشتیی حیزبی پێ دەسپێرێ، لە یەکەم وتاریدا بەو پەڕی ڕاستگۆیی بەڵێنی بە دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدان دەدات کە درێژەدەری ڕێگای نەمریان بێت و دەڵێت: "لەم ڕێگایەدا کە ڕێگای سووری شەهیدانە یا سەردەکەوین یا بە شانازییەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دادەنێین". ئەو بەحەق وفادار بە بەڵێنەکەی مایەوە و بۆ سەرخستنی ئەندێشەکانی دوکتۆر قاسملوو و مانیفێستی حیزبی دێموکرات ڕاستگۆیانە تێکۆشانی کرد و لەم ڕێگایەشدا گیانی ئازیزی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەربەستیی کورد و کوردستان کرد.

## هەڵبژاردنی دروست

دەتوانین مرۆڤ بە "بوونەوەری هەڵبژاردنەکان" ناو ببەین، چونکە هەر کام لە ئێمە ڕۆژانە سەدان هەڵبژاردن دەکەین. کاتێک وشەیەک یان ڕەفتارێک هەڵدەبژێرین، مانای وایە دەیان وشە یان ڕەفتارێکی تر فڕێ دەدەین. بەهۆی ئەمەوە هەڵبژاردنەکانمان نیشان دەدەن کە چی بۆ ئێمە گرینگە و چی گرینگ نییە. سەرکردە گەورەکان هەمیشە هەڵبژاردنی دروستیان هەیە، بە تایبەت لە دۆخە سەختەکاندا، تەنانەت ئەگەر تێچووی زۆریشی بۆ بدەن.

قسەیەکی دوکتور سادق وەک فاکتێکی بەهێز بۆ ئەم تایبەتمەندییە لەو کەسایەتییەدا دێنینەوە: "دەبا ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بە هاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو بڕازێننەوە و بە هەڵگرتنی چەکی شەرەف و سەربەرزی هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بەهێزتر و لەشکاننەهاتووتر بکەن". ئەم داوایەی نەمر شەرەفکەندی لەو کات و ساتە هەستیارەدا دەرخەی خوێندنەوەی واقعبینانەی بەرێزیانە بۆ خەبات و بە حیکمەتی خۆی بە بژاردەیەکی دروست و گونجاوی بۆ تێکۆشان دەزانێت. هەربۆیە ئەم داوایە لە لاوانی نیشتمانپەروەر دەکات و لەو قۆناغەدا لەنێوان چەندین هەڵبژاردە بۆ خەبات، ئەوە بە هەڵبژاردەیەکی دروست دەزانێت.

## پابەندبوون بە بەهاکان

سەرکردە گەورەکان لە هەموو کاتێکدا پابەندن بە بەهاکانی ڕێکخراوەکەیان و لە هیچ بارودۆخێکدا سازش لەسەر ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهایانە ناکەن. لەم بوارەشدا دوکتۆر سادق پابەندییەکی بێوێنەی بە پرنسیب و دیسیپلینەکانی حیزب هەبوو. ئەو هیچ کات سازشی لەسەر پێشێلکردنی نۆرم و بەهاکانی شوناسی ڕێکخراوەیی نەدەکرد و بە بوێرییەوە بەرانبەر کردەوە ناتەباکان لەگەڵ ئەخلاق و کولتووری شۆڕشگێر و شوڕشگێڕی دەوەستاوە و بنچینە هزری، ماکی و ئاوەزییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی دەپاراست.

## زاڵبوون بەسەر خۆدا

سەرکردە گەورەکان خۆکۆنترۆڵییەکی بەرزیان هەیە، بەو مانایەی ڕەفتارەکانیان عەقڵانی و دوور لە هەست و سۆزە و لە بڕیاردانـدا دەستوەردان لە پرس و بەرژەوەنـدییە کەسییەکانیان نـاکەن. شـەهید شـەرەفکەندی دوای شـەهیدبوونی دوکتـور قاسملوو بەخێرایی و بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕێنوێنی و جێبەجێکردنی ئەندێشەکانی نەمر قاسملوو، وەک ڕێبەرێکی لێزان و زانـا جڵەوی خەبـاتی شۆڕشـگێڕانەی نەتەوەکەی لە دۆخێکـی زۆر دژواردا گـرتە دەسـت و بە بڕیـاری ژیـرانەی بـۆ هەمـوو بەشەکانی جێبەجێکاری حیزب توانیی بە سەر ئاریشەکانی تـاکی و ڕێکخراوەییدا زاڵ ببێت و کۆنترۆڵی دۆخی قەیرانـاویی ساتەوەختی بێقاسملوویی لە حیزبی دێموکراتدا بکات.

## خۆڕاگری

ئەلبێـرت گـرای، یەکێـک لە بەنـاوبـانگترین ڕاوێژکارەکـانی بەڕێـوەبردن لە ئەمریکـا، دوای ١٣ سـاڵ لێکـۆڵینەوە لە ژیـانی سـەرکردە گەورەکـان، لەم ڕستەیەدا لێکۆڵینەوەکـانی خـۆی کـورت کـردۆتەوە: "سـەرکردە گەورەکـان بەپێچەوانەی سـەرکردە ئاسـاییەکان، خـۆڕاگرییەکی بەرزیـان هەیە بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتن و قەت نـاوەسـتن و هەرگیـز دەسـت لە تێکۆشـان هەڵناگرن." دێنیس ویتلی، یەکێکی دیکە لە ڕاوێژکارەکـانی بەڕێوەبردن لە ئەمریکـا، تایبەتمەنـدیی خـۆڕاگری لە سـەرکردە گەورەکاندا بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "سەرکردە گەورەکـان زۆر کـار دەکەن بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانیـان، بەڵام سـەرکردە ئاساییەکان زۆر کار دەکەن بۆ ڕزگاربوون لە فشار و ڕەخنەی کەسانی دی."

وەک میناک بۆ ئەم تایبەتمەندییە لە دوکتور سادقدا دەتـوانین ئـاماژە بەوە بکەیـن کە دوای شەهیدبوونی دوکتـور قـاسملوی مەزن و لە کاتێکـدا یـار و نەیـار چاویـان لە حیزبـی دێمـوکرات بڕیبـوو، د. شـەرەفکەندی بە ڕۆڵـی کارسـاز و ئیـرادە و لێزانینیی خۆی لە خەباتدا بۆشایی نەمانی دوکتور قاسملووی تا ڕادەیەکی باش پـڕ کـردەوە و نەهیهێشت بێقاسملوویی بە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردەوە دیار بێت. ئەو خەبات دژی ڕێژیمی تێرۆریستی ئاخوندیی ئێرانی بەگـوڕتر و بەرینتر لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم


هەموو ڕەهەندەکاندا پەرە پێدا و بە دووڕنوارییەکانی نەیهێشت پێشەنگایەتیی خەبات دژی ڕژێم بکەوێتە دەستی هیچ ڕەوتێکیتر.

بۆیە لەسەر ئەم بنەمایانەی کە برایان ترێسی بۆ کەسایەتیی سەرکردەی مەزن ئاماژەی پێداون و بەو فاکتە واقعییانەی بۆ ئەم بنەمایانە لەسەر کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی ئاماژەی پێ کرا، بەحەق دەتوانین بڵێین دوکتۆر سادق سەرکردەیەکی مەزنی کورد بوو کە ئێستا ڕوانگە و بۆچوونەکانی ئیلهامدەری شۆڕشێکی مەزن لە کوردستانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٣



## میکۆنووس پەڵەی ڕەشی هەتاهەتایی، بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە




**ناسر باباخانی**

**ڕۆژانی ١٠ و ١١ی ئێپریلی ١٩٩٧ مێدیا بەناوبانگەکانی جیهان مانشێتی سەرەکییان یەک شت بوو: دادگای بێرلین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی وەک بکوژی دوکتور سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی ناساند، قاتڵانی میکۆنووس مەلاکان بوون!**

**لە مێژوودا هەرگیز بڕیارێکی لەم چەشنە بۆ هیچ وڵاتێک دەرنەچووە کە ڕێبەرانی وەک قاتڵ پێناسە بکرێن. یەکەم جار بوو دەوڵەتێک وەک تێرۆریست بە دنیا بناسێندرێ. شپیگڵ گەورەترین هەفتەنامەی ئوروپا کە لە ئاڵمان دەردەچێ نووسی: ئەمە گەورەترین مەحکەمەی تێرۆری دەوڵەتی لە جیهاندا بوو.**

**ئورووپا ماوەیەک بوو بە نەرمی و نەوی کێشان -وەک دیپلۆماسیی هەمیشەیی- خەریکی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەم وتوویژانە بە "دیالۆگی ڕەخنەیی" ناودێر کرابوون. ئورووپا پێی وا بوو ئەمە جۆرە گوشارێکە بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێک دوو مانگ پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، ئورووپای تووشی شۆک کرد. شەقامەکانی پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بە خوێنی جودابیران و دژبەرانی ڕێژیمی ئێران شەڵاڵی خوێن کرا. ئەمە سەرەتای قۆناغی ترس و تۆقاندن بوو لە ڕێی تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە لە دەرەوەی وڵات. لە نێوخۆش، کۆماری ئیسلامی بە بەر چاوی دنیای ئازاد و دێموکراتیکدا دەستی کرد بە قەتڵوعامی خەڵک. لە درێژەی کردەوە تێرۆریستییەکانیدا کاتێ فتوای قەتڵی سەلمان ڕوشدی لە لایەن خومەینی دەرکرا و پاش مەرگیشی دەسەڵات پشتگیری لەم حوکمە دژەئینسانییە کرد و پێشوازی لە تێرۆری ئیسحاق ڕابین سەرۆک وەزیرانی ئیسراییل، ئورووپا پێی وابوو "دیالۆگی ڕەخنەیی" دەبێتە هۆی گوشار بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی. دیارە ئورووپا وەک هەمیشە سیلەچاوی ئابوورییشی هەبووە، بەتایبەتی لەم نێوەدا ئاڵمان پشکی شێری بەردەکەوت. باسی گرێبستی چەند میلیارد مارکی لەگەڵ ئاڵمان لەگۆڕێدا بوو. خاڵی سەرنجڕاکێش بە وتەی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆی ئاڵمان ئەوە بوو کە، لە دانیشتنەکانی دادگادا نوێنەری کۆمپانیایەکی زەبەلاح وەک زیمێنسیش حازر بوو! دەوڵەتی ئاڵمانیش زۆر بە بێمەیلی دەجووڵاوە و مەبەستی دیزەبەدەرخونە کردنی پرسەکە بوو! هەرچەند لێرولەوێ هەندێ دەنگهەڵبڕین هەبوو، بۆ وێنە وەزیرانی دەرەوەی دانمارک و نۆڕوێژیش هۆشدارییان دا ئەم دیالۆگە هیچی لێ شین نابێ، بەڵام ئەم ڕەوتە درێژەی بە دانوستانەکان دا. تەنانەت وای لێ هات یاسای داماتۆ کە لەلایەن کلینتۆنەوە بەسەر ئێران داسەپابوو - وەک گەمارۆی نەوتی- لەلایەن ئورووپاوە ڕەچاو نەکرێ. ئیدارەی کلینتۆن داوای لە ئورووپا کرد بە حوکمی ئەوەی ئێران وڵاتێکی تێرۆریستییە ئەم وتووێژانە بوەستێنن.

بوومەلەرزەی میکۆنووس ئەگەرچی کۆتایی بە تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ئورووپا هێنا (لانیکەم دوو دەیە)، بەڵام تێرۆری دەوڵەتی لەنێوخۆدا و هەروەها لە قالبی شەڕی پڕاکسی لە ناوچە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

لە تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی (فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی) لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١)ەوە تا دەرکردنی بڕیارنەی حوکمەکە واتە ١٥ی ئەپریلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوە) واتە ٥ ساڵ و ٤٧ ڕۆژ، ١٧٠ کەسێک بەشدار بوون کە دەوری بەنی سەدر و شایەدی ئەبووئەلقاسم میسباحی دەوری یەکلاکەرەوەیان هەبوو. یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی دنیادا قازییەک قامکی تاوانی بۆ لای بەرپرسانی باڵای وڵاتێک ڕاداشت، ئەم وڵاتە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەمە گەورەترین شەرمەزاری سیاسی مێژووی هاوچەرخ بوو!

دادگاه بکوژان و بکەرانی ئەم جینایەتە سامناکەی بە زیندانی هەتاهەتایی و چەند ساڵێک مەحکووم کرد، بەڵام بوومەلەرزەکە کاتێ ڕووی دا کە خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕەفسەنجانیی سەرۆک کۆمار، ویلایەتیی وەزیری دەرەوە

و فەلاحیانی وەزیری بەدناوی ئیتلاعات وەک تاونبار ناسێندران. ئەمە ئابڕووچوون نەبوو، ئەمە حەیاتکان نەبوو، ئەمە هەڵگرتنی دەمامک لە ڕووی فاشیزمی مەزهەبی بوو کە بە خوێن سەودای لەگەڵ جیهان دەکرد. وێنەی خامەنەیی لەسەر ئەم پۆستێڕانە داندرا کە لەگەڵ تاوانبارانی مەترسیدار هەڵسوکەوت دەکرێ. ئەو قودسییەت و پیرۆزییەی لە پاش مەرگی خومەینی خەریک بوون لە خامەنەیی سازکەن، بە یەک شەوە بیکەن بە "ئایەتوڵڵا"، چیرۆک و ئەفسانەی لێ سازکەن و کە لە زگی دایکی بەربۆتەوە و قسەی کردووە و خوانی لە بەهەشتەوە بۆ هاتووە دواتر وەک بڵقی سەر ئاوی لێ هات! ئوروپا سەرجەم باڵوێزەکانی لە ئێران بەرەو وڵاتی خۆیان دەگەڕێنێتەوە، ئەوە هەر سیمای ئەم فاشیزمە مەزهەبییە زیاتر خۆ وەدەردەخا. لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی بۆچوونی کەسێکی وەک سەعید حەججاریان دووی جۆزەردان وەرچەرخانی گوتار نەبوو لە نێوەرۆک و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئاماڵپڕۆژەیەک بوو بۆ ئەوەی دۆخی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوە بە شێوازێکی تر سەقامگیرتر بکەن.

ئەوان باش دەیانزانی خەڵک لەوپەڕی ناڕەزایەتیدان، لەلایەکی تریشەوە دوای ئابڕووتکانی گەڕانەوەی باڵوێزانی ئوروپایی بۆ وڵاتی خۆیان، کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی ئایزۆلە کرابوو و تەریک کەوتبۆوە. بۆیە پێویست بوو فەزای ڕواڵەتی کۆمەڵگە بگۆڕدرێ، پێویست بوو چەلەحانەی سیاسی لە ئاستی دیالۆگی نێوان دوو باڵی ڕێژیم بەرقەرار بکرێ بۆ ئەوەی نیشان بدرێ کە پشوویەکی سیاسی زیاتر بوونی هەیە. بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات تا هەنووکە دەرکەوت دووی جۆزەردان ئەو پوتانسییەلەی نەبوو تا ببێ بە سەرەتای خاڵگۆڕانێک لە ناو ئێراندا، تەنانەت تا ئێستاش هیچ دەسکەوتێکی بەرهەستی نەبووە و بۆیە لە ڕاستیدا ئەمە گۆڕینی تامی زاری خەڵک بوو و لە هەمان کاتیشدا دانی ڕواڵەتێکی تازە بە سیمای فاشیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی. خودی خاتەمی ڕێبەری ئیسلاحات گوتی دووی جۆزەردان بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو شێوە ڕوانینە بە نیسبەت شۆڕش و کۆماری ئیسلامییەوە، ئەگینا ئەسڵ و بنەما بۆ ئەوان هەر نیزامە، نیزامی کۆماری ئیسلامییە.

***

درکاندنی ئەم ڕاستییە تاڵە هەرچەند زۆر ناخۆشە، بەڵام ئەم برینانەی خراونەتە سەر لەشی حیزبی دێموکرات ئەو پتانسییەلەیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی پەلکێشی دادگا نێونەتەوەییەکان بکا. هەر لە تێرۆری شەهید دوکتور قاسملووە بگرە تا بەتایبەتی کەیسی شەهیدانی قەڵا و دادگای بەناوبانگی میکۆنووس. دوور نەڕۆین یەکی وەک جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوروپا بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، دەڵێ گرفتی یاسایی هەیە و

بەشی سێیەم

مادام دادگایەکی وڵاتێکی ئورووپایی داوایەکی لەم چەشنەی نەبێ، ناکرێ سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆریستی یەکیەتیی ئورووپاوە. بۆیە کەیسی میکۆنووس تەواو ئەم پتانسیبیەلەی هەیە سەرلەنوێ بخرێتەوە گەڕ بە حوکمی ئەوەی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و لقی دەرەوەی سپای پاسداران وەک بکەری جینایەتی میکۆنووس لە لایەن سیستمی دادوەری فەرمی ئاڵمان وەک تاوانبار ناسێندراون.

ئەگەر کەسانێک وەک برۆنۆ یوست و ئەلێکساندر فۆن شتاڵ وەک دادستان بەبێ ڕەچاو کردنی ساتوسەودا و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئاڵمان لەگەڵ حکوومەتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت بە لە دەستدانی ئیش و کاریان و لەمانەش مەترسیدارتر مەترسی گیانی، بوێرانە تا بە ئەنجام گەیاندنی دۆسیەی میکۆنووس بۆ ساتێ نەوەستان، ئەوە سازدانی تیمێکی حقووقی بێسێودوو پێویستە بۆ سەرلەنوێ وەگەڕ خستنەوەی دۆسیەکە لە یەکێتی ئورووپا بۆ ئەوەی ئەم کەیسە ببێتە بنەمایەک بۆ داوای نارەوای بۆڕێل بۆ ئەوەی سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆرەوە. دیارە لە ڕووی یاساییەوە ئەم کەیسە داخراوە بەڵام بە حوکمی ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەها کردەوەیەکی تیرۆریستیان ئەنجام داوە، دەتوانێ هاندەری سیستمی داد بێ بۆ دەسپێکی پرۆسەیەکی مێژوویی.


ڕەنگە لێدوانەکانی نیکی هایلی باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات وەک بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ پاڵپشتیی وەها داوایەک زۆر کاریگەر بێ. ئەوەی دەمێنێتەوە دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی میکۆنووس بکاتە مۆتەکەیەکی ئەبەدی بۆ خەوزڕاندن لە چاوی کۆماری ئیسلامی. هازا گۆ و هازا مەیدان!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکەمین دیدارم لەگەڵ شەهید دوکتۆر سەعید و دواتریش



**مستەفا مەولوودی**

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا دوای ئەوەی بووم بە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە کاتی باس لە کوردەکانی دانیشتووی تاران (کردهای مقیم مرکز) ناوی دوکتۆر سادق شەرەفکەندیم دەبیست و باسیان دەکرد. دەیانگوت کوردەکان لە تاران کۆمیتەیەکیان دامەزراندووە و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی برای مامۆستا هەژار بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بوو. من زۆرم سەر لێ دەرنەدەچوو، بەڵام پێم باش بوو و زۆرم پێخۆش بوو کە دەمبیست کورد لە تاران، واتە لە ناوەندی ئێرانیش کۆمیتەیان هەیە.

لەپاش کۆنگرەی چوارەمی حیزب لەنێو ڕێبەریی حیزبدا ناوی دوکتۆر سەعیدم بەرگوێ دەکەوت بەتایبەت پاش جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی زۆر ناوی دوکتۆر سەعید بە تایبەت بە ناوی "سەعید بەدەل"م زیاتر دەبیست. زۆرجار لەنێو پێشمەرگەکاندا کە باسی شوێنەوار و کاریگەریی جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لەسەر حیزبی دێموکرات دەکرا، لەگەڵ ناوی دوکتۆر قاسملوو و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە (عەبدوڵڵا حەیاکی) ناوی دوکتۆر سەعیدیش دەهات کە پڕکار و

بەتوانا و وشیار و جیددی و خاوەن کاریگەری و شوێندانەرە. لەوەبەدوا ئەو ناوە بۆ من لە ناوە ئاشنا و دیارەکانی رێبەریی حیزب دێموکرات بوو بە تایبەت لە کۆنگرەی شەشی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا بێ ئەوەی لە نیزیکەوە ناسیبێتم و تەنانەت یەکجاریش دیتبێتم.

٢٣ی گەلاوێژی ١٣٦٣ی هەتاوی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر ناوچەی سەرشاخانی مەنگوڕایەتی، هێرشەکە زۆر بەربڵاو بوو. من لە کۆمیتەی شارستانی نەغەدە کارم دەکرد. ناچار بووین بۆ چەند رۆژێک پەڕیوەی ناوچەی گەورکایەتیی رەبەت بووین و لە دەوروبەری گەرۆر دەماینەوە و دوایە پەڕینەوە بۆ ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار و لە قەندیلەوە شۆڕ بووینەوە بۆ ناوچەکانی ئاکۆیاتی لە بناری چیای قەندیل و لە مووچەکانی گوندەکانی سینەمۆکە و سوورەگەل و ئەو دەوروبەرە جێگیر بووین. هێز و کۆمیتەکان بریتی بوون لە: کۆمیتەی شارستانی شنۆ و هێزی سمکۆ، کۆمیتەی شارستانی پیرانشار و هێزی قەندیل، کۆمیتە شارستانی نەغەدە و هێزی ئەفشین لەگەڵ پێرسێنێلی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ کە ئەوانیش لە "سەرشاخان" هەڵقەندرابوون و پەڕیوەی ئەو بنارانە ببوون.

دوای چەند رۆژێک خەبەرمان پێگەیشت کە دوکتۆر سەعید لە دەفتەری سیاسی لە "گەورەدێ" ڕا دێ هەتا لە نیزیکەوە لەگەڵ ئەو کۆمیتە و هێزانە قسە بکات بۆ ئەوەی دۆخەکە هەڵسەنگێنن و بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو هێزانە بدرێ بۆ ئەوەی کە چی بکەن و بەرنامە و پلانیان چی بێ و ئەو هێزانە دەبێ چ بکەن؟ کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژ یان سەرەتای مانگی خەرمانان رۆژێک کاک سەعید لەگەڵ شەهید محەممەد حەسەنپوور و چەند پێشمەرگە پەیدابوون. سەرەتا لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی شنۆ کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەدا زۆر بە جیددی قسەی کردبوو، و رەخنەی توندی لە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی شنۆ گرتبوو کە لە کاتی بەرپرسایەتیدا بە رێکوپێکی ئەرکی خۆی بەجێ نەهێناوە. بەتایبەت ناوی چەند پێشمەرگەیەکی هێنابوو کە ئەوانە خەتایەکی گەورەیان کردووە بەڵام کۆمیتەی شارستان سزای بۆ دیاری نەکردبوون. باسی لەوە کردبوو کە دەبێ ئەوانە بەتوندی سزا بدرێن. هەر دوای کۆبوونەوە سێ یان چوار پێشمەرگە کە لە خۆیان بەگومان دەبن ڕا دەکەن. خەبەرەکە لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاوبۆوە کە ئەوانە لەترسی سزای حیزبی کە دوکتۆر سەعید زۆر پێداگریی کردووە بۆ سزادانیان، ڕایانکردوە. دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی شنۆ لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی پیرانشار و هێزی قەندیل کۆ ببۆوە و رێنوێنی و پێشنیاری بە ئەوان دابوو کە پێویستە یارمەتی بکەن و ببن بە بەڵەد و چاوساغ بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی شنۆ و نەغەدە بۆ ناوچەی تێکۆشانی خۆیان بەتایبەت ناوچەی سەرشاخانی مەنگوڕایەتی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشان هات کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێمەش لە کۆمیتەی شارستانی نەغەدە پێکهێنا. لەپێشدا دەستخۆشانەی بە پێشمەرگەکان گوت کە لە ناوچەی سەرشاخان بەتایبەت لەندی شێخان شەڕی باشیان لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم کردووە. ئەوجار ڕووی لە ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەری هێز، کاک عومەر قەیتەران کرد کە دەبێ هێزەکان و هەموو ئەوانەی توانای هەڵسووڕانیان لە ناوچە هەیە بگەڕێنەوە ناوچەی تێکۆشانی خۆیان لەسەر شاخان و دەوروبەری نەغەدە. ئێمەش بێ یەک و دوو دەستووری ئەومان قبووڵ کرد. دیار بەبێ ئەوەش دوو ڕۆژ پێشتر بۆخۆمان بڕیارمان دابوو کە بگەڕێینەوە ناوچەی خۆمان، واتە ناوچەکانی سەرشاخان و نەغەدە.

هەروەک باسم کرد پێرسۆنێلی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ لەگەڵ ئەو هێزانە لەو شوێنە بوون. دوکتۆر سەعید پێیڕاگەیاندبوون کەلوپەلیان بپێچنەوە و خۆ کۆ بکەنەوە هەتا بەڵکوو بیانگوازنەوە بۆ لای دەفتەری سیاسی لە "گەورەدێ". کێشەکە ئەوە بوو بارەبەر بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی نەخۆشخانە و چەند نەخۆشێک کەم بوو، بەڵام لە دەوروبەری هێزەکانی پیرانشار، شنۆ و نەغەدە زیاتر لە ١٠ هەتا ١٥ ئەسپ و یەکسم هەبوون کە هی شەخسی و پێشمەرگەکان بوون. لە ئێوارەدا دوکتۆر سەعید بە نەخۆشخانە دەڵێ بۆ نەجووڵان و بارتان نەکردووە؟ ئەوانیش دەڵێن بارەبەرمان کەمە بۆیە نەڕۆیشتووین. ئەویش کە لە دەورووبەری شوێنی کۆمیتەی شارستان و هێزەکان ئەسپ و یەکسم و بارەبەری زۆر دەبینێ، دەڵێ ئەی ئەوانە چین؟ بۆ لەوانە کەڵک وەرناگرن؟ ئەوانیش دەڵێن ئەوە هی شەخسین، ئەویش دەڵێ خۆ لێرە ماڵ و چادری لێ نییە شەخسیی چی؟ دەڵێن وەڵڵاهی هی بەرپرسان و پێشمەرگەکانن، ئەویش تووڕە دەبێ و دەڵێ بچن هەموویان بێنن باریان بکەن و کەلوپەلی نەخۆشخانەی پێ بگوێزنەوە. هەر ئەوەندەمان دیت سرتوخورت پەیدا بوو بۆ ئەوەی ئەسپەکان بشارنەوە و وەبەر سۆغرە نەکەون بۆ گواستنەوەی کەل و پەلی نەخۆشخانە، بەڵام بەشی زۆریان هەر وەبەرکەوتن و بارگە و بنەی نەخۆشخانەیان پێ گواستنەوە بۆ سەر جادەی کورتەک.

بۆ شەوەکەی دوکتۆر سەعید لەوێ نەمایەوە و گەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی، منیش بۆ وەرگرتنی هێندێک کەلوپەل بۆ کۆمیتەی شارستانی نەغەدە و هێز لەگەڵ ناوبراو ببووم بە هاوسەفەری ناوبراو بۆ دەفتەری سیاسی. من لام وابوو ئەو ڕۆژە کە زۆری کار کرد، زۆر ماندوو بووە، بەتایبەت لەسەر دوو بابەت لە کۆمیتەی شارستانی شنۆ و لەسەر گواستنەوەی پەلی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ تووڕە بووە. بیرم دەکردەوە دەبێ سەفەر لەگەڵ ناوبراو چۆن بێ، بەتایبەت من پێشتر لەسەر تووڕەبوونی دوکتۆر سەعید شتم بیستبوو، بەڵام پێچەوانەی چاوەڕوانی یان لێکدانەوەی پێشوەختەی من زۆر قسە خۆش و شیرین و دەم بە پێکەنین بوو. ئەوە یەکەم دیداری کاریی من بوو لەگەڵ دوکتۆر سەعید لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە بناری قەندیل.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانەی دوکتۆر سەعید لە نیزیکەوە دەناسن یان ئاشنان بە نووسینەکانی و کار و چالاکی و پایەی زانستی و ڕادەی تێگەیشتن و وشیاریی ئەو جوامێرە، دەزانن هەر خوێندن و هەڵبژاردنی ڕشتەی خوێندنی و ئەو ئاستەبەرزەی لە خوێندندا (دوکتورا لە شیمی تەجزییەدا) وەدەست هێناوە، بۆخۆی گەواهی توانای عیلمی ناوبراوی نیشان دەدا. بۆیە من ناچمە سەر ئەو بوارە. ڕاستیی تواناشم نییە لەسەر ئەو بوارە بدوێم و قەزاوەتی لەسەر بکەم. هەر ئەوەندە دەڵێم هەر کەسێک کە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ کۆنگرەی ٩ خوێندبێتەوە کە بە قەڵەمی کاک سەعید نووسراوە، قووڵی و لێزانیی سیاسیی ناوبراوی لەبوار جۆراوجۆرەکاندا بۆ دەردەکەوێ. بۆیە من ئەوە بۆ شارەزایانی ئەو بوارە بەجێ دەهێڵم. زۆرتر دەپرژێمە سەر ئەو شتانەی کە بۆخۆم لە نیزیکەوە دیتوومن وچاوم پێیان کەوتووە و گوێم لێ بووە و شاهیدی ڕووداوەکە بووم.

هەمووومان لە هەڵسووڕی و پڕکاری و وشیاری دوکتۆر سەعید قسە دەکەین و جیددییەتی ناوبراو وێردی سەر زاری هەمووو هاوڕێیانە لە هەمووو ئاستەکانی حیزبدا. زۆر جاریش ئەو جیددییەتە دەگەیشتە ئاستی بێ سەبری و بێ تەحەموولیش. من لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا بە چەندین جار شاهیدی ئەوە بووم. بۆ ئەوە زۆر نموونەم هەیە، بەڵام من هەر یەک دوو دانەیان دەگێڕمەوە.

ساڵی ١٣٦٧ دوکتۆر قاسملوو ڕۆحی شاد بێ لە ئوورووپاوە گەڕابۆوە، وا بزانم پاییزێکی درەنگ یان زستانێک زوو بوو، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوو. دوکتۆر قاسملوو پاش لێکدانەوەیەکی وردی سیاسی و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچە بابەتی وتووێژی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی هێنایە بەر باس. بە تێگەیشتنی من دوکتۆر قاسملوو وای قسە دەکرد، زمینە و بوار بۆ وتوویژ لە باسەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا خۆش بکات و ڕەزامەندیی هاوڕێیانی ڕێبەری بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران وەربگرێ. لەڕاستیدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەت بەو سەردەم زۆر لەسەر قازانج و باشی وتووێژ و ئەنجامی وتووێژ قسەی کرد. دوکتۆر سەعید کە بابەتەکەی بەم جۆرە نەدەدیت یان باشتر بڵێم خوێندنەوەی وانەبوو، لەنێو قسەکانی دوکتۆر قاسملوودا بێ ئەوەی ئیزن لە دوکتۆر قاسملوو وەربگرێ بۆ قسەکردن هاتە دەنگ و لەنێو قسەکانی دوکتۆر قاسملوودا وەقسە هات و، گوتی: "باشە ئەگەر ئەو ڕێژیمە وایە ئێمە بۆ دە ساڵە شەڕی لەگەڵ دەکەین؟" ئەوجار لەسەر ماهییەتی ڕێژیم و سیاسەتی ڕێژیم هاتە دەنگ و بە وردی شیی کردەوە، کە لەو ڕێژیمە ئەوە چاوەڕوان ناکرێ کە دوکتۆر قاسملوو باسی دەکات. ئەوجار دوکتۆر قاسملوو فەرمووی "ڕاوەستە بێبەڵا بی، باسی زیانەکانی وتووێژ و ئیحتمالی سەرنەکەوتنیشی دەکەم". ئەوە نموونەیەکە کە بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە ئەو هاوڕێیە چەندە ورد و بە بڕشت و خاوەن نەزەرە. ئەوەم بە زۆری لە کاتی کاردا، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و لەکاتی کۆنگرەی ٩ی حیزبدا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتۆر سەعید دیتووە. من بۆخۆم ئەو هەڵسوکەوتەم پێباش نەبوو کە کاک سەعید ئاوا لەنێو کۆبوونەوەی ڕەسمی و لە جەمعی زۆردا هاتۆتە نێو قسەی هاوڕێیانی و وەک دەڵێن ڕووشکێنی کردوونەتەوە. تەنانەت ئەوە بۆخۆشم چەند جارێک هاتۆتەپێش بەڵام ڕاستی دوکتۆر سەعید ئەوەندە شوێندانەری و کاریگەریی لە حیزبدا هەبوو کە هەستت پێ نەدەکرد کەس لە قسەکانی نارەحەت بووبێ یان لێی بەدڵ گرتبێ.

ڕاستە دوکتۆر سەعید پێشمەرگە بوو، بەڵام من پێم شک نایە ڕۆژێک چووبێتە نێو سەنگەر بۆ شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ دوژمن، بەڵام بە شاهیدی زۆرکەس زۆر پیاوێکی ئازا و بەغیرەت بوو. زۆرباشم لەبیرە کە لەپاش کۆنگرەی ٩ لە دابەشکردنی کاری کۆمیتەی ناوەندیدا چاوەڕوان دەکرا کاک عەبدوڵڵا شەریفی یان من بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد وەربگرین. هەر کاممان بە هۆکارێک ئەو بەرپرسایەتییەمان وەرنەدەگرت. کاک دوکتۆر سەعید فەرمووی من دەچم، هەموو گوتیان جا چۆن وا دەبێ؟ شتی وا نابێ، فەرمووی بەڵێ زۆر باش دەبێ، دوو سێ ڕۆژان لەگەڵ پێشمەرگەکان دەچم بۆ شاخ و تەمرین دەکەم و پشتێندی لێ توونـد دەکەم و دەچم. هەڵبەت دوایە بەرپرسایەتیی ئەو کۆمیتە شارستانە بە کاک عومەر باڵەکی سپێردرا.

لەکاتی تەقینەوەی مینیبووسەکەی حیزب بەهۆی تێرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ی هەتاویدا لە ڕێگای نێوان گوندەکانی ئێنزێ بۆ بۆڵێ کە سێ پێشمەرگە شەهید بوون و زیاتر لە ٢٥ کەس بریندار بوون، منیش بریندار بووم و گەیاندیانمە نەخۆشخانەی حیزب. هێشتا دەرمان نەکرابووم، لەبەر ئەوەی برینداری لە من قوورستر زیاتر بوون، دوکتۆر و کادرەکانی دەرمانی خەریکی چارەسەریی ئەوان بوون. من چوونکە سەروچاوم بریندار ببوون هەموو گیانم خوێن بوو، گوێم لە دەنگی دوکتۆر سەعید بوو هات بۆ لامان کە گەیشتە لای من بەڕاست وەک باب و براگەورە و وەک ئەوەی کە خەبەری نزیکترین کەسانی خۆی بیستبێ کە تووشی ڕووداوی ناخۆش و قوورس بووبن، ئاوا لە باوەشی گرتم و لە وەزع و حاڵی پرسیم. عەرزم کرد کە باشم، بەڵام ئەو بە کوڵی گریانەوە فەرمووی "بەڕاستی هەر باشی یان لەبەر من وا دەڵێی؟" فەرمووی هیوادارم باش بی و بۆ چارەسەریتان هەرچی لە توانامانـدا بێ دەکەیـن. ئێوە نابێ لەدەست ئەو حیزبە بچن.

هەر ئەوە نەبوو، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بنکەی دەفتەری سیاسی لە "گەورەدێ" شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکان زۆر بەخەستی تۆپ و کاتیۆشاباران کرابوو و چەند ماڵ بەرکەوتن و چەند کەس بریندار ببوون. دوکتۆر سەعید لە شوێنی خۆی ڕا کە تا ڕادەیەک لەو شوێنە دوور دەبێ و ئەویش هەر تۆپباران دەکرێ، هەر لەکاتی تۆپبارانەکەدا بە هانای



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بریندارەکانەوە دەچێ و بەبێ سڵکردنەوە و ترس یارمەتییان دەدات هەتا بۆ نەخۆشخانە بەڕێیان بکەن. هەرچەند زۆر هاوڕێ داوا و تکای لێ دەکەن، بەڵام گوێ بە قسەکانیان نادات و تا کۆتایی هەر لەگەڵ بریندارەکان دەبێ و هاوکارییان دەکات.

دوکتۆر سەعید ناسراوە بەوەی کە پیاوێکی تووڕە و جیددی بووە. ئەوە ڕاستە و وا بوو، بەڵام بەڕاستی شیرین و دەم بە پێکەنین و زۆر عاتفی و لەبەردڵان بوو. هەر لەوکاتەدا لەسەر شتێکی حیزبی لە کەسێک تووڕە دەبوو بەڵام دوای چەند خولەک زۆر بە ڕووخۆشی دەیدواند و ڕاوێژی پێ دەکرد کە ئەوە بۆ خۆم رووی داوە و هاتۆتە پێش.

ئەبیووبی کوڕم منداڵێکی چوار ساڵان و ژیکەڵە و جوان بوو. لە کاتی تەقینەوەی مینیبووسەکەی حیزب لە نێوان گوندەکانی ئێنزێ و بۆڵی دەم و چاوی بریندار ببوو، و زۆر شێوابوو. پاش ئەوەی چەند جارێک بردمان بۆ لای دوکتۆر برینەکانی ساڕێژ بوونەوە بەڵام ئاسەواری برینەکان هەر بە ڕووخساریەوە دیار بوو. لەگەڵ دایکی باسمان کرد با بە منداڵی جوانکاری بۆ بکەین تا لە دوارۆژدا لەسەر دڵی نەبێت بە گرێ، بۆخۆمان هیچ مان شک نەدەبرد هەتا تێچووی جوانکارییەکەی دابین بکەین. ڕاستی منیش لەڕووم نەدەهات ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاک دوکتۆر سەعید و هاوڕێیانی دیکەی دەفتەری سیاسی بابەتەکە باس بکەم. پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر نامەیەکم بۆ کاک دوکتۆر سەعید نووسی و ئەویش بە نامەیەک وڵامی دامەوە. نامەکەم ئێستاش لەلایە. باوەڕ بفەرموون هیچ باوک یان برا گەورەیەکی بەرپرسیار ئاوا دڵسۆزانە نامە بۆ ئازیزەکانی نانووسێ کە چەندە بە هەستێکی پاکی برایانە نووسیبووی "ئەو منداڵە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات زۆر لە ئاسەواری بریندارییەکەی نەمێنێ بەڵام نیشانی دوکتۆری بدەن، چی پێویست بوو لەسەر تێچووی حیزب بۆی دابین دەکەین."

ڕاستی لەسەر ئەو شتانە و زۆر شتی دیکەی کاک دوکتۆر سەعید لە حیزبدا ئەگەر کات هەبێ دەتوانم بە دوورودرێژی قسە بکەم. لە کۆتاییدا دەڵێم بەڕاستی ئەو قسەیە تەواو لە جێگای خۆی دایە کە دەڵێن "دوکتۆر سەعید جێنشینێکی شایستە بوو بۆ جێگای ڕێبەرێکی شایستە (دوکتۆر قاسملوو)" هیوادارم کورد ڕێبەری ئاوا گەورەی زۆر تێدا هەڵکەوێ.


**ڕۆحی شاد و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئاوەدان بمێنێتەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## د.شەڕەفکەندی و مامۆستا هەژاری موکریانیی برای و "مەسەلەی ویژدان"



**قادر وریا**

د.قاسملوو چەند مانگێک بوو شەهید ببوو، د.شەڕەفکەندی کە پێش ئەو ڕووداوە جێگری سکرتێری گشتی بوو و بەکردەوە دوای تیرۆری د.قاسملوو، ئەرکەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی کەوتبووە سەرشان، لە پلینۆمی بەرینی کومیتەی ناوەندییدا، بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرابوو.

من ئەوکات ئەندامی ڕێبەریی حیزب نەبووم، بەڵام بەهۆی هاوکاربوونم لەگەڵ بەڕێزی لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی

**بەشی سێیەم**

"کوردستان" و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، هەتا چەند مانگ دوای هەڵبژێرانیشی بە سکرتێری گشتی، لە زۆربەی ئەندامانی ڕێبەری زیاتر، دەرفەتی دیتن و کۆبوونەوە و سوودوەرگرتن لە زانست و ئەزموون و بۆچوونەکانیم بۆ ڕەخسابوو. هەموو مانگێک لانیکەم دووجار وەک دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" کۆ دەبووینەوە و بەگوێرەی ئەو سووژە و پرسانەی دەبا لەسەرمان نووسیبان، هەروەها بەپێی ناوەڕۆکی ئەو وتارانەی بۆ ڕۆژنامە دەماننووسین و لە کۆبوونەوەدا، قسەمان لەسەر دەکردن، قسە و باسی جۆراوجۆر دەهاتنەگۆڕ. لەڕاستیدا، هەر یەک لەو کۆبوونەوانە، بۆ ئەمانان وەک کلاسێکی فێربوون وابوون.

هەر لەو ماوەیەدا کە د.شەرەفکەندی چەند مانگێک بوو ئەرک و بەرپرسایەتیی سکرتێریی حیزبی کەوتبووە ئەستۆ و، نیگەرانی لە ڕێککەوتنی دوو ڕێژیمی عێراق و ئێران و ئەگەری پێکهاتنیان لەسەر چۆنیەتیی لەنێوبردنی بزووتنەوەی کورد لەهەر دوو بەشی کوردستان هەبوو ، باسی نامەیەکی براگەورەکەی، مامۆستا هەژاری بۆ کردین. وتی کاک هەژار بۆی نووسیوم: سادق! دەزانم زۆر هەست بە قورسیی ئەو بەرپرسایەتییە دەکەی کە کەوتووەتە سەرشانت و زۆرت بەلاوە گرنگە کە لە عۆدەی بێیەدەر و تێیدا سەرکەوتوو بی. ئەو هەمووە نیگەرانییەی ناوێ، تەنیا یەک شتت بۆ گرنگ بێ، ئەویش ئەوەیە: ئەو شتەی لەم کاتەدا ویژدانت لێتی دەوێ، بیکەی. تۆ دەبێ بزانی کەم ڕێبەر و سەرکردە هەبوون هەموو ئەو شتانەی ئاواتیان بووە، بۆیان هاتبێتەدی، بۆیە گرنگ ئەوەیە ئەو شتەی ویژدانت لە ساتەوەختی مێژووییدا لێتی دەوێ، نەیخەیە ژێر پێ."(دیارە من وشەکانی مامۆستا هەژارم کە د.شەرەفکەندی بۆی باس کردین، یەک بە یەک لەبیر نین و ئەوەی گێڕاومەوە، کاکڵی ئەو قسانە بوو). بە هەڵسەنگاندنی خۆم دەتوانم بڵێم د.شەرەفکەندی بە تایبەتی لە پۆست و بەرپرسایەتیی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، خۆی شەرمەزاری ویژدانی خۆی نەکرد و ئەوەی بۆ سەربەرزیی حیزبی دیموکرات و بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێراندا بە پێویستی زانی و لە دەستی هات، خۆی لێنەبوارد. یادی بەرێز.

**"مەسەلەی ویژدان" ناوی چیرۆکێکی ئەحمەد موختار جافە و من بە ئەنقەست لە سەردێڕی ئەم بابەتەدا هێنام.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠٢٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

## پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی سی و دووهەمین ساڵیادی تێرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی




**هاونیشتمانیانی کوردستان!**

**٢٦ی خەرمانانی ئەوساڵ ٣٢ ساڵ بەسەر تێرۆری دوکتور سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات؛ فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە ئورووپا؛ هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان و نووری دێهکوردی، کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی و دۆستی حیزبی دێموکرات بە دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێ. شەوی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی دوکتور سادق و هاوڕێیانی لە شاری بێرلینی پێتەختی ئاڵمان دوای بەشدارییان لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لە لایەن دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و بە فەرمانی ڕێبەرانی تێرۆریستی تاران تێرۆر کران. ئەوان لە کاتێکدا درانە بەر دەستڕێژ، کە سەرقاڵی گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بە داهاتووی سیاسیی ئێران و تاوتوێکردنی ڕێگەکانی هاوئاهەنگیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە پێناو وەدیهێنانی ئازادی و دێمۆکڕاسیی بۆ گەلانی ئێران بوون.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوکتور سادق لە بارودۆخی دژواری دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا، ئەرکی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتە ئەستۆ و توانی نەک وەک میراتگری ڕاستەقینەی دوکتور قاسملوو خەباتی شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی خۆی درێژە پێ بدات، بەڵکوو شوێنپەنجەی تایبەتیی خۆیشی بەسەر بەڕێوەبەریی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمدا بەجێ بێڵێ. دوکتور سادق حیزبی دێموکراتی لەو شڵەژانە سیاسی و ئیدئۆلۆژییە پاراست کە بە دوای ڕووخانی دیواری بێرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش تووشی بزووتنەوە ڕزگاریخواز و چەپەکان ببۆوە.

دوکتور سادق وەک یەکێک لە بەرجەستەترین کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی خاوەن پێگەیەکی بەهێز بوو لەنێو چالاکانی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنی سەراسەریی ئێران، بەشێوەیەک کە لەو ماوە کورتەی ئەرکی سکرتێریی حیزبی دیمۆکراتی لە ئەستۆ بوو؛ هەوڵێکی زۆری دا لەپێناو کۆکردنەوەی لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەر ئەوەش یەکێک لەو هۆیانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بڕیاری تێرۆرکردن و سڕینەوەی بدا.

دوکتور سادق لە هەلومەرجێکدا ئەرکی ڕێبەریی حیزبی کەوتە سەر شان، کە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ناوچەیی و جیهانی ڕوویان دا بوو و کاریگەرییان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، ناوچە و جیهان دانابوو. کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتانەدا دۆخێکی نوێی هێنابووە ئاراوە کە بەردەوامیی تێکۆشانی پێشمەرگانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەورووی پرسیاری جیددی کردبۆوە و ئەو نیگەرانییەی لای تێکۆشەرانی کورد دروست کردبوو کە بۆ جارێکی دیکە شۆڕشی کورد ببێتە قوربانیی سات و سەودای وڵاتانی ئێران و عێراق. لەو هەلومەرجەدا دوکتور سادق بە هاوکاریی ڕێبەریی حیزب ڕۆڵێکی گەورەی لە پتەوکردنی بنەما سیاسی و شۆڕشگێڕییەکانی حیزبی دێموکرات گێڕا و ورە و ئیمانی حیزبی دێموکراتی بە بەردەوامیی خەبات لەپێناو داوا ڕەواکانی گەلەکەماندا بە بەرزی هێشتەوە.

دوکتور سادق لە وێژمانی سیاسیی خۆی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکاندا زۆر بە ڕاشکاوی پێداگریی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکردەوە و مەرجی حیزبی دێموکراتی بۆ چوونە نێو هەر هاوپەیمانەتییەک بە دانپێدانانی ڕەسمیی لایەنەکان بە مافە نەتەوەییەکان دەبەستەوە. دوکتور سادق لە پەنا گرنگیدان بە مەسەلەی نەتەوایەتی و خۆپاراستن لەو شەپۆلە بە تەوژمە سۆسیالیستییە جیهاننیشتمانییەی بەتایبەت لە دەیەی ٦٠ بەسەر کەشی سیاسیی کوردستاندا قورسایی دەکرد، بڕوامەندیی قووڵی خۆی و حیزبەکەی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی نەدەشاردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئۆگران و وەفادارانی ڕێگای شەهیدانی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ!**

تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەگەڵ ئەوەی زەبرێکی گەورە بوو لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دیمۆکرات بەتایبەتی و خەباتی گەلانی ئێران بۆ ئازادی درا، لە هەمان کاتدا بوو بە هۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار پەروەندەیەکی حوقووقی و قەزایی دژی کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە و تێیدا بە بڕیارێکی ئازایانە و بێوێنە، دادگایەکی ئورووپایی بەرپرسانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار بناسێنێ. کۆماری ئیسلامی بەر لە تیرۆری دوکتور سادق، زۆر کەس لە چالاکانی سیاسی و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی لە وڵاتانی ئورووپاییدا تیرۆر کردبوو، لە کاتێکدا سەبارەت بە هیچکام لەو تاوانانەدا بەرەوڕووی بەرپرسیارەتی نەکرابۆوە. بۆیە حوکمی دادگای میکۆنووس و بە تاوانبار ناساندنی ڕێبەرانی ڕێژیم لە هەر دوو ڕەهەندی سیاسی و حوقووقییەوە گرینگ و جێگای تێڕامانە و بە دەسکەوتێکی گەورە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازان دادەنرێت.

سەرەڕای دەسبەسەر کردن و سزادانی ژمارەیەک لە بکەران و پلاندارێژەرانی تیرۆری میکۆنووس، ئەو پەروەندەیە هەتا ئێستاش بە کراوەیی ماوەتەوە و بڕیاردەران و تاوانبارانی سەرەکیی ئەو تاوانە هەتا ئێستا سزای تاوانەکانیان وەرنەگرتوە. بەپێی حوکمی دادگا بڕیاری گرتن بۆ عەلی فەللاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات دەرچووە و ناوبراو نەک هەر هەتا ئێستاش لە بەردەم دادگا ئامادە نەبووە، بەڵکوو بەرپرسیارەتیی جۆراوجۆری لەنێو ڕێژیمدا پێ دراوە. لە لایەکی دیکەوە دادگا، خامنەیی (ڕێبەری مەزهەبیی حکوومەت)، ڕەفسەنجانی (سەرکۆمار) و ویلایەتیی (وەزیری کاروباری دەرەوە) وەک بڕیاردەرانی سەرەکیی تیرۆری میکۆنووس ناساندوە و ئەوەش وایکردوە لەڕووی قەزاییەوە پەروەندەی ناوبراوان لە دادگادا بە کراوەیی بمێنێتەوە و دادگا ئەرکدارە بەوەی لە کات و ساتی گونجاودا تاوانباران بکێشێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو پەروەندەیە یەکلا بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا هیواخوازین بە کاروتێکۆشانی هەمەلایەنە و لە هەلومەرجی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا جارێکی دیکە هەوڵەکان بۆ وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی مێکونووس و بە ئاکامگەیاندنی یەکجارەکیی بخرێتەوە گەڕ.

**خەڵکی خەباتکاری ئێران و کوردستان!**

بەهێزی و جیددیەتی حوکمی دادگای میکۆنووس، کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد تا ڕادەیەکی بەرچاو بۆ ماوەی چەندین ساڵ خۆ لە تیرۆری جیابیران و چالاکانی سیاسی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپا بپارێزێ. هاوکات پەروەندەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میکۆنــووس و حــوکمی دادگــا لەڕووی نێــودەوڵەتییەوە ئاســەواری جۆراوجــۆری لــێ کەوتەوە و کــاریگەریی لەســەر ڕادەی مەشرووعیەتی ڕێـژیم لە کۆمەڵگەی نێـودەوڵەتی دانـا. بـۆ یەکەم جـار دادگـایەکی بێلایەنـی ئوروپـایی ڕێبەرانـی ڕێژیمـی ئیسلامیی بە تـاوانبـار ناسـاند و ئەوەش ڕاستەوخۆ بە واتـای بـردنە ژێـر پرسیاری مەشرووعیەتی کـۆی سیسـتەمی سیاسیی ئێران بوو، بە شێوەیەک کە سەرجەم وڵاتـانی یەکیەتیی ئوروپـا دوای دەرچوونی بڕیـاری دادگـای میکۆنـووس باڵوێزەکـانی خۆیان لە تاران کشاندەوە. ئەم بڕیارە بە سزادانی کۆی حاکمییەتی سیاسیی ئێران دادەنرێ و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر پچڕانی پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمێکی نـابەرپرس و سەرەڕۆ کە دەستدرێژی کـردۆتە سـەر بەهـا جێگیرەکـانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان لە دەرەوەی دادگا، دەستێوەردان لە کاروبـاری نێوخۆیی و پێشێلکردنی سەروەریی دەوڵەتی ئاڵمان.

لەگەڵ ئەوەی سـات و سـەودای سیاسی و بـازرگـانیی وڵاتـانی ئوروپـایی لەگەڵ کۆمـاری ئیسلامی و گـرتنەبەری سیاسـەتی گفتوگۆی ڕەخنەگرانە بـووە هـۆی ئەوەی لە مـاوەیەکی کورتـدا بـاڵوێزەکانیـان بنێـرنەوە تـاران و پەیوەنـدییەکانیان ئـاسایی بکەنەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئاسەواری ئەو سزایانە وەک پاشخانێکی تـاریک لە مێژووی کۆمـاری ئیسلامیدا مـاوەتەوە و لە وێستگەی جیاوازدا کاریگەری لەسەر هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرانبەر کۆماری ئیسلامی دادەنێ.

جموجۆڵەکانی یەکیەتیی ئوروپا بۆ بە تێرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران، وەک بڕیـاری پـارلمـانی ئوروپـا بـۆ خستنە نێو لیستی تێرۆری ئەو یەکیەتییە و لێدوان و هەڵوێستی کۆمەڵێک لە وڵاتـانی ئوروپـایی لەو بـارەوە بەرهەمی لاسارییە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمەیە کە لە دادگای میکۆنووسدا بە ڕاشکاوی پێداگریی لەسەر کراوە.

کۆمـاری ئیسـلامی بە تێـرۆری ڕێبەرانـی حیزبـی دێمـوکرات بە تـایبەت دوکتـور قـاسملوو و دوکتـور شـەرەفکەندی نەک هەر نەیتوانی ئیـرادە و بـڕوای حیزبـی دێمـوکرات و گەلـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان لە خەبـات لە پێنـاو وەدیهێنـانی داوا ڕەواکانی لاواز بکا، بەڵکوو ئەویندارانی قاسملوو و شەرەفکەندی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێداگرتر و بە هەنگاوی پتەوتـر بەرەو ئامانجەکانیـان ڕێگـا دەبـڕن. بـزووتنەوەی جەمـاوەریی ژن، ژیـان، ئـازادی، نەورۆزی جامانەکـان و دووجـار بەدەنگەوەهـاتنی خەڵکی کوردستان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و سەرکۆماری لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئاماژەی بەهێـز و ڕاشکاوی لە وەفاداری بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی شەهیدی تێدا بەدی کرا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵیادی تێرۆری شەهیدانی میکۆنووس، بەتایبەت دوکتور سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری شوێندانەری خەباتی نەتەوەیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێداگری لەسەر بنەما نەگۆڕەکانی خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد دەکاتەوە و هیوادارە زۆر نەخایەنێ کە سەرانی ڕێژیمی تاوانکار و مرۆڤ کوژی کۆماری ئیسلامی لە دادگایەکی عادڵانەی گەلانی ئێراندا بە سزای تاوانە بێ سنوورەکان بگەن.

لە ٣٢ ساڵەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانیدا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکیان و ڕێزدەگرین لە خەبات و باوەڕیان بە ئازادیی گەلی کورد و باقی گەلانی ئێران.

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەهید د. شەرەفکەندی سەرکردەیەکی بەهێز بە دڵی زێڕین!




**حەسەن قارەمانی**

١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢، دکتۆر سادق شەرەفکەندی ، لە گە ڵ کا ک فەتاح عەبدۆلی، هۆمایون ئەردەڵان و وەرگێڕەکەیان نوری دێهکۆردی،لە میکۆنۆس لە بەرلینی ئەڵمانیا شەهید بوون. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەژاند و سەرنجی لەسەر تێوەگلانی ئێران لە تیرۆرە سیاسییەکانی دەرەوەی سنوورەکانی چڕکردەوە. تیرۆرکردنی دکتۆر سادق شەرەفکەندی لە بەرلین لە ١٧یسێپتامبری ١٩٩٢ خەسارێکی گەورە بوو بۆ حیزبی دیموکرانی کوردستانی ئێران و کورد بە گشتی.

دکتۆر سادق شەرەفکەندی دە ڵی دەبێ شانازی بە خۆمان بکەین کە کوردین،خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتێکی پیرۆز و ڕەوایە . کەواتە هیچ کەس ناتوانێ لە ئێران خۆی بەسەر کورد دا فەرز بکات.

دوکتور شەرەفکەندی لە پێوەندی لە گەڵ «مافی دیاریکردنی چارەنووس» و «مافی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد لە

چوارچێوەی کیانێکی سەربەخۆی کوردی»دا لە سەردەمێکی بڤەدا ئازایانە و بە ڕاشکاوی قسەیان لە سەر دەکا و، هیچ تەوژم و هێرشێکی فکریی بەرەکانی نەتەوەپەرەستی فارس و چەپی کلاسیکی دژ بە نیشتمانپەروەری ناتوانن لە باوەڕەکانی پاشگەزی بکەنەوە. د. شەرەفکەندی کاتێک باسی لە مافی کورد بۆ خۆبەڕێوەبەری و مافە نەتەوەییەکانی کرد، بە ورە و ڕاشکاوییەکی زۆرەوە ئەم باسە بە ڕاشکاویی لەگەڵ فارسەکان و چەپی کلاسیکی شی دەکردەوە.

د. شەرەفکەندی پێی وابوو شەڕی مافەکانی کورد هەم ئەرکێکی ئەخلاقییە و هەم ئەرکێکی سیاسییە. ئەو بە قووڵی قەناعەتی بەوە هەبوو کە هەر نەتەوەیەک مافی ئازادی و چارەی خۆنووسینی هەیە، بۆ ئەو تەنیا بابەتی سیاسەت نەبوو، بەڵکو بابەتی دادپەروەری و کەرامەتی مرۆڤیش بوو. ئەو بە توندی پێی وابوو کورد وەک گەلانی دیکە مافی خۆیەتی بڕیار لە داهاتووی خۆی و کاروباری خۆی بدات.

د. سادق شەرەفکەندی بەهۆی پێشینەی ئەکادیمی وبە تایبەتی دکتۆرای لە کیمیادا، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ژیانی سیاسیدا. کیمیا فێری وردبینی و بیرکردنەوەی سیستماتیک و توانای شیکردنەوەی بارودۆخە ئاڵۆزەکان دەکات. ئەم توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و سیستماتیکی د. سادق شەرەفکەندی وای کرد کە بە لێهاتووییەکی زۆرەوە لە دیمەنە سیاسییە ئاڵۆزەکانی ئێران و کوردستاندا جێگەیەکی بەرزی هەبی تێڕوانینێکی قووڵ لە ئاست ئاڵنگارییەکان.

د. سادق شەرەفکەندی تەنها تیۆریستێکی لێهاتوو نەبوو، بەڵکو ڕێبەرێکی پراگماتیک بوو کە دەیتوانی بیرۆکەکان بگۆڕێت بۆ کردار. دیسیپلینی زانستی یارمەتی د. سادق شەرەفکەندی دا کە ستراتیژییەکان پەرەپێبدات و هەم جێبەجێیان بکات، ئەمەش وایکرد سەرمایەیەکی بە نرخ بێت بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بیری نەتەوەیی لە بیروباوەڕی شەهید شەرەفکەندیدا ئەوەندە چەسپاو و جێگیر بوو ،کە دەسکەوتەکانی خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەی لە هەر بەشێکی کوردستاندا با، بە هی خۆی و بە گشتی بە ئی میللەتەکەی دەزانی.

د. سادق شەرەفکەندی سەرکردەیەکی بەهێز و خاوەن دڵێکی زێڕین، تێکەڵەیەکی دەگمەنە کە مرۆڤ نەک هەر بە دەسەڵات و ئیرادەی سەرسام بێت، بەڵکو بە قووڵی خۆشەویستی خەڵک بێت. کاتێک باس لە سەرکردەیەکی لەو شێوەیە دەکەین، کەسێک لە خەیاڵماندا دێتە بەرچاو کە نەک تەنها بە دەستێکی پتەو بەڵکو بە دڵێکی لاواندنەوە حوکمڕانی دەکات، کە لە پێداویستی و مافەکانی هەر تاکێک تێدەگات و بەهای پێدەدات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکردەیەکی بەهێز وەک د. سادق شەرەفکەندی توانای ئەوەی هەیە کە بەناو دۆخەکاندا بڕوات، بڕیار بدات کە ڕەنگە ناڕەحەت بێت بەڵام پێویست بێت . کەسێکە بەرگەی ناخۆشی بگرێت و هێشتا سەری بەرز ڕابگرێت، ئیلهام بەخشە بۆ ئەوانی تر. بەڵام ئەوەی سەرکردەیەکی لەو شێوەیە لە کەسانی دیکە جیا دەکاتەوە، تەنیا هێز نییە بەڵکو ئەو کەسایەتییە کە کردەوەکانیان دەگرێتەوە. "دڵی زێڕین" .سەرکردەیەکی دڵی زێڕین کە لەگەڵ کۆمەڵگاکەیاندا پەیوەندی دەکات، گوێ لەو دەنگانە دەگرێت کە ڕەنگە نەبیستراو بن و بە تێگەیشتنێکی قووڵەوە لەو ئاڵنگاری و خەونانەی کە گەلەکەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە مامەڵە دەکات. ئەو جۆرە سەرکردانەن کە نەک هەر حوکمڕانی دەکەن بەڵکو خزمەت دەکەن، کە سەرکردایەتی خۆیان بە دەرفەتێک دەبینن بۆ ئەوەی ئایندەیەکی باشتر بۆ هەمووان دروست بکەن.

یەکێک لە بنەما هەرە بنەڕەتیەکانی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی سەرکەوتوو ئەوەیە کە دەبێت خەڵک خۆی خاوەنداریتی بکات و بەڕێوەی ببات. ئە مە تە نها هە ڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی نییە ، بە ڵکوو پێویستییە ک بۆ مسۆگە ڕکردنی بە ردە وامبوون و شە رعیە تی بزوتنە وە کە . مێژوو پڕە لە نموونە کە ئەو بزووتنەوەیانەی کە پشتیوانی گەلیان نەبووە شکستیان هێناوە، لە کاتێکدا ئەوانەی سەرکەوتوو بوون لە کۆکردنەوەی جەماوەردا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە. ئەم بیرۆکەیە ناوەندی خەباتی کورد بۆ چارەی خۆنووسین لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

د. شەرەفکەندی لەسەر جەوهەری ئەم بیرکردنەوە بوو، "هیچ بزووتنەوەیەک سەرکەوتوو نابێت، تا گەل بە هی خۆی نەزانێت". بۆ شەرەفکەندی ڕوون بوو کە بزووتنەوەیەک بەبێ بەشداریی کارا و تیوەگلانی خەڵک مەحکومە بە شکستە. ئەو تێگەیشت کە بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک شانسی ڕاستەقینەی سەرکەوتنی هەبێت، دەبێت ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە ئیرادە و خواستی خەڵکدا داکوتێت. ئەم ڕوانگەیە تەنیا تیۆری نەبوو، بەڵکو پراکتیکی و ستراتیژی بوو؛ کلیلی بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی بەردەوام بوو کە بتوانێت بەرگەی ئەو ئاڵنگاری زۆرانە بگرێت کە خەباتی کورد ڕووبەڕووی بووەتەوە.

د. شەرەفکەندی زۆر زیاتر بوو لە تەنها سەرکردەیەکی سیاسی؛ هێمای سۆز و خۆشەویستی قووڵ بوو بۆ گەلەکەی. شێوازی سەرکردایەتیکردنی بە دەسەڵاتی ڕەها یان بەدواداچوونی شکۆمەندی کەسی تایبەتمەند نەبوو، بەڵکو قەناعەتێکی قووڵ بوو کە ئەرکی سەرەکی سەرکردە خزمەتکردن و گوێگرتنە لە خەڵک. د. شەرەفکەندی کەسایەتییەکی بوو لە گرنگی ئامادەبوون لە نێو خەڵک و تێگەیشتن لە نیگەرانییەکانیان و مامەڵەکردن لەسەر پێداویستییەکانیان گەل. ئەمەش وای لێکرد کە کەسایەتییەکی خۆشەویست و ڕێزدار بێت لە نێو کورددا لە نێو حیزبی دێموکرات، کە وەک یەکێک لە کەسایەتییەکانی خۆیان دەیبینن، کەسێک کە هەمیشە بەرژەوەندیی گەلی پێش بەرژەوەندییەکانی خۆی دانابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکردایەتی د.شەرەفکەندی بە باشترین شێوە لە ڕێگای ئەو باوەڕە پتەوەی کە هێزی سەرکردە لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت. باوەڕی بە سەرکردایەتیکردن نەبوو لە ڕێگەی ترس یان زۆرەملێ، بەڵکو بە دروستکردنی متمانە و دڵسۆزی لە ڕێگەی کارێکەوە کە بە ڕوونی پابەندبوونی خۆی بە خەڵک نیشان دەدا. ئەم ڕوانگەیە وای لێکرد نەک هەر سەرکردەیەکی کاریگەر بێت، بەڵکو د. شەرەفکەندی کرد کەسایەتییەکی خۆشەویست و ڕێزدار لە نێو حیزبی دێموکرات.

## د. سادق شەرەفکەندی، تێڕوانینێکی قووڵ لە ئاست ئاڵنگارییەکان هەبوون لێرەدا بە کورتی چەندلایەنی تێڕوانینێکی قووڵی د. سادق شەرەفکەندی ئاماژە دەکەین:

### *زەمینە و ئاڵنگارییەکانی خەباتی کورد:

خەباتی ئازادیخوازی کورد هەمیشە پڕ بووە لە تێئاڵنگاری ناوخۆیی و دەرەکی. گەلی کورد کە لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبووەتەوە، چەندین سەدە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و پەراوێزخستن بووەتەوە. سەرەڕای ئەمەش خەباتیان بۆ چارەنووس و دادپەروەری هەرگیز کۆتایی نەهاتووە.

یەکێک لە گەورەترین ئاڵنگارییەکانی خەباتی ئازادیخوازی کورد دابەشبوونی ناوخۆ بووە. کورد گەلێکی هەمەچەشنە و خاوەنی تێڕوانینی سیاسی و بیروباوەڕی ئایینی و پاشخانی کولتووری جیاوازە. ئەم فرەچەشنییە هەندێک جار بووەتە هۆی دووبەرەکی لە ناو بزووتنەوەی کورددا، توانای لاوازبوونی ئەوان بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرانەی ئەو ستەمانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. شەرەفکەندی گرنگی تێپەڕاندنی ئەم جیاوازییە ناوخۆییانە و کارکردن بۆ یەکگرتوویی ناسی. داکۆکیکارێکی سەرسەختی دیالۆگ و هاوکاری لە ناو بزووتنەوەی کوردیدا بوو.

### *د. شەرەفکەندی و قاسملوو میراتێکی هاوبەش:

د. شەرەفکەندی و د. عەبدولڕەحمان قاسملوو باوەڕێکی قووڵیان بە ڕۆڵی ناوەندیی گەل لە خەباتی ئازادیدا هەبوو .د. قاسملوو کە یەکێک بوو لە ڕاهێنەر و پێشینەکانی شەرەفکەندی، زۆرجار جەختی لە گرنگی بەهێزکردنی متمانە بەخۆبوون و یەکگرتوویی خەڵک وەک کلیلی سەرکەوتن دەکردەوە. ئەو پێی وابوو ئەگەر کورد بتوانێت بەسەر ترسی خۆیدا زاڵ بێت و متمانەی بە هێزی خۆی هەبێت، ئەوا دەتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە و هەر بەربەستێک کە لە ڕێگای خۆیدا بخرێتە سەری.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

د. شەرەفکەندی ئەم فێرکارییەی بە دڵی گرت و کردی بە بەردی بناغەی سەرکردایەتی خۆی. ئەو تێگەیشت کە کورد سەرەڕای هەموو ئاڵنگارییەکانی، هێزێکی سروشتی هەیە کە دەتوانرێت کۆبکرێتەوە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری ڕاستەقینە. ئەو کاری کرد بۆ بنیاتنانی بزووتنەوەیەک کە هەم بەهێز بێت و هەم خۆڕاگر بێت، بزووتنەوەیەک کە بەرگەی ئەو تاقیکردنەوە زۆرانە بگرێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. باوەڕی بە دەسەڵاتی گەل بێ، هەر ئەم باوەڕە بوو کە پاڵی پێدەنا بەردەوام بێت لە شەڕکردن، تەنانەت لە سەختترین بارودۆخیشدا.

## *دەسەڵاتی گەل کلیلێک بۆ سەرکەوتن:

هەردوو د. شەرەفکەندی و د. عەبدولڕەحمان قاسملوو جەختیان لە گرنگی هێزی گەل وەک فاکتەری چارەنووساز لە خەباتی ئازادیدا کردەوە. ئەم چەمکە تەنها بیرۆکەیەکی تیۆری نییە، بەڵکو کاریگەری ڕاستەقینەی هەیە لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی بزووتنەوەیەک. لە تێکۆشانی ئازادیخوازی کورد، کە گەلی کورد چەندین سەدە ڕووبەڕووی زوڵم و چەوساندنەوە بووەتەوە، زۆر گرنگە هەست بە بەشێک لە خەبات بکات و دەنگی ببیسترێت.

هێزی گەل تەنیا لە ژمارەیانەوە نییە، بەڵکو لە ئیرادە و یەکگرتوویی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت. د .شەرەفکەندی و د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بە هاندانی کۆمەڵگا و هاوکاری، هەستێکیان دروست کرد کە هەر تاکێک بەشێکی گرنگی کۆیەکی گەورەترە. ئەمەش نەک هەر پاڵنەرێکی بە خەڵک بەخشی بۆ بەردەوامبوون لە خەبات، بەڵکو متمانەی بە خەڵک بەخشی کە باوەڕیان بەوە هەبێت کە بەڕاستی دەتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن.

نموونەیەکی ڕوونی ئەم پرەنسیپە ئەوەیە کە هەرێمی فیدراڵی ئۆتۆنۆمی کورد لە عێراق چۆن پەرەی سەندووە. سەرەڕای ئاستەنگە زەبەلاحەکان، لەوانە سەرکوتی سەربازی، گەمارۆ ئابوورییەکان و فیتنەی سیاسی، کورد توانیویەتی هەرێمێکی تاڕادەیەک سەقامگیر و خۆبەڕێوەبەری بنیات بنێت. ئەمەش بەبێ پشتیوانی و پابەندبوونی بەهێزی خەڵک نەدەکرا. ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شەرەفکەندی چەندە ڕاست بوو لە شیکردنەوەیاندا کە چی پێویستە بۆ بزووتنەوەیەکی سەرکەوتوو.

## *ئاڵنگارییەکانی خەباتی کورد:

سەرەڕای یەکڕیزی و ئیرادەی بەهێزی نێو خەڵک، تێکۆشانی ئازادیخوازی کورد بەرەوڕووی ئاستەنگ و ئاڵنگاری یەکجار زۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بووەتەوە. سەرکوتی حکومەت و دابەشکاری ناوخۆیی و پارییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان هەموویان بەشداربوون لە ئاڵۆزکردنی دۆخەکە. بەڵام کورد بە پابەندبوون بەو پرەنسیپە کە دەنگی گەل گرنگترین فاکتەرە لە هەر بزووتنەوەیەکدا، توانیویەتی بژی و درێژە بە خەباتی ئازادی بدات.

یەکێک لە دیارترین ئاڵنگارییەکانی حوکمڕانی بەردەوامی ئەو حکومەتانە بووە کە حوکمڕانی ئەو وڵاتانە دەکەن کە کورد تێیدا دەژی. لە عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا، کورد بە شێوەیەکی سیستماتیکی مافە سەرەتاییەکانی لێ زەوت کراوە و زۆرجاریش کەوتۆتە بەر ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانەی توندوتیژی. ئەمەش وایکردووە بزووتنەوەی کوردی بە ئاشکرا ڕێکخستن و ڕەفتارکردن زۆر قورس بێت.

د. شەرەفکەندی لە خەباتی ئازادیخوازی کورددا بە گرنگیدان بە یەکڕیزی و متمانە بەخۆبوون و پابەندبوونی خەڵک، بناغەی تێکۆشانێکی داناوە کە ئەمڕۆش وەک چۆن لە سەردەمی خۆیاندا پەیوەندیدارە.

لە جیهانێکدا کە زۆرجار بزووتنەوە سیاسییەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە دەبنەوە، وانەکانی سەبارەت بە دەسەڵات و گرنگی خەڵک لە هەموو کاتێک گرنگترە. بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەک بمێنێتەوە و سەرکەوتوو بێت.

خەباتی کورد زۆر دوورە لە کۆتایی، بەڵام بە میراتگرانی سەرکردەکانی بناغەیەکی پتەوی هەیە کە لەسەری بوەستێت. قسە و کردەوەکانیان بەردەوام دەبێت لە ئیلهامبەخشین بۆ نەوەکانی داهاتووی کورد لە هەوڵەکانیان بۆ دادپەروەری و ئازادی.

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، بزووتنەوەی کورد خۆڕاگرییەکی سەرنجڕاکێشی نیشانداوە. کورد بە تیشک خستنە سەر هێز و گرنگی گەل، سەرکەوتوو بووە لە کۆکردنەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوان لە خەباتی چارەنووسی خۆیدا.

د. سادق شەرەفکەندی تەنها تیۆریستێکی لێهاتوو نەبوو، بەڵکو سەرکردەیەکی پراگماتیک بوو کە دەیتوانی بیرۆکەکان بگۆڕێت بۆ کردار. ناخۆشی و سەختی لەبەردەم هێز و ئیرادەی نەبڕاوەی خەڵکدا دەتوێتەوە. کوردستان بە باوەڕی چەسپاوی بۆ ئازادی، وەک سیمبولی خۆڕاگری دەوەستێت، نەوەی نوێ ئازایە پڕ لە هیوا و ئیرادەن، هەموو ئاستەنگەکان تێدەپەڕێنێت و بەسەر مەحاڵدا سەردەکەوێ. لە مێژوودا ئەم جۆرە سەرکردانە زۆرجار بوونەتە ئەفسانە، یادەوەرییان نەک تەنها بەهۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

ئەو گۆڕانکاریانەی کە هێنایانە ئاراوە، بەڵکو بەهۆی ئەو خۆشەویستی و ڕێزەی کە ئیلهامبەخش بوون، بە زیندووی ڕاگیراوە.

کەواتە با بەردەوام بین لە خەبات و هیوا و لە ئاست میراتی سەرکردە خۆشەویستەکانماندا قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی، تیشکی خۆرمان هەرگیز ئاوا نابێت، ئێمە سەردەکەوین. هەرنەتەوەیەک رێبەری بەورە وئیمانی هەبێ و پێداگر بێت لەسەر بەڵێنی یەکانی بۆ گەل و وەفاداری بۆ شەهیدان، ئەستەمە بەچۆک دابێ

**سڵاو لە ڕەوانی کاک سەعید، کاک همایون ئەردەڵان، کاک فەتاح عەبدولی و، کاک نووری دێهکوردی.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێبەرێک لە ڕەگەزی باوەڕ و کردار




**شەماڵ تەرغیبی**

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان، ڕۆژێکی تاڵە لە کۆنەستی نەتەوەی کورددا. لەو ڕۆژەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وەبەر پەلاماری ئازادیکوژانی جەماران کەوت و میداڵیای شەرەف و شانازی لە مل کرد. بێگومان باسکردن لە کەسایەتی و جێگە و پێگەی شەهید د.سەعید شەرەفکەندی هەم لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا و هەمیش لە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی کوردستان و هەمیش لە نێو ڕیزی ئازادیخوازانی ئێران پێویستی بە لیکۆڵینەوەی ورد و ڕەگە دەیان سیمیناری تایبەت هەبێ بەڵام لیرەدا هەوڵ دەدرێت گۆشەیەکی هەرچەند بچووک لە کاریگەرییەکانی کاک سەعید بخرێتە ڕوو؛ ئەویش باوەڕمەندبوون و بەهەڵوێست بوونی کاک سەعیدە.

سەردەمی سکرتێری د.سەعید شەرەفکەندی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا(١٣٦٨ - ١٣٧١) سەردەمێکی زۆر هەستیار هەم لە ئاستی ناوچەیی و هەم لە ئاستی جیهانیدا بوو. هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان بەهۆی کۆتاییهاتنی شەڕی سارد تووشی گۆڕانکاری هاتبوون و جیهان بەرەو ئاقارێکی نوێ هەنگاوی دەنا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگومان حیزبی دێموکراتیش وەکوو رێکخراوێکی سیاسی و چالاک لەو کاتەدا بێبەش نەبوو لە شوێنداری ئەم گۆڕانکارییانە لە سەر رەوتی چالاکی و تێکۆشانی خۆی و دەبووا بە چەشنێک خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا رێک بخستبایە. ئەوەیکە هەر لەو ساتەوەختەدا روون بوو ئەو ڕاستی و کەتوارە بوو کە بەردەوامبوونی رێکخراوەکان پێوەندی ڕاستەوخۆی بە دەسەڵاتی ساغکردنەوەی ئەوانەوە هەبوو کە ئەم ساغکردنەوەیەش لە ڕێگەی هاوئاهەنگ کردنی ئامانجەکان لەگەڵ دۆخی رۆژ و چاکسازی و ریفۆرمی شێواز و مێتۆدەکانی وەدیهاتنی ئەم ئامانجانەوە جێبەجێ دەکرێت.

لێرەدا بۆ تێگەیشتنی وردتر لە تواناییەکانی د.سەعید پێویستە ئاوڕێکی هەرچەند کورت لە بارودۆخی زاڵی ئەو سەردەمە بدەینەوە و وێنای بکەین:

دوای شەهیدکرانی د.قاسملوو و هاوڕێیانی، ئەرکی سکرتێریی حیزب بە د.سەعید سپێردرا؛ هەر ئەمەش وای کردبوو کە د.سەعید ئەرکێکی زۆر دژوار بکەوێتە سەر شانی؛ ئەرکی ڕێبەریی کردنی بزووتنەوەیەک کە پێشتر د.قاسملوو پێشڕەوی بوو. لەو هەلومەرجە تازەدا کە باس کرا، جەمسەری رۆژهەڵات(کۆمۆنیزم) بەرەو رووخان و هەرەسهێنان دەڕۆیشت و وڵاتانی ئورووپای رۆژهەڵات تووشی گۆڕان ببوون؛ دیواری بێرلین ڕووخا. شەڕی ئێران و عێراق کۆتایی پێهات؛ ڕێژیم هێزەکانی خۆی بۆ شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە تەیار کردووە. حیزب تووشی خەسارێکی گەورە بووە و کەڵەپیاوی کورد و ڕێبەرێکی لێهاتوو و زانای لە دەست داوە. قەیرانەکان یەک لە دوای یەک و لە سەردەمی سکرتێری د.سەعیددا بەرۆکی حیزبیان گرتووە و ڕێبەرایەتی حیزب و رێبەری بەئەمەگی گەل و حیزب دەبێت حیزب لەم دۆخە هەستیار و ئەستەمە دەرباز بکات.

هێندێک جار سەرهەڵدانی قەیرانێک دەتوانێت بە گشتی کونترۆڵی کاروبارەکان لە دەستی بەڕێوەبەران و ڕێبەران دەربهێنێت. هەر بۆیەش بۆ رێبەر و رێبەرایەتی، مەسەلەیەک کە دێتە ئاراوە مەسەلەی کارگێڕیی قەیرانەکانە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئیرادە، لێهاتوویی و توانایی ڕێبەر و ڕێبەرایەتییەک بۆ ئەم مەبەستە. بێگومان قەیرانەکان چوونکە بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو سەرهەڵدەدەن کۆمەڵێک ئاسەواری ئاشکرا و شاراوەیان بە دواوە هەیە. هەر بۆیەش ڕێبەرێک دەبێت لەم هەلومەرجانەدا بتوانێت و تێبکۆشێت کە رێکخراو لە دۆخێکی باشدا رابگرێت. لێرەدا ئەو پرسیارە بەرجەستە دەبێتەوە کە لەم دۆخەدا کاک سەعید چی کرد؟ وەک خۆی لە وتارێکدا بە ناونیشانی "بۆ خەبات چ زۆرە؟ ڕێگا!" کە لەڕاستیدا نێوەرۆکی ئەو وتارە سەرچاوەگرتوو لە مانیفێستی فکری کاک سەعید بوو دەردەکەوێ کە بەرێزیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرفتەکانی بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگادا بوو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لای ئەو خەبات و شۆڕش، بنەمای سەرەکی و نەگۆڕە. بەڵام میتۆد و ڕێکارەکان، نەک پیرۆز نین، بەڵکوو بگۆڕن و پەیوەندییان بە شوێن و کاتەوە هەیە. دۆزینەوەی ڕێکاری نوێ لای کاک سەعید دوو پێشمەرجی گرینگی پێویستە، ئەوانیش بریتین لە زانست و ئیرادە بۆ رزگاری.

راستیەکان و بەڵگەکان باس لە کارامەیی و لێهاتوویی و کارگێڕیی بەرزی د.سەعید و دڵسۆزی و لەخۆبردوویی لە رادەبەدەری لەو سەردەمەدا دەکەن.

**بێگومان د.سەعید بە هۆی دوو تایبەتمەندی تایبەتەوە کە بۆ ڕێبەر و بەرپرسی ڕێکخراوێک دوو فاکتەری سەرەکین توانی لەو بارودۆخەدا سەربەرزانە بەسەر کێشەکاندا سەربکەوێ.**

**یەکەم**. زانایی ولێهاتوویی و زانستە(خوێندەوارێکی خاوەن بڕوانامەی دوکتورا لە پاریس و قوتابیەکی مامۆستای نەمری د.قاسملوو)،

**دووهەم**. ئیرادەیەکی پتەو بۆ ڕزگاری و باوەڕێکی قوڵ بە ڕێبازەکەی کە ڕێبازی شەهیدانی پیش لە خۆی وەک پێشەوا و د.قاسملوو بوو.

ئەم دوو فاکتەرە سەرەکیە بوونە هۆی ئەوەیکە ئەو بتوانێت لەو سەردەمە دژوارەدا دەوری ڕێبەرێکی لێهاتوو بگێڕێ. بێگومان هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر چالاکی و تێکۆشانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ هەیە و دەتوانن هەم لەمپەرێک بن لە سەر ڕێگا و هەم دەرفەتێک بن بۆ سەرکەوتن. هەر بۆیەش هەمیشە دەبێت ڕێکخراو و بە تایبەت ڕێبەرییەکەی کۆمەڵێک پلان و بەرنامەی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا بێنە ئاراوە و ڕێبەری دەبێت ئامادەیی بەرەوڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو ڕووداوانەی هەبێت. ئەوەی کە دوکتور سەعید بە کردەوە و بڕیارەدانی بوێرانە و جیددیەتی سەلماندی کە ئەو ڕێبەری سەرکەوتووی ڕۆژە قەیراناوییەکانە.

کاک سەعید لە خشتەی ڕێبەرانی جیهاندا بە کردەوە پەیڕەوی لە مێتۆدێکی تایبەتی کارگێڕی و بەڕێوەبەری کردووە؛ ئەم مێتۆدە بریتی بووە لە "ڕێبەری کردنی بەکردەوە" واتە لە زەینی ئەودا چوارچێوەی ڕێبەریکردن بریتییە لە پێناسەکردنی ئامانجەکان، دیاریکردنی ئاسۆی ڕێکخراو، ڕێکخستنی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە ئەرک و بەرپرسایەتی، قۆناغبەندکردن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یان پارتینشێنبەندکردنی ڕەوت و سیستەم و کەرەستەکان و سەرچاوەکان، و دواتر بە پێی ستراتژی، دارشتنی تاکتیک و پەیڕەوکردنی ستاندارد و نۆرمەکان و دواجاریش چاودێریکردنی پرۆسەکان و هەڵسەنگاندنیان.

د.سەعید وەکوو ئاکادیمیسییەنێکی زانستی پایە، خاوەن ئاوەز و عەقلێکی بە دیسیپلینکراو بووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە دیسیپلین و نەزمی لای ئەو یەکێك لە فاکتەرەکانی بەهێزبوون و بەرۆژبوون بێت هەر بۆیەشە کە دەبینین لە سەردەمی سکرتێری ئەودا یان ئەودەمەی کە بەرپرسی دەزگایەکی گرینگی وەک ڕادیۆی حیزب بووە ئەم ڕادیۆ کاروباری ڕۆژانەی خۆی سیستماتیک بەڕێوە بردووە و توانیویەتی لە سەختترین دۆخەکاندا پەیامی خۆی بە گوێی خەڵک بگەیەنێت کە لەو کاتەدا تەنیا ڕێگای پێوەندی خەڵک و حیزب بووە.

جیا لەمە کاک سەعید چونکە پێش لە پەیوەستبوون بە شۆرش پیشەی مامۆستای لە ئاستی باڵادا هەبووە وەک مامۆستایەک بۆ سیاسەتی ڕوانیویە و هەمیشە ڕوانگەی پەروەردەیی، بە سەر سیستمی فیکریدا زاڵ بووە؛ هەر ئەمەش وای کردووە کە لە کاتی کاری ڕۆژانەیدا وەک هاوڕێیانی دەڵێن نەخشی مامۆستایەکی گێڕاوە و سەرقاڵی ڕاهێنانیش بووە.

دوکتور سەعید ڕێکخەرێکی بێ وێنەبوو لە سەردەمی سکرتێری خۆیدا. ئەو بە باشی لەوە تێگەیشتبوو کە بۆ دەربازبوون لەو دوخە پێویستی بە ئیرادە وتوانایی ویەکگرتوویی گشت ئەندامەکانی حیزبە و هەر بۆیەش شێواز و مێتۆدێك بۆ ڕێبەری کردن هەڵدەبژێرێت کە یەکگرتووییەکی بەهێز لە نێو حیزبدا دروست بکات و وزە و توانا و فیکری ئەندامان سەرقاڵی ئەو قەیران و کێشانە بێت کە مەترسییەکی جیددی و هەڕەشەیەکی سەرەکی بۆ سەر حیزبن و ئەگەر بە وردی و بە تەگبیر هەڵسووکەوتیان لە گەڵ نەکرێت حیزب بەرەو ئاقارێکی پڕمەترسی دەبەن.

دکتور سەعید لەو سەردەم و لەو هەلومەرجەدا توانی بسەلمێنێ کە تێرۆری جەستەیی ڕێبەرانی حیزب و سکرتێری ئەم حیزبە لە لایەن نەیارانی گەلی کوردەوە ناتوانێت بزاوتی رزگاریخوازی ئەم گەلە تووشی راوەستان بکات و هەر وەک خۆی دوای شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو وتبووی" گەلی کورد وەجاخ کوێر نییە و خاوەنی سەدان قاسملوو بووە و هەیە"، لەوە ماوەدا نەیهێشت بێ قاسملوویی حیزب لە خەبات راوەستێنێت و حیزب هەر گڕکانی ئاگری خەبات و شەپۆلی بەرخۆدان لە بەرامبەر هێرشی مێردەزمەکانی جەماراندا بوو.

بێگومان رەوتی ڕێبەریی لە ژێر کاریگەریی هەلومەرجی تایبەت و دۆخێک کە ڕێبەر تێیدا هەیە شکڵ دەگرێت، هەر بۆیەش

پێوەندی نێوان رێبەر و پەیڕەوان وەکوو مەسەلەیەکی سەرەکی لێرەدا دێتە ئاراوە و دەبێت ئەو پێوەندییە لە نێوان رێبەر و پەیڕەواندا دروست ببێت، واتە هەست و لێکدانەوەی پەیڕەوان سەبارەت بە رێبەر، رێژەی متمانەی پەیڕەوان بە رێبەر و رادەی وەفادارییان بە رێبەر. لێهاتوویی و توانایی و دڵسۆزی دوکتور سەعید ئەم پێوەندییەی بە باشترین شێواز دروست کردبوو بە چەشنێک کە دوکتور سەعید هەم لە ئاستی نێو حیزب و هەم لە ئاستی نێونەتەوییشدا خەریک بوو کەلێنی بێ قاسملوویی پڕدەکردەوە و چالاکی و لەخۆبردوویی و تێکۆشانی پێشمەرگە نیشانەی باوەڕی قووڵی پێشمەرگە بە رێبەری حیزب بوو. حیزبێک کە هەنووکەش و لە ژێر ئەو بناغە و بنەمایەی کە رێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە دایان نابوو بەردەوامە لە تێکۆشان و خەباتی بێ وچانی خۆیدا. بۆیە دەڵێین لە سی و دوو ساڵەی یادی چیای هەڵۆێستدا ڕێبوارانی رێبازی پیرۆزی دەڵێینەوە:


## بۆ خەبات چ زۆرە، ڕێگا!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یادێک لە کاک سەعیدی لێو بەبزە،



**سەید عەلی هاشمی**

د.سادقی شەرەفکەندی دوای شەهید بوونی مامۆستای رێبەر، دوکتور قاسملوو رۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) لە کاتی وتوویژ دەگەڵ نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی

لە وییەن لەگەڵ هاوڕێ کاک عەبدوڵا قادری ئازەر، بە دەستی بە ڕواڵەت نوێنەرانی وتوویژ بۆ ئاشتی، شەهید کران، دوای شەهید بوونی د. قاسملوو ئەو ئەرکە قورسە کەوتە سەر شانی کاک سەعید.

**من لێرە بە کەم و کووڕی باسی چەند ئاکارێکی کوردانەی کاک سەعید دەکەم.**

دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی سەرەرای ئەوەی کە پسپۆرێکی بە مشوور و غەمخۆرێکی بە تەواو مەعنا بۆ نەتەوەکەی بوو، زانایەکی هەڵکەوتوو لە باری مێژوو، فەرهەنگ وئاداب و رسوومی گەلەکەی خۆی بوو، کاک سەعید بە غیرەت و بە زیبکێکی کەم وێنە لە ناو هەموو سەرکردەی هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستان بوو، خەسڵەتێکی دیکەی کاک سەعید ئەوە بوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی سێیەم

دەتکوت لە ناو جەرگەی کوردەوارێکی سادە و ساکار گەورە کراوە، ئەو سەرکردەیەکی بێ هەوا ئیفادە و بێ تەکەبور بوو، من زۆر بیری لێ دەکەمەوە کە ئەو بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆێ دوور لە نیشتمانی جا چ بەهۆی خوێندن و ماموستایی یان کاری شەخسی، لە شار و دوور لە کۆمەڵی کوردەواری ژیانی بردبووە سەر، بەڵام بە کردەوە دەتکوت دەنێو جەرگەی دێهاتی کوردەواریدا گەورە بووە، ئەو لە ناو کۆڕی هاوسەنگەرانیدا خوێن شیرن و روحسووکێکی تایبەتی بوو، بزەی سەر لێوەکانی و نێوچاوانە پاکەکەی و رووخۆشیەکەی، نیشاندانی موحیبەتە راستگۆیانەکەی ئەو، هاورێیانی دێنا سەر ئەو باوەرەی کە بەبێ دوودڵی پشتی پێ ببستن، یەکی دیکە لە سیفەتە پاکەکانی کاک سەعید ئەوە بوو، کاتێک قسەت دەگەڵ دەکرد بەشێوەیەک خۆی دەنواند کە پیاو پێی وابوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی سادە و سادق قسە دەکەی، نەک دەگەڵ سەرکردەیەک یان سکرتێری حیزبێکی وا گەورە و خەڵکی وەک "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" ، هەر بۆیەش ئەو ئاکارانەی ئەو، وای لە پیاوی دەکرد کە هەم دەردی دڵ و هەم باسە گرینگەکانی ناو بازنەی تەشکیلاتی حیزبەکەی بەبێ سەرەتا (موقەدەمە) دەگەڵی باس بکەی. فەرقێکی دیکە و گەورەییەکی دیکەی کاک سەعید ئەوە بوو، هەر داوایەکی بە نووسراوە لێیکرابا، ئەو داوایە هەرگیز بێ وڵام نەدەماویەوە، جا چ نامەکەی بە دڵ با یان بە دڵی نەبا، چ نامەکە سیاسی با و یان لە سەتحێکی زۆر نزم "خواری" با، بۆ ئەو هیچ فەرقی نەبوو، هەر ئەو سیفەتانە و ئەو مودیریەتانە بوون کە بە هاسانی کەلێن و برینی پڕ لە ژانی رێبەری مەزن د.قاسملوو پڕبکاتەوە ئەو خەمە گەورە لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کەمێک دابمرکێنێ.

کاک سەعید لەو رۆژەوە بوو بە سکرتێری حیزب زۆر بە خێرا وەک کارگی بەهاری کوێستانەکانی کوردستان هەڵتۆقی وەک چرایەکی رووناک و هیوا بەخش گەشەی کرد و جێگای لە ناو دڵی نەتەوەکەی و هاورێیانیدا کردەوە و تەمومژی غەمی لەبن نەهاتووی د. قاسملووی لە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان و هاسەنگەرانی ڕەواندەوە، بۆیە دەبێ دڵنیابێ هەر چەندە ٣٢ ساڵ بە سەر شەهید بوونیدا تێدەپەرێ، بەڵام لە ناو بیروو هەستی رێبوارانیدا وەک سی و دوو رۆژ دەژمێردرێ.

کاک سەعیدی مێژوو نووس شەهید بوونەکەشی مێژوویەکی دیکەی بۆ کاروانەکانی شەهیدانی سەربەرزی حیزبی دێموکرات لە ناو جەرگەی ئوروپای ئازادی خواز، بۆ مەزلوومیەتی گەلەکەی چەسپاند، دادگای لێوەشاوەی ئەڵمان و خوێنی شەهیدانی میکۆنۆس، رێبەری کۆماری ئیسلامی ئیران و مۆرە گەورەکانی دارێژەری ئەو کارەساتە سامناکەی کۆماری ئیسلامی دەقەفەزی (مەمنووع الخرووج) دا بەستنەوە.


کاک سەعید شێوە ئەدەبێکی دیکەی ئەوە بوو جوابی نوسراوەی هەر ئەندامێکی حیزبی یان غەیرە حیزبی بە نووسراوە دەدایەوە، لە وڵامدانەوشدا گەورەیی خۆی دەنواند و هەستی ناو دڵی خۆی لە نێو نامەکەدا دەگونجاند.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**روح و رەوانی ئەو شەهیدانە شاد و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار بێ.**

**بەبۆنەی ٣٢ ساڵەی کارەساتی دڵتەزینی ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢، لە شاری بەرلین وڵاتی ئاڵمان، سلاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدان دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی و فەتاح عەبدولی و هومایوونی ئەردەڵان و نووری دێهکوردی و هەموو شەهیدانی کوردستان.**


برای دڵسۆز و خۆشەویست کاک د. سەید عەلی
نامەکەتان لەگەڵ دیاریی بەنرخەکە بە هۆی کاک د. سەلیم گەیشت. بەڕاستی ئەو
دڵسۆزی و خەبات و خۆشەویستییەتان زۆر جێگای سوپاس و قەدرزانینە.
کۆنگرەمان کە بە نادی شەهیدی نەمر د. قاسملوو، ناودێر کرا بەڕاستی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو،
لێوەشاوەی ئەو ناوە گەورەیە بوو. ـ کاک د. سەلیم بێگومان وەزع و حاڵی ئێرە و ئێمەی
هەروەها جۆرەیانی کۆنگرەتان بە دوورتری بۆ باس دەکا ... دڵنیام ئێوەی دڵسۆز و تێکۆشەریش
هەروەک ئێمە بە دەسکەوتنە گەورەیە هەست بە شانازی و خۆشحاڵی دەکەن ... ئەوەی کە
ئێمە وەرگرتووە و قەول دەدەین و پەیمانی تازە دەبەستین لەگەڵ رووحی پاکی شەهیدانمان و،
لە سەرەوەیان شەهیدی پایەبەرز دوکتور قاسملوو، کە لە پێناوی ماف و ئازادی یەکانی
گەلە مەزڵووم و ژێردەستەکەمان دا رۆژ بە رۆژ تێرتر تێکۆشین و لە دژی ڕێگای پڕ لە
سەروەری شەهیدان دا جار لەگەڵ جار پشتیگیرتر بین. لە سایەی ئارەمانەتی و نەبەزی
پێشمەرگە بە دەست و برد و خۆشەویستیەکان دا بەخۆشییەوە ئێستا خەبەرەکەتان لە دەربەدەری
ساغی و یەکگرتوویی دایە و، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان دا تێرا لە هەمیشە ئامانەو
خۆشەویست و سەرکەوتوو ...
هیوادارم ئێوەش سلامەت بن و بەشی بە حاڵی خۆتان هەروەک ئێستاش ئێستاتان
داوە ئەوەی لە دەستتان دێ دریغی مەکەن. ـ ئەتام ئەوەیە تۆ خۆت و کەیلی سلاوان لە لای
هاوڕێیان بە، بە تایبەت کاک محمد ئەستانی ئەگەر ئێستاش هەر لە نزیک ئێوە ماوە ..
بژی بە خۆشی و سەرفەرازی ..
برات ب. سەعید
٣٠/١٢/٩١

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## د.شەرەفکەندی، ڕێبەر و ڕووناکبیرێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ




**قادر وریا**

(ئامیلکەیەک لە نووسینەکانم لە بارەی د.شەرەفکەندی کە ڕێزدار ڕەحمان نەقشی کۆی کردوونەوە و ئامادەی کردووە.)

د.سادق شەرەفکەندی، لە ژێر سەرپەرستیی براگەورەکەی، شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر مامۆستا هەژاردا، پەروەردە ببوو. هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان، بە هۆی شێعر و ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی ئەو برایەی تێکەڵ بە هەست و بیری ببوو.

هاوینی ١٣٥٩، کە لە«باغی یەنگیجە»ی نزیک سەردەرابات لەگەڵ ژمارەکی زۆر لە لاوە دیموکراتەکانی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەشداری دەورەیەکی سیاسی نیزامی بووین، د.شەرەفکەندی کە بۆ خۆی خەڵکی ئەو دەوروبەرە بوو، سەرپەرستیی ئەو دەورەیەی دەکرد. ڕۆژێک لە خزمەتیدا، بەو دۆڵ و دەرەیەی ئەوێدا بەرەوژوور، بەرەو «کانیەرەش»

رۆیشتین. لە ریگایەدا هێندیک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی بۆ گێڕاینەوە. باسی رۆژانی جێژن و وەدەرکەوتن لەگوند لەگەڵ منداڵانی دیکە و شێعری تایبەت بە منداڵان و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا هەژاری براگەورەی خۆی بۆ کردین. بۆی باس کردین کە چۆن هەژار هانی دەدان نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ و دواتریش کە گەورە بوو هەر لەژێر کاریگەریی ئەو وتانەی هەژاری براگەورەیدا بووە. بۆیە کاتێکیش ڕووی کردە کاری سیاسی و کۆڕی تێکۆشان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک حیزبی خۆی هەڵبژارد، چونکە ئەو حیزبە هەڵگری داوای نەتەوەیی بوو.

د.شەرەفکەندی پێی وابوو پرسی چینایەتی، بڕوا بە هیومانیزم (انساندوستی) و ململانێی بەرەی سۆسیالیزم و ئیمپریالیزم، کە هەموویانی لە جێی خۆیاندا بۆگرنگ بوون، هیچیان لە سەرووی پرسی نەتەوەیی نین. نابێ بۆ هیچکامیان مەسەلەی نەتەوەیی وەلا بنێ.

لەو وتووێژانەدا کە لەگەڵ «کشتگر» و بڵاوکراوەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانیدا کردوونی، زۆر بە توندی داکۆکی لە پرسی نەتەوەیی و پێویستیی دابینکردنی مافی نەتەوەکان لە ئێراندا دەکا و بە توندی دژی هێندێک بۆچوون دەوەستێتەوە کە ئینکاری هەبوونی پرسی نەتەوەیی و فرە نەتەوە بوونی ئێران دەکەن.

د.شەرەفکەندی، بە دروستی پێی وابوو ماهییەتی خەباتی خەڵکی کوردستان نەتەوەییە نەک چینایەتی. لەو وتارانەدا کە وەک وەڵامدانەوە بە هێرشەکانی حیزبی کۆمونیستی ئێران و کۆمەڵە بۆ سەر حیزبی دیموکرات نووسیونی، کە دێتە سەر باسی ناکۆکییە سیاسییەکانی ئەو کات، زۆر بە شێوەیەکی زانستی باسی تەرکیبی چینایەتیی خەڵکی کوردستان دەکا و بە بەڵگە و ئیستیدلالی بەهێز دەیسەلمێنێ کە بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە و لە قۆناغی ئێستادا بە شوێن دابینکردنی ئامانجی سیاسی و نەتەوەییەوەیە، نەک چینایەتی.

ئەو کاتەی بە شوێن نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستەمدا، کۆمارە نەتەوەییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، چێک و سلۆڤاکی، وەک دوو نەتەوە و دوو وڵات لێک جیا بوونەوە، نەتەوەکانی نێو یوگۆسلاویی پێشوو، هەر کام بۆ جیابوونەوە و راگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیانی نەتەوەیی خۆیان هەنگاویان نا، لە نووسینەکان و لە وتووێژەکانیدا، گرنگیی زۆری پێدان؛ وەک ڕەوتی رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەکان، ناوی بردن و پێیان خۆشحاڵ و گەشبین بوو؛ ئەمەی بە سەرەتا و مۆژدەیەک بۆ رزگاریی نەتەوە بندەستەکانی دیکە زانی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەورۆزی ١٩٩١(١٣٧٠ی هەتاوی) کە راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان بە رزگاریی کەرکوک گەیشتە چڵەپۆپە، ئەم ڕووداوە کە لەباری نەتەوەییەوە، گرنگی و بایەخێکی تایبەتیی هەبوو، بە ڕادەیەک بووە هۆی خۆشحاڵیی ئەو کەسایەتییە کە هاتە نێو شایی و هەڵپەڕکێیەک کە کادر و پێشمەرگەکان بەم بۆنەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێکیان هێنابوو و وێڕای ئەوان بەو بۆنەوە هەڵپەڕی و شادیی کرد .

**د.شەرەفکەندی لە هەڵوێست و روانینەکانیدا، بایەخێکی تایبەتیی بە خەبات دژی ستەم و بێ مافی دەدا، جا ئەگەر بە هۆی ئەم خەباتخوازییەوە ئاشتی لە ئاستی ناوچە و جیهانیش دا کەوتبایە مەترسییەوە:**

«تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکات بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵ ناگرن، مەگەر بە زۆری و لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژ دا نەبێ! کەوابوو سوڵح و ئاشتیی گشتیی جیهانی و هەروەها شەڕ و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بۆ لە نێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە نەک هەر لێک جیا نین، بەڵکوو دوو لایەن و دوو دیوی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ «.وتاری «ساڵی تازەی جیهانی» (بە بۆنەی دەسپێکردنی ساڵی ١٩٨٩)

**ئەگەر بمەوێ کەسێتیی خەباتگێڕانە و ڕۆڵ و هزری ئەو ڕێبەرە لە ڕستەیەکدا، کورت کەمەوە، ڕستەکە ئەمەیە:**

**"شەرەفکەندی ڕێبەر و ڕووناکبیرێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕ بوو".**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤**

---


**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٥ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٥ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تیشکی خۆری ئێمە هەرگیز ئاوا نابێت



**ئەحمەد ڕەحمانی**

**چاوەڕوانین وەکو جاری جاران بە خەندەوە بگەڕێیتەوە ناومان، چاوەڕوانین وەکو جاری جاران پشت بن، هیوای سەرکەوتنی خەبات بن بۆمان، چاوەڕوانین لەو بنارانە جارێکی تر شەفەقی خۆری مێهرەبانیتان ببینینەوە، چاوەڕوانین دکتۆرشەڕەفکەندی لە نێو ئاپۆڕای خاکی پۆشانی پێشمەرگەدا ببینینەوە، چاوەڕوانین بێنەوە ناومان و هەرگیز بەرەو غوربەت نەگەڕێنەوە... لە غوربەتیش دا دکتۆر قاسملووتان تەنیا جێ نەهێشت قەول و بەڵێنی خۆتان بردە سەر زۆر باشم لەبیرە لە بناری قەندیل ئەو کاتەی دکتۆر قاسملوو شەهید کرا ... بە چاوی پڕ لە فرمێسک و ناخی هەژاو فەرمووتان:**

**" بڕیار بدەن پەیمان تازە بکەینەوە لە گەڵ گیانی شەهیدانمان لە پێش هەمووواندا لە گەڵ ڕوحی پاکی دکتۆر قاسملووی خۆشەویستمان دکتۆر قاسملووی گەورەمان دکتۆر قاسملووی مامۆستامان، ڕێبەرمان، بەڵێنی پێبدەین کە نیگەرانمان مەبە بەدوات دا دێین ئەمەش وەک تۆ یان سەردەکەوین یان ئەو ئیفتیخارەمان بە نسیب دەبێ کە بێینە قەراغ تۆ و تۆ لە باوەش بگرین"...**

**ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org